تصویر ماهی که در اصطلاح محلی به آن «ماسی» گفته می‌شود در اکثر گلیم‌های استان کردستان بافته شده است. به نظر کردها ماهی نماد فراوانی و برکت است و می‌گویند اگر در خواب ماهی ببینی، به پادشاهی می‌رسی (لیسکو، ۱۳۸۱: ۲۵۴). ماهی به دلیل شیوه‌ی عجیب تولیدمثل و تعداد تخم‌های بی‌شمارش، نماد زندگی و باروری تلقی شده است. در نقاشی‌های خاور دور، ماهی‌ها جفت جفت تصویر می‌شوند و نماد وصلت هستند. اسلام هم نماد ماهی را به باروری ارتباط می‌دهد (شوالیه و گربران، ۱۳۸۷: ۱۴۱). در نهایت، ماهی در گلیم کردی جایگاهی مثبت دارد و نماد فراوانی و برکت و حاصل‌خیزی است (جدول ۷). در میان گلیم و قالی‌های کردستان ماهی‌ها در حاشیه‌ها و به صورت جفت جفت بافته‌شده‌اند که نماد وصلت و فراوانی هستند.

جدول ۷: نقش ماهی در گلیم استان کردستان

نقش ماهی	جایگیری در متن، طرح	نماد در فرهنگ کرد
	متن، طرح موسایی، حاشیه‌ی فرامیرزا (گلیم سنندج)	فراونی، برکت، حاصلخیزی
	حاشیه، طرح موسایی، حاشیه حلیمه (گلیم سنندج)	
	حاشیه، طرح موسایی، حاشیه‌ی فرامیرزا (گلیم سنندج)	

۶-۷- روباه

نقش روباه که هم در متن و هم در حاشیه‌ی گلیم بافته شده است (جدول ۸)، در تمدن چینی‌ها نیرویی فوق طبیعی دارد و موضوع افسانه‌های بسیاری قرار می‌گرفت که بعضی از آن‌ها قدمت بسیار دارد (هال، ۱۳۹۰: ۵۰). آناتومی بدن روباه نیز به این صورت است که گوش‌هایش رو به بالا و دمش رو به پایین است و بر روی بدنش خال‌هایی دارد. در میان حیوانات، روباه یکی از نمادهایی است که در ادبیات و اشعار بومی و ضرب‌المثل‌های کردی نقشی منفی دارد و نماد فریبکاری، نادرستی و حقه‌بازی است:

بۆنی ڕێوی دێت.

معنی فارسی: بوی روباه می‌آید (وضع خوفناک است). (مفاخری، ۱۳۷۷: ۲۰۷)

ڕێوی کوتی هەزار فێل دەزانم هەر پێچەو کردنم چاکە.

معنی فارسی: روباه گفت هزار حیلت دانم فرارم بر قرار ارجح است. (همان)

استاد سعادتی در کتاب کردی *گێژاوی ژیان* جایگاه منفی این حیوان را به خوبی بیان کرده است:

روژێ ڕێـــوی فێـڵەبـــاز نادروستـــی حیـلەســـاز ...

معنی فارسی:

روزی روبـــاه فریبـکـــار نـادرست حقـەبـــاز...

(سعادتی، ۱۳۸۲: ٦)

هەوالنامەی کتێب

بترسە لە سەگێک کە ڕێویەتی دەکات.

معنی فارسی: بترس از سگی که روبهی کند. (مفاخری، ۱۳۷۷: ۳۱)

ڕێوی چاتولبـاز، چوو بـۆ هـەر شـوێنـێ کلکیشـــی لـەگـــەڵ خۆیـــا ئـەهێنـــێ

معنی فارسی: روباه حقه‌باز هر کجا که برود دمش را هم با خود می‌برد. (بهرامی، ۱۳۹۴: ج ۱: ۴۵۹)

بە ڕێوییان وت گەواهت کێیە؟ وتی کلکم!

معنی فارسی: روباه را گفتند: شاهدت کیست؟ گفت: دمم! (مفاخری، ۱۳۷۷: ۳۲)

در نهایت با رجوع به ادبیات عامه‌ی کردی و فرهنگ بومی منطقه، روباه میان مردم کرد نمادی از زیرکی و فریبکاری است.

جدول ۸: نقش روباه در گلیم استان کردستان		
نقش روباه	جایگیری در متن یا حاشیه، طرح	نماد در فرهنگ کرد
	متن و حاشیه، طرح موسایی، حاشیه‌ی فرامیرزا (گلیم سنندج)	حیله، فریبکاری و زیرکی

۶-۸- جوجه‌تیغی

در میان نگاره‌های بافته شده بر گلیم سنندج نقشی از جوجه‌تیغی یافت شد. در تمثیلات دوره‌ی رنسانس، نشان حس بساوایی و نیز علامت شکم‌بارگی و حرص یعنی دو گناه از هفت گناه بزرگ است (هال، ۱۳۹۰: ۴۴). این نقش، در میان انبوهی از نقوش حیوانی در چند جهت چپ و راست و در متن گلیم بافته شده است (جدول ۹). این نقش ارتباط مستقیمی با منطقه و وجود این حیوان در اکوسیستم استان دارد. در اصطلاح محلی به این حیوان «ژوژۆ» می‌گویند. در ضرب‌المثلی کردی به مهر و محبت مادری این حیوان اشاره شده است:

ژوژۆ ئەڵێ له منالّ من شل و نەرمتر نیه.

ترجمه فارسی: جوجه‌تیغی می‌گوید از بچه‌ی من نرم‌تر وجود ندارد. (مفاخری، ۱۳۷۷: ۹۷)

جدول ۹: نقش جوجه‌تیغی در گلیم استان کردستان		
نقش جوجه‌تیغی	جایگیری در متن یا حاشیه، طرح	نماد در فرهنگ کرد
	طرح موسایی، حاشیه‌ی فرامیرزا (گلیم سنندج)	در ارتباط با اکوسیستم منطقه

۶-۹- خرگوش

یکی از نقوش حیوانی بافته‌شده در میان گلیم نقش خرگوش است. این نقش که در اصلاح محلی به آن «که‌رۆشک» می‌گویند بیشتر در متن گلیم بافته می‌شود (جدول ۱۰). خرگوش نیز به عنوان حیوان وابسته به ماه، مانند روباه دارای عمر دراز و نماد طول عمر بوده است. معمولا حیواناتی مثل، مار، خرگوش و خرس که گاهی پیدایشان می‌شود و گاهی هم ناپیدا هستند، نماد زندگی دوباره هستند (بهمنی، ۱۳۸۹: ۱۱۳). خرگوش معمولی مانند خرگوش صحرایی نماد باروری و نشان شهوت، یکی از هفت گناه بزرگ است (هال، ۱۳۹۰: ۴۶). از لحاظ آناتومی گوش‌هایش رو به بالا و بدنی حجیم دارد. بر روی بدنش خطوطی نیز بافته شده است. در میان فرهنگ مردم ایران نگهداشتن خرگوش شوم و نحس است. لازم به ذکر است در میان متون

دینی مطلبی دال بر این عقیده وجود ندارد. آب و هوای کردستان محیط مناسبی برای زیست این حیوان بوده و بافنده با توجه به نوع حیوانات موجود در محیط زندگی‌اش طرحی از آن را بر روی گلیم بافته است. در کتاب *پەندی پیران و فەرموودەی ژیران* در مورد این حیوان به ضرب‌المثلی اشاره شده است:

کەرۆیشکـــــی خرپن، چەنـــــدە ئەخـــــەوێ
ئەبـــــێ ئەونـــــدەیش ڕاکـــــا و نەســـــرەوێ

معنی فارسی: خرگوش تپل به اندازه‌ی که می‌خوابد باید همانقدر هم بدود. (بهرامی، ۱۳۹۴: ج ۲: ۱۵۵)

جدول ۱۰: نقش خرگوش در گلیم استان کردستان

نقش خرگوش	جایگیری در متن یا حاشیه، طرح	نماد در فرهنگ کرد
	متن، طرح موسایی، حاشیه‌ی فرامیرزا (گلیم سنندج)	در ارتباط مستقیم با اکوسیستم منطقه

هەوالنامەی کێڵ

۶-۱۰- پروانه

نقش پروانه، هم با شاخک و هم بدون شاخک و به صورتی کاملا ساده در گلیم نقش شده است. پروانه نمادی از روح و طول عمر است و تصویر آن در متن گلیم، بافته شده است (جدول ۱۱). در نمادپردازی پروانه بارها به دوقطبی‌بودن آن برخورد می‌کنیم. اصولا این حشره دو معنای نمادین اصلی دارد: نخست نمادی از عاشق خالص و دیگر نمادی از فراموشی و نسیان است.

پەپوولـــە دایـــم گیـــانفیـــدای شـــەمـــــە
ئەوینـــدار سووتـــــا و دڵـــــدار بێخـــەمـــــە
پەپوولەی هـــــەژار، نـــــاوی دیـــــار نیـــیـــــە
هەتـــــا نەسووتـــــێ ئەوینـــــدار نیـــیـــــە

معنی فارسی: پروانه همواره جانش را فدای شمع می‌کند. عاشقی سوخته و دلداری بی‌غم است. پروانه‌ی بینوا تا زمانی که نسوزد و از بین نرود نامی از او عشقش [به شمع] در میان نیست. (بهرامی، ۱۳۹۴: ج ۱: ۲۱۹)

در مثنوی مولوی، پروانه نمادی از انسان اسیر در چنگ غرایز و طبیعت حیوانی خویش شمرده شده است:

از کمـــی عقـــل پروانـــه‌ی خسیـــس
یـــاد نـــآرد زآتـــش و ســـوز و حسیـــس
چـــونک پـــرش سوخت توبـــه می‌کنـــد
آز و نسیـــانش بـــر آتـــش می‌زنـــد
(مولوی، ۱۳۷۶: ج ۴: ۲۲۹۰)

جدول ۱۱: نقش پروانه در گلیم استان کردستان		
نقش پروانه	جایگیری در متن یا حاشیه، طرح	نماد در فرهنگ کرد
	متن، طرح موسایی، حاشیه‌ی فرامیرزا (گلیم سنندج)	تولد دوباره، روح، زیبایی
	متن، طرح قاب، قابی (گلیم سنندج)	

هه‌والنامه‌ی کتێب

۷- زیبایی‌شناسی

در گذشته، پرداختن به صنایع دستی، کار کوچروانی بوده است که سالی دو بار برای یافتن مناسب‌ترین چراگاه‌ها، ارتفاعات، دامنه‌ها و دره‌های عمیق سرزمین خود را می‌نوردیدند. به اقتضای شیوه‌ی زندگی این مردمان، روح تکاپو، انرژی و سیر و سیاحت، بر قواعد و چارچوب‌ها غالب شده و آن‌ها چندان درگیر قالب و الگو نبوده‌اند. در عرصه‌ی گلیم‌بافی کردی قیدوبند وجود نداشته و بافته‌ها فاقد نقشه و الگوی قبلی و حاصل بدیهه‌سازی بوده است. نقوش، بسیار ساده بافته شده‌اند و از لحاظ بازنمایی گرایش به طبیعت دارند و استیلیزه هستند. رنگ‌های اصلی گلیم کردستان که شامل قرمز، سیاه و آبی است نمایانگر انرژی، حرارت و سرزندگی طراح آن است. بافنده‌ی گلیم، نقوش حیوانی را به زیبایی در تقارن با یکدیگر به اشکال روبه‌رو یا پشت به‌هم در حالت ایستا و در میان انبوهی از نقوش هندسی و گیاهی و غیره نقش کرده و حق مطلب را ادا کرده است. در نهایت با بررسی‌های انجام‌شده مهم‌ترین ویژگی‌های گلیم کردستان در نمودار ۱ بیان شده است. (تصویر ۱)

۸- تأثیر عوامل محیطی نقش‌پردازی در گلیم‌های کردستان

با توجه به پژوهش‌های صورت گرفته در بررسی نقوش آثار فرهنگ بومی مردم کرد، عوامل محیطی با نوع به‌کارگیری نقوش رابطه‌ی مستقیمی دارد. نقش‌مایه‌های موجود در گلیم کردی با ساختاری شکسته و انتزاعی، برگرفته از محیط و طبیعت کوهستانی پیرامون بافنده بوده است. نقش خط آب در حاشیه‌ی گلیم نشان‌دهنده‌ی رودخانه، نقوش گیاهی، انواع درخت‌ها، انواع نقوش جانوری همه و همه تحت تأثیر پوشش گیاهی و جانوری منطقه است که در متن و حاشیه‌ی گلیم به خوبی اجرا شده است. می‌توان گفت که طرح‌ها و نقوش به‌کار رفته در گلیم علاوه بر تأثیرپذیری از اساطیر و متون دینی، متأثر از عوامل زیست‌محیطی، جغرافیایی و فرهنگ بومی منطقه بوده است. با توجه به نمادشناسی نگاره‌ها، نقوش بافته‌شده اکثرا کارکرد و جایگاهی مثبت در فرهنگ بومی کردها داشته است. (نمودار ۱)



نمودار ۱. نمودار کارکرد و جایگاه مثبت و منفی نقوش حیوانی در فرهنگ بومی کرد

۹- تحلیل نگاره‌ها

تصاویر نقش‌بسته بر روی آثار باستانی، بازتاب اعتقادات، آیین‌ها، باورها و شیوه‌ی نگاه گذشتگان نسبت به جهان پیرامونشان است. در بسیاری از موارد برای شناسایی نمادهای این نقوش با مراجعه به فرهنگ شفاهی مردمان بومی، مطالعه، تحقیق بر روی داستان‌ها، روایات فولکلور[۱] و آداب و رسوم مردم می‌توان به نمادشناسی آنها دست یافت. یکی از موضوعاتی که بر روی گلیم‌ها جلوه‌گر شده نقوش حیوانات و شیوه‌ی رمزپردازی آن‌ها و ارتباط این حیوانات با دنیای مردم و فرهنگ بومی است. مشهورترین گلیم‌های کردستان در حال حاضر در سنندج،

[۱] فولکلور معادل فرهنگ عوام یا فرهنگ مردم است. نخستین‌بار ویلیام، جی تامس، باستان‌شناس انگلیسی، این کلمه را وضع کرد و آن را در طی نامه‌ای با امضای مستعار آمبروز مرتون در نشریهٔ ادبی لندن در سال ۱۸۴۶ به چاپ رساند (بیهقی، ۱۳۶۸: ۱۷).

کامیاران و بیجار بافته می‌شوند. سنندج همواره مرکز کارگاه‌های تولید قالی و گلیم کردستان به شمار می‌رفته است. گلیم‌های سنندجی (سنه‌ای) چه از نظر قدمت و چه از لحاظ زیبایی-شناسی با گلیم‌های دیگر مناطق کردنشین تفاوت دارد و بیش از گلیم‌های دیگر به فرش‌های گره‌دار ایرانی شبیه است. بنا بر عقیده‌ی بازاریان، این طرح‌ها مراسم عروسی و عروس و داماد و آرزویشان را برای رسیدن به خوشبختی نشان می‌دهد.

با توجه به تحلیل نقوش ارائه شده در گلیم‌بافته‌های استان کردستان می‌توان گفت: ۱. تعدادی از نقش‌های انتزاعی با الهام از طبیعت بافته شده‌اند؛ ۲. نقوش شامل طرح‌های هندسی، گیاهی، نقوش حیوانی است و نقشی از انسان یافت نشده است؛ ۳. در گلیم کردی تقارن یک اصل بوده و این مورد در اکثر گلیم‌ها رعایت شده است؛ ۴. نقوش حیوانی بیشتر در متن گلیم‌ها جای گرفته‌اند؛ ۵. نقش‌های بافت گلیم، بر اساس هیچ الگوی یا نقشه‌ای پیشین نبوده و بافنده براساس اکوسیستم منطقه، باورها و آداب و رسوم قبیله‌ای خود به شکل تزیینی یا نمادین نگاره را در گلیم بافته است؛ ٦. رنگ‌های گلیم‌ها اکثرا رنگ‌های روشن هستند؛ ۷. رمزگشایی گلیم‌ها به شناخت محتوای فرهنگی کردستان می‌انجامد؛ ۸. از لحاظ پویایی و ایستایی، نقوش حیوانی اکثر ایستا هستند؛ ۹. بررسی شیوه‌ی تصویرگری نقوش حیوانی در گلیم کردستان نشان از اهمیت این موجودات و تقدس جانوران (مار، ماهی، کبوتر و غیره) و نقش آن‌ها در زندگی بافندگان دارد؛ ۱۰. روش بافت این نگاره‌ها، بر مبنای روابطی که میان انسان و حیوان یعنی بهره‌برداری، حمایتگری یا مقابله با آنها بوده است.

پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی
پرتال جامع علوم انسانی

۱۰- نتیجه‌گیری

معرفی و بررسی نقش‌مایه‌های موجود در عناصر و دست‌ساخته‌های فرهنگی مناطق ایران، حائز اهمیت و سرشار از اطلاعات مفید در جهت هویت‌بخشی و کمک به تصویربخشی کشورمان است. یکی از این دست‌ساخته‌ها گلیم‌ها هستند. نقش و نگارها ضمن اینکه ظاهري عيني و طبيعت‌گرا دارند، مالامال از تمثيل و استعاره و رمز و رازهاي جهان معنوي بوده و بازتابي از آرزوهاي بلند آدمی است. در گلیم‌های روستاها و چادرهای عشایری استان کردستان بیشتر از رنگ‌های روشن استفاده می‌شود و نقش‌های حیوانات و گیاهی و هندسی و تزیینی به شیوه‌ی جالبی به تصویر درآمده است. کار بافندگی در کردستان را زن‌ها به عهده دارند و بافته‌ها عمدتا مصرف خانگی دارد. در کل، نقش‌هایی متن و حاشیه‌ی گلیم با هم متفاوتند. اکثر نقوش مهم در متن گلیم بافته شده است. ذکر این نکته حائز اهمیت است که به دلیل وجود کوه‌ها و دره‌های این منطقه، حیوانات وحشی مانند، روباه و خرگوش دیده می‌شود و زنان بافنده از این پدیده‌ها در زیباسازی بافته‌هایشان بهره جسته‌اند.

آنچه گليم را به عنوان هنری اصيل معرفي مي‌كند، تنوع و زيبايي طرح‌ها و رنگ‌هاي آن است. در ميان صدها گليم به‌ندرت مي‌توان چند گليم را يافت كه شبيه هم باشند؛ زيرا بافت آنها بر اساس طراحي از پيش آماده نبوده و بيشتر تابع ذهن خلاق، ذوق و فرهنگ خاص بافنده است. در واقع دست‌هاي هنرمندان همواره زيبايي‌هاي طبيعت را به صورت طرح‌ها و نقش‌ها بر گليم منعكس ساخته‌اند و نيز بسته به بافنده و نوع ضربات دفتين و مقدار كشش پودها و تنظيم تارها بافت‌های گوناگوني حتی از يك نوع طرح وجود دارد. از ديگر ويژگي‌هاي هنري گليم نقوش عاميانه است كه از ذوق، هنر، احساس و اعتقادات بافنده سرچشمه گرفته و اين نقوش در رابطه با انسان و خطرات محيطی و انديشه‌های اوست.

در نهايت می‌توان نتيجه گرفت كه نقوش حيوانی بافته‌شده در گليم سنندج بازنمايی همين حيوانات در اكوسيستم منطقه بوده است؛ بافندگان لوازم كاربردی زندگی‌شان را هم در گليم‌ها به تصوير كشيده‌اند؛ مورد سوم، تصوير كردن زيبايی‌های محيط اطراف در گليم است و مورد چهارم، به تصوير كشيدن عناصری كه ريشه در باورهای قومی و قبيله‌ای و به تسخير درآوردن طبيعت در جهت نيل به اميال و آرزوهايشان است. اميد است اين پژوهش گامی كوچک در معرفی اين هنر سنتی در استان كردستان در جهت تحقق غناي فرهنگي و توسعه‌ی اقتصادي باشد و از فراموش شدن اين هنر صناعی در ايران جلوگيری كند؛ بنابراين می‌توان دريافت كه تا چه حد باورها و اعتقادات بومی در دست بافته‌های كردها متجلی است. از اين رو شناسايی، حفظ و احيای نقوش اصيل ايرانی می‌تواند راهی برای بازگرداندن هويت ايرانی به نقوش سنتی در حال فراموشی و بازنمايی آنها در آثار معاصر باشد.

منابع

فارسی:

افضل‌طوسی، عفت‌السادات و سنجی، مونس. (۱۳۹۳). «آرایه‌ها و نگاره‌های مرتبط با چشم‌زخم در دست‌بافته-های اقوام ایرانی». *نگره*، ش ۳۱: صص ۷۷-۹۱.

اکو، امبرتو. (۱۳۹۱). *تاریخ زیبایی: نظریه‌های زیبایی در فرهنگ‌های غربی*. ترجمه‌ی هما بینا. تهران: مؤسسهٔ تألیف، ترجمه و نشر آثار هنری متن.

الیاده، میرچا. (۱۳۹۰). *تصاویر و نمادها*. ترجمه‌یی محمدکاظم مهاجری. تهران: کتاب پارسه.

اینانلو، نازنین. (۱۳۹۳). *بررسی تطبیقی نقوش گلیم و جاجیم‌های کردهای منطقه‌ی کردستان و کردهای خراسان*. پایان‌نامه‌ی کارشناسی ارشد، دانشگاه آزاد اسلامی واحد تهران مرکزی، دانشکده‌ی هنر و معماری.

ایوسن، ورونیکا. (۱۳۸۱). *اساطیر هند*. ترجمه‌ی محمدحسین باجلان. تهران: اساطیر.

بدلیسی، شرف‌خان بن شمس‌الدین. (۱۳۷۷). *شرفنامه: تاریخ مفصل کردستان*. به اهتمام ویلادیمیر مینوف رزنوف، ترجمه‌ی عبدالرحمن شرفکندی. تهران: اساطیر.

بهمنی، پردیس. (۱۳۸۹). *سیر تحول و تطور نقش و نماد در هنرهای سنتی ایران*. تهران: دانشگاه پیام نور.

بیهقی، حسین‌علی. (۱۳٦۸). *پژوهش و بررسی فرهنگ عامه‌ی ایران*. مشهد: آستان قدس رضوی.

پروان، رسول. (۱۳۹٦). «مطالعه‌ی مستندنگارنه‌ی شیوه‌ی بافت گلیم شیریکی پیچ معاصر سیرجان». *گلجام*، شماره ۳۱، بهار و تابستان: صص ۲۱-۳۵.

پروری، مریم. (۱۳۹۳). *بررسی تطبیقی گلیم و نمادهای آن در کرد و کرمانج: مطالعه‌ی موردی کردستان و خراسان شمالی*. پایان‌نامه‌ی کارشناسی ارشد، دانشگاه آزاد اسلامی واحد تهران مرکزی، دانشکده‌ی هنر و معماری.

پیردیگار، ژان. (۱۳۸۵). *مردم‌شناسی انسان و حیوانات اهلی*. ترجمه‌ی اصغر کریمی. تهران: نشر افکار.

تاشکیران، ام. نوردن. (۱۳۹۱). «مطالعه‌ی مفاهیم نمادین نقش‌مایه‌ها بر روی گلیم». ترجمه‌ی مهدیه سلیمی بنی و محمد افروغ. *کتاب ماه هنر*، ش ۱۷۲: صص ۹٤-۱۰۲.

جزمی، محمد و دیگران. (۱۳٦۳). *هنرهای بومی در صنایع دستی باختران*. مرکز مردم‌شناسی وزارت فرهنگ و آموزش عالی.

جهانگرد، فرانک. (۱۳۹۰). «نمادشناسی حکایت بوف و زاغ کلیله و دمنه بر پایه‌ی اساطیر ایران و هند». *بوستان ادب*، س ۳، ش ۱: صص ۷۵-۹۷.

دانشگر، احمد. (۱۳۷٦). *فرهنگ جامع فرش یادواره، دانشنامه‌ی ایران*. تهران: یادواره‌ی اسدی.

دهخدا، علی‌اکبر. (۱۳۷۳). *فرهنگ دهخدا*. تهران: انتشارات دانشگاه تهران.

پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی
پرتال جامع علوم انسانی

رحیمی، امین، موسوی، سیده زهرا و مروارید، مهرداد. (۱۳۹۳). «نمادهای جانوری نفس در متون عرفانی با تکیه بر آثار سنایی، عطار و مولوی». *متن‌پژوهی ادبی*، س۱۸، ش ٦٢: صص ١٤٨-١٧٣.

رستمی‌نژادان. خاور. (۱۳۹۲). «نمادشناسی در فرهنگ مردم کرد». *فرهنگ مردم ایران*، ش ۳۵، زمستان: صص ۹۵-۱۱۲.

رستمی‌نژادان، دیانا. (۱۳۹۴). «مردم‌شناسی و باستان‌شناسی نمادهای نوسنگی در کردستان». *نامه‌ی انسان‌شناسی*، سال ۱۳، ش ۲۳: صص ۹۸-۱۲۹.

سهرابی، هیمن. (۱۳۹۴). *بررسی گرافیک نقوش دست‌بافته‌های کردستان ایران بعد از اسلام*. پایان‌نامه‌ی کارشناسی ارشد، دانشگاه هنر تهران، دانشکده‌ی هنرهای تجسمی.

شادقزوینی، پریسا. (۱۳۸۸). «تنوع نقش در گلیم‌های دست‌بافت گیلان». *کتاب ماه هنر*، ش ۱۲۸: صص ۴-۱۵.

شایسته‌فر، مهناز. (۱۳۸۸). «بررسی نقش و طرح در فرش‌های کردی کردستان». *کتاب ماه هنر*، ش ۱۳۰، تیر: صص: ۲۰-۲۸.

شریف، حبیبه، اسکندرپور خرمی، پرویز و فهیمی‌پور، اصغر. (۱۳۹۵). «مطالعه‌ی تأثیر عناصر موجود در طبیعت بر نقوش گلیم جیرفت». *گلجام*، ش ۳۰: صص ۱- ۱۸.

شوالیه، ژان و گربران، آلن. (۱۳۸۷). *فرهنگ نمادها*. ترجمه و تحقیق سودابه فضایلی. جلد پنجم: حرف ل-ی. تهران: انتشارات جیحون.

صادقی، ع. (۱۳۹۷). مصاحبه‌ی مؤلف. (۷ فروردین) [نوار موجود].

صداقت‌کیش، جمشید. (١٣٦٢). «فرهنگ مردم آباده». *فروهر*، ش ١٨: صص ٥٣٥-٥٤٠.

صلاح عرباني، ابراهيم.(١٣٧٤). *کتاب گیلان*. جلد ٣. تهران: انتشارات گروه پژوهشگران ايران.

طاهی، مریم. (١٣٨٦). *نقش ماهي در فرش‌هاي موزة فرش ايران*. پایان‌نامه‌ی دوره‌ی کارشناسي، دانشكدة ميراث فرهنگي: تهران.

طریقی، معصومه. (۱۳۹۲). *بررسی و تحلیل نقش‌مایه‌های دست‌بافته‌های کردهای ایران*. پایان‌نامه‌ی کارشناسی ارشد، دانشگاه آزاد اسلامی واحد تهران مرکزی، دانشکده‌ی هنر و معماری.

محمدی، جمشید. (۱۳۹۲). *بررسی ویژگی‌های بصری امروزی گلیم و فرش سنندج، بیجار و عشایر این منطقه*. پایان‌نامه‌ی کارشناسی ارشد، دانشگاه پیام نور استان تهران.

مستوفی قزوینی، حمدالله. (۱۳۹۵). *نزهه القلوب*. تهران: اساطیر.

مشایخی، حبیب‌الله. (۱۳۸۰). *نگاهی همه‌سویه به تنکابن*. تهران: انجمن آثار و مفاخر فرهنگی.

مفاخری، محمدکاظم. (۱۳۷۷). *مجموعه‌ای از ضرب‌المثل‌های ملل مختلف (کردی – فارسی)*. قروه: انتشارات صبا.

همه‌واژنامه‌ی کیش

مولوی، جلال‌الدین بن محمد. (۱۳۷٦). *مثنوی معنوی*. تصحیح عبدالکریم سروش. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی. چاپ دوم.

نقیب‌حضرتی، روشنک. (۱۳۷۹). «معرفی، پژوهش و بررسی قالی و گلیم‌بافی در بیجار». *کتاب ماه هنر*، شماره ۲۳ و ۲۴: صص ۳۳.

نظری، س. (۱۳۹۷). مصاحبه‌ی مؤلف. (۵ اردیبهشت) [نوار موجود].

نوغانی، سمیه. (۱۳۹۱). «بررسی نشانه‌های تصویری لوح زن ریسنده متعلق به دوران ایلام جدید». *نگره*، شماره ۲۳: صص ۳۱-٤۱.

هال، آلستر و لوچیک، جوزه و یووسکا. (۱۳۷۷). *گلیم: تاریخچه، طرح، بافت و شناسایی گلیم*. ترجمه‌ی شیرین همایون‌فر و نیلوفر الفت شایان. تهران: کارنگ.

هال، جیمز. (۱۳۹۰). *فرهنگ نگاره‌ای نمادها در هنر شرق و غرب*. ترجمه‌ی رقیه بهزادی. تهران: فرهنگ معاصر.

یاوری، حسین. (۱۳۸۹). *شناخت گلیم و گلیم‌مانندهای ایران*. چاپ اول. تهران: آذر سیمای دانش.

کردی:

بەهرامی، ئەحمەد. (۱۳۹۴). *پەندی پیران و فەرموودەی ژیران*. دوو بەرگ. سنە: زانکۆی کوردستان.

پایانیانی، سەلاح. (۱۳۸۷). *فەرهەنگی زارەکی موکریان*. بەرگی یەکەم. مەهاباد: هیوا.

سەعادەتی، عەلی. (۱۳۸۲). *گێژاوی ژیان*. سنە: بڵاوکراوەی کوردستان.

لیسکو، روژێ. (۱۳۸۱). *ئەفسانەی مەمی ئالان ئەمیری کوردان: بەیتی فۆلکلۆریک*. بازنویسی محەمەد رەیانی. بێجێ: بڵاوکردنەوەی ئاورویج.

مان، ئوسکار. (۲۰۰٦). *توحفەی موزەفەریە*. پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەسەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی. هەولێر: ئاراس. چاپی دووەم.

مەولەوی، عەبدوڕەحیم تاوەگۆزی. (۱۳۸٦). *دیوانی مەولەوی*. لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس. سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان. چاپی چوارەم.

انگلیسی:

Anquetil, Jacques. (1994). *Carpets, Hachette, Singapore* (English version)

Canby, Sheila. (2006) .*Islamic Art in Detail* .London :British Museum Press.

Keryenbroek, P. G. (2015). "*The Yezidi and Yarsan Traditions.*" in *The Wiley Blackwell Companion to Zoroastrianism*, pp: 499-504.

Baring, A. and J. Cashford (1991*) . The myth of the goddess: Evolution of an image.* London: Penguin.

پژوهشنامه ادبیات کردی دوره پنجم، شماره ۸، پاییز و زمستان ۱۳۹۸

ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی:
تۆێژینەوەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکی بۆ پێنج ڕۆمان

موحسێن ئەحمەد عومەر[I]

پرۆفێسۆری یاریدەدەر، بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

تاریخ دریافت: ۱۹ دی ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۲۲ اسفند ۱۳۹۸؛ صص ۱۶۷-۱۹۷

کورتە

ئەم باسە تۆێژینەوەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکییە لە بارەی پێنج ڕۆمانی کوردی کە لەم ساڵانەی دوایی بڵاوبوونەتەوە: *میرنشینی خاك و خۆڵ*، نەبەز گۆران (۲۰۱۷)؛ *پاسەوانانی خودا*، عەتا محەمەد (۲۰۱۹)؛ *سەردەمی گریانی بەلقیس*، جەبار جەمال غەریب (۲۰۱۸)؛ *یادداشتی عەتر و ئاگر*، بەیان سەلمان (۲۰۱۸)؛ *دەریاس و لاشەکان*، بەختیار عەلی (۲۰۱۹). ئەم ڕۆمانانە بێ هیچ گومانێك دەشێ نوێنەرایەتیی ڕۆمانی نوێ و هاوچەرخی کوردی بکەن، هەڵبەت لە پاڵ زۆر ڕۆمانی تری هاوشێوە. لە بەشی یەکەمدا باس لە سەرهەڵدانی ڕۆمان دەکرێ لە ئەدەبی جیهانی، بە تایبەتی ئەدەبی فرانسی، پاشان ئەم ئەزموونە بەراورد دەکەین بە ئەزموونی ڕۆمان‌نووسیی کوردی. ڕۆمانی کوردی لە چاو ڕۆمانی ڕۆژئاوایی بە گشتی و ڕۆمانی فرانسی بە تایبەتی، مێژوو و ئەزموونێکی دوور و درێژی نییە، لە ڕوانگەی ئێمەوە تەواوی سەدەی بیستەم بە سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمانی کوردی لە قەڵەم دەدرێ، سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم سەردەمی ڕۆمانی نوێی کوردییە کە دەشێ بە زۆر شێوە و شێواز هەموو تایبەتمەندییەکی ڕۆمانی تێدابێ بەو شێوەیەی لە جیهاندا ناسراوە. بەشی دووەم تایبەتە بە پێشینەی تۆێژینەوە، بەو نووسین و سەرچاوانەی پێشتر ئەنجام دراون، هەڵبەت ئەمانەش مێژوو و کاریگەریی دیاریکراوی خۆیان هەیە. بەشی سێیەم تایبەتە بە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە و شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی و پراکتیکی بۆ پێنج ڕۆمانی ناسراوی کوردی کە دەشێ ببنە ڕۆمانی مۆدێل لە ئەدەبی کوردیدا.

وشەگەلی سەرەکی: ڕۆمانی کوردی؛ مێژووی ڕۆمان؛ گێرانەوە؛ ڕەخنەی پراکتیکی؛ ئەدەبی نوێ؛ شیکاریی ڕۆمان

چکیده

این مقاله تلاشی است در جهت ارائه‌ی خوانش عملی پنج رمان کردی که در چند سال اخیر منتشر شده‌اند. رمان‌ها عبارتند از: *گرد و خاک*، نبز گوران (۲۰۱۷)؛ *نگهبانان خدا*، عطا محمد (۲۰۱۹)؛ *عصر گریه بلقیس*، جبار جمال غریب (۲۰۱۸)؛ *یادداشت عطر و آتش*، بیان سلمان (۲۰۱۸)؛ *دریاس و جسدها*، بختیار علی (۲۰۱۹). این رمان‌ها می‌توانند نماینده رمان نو و معاصر کوردی باشند، البته با در نظر گرفتن رمان های دیگری از این دست. در بخش اول، پیدایش رمان در ادبیات جهان، به ویژه ادبیات فرانسه را بررسی می کنیم سپس این سابقه را با تجربه رمان‌نویسی کردی مقایسه می‌کنیم. رمان کردی در مقایسه با رمان های غربی به ویژه رمان فرانسوی، سابقه و تاریخ چندان مفصلی ندارد. از نگاه پژوهش حاضر، سده‌ی بیستم، دوره پیدایش و گسترش رمان کردی قلمداد می‌شود که می‌بایست همه‌ی ویژگی‌های رمان را همان گونه که در جهان شناخته شده است داشته باشد. بخش دوم خوانشی نقادانه و تحلیلی انتقادی و عملی از پنج رمان برجسته‌ی کردی است که این ظرفیت را دارند به عنوان رمان مدل در ادب کردی شناخته شوند.

واژگان کلیدی: رمان کردی؛ تاریخچه رمان؛ روایت نقد عملی؛ ادبیات نوین؛ تحلیل رمان

[I] mohsen_ahmadomer@yahoo.fr

۱- پێشەکی

سەرهەڵدانی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردی وەک ژانرێکی ڕۆژئاوایی و نوێ پەیوەندی بە نوێخوازی و نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردییەوە هەیە، سەردەمی ئەم نوێبوونەوەیەش لە ڕوانگەی ئێمەوە تەواوی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە، بەو مانایەی کۆمەڵی کوردی هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەکەوێتە ناو ئەم نوێبوونەوەیە، دیاردە و نیشانەکانیش لە ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی دەردەکەون، وەک نوێبوونەوەی شیعر و نوێبوونەوەی زمان و سەرهەڵدان و گەشەسەندنی پەخشان بە کۆمەڵێک فۆرم وەک وتار، چیرۆک، خاتیرە، وتاری ڕەخنەیی، پاشان گواستنەوە لە فۆرمی شیعرەوە بۆ پەخشان کە پەیوەندی بە سەرهەڵدانی گێڕانەوەی نوێوە هەیە وەک ڕۆمان، بۆ خۆی یەکێ لە نیشانەکانی نوێخوازییە، لە هەمان کات وەک سەرهەڵدان و لە دایکبوونی تاکەکەسیی کوردیش[1] لە قەڵەم دەدەرێت، بەو مانایەی ڕۆمان بۆ خۆیشی نیشانەی فۆرمێکی ئەدەبی تاکەکەسییە و ئەدەبی پێش سەرهەڵدانی فۆرمی ڕۆمان ئەدەبی کۆمەڵانی خەڵک و ژیانی بەیەکەوەییە، ئەمەش بەیت و حەماسە و فۆرمە کۆنەکانی گێڕانەوە دەگرێتەوە. (لویی ڕەی،[2] 1992: 6)

لەم ڕوانگەیەوە، ئێمە لەم توێژینەوەیە هەوڵدەدەین لە بەشی یەکەم باس لە ڕۆمانی کوردی بکەین وەک سەرهەڵدان و گەشەسەندن، پاشان کورتەیەک لە گەشەسەندنی ڕۆمانی فرانسی پێشکەش دەکەین وێڕای بەراوردکردنی بە ئەزموونی کوردی، ئەگەرچی ئەم دوو ئەزموونە لە ڕووی دەوڵەمەندی و جۆربەجۆرییەوە کە ڕۆمانی فرانسی پێیەوە ناسراوە، هەمان ئاست و پێگە و ئەزموون لە ئەدەبیاتی کوردی نادۆزرێتەوە، لەگەڵ ئەمەش هەندێ پێکچوون و لێکچوون هەیە و دەشێ ببێتە بواری کار و بیرکردنەوە و توێژینەوە. بەشی دووەم تایبەتە بە پێشینەی توێژینەوەکان یان دەتوانین بڵێین تایبەتە بە بەشێک لە بیبلۆگرافیای ڕۆمانی کوردی، وێڕای ئاماژەیەکی خێرا بە ئامانجی توێژینەوەیان کە بۆ ئەم توێژینەوەیە بە سوود بوونە، لە بەشی سێیەم خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی و پراکتیکی بۆ پێنج ڕۆمانی کوردی پێشکەش دەکەین کە دەشێ لە ڕووی ئاستی ئەدەبی و هونەری و قورسایی کاریگەری فیکری و شێوازی نووسینیان ببنە مۆدێلێک بۆ ڕۆمانی کوردی، ئەو بوارانەی بابەتی توێژینەوەن بریتین: لە گێڕانەوە، ڕووداو، فەزا و خەیاڵ، وەسف و دیالۆگ و کەسایەتییەکان. پاشان یەکێ لە ئامانجەکانی دیکەی ئەم توێژینەوە، پێشکەشکردنی نموونەیەکە لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی پراکتیکی لە ڕوانگەیەکی نوێ و بابەتیانە، کە لە ئەدەبیاتی ئێمە هێشتا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە.

---

[1] Individualisme.

[2] Louis Rey.

۲ـ ڕۆمانی کوردی: سەرەتا و گەشەسەندن

ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا بە فۆرمە هاوچەرخ و جیهانییەکەی کە پێیەوە ناسراوە جۆرێکی ئەدەبی نوێیە و بەرهەمی سەدەی بیستەمە، بەڵام لە ئەدەبی جیهانی بە گشتی، ڕەگ و ڕیشەکانی، وەرچەرخانی لە شیعرەوە بۆ پەخشان، تا سەدەی سێزدەم دەگەڕێتەوە، بەڵام بە گشتی سەرەتای ڕۆمانی نوێ وەک گۆڕان و وەرچەرخانێکی ڕادیکال، جیاواز لە ڕابردوو، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنێسانس، بە زۆر شێوە و شێواز، ئەم سەرەتایە لەگەڵ سێرڤانتێس (١٥٤٧-١٦١٦) و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی *دۆنکیخۆتێ* (١٦٠٥- ١٦١٥) دەست پێ دەکات، لەم ڕۆمانەدا هەموو شتێک نوێیە وەک ئایدیا و زمان و فەزا و شوێن و گێڕانەوەکان:

> میرزایەکی سوارچاک، بە مەبەستی شایان لێنان و پیشاندان و نرخاندنی ئیدیالی خۆشەویستی و بەرگری لە چەوساوان، ڕوو لە دەشت و دەر دەکا، دەچێتە سەر ڕێگاوبانە گەورەکان بۆ گەڕان بە دوای ئەڤانتور و نمایانکردنی پاڵەوانییەکانی خۆی، بەڵام ئەو نازانێ دنیا گۆڕاوە، هەموو ئەڤانتور و لامالییەکانی چروک و بێ مانا دەکەونەوە، لەمەوە هەست دەکەین خەونەکانی مرۆڤ ناتوانن دنیا بگۆڕن، بەڵام دەتوانن کاریگەرییان هەبێ، دەتوانین بڵێین ڕۆمانی نوێ لە دوو لەتبوونی نێوان تاکەکەس و کۆمەڵ لە دایکبووە. (٣)

ئەمە سەرەتایەکی زۆر ڕوونی ڕۆمانی نوێی سەرەتای سەردەمی ناسراو بە «سەردەمی مۆدێرن»ە کە لە ڕێنێسانسەوە دەست پێدەکات، بەڵام بە گشتی ڕۆماننووسی مێژووێکی کۆنتری هەیە، لەم ڕووەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەکان، ئەم ڕەگ و ڕیشانەش پەیوەندییان بە گێڕانەوە و دەرکەوتنی فۆرمی پەخشانەوە هەیە. بێگومان دەشێ گێڕانەوە وەک شێوازێکی ئاخاوتن، سەرەتا و بەراییەکانی لە مێژووی مرۆڤایەتی بزربێ، بەڵام وەک گێڕانەوەی ئەدەبی لەگەڵ داستان و حەماسە شیعرییە ناسراوەکان لە ئەزموونی ئەدەبی و هونەری مرۆڤایەتییەوە دەست پێدەکات، وەک داستانی گەلگامش بۆ نموونە لە مێژووی کەونارای مێزۆپۆتامیا، سەرەنجام: «ناوی ڕۆمان دەدرێتە ئەو نووسراوە درەنگانەی دوای حەماسەکان وەک *ئیلیادە* و *ئۆدیسە* کە گرینگییان بە ژیانی تایبەتی کەسایەتیەکان دەدا وەک لە باسکردنی مێژوو، لەم هەڵکەوتەی ژیانی تایبەتی تاکەکەس، خۆشەویستی زۆربەی جار بابەتی سەرەکی بووە ئەگەر تاقە بابەت نەبووبێ» (۴).

دەشێت ئەم ڕوانینە بەسەر ئەزموونی ئەدەبی کوردیش پەیڕەو ببێ، کە ڕۆمانی نوێ وەک فۆرمێکی پاش حەماسە و بەیت و شیعرە چیرۆکییەکان بێ، لە ئەدەبی کوردیش وەک ئەدەبی جیهانی، بە گشتی لە ئەدەبی تەواوی میللەتانی ئێرانی، ڕەگ و ڕیشەی گێڕانەوە کۆنە، سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوە لە فۆرمی کۆنی حەماسە و بەیت و شیعری چیرۆکی و شانامەکان:

هەرچەند گێڕانەوەگەلی جۆراوجۆری ژانری ئەدەبی شانامە لە ژێر ناونیشانگەلێک وەکوو ڕەزم نامە و جەنگ نامە...هتد، لە پانایی فەرهەنگی کوردزماناندا لە هەموو شوێنێکی جوگرافیایی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بوونی هەبووە و نموونەگەلێک لە گێڕانەوەکانی شانامە لە ئەدەبی سۆرانی، دیملی و کورمانجیدا هەیە، بەڵام گرینگترین ناوەندی پاراستنی گێڕانەوەکانی شانامە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئەدەبی گۆران لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە. (چەمەنئارا، ۱۳۹۵: ۱۷)

هەر لەم بارەیەوە، سەبارەت بە سەرەتاکان و دەرکەوتنی فۆرمی شیعر و شیعری چیرۆکی یان حەماسە، عەزیز گەردی پێی وایە «پاشان کە شیعر بوو بە دوو بەش: شیعری لیریکی و شیعری چیرۆکی، شیعری لیریکی بۆ چڕین و شیعری چیرۆکی بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهات بەکار دەهات» (گەردی. ۱۹۹۹: ٦۹).

بە شێوەیەکی دی هەر لە بارەی ڕەگ و ڕیشەکانی ڕۆمان لە کۆندا دەتوانین بڵێین فۆرمی ڕۆمان زیاتر بە پێی هەندێ کردەی ئەدەبی گەشەی سەندووە کە پێشتر خۆی ئەدەبی بووە، چونکە، لەگەڵ هەندێ لە پراکتیکی کولتووری ئەو سەردەمە تێکیان کردۆتەوە. فۆرمی ئێپیک و گێڕانەوەی مێژوویی بە پان و بەرینی وەک بنچینەیەک بوونە بۆ ڕۆمان، ئەمانەش: واتە ئێپیک و گێڕانەوەی مێژوویی یەکتریان تەواو کردووە، لە ناو دۆنکیخۆتێ بەر یەکتری کەوتوونە، تێیدا "گێڕانەوە لەناو گێڕانەوە یان سەربردە لەناو سەربردە"دا هەیە و ئەمەش زۆر دووبارە بۆتەوە. (نووریسیە،[1] ۱۹۹۷: ٦۱۸)

هەر لە بارەی ڕەگ و ڕیشەکانەوە، ڕینێ ویلیک پێی وایە ڕۆمان «دوا فۆرمی باڵای ئەمرۆی حەماسەیە، شانۆش ڕوویەکی دیکەی ئەم دوا فۆرمەیە» (وێلێک،[2] ۱۹۷۱: ۲۹۸). ڕەگ و ڕیشەکانی ئەم فۆرمە کۆنە وەک ئەزموونی ڕۆماننووسێی لە ئەدەبی ڕۆژئاوایی لە سەدەی دوانزەمەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی *دۆن کیخۆتێ*-ی سێرڤانتێس، لەم ماوە دوور و درێژەدا، کۆمەڵێک هۆکار و کاریگەری لە پاڵ پێشکەوتن و گۆڕانەکان لە فۆرمە ئەدەبییەکان هەبوونە کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە گەشەسەندنی ڕۆمان «وەک دەوڵەمەندبوونی سەردار و فیۆداڵە گەورەکان لە ڕووی دارایی و دەستەڵاتەوە، زۆربوونی کاریگەری ژن لەناو کۆمەڵ، گەشەسەندنی ژیانێکی تری پڕ لە ئەدەب و پڕ لە سۆز و بەیەکەوە ژیان، هەموو ئەمانە ئەو مەرجانە پێکدەهێنن کە هەر لە سەدەی دوانزەمەوە فۆرمێکی ئەدەبی دی سەرهەڵبدا کە ڕۆمانە، لەمەشەوە هەست بە هەستیاری ژیانی ڕۆحی و سۆزی زۆرتر دەکرێ کە لە حەماسە و داستانەکان دەدۆزرێتەوە، لە هەمان کات هەست بە ڕۆشنگەری زیاتر و ڕوحانییەتی زۆرتر دەکرێ» (لویی ڕەی، 1992: 6).

[1] Nourissier.

[2] Wellek.

لە ئەدەبی ڕۆژئاوایی تا سەرەتای سەدەی سێزدەم ڕۆمان بە شیعر دەنووسرا، هەمان ئەزموون لە ئەدەبی کوردیش هەیە، کە تا دەرکەوتنی پەخشان و دەوڵەمەندبوونی پەخشانی کوردی و بڵاوبوونەوەی یەکەم چیرۆک، وەک بۆ نموونە *لە خەوما*ی جەمیل سائیب، لە سەردەمێک کە کۆمەڵی کوردی کەوتبووە ناو وەرچەرخانێکی خێرا و ئەدەبیاتی کوردیش لەناو پڕۆسەیەکی گۆڕان و نوێبوونەوە بوو، پێش ئەم مێژووە هەموو گێڕانەوەیەک لە کۆندا بە شیعر بووە، ئەمانەش لە فۆرمی جیاجیا بوونە، وەک داستانی شیعری، حەماسەی شیعری، فۆرمی بەیت و مەسنەوی و هیتر. نموونەش بۆ ئەمە لە ئەدەبی کوردی زۆرە. سەرهەڵدانی پەخشانیش هەر لە خۆیدا نیشانەیەکە بۆ وەرچەرخان و گۆڕینی ڕوانین و بیرکردنەوە و پێویستی ڕۆشنگەری و کولتووری زیاتر، بە چەشنێکیش سەرەتایەک بووە بۆ سەرهەڵدانی تاکەکەس، ڕۆمان بۆ خۆی واتە فۆرمی ئەدەبی تاکەکەس، فۆرمی سەردەمی نوێ و نوێبوونەوەکان، لێرەوە« کردە و ئامانجی ئەم جۆرە ڕۆمانە (فۆرمی کۆن) بە مەبەستی پیشاندانی ژیانی گشتی بووە، ژیانی بەیەکەوەیی،[1] هەرچی ڕۆمانی نوێیە، گەڕانەوە بووە بۆ ژیانی تاکەکەس، پیشاندانی ئەڤانتور و سەرکێشییەکان، کە پاڵەوان تیایدا زیاتر ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە، کەمتر لەگەڵ ئەو نرخ و بەهایانە دەگونجێ کە کۆمەڵ پێی دەبەخشی» (همان).

سەرئەنجام ئەم گەشەسەندنە دەبێتە هۆی دروستبوونی کەڵێن و ناکۆکی لە کەسایەتی، ئەمەش وەک «شکان لە نێوان خواست و ئاواتەکانی تاکەکەس و هەقیقەتی جیهان دەبینرێ بەو شێوەیەی لە *دۆن کیخۆتێ*ی سێرڤانتێس» (همان) لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا پیشاندراوە. کەواتە ڕۆمان جیاوازە لە مێژوو و لە هەموو فۆرمەکانی بەرایی خۆی، ڕۆمانی نوێ دەیەوێ هەقیقەتێک بگێڕێتەوە ئەگەرچی ئەم هەقیقەت گێڕانەوەیەش لە بنچینەدا پشت بە گێڕانەوەی مێژووێک دەبەستێ. ڕینێ ویلیک پێیوایە «ڕۆمان مێژوونووسێکی خەیاڵییە« (وێلیک، ۱۹۷۱: ۳۰۲). بە ڕای میخایل باختین، ڕۆمان لە مێژووی نوێ و ئەزموونی ئەدەبی نوێی مرۆڤ ئەو ساتە لە دایکبووە و دەرکەوتووە کە لە «گێڕانەوەی حەماسە فۆرمێکی دی گێڕانەوە سەری هەڵداوە کە مرۆڤ لەناو بوونی، ڕووی لە ئایینەدەی خۆی بووە، بەو مانایەی حەماسە فۆرمیک بووە ژیانی ڕابردووی پیشانداوە« (لویی ڕەی، 1992: 4). بەڵام ڕۆمانی نوێ بەو فۆرمەی ئەمڕۆ پێی ناسراوە کە دەبێ کۆمەڵێ تایبەتمەندی گێڕانەوەی تێدا بێ وەک وەسف و گێڕانەوە و بگێڕەوەی[2] سەربەخۆ و بگێڕەوەی پاڵەوان و دیالۆگ و دیالۆگی وەسفی و گرێ و ڕیتم و ڕووداو و تاکدەنگی و فرەدەنگی و گۆشەنیگا و شێوازی جیاجیای نووسین و زۆری تر، فۆرمێکە تایبەت بە مرۆڤی نوێ،

[1] La vie collective.

[2] Le Narrateur.

که ژیانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دەخاتەڕوو، زیاتریش ڕووی لە ئایینەدەیە. هەر لە ڕوانگەی میخایل باختینەوە، لەلای ئەو فرەزمانی،[1] و دیالۆگ یان دیالۆگیزم، ناوەڕۆک و جەوهەری ڕۆمان پێکدەهێنن. ئەمەش هەردەم وەک جۆربەجۆری دەردەکەون، وەک چۆن لە ڕۆمانەکانی رابلێ و دیکنز و زۆری تری ئەم جۆربەجۆرییە دەبینرێ، کەواتە ڕۆمان فۆرمی نوێی ئەدەبی مرۆڤی نوێیە (همان: ۵).

باختین پێی وایە ڕۆمان چوارچێوەیەکە کۆمەڵێک دەنگ و گوتاری[2] جۆربەجۆر کار لە یەکتری دەکەن و ئەمانە هەموویان وەک بڵێی لە دیالۆگێکدان، کاریگەرن بە کۆمەڵێک هێزی کۆمەڵایەتی جۆربەجۆر لە چینی کۆمەڵایەتی جیاواز و بەرژەوەندی گروپ و هی دیکە. لەلای ئەو ویستی تاکەکەس لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە بەرهەمهێنانی گوتاری ئەدەبی و نائەدەبی لە یەک کاتدا. بەڵام قووڵبوونەوە و دەوڵەمەند بوون و پێگەیشتنی فۆرمی ڕۆمان بە شێوە هاوچەرخەکەی، یان وردتر بە شێوە مۆدێرنەکەی لەگەڵ ئەزموونە ئەدەبییە بەراییەکانی سەدەی نۆزدەم، دوای ئەزموونی ڕۆشنگەری و ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی جیهانی دەست پێ دەکات. گەشەسەندنەکانیش لە ئەدەبی فرانسی بۆ ئێمە وەک مۆدێلێکی هاوتایە بۆ قووڵبوونەوە و باسکردنی ئەزموونی ڕۆمانووسیی کوردی.

لە ئەدەبی فرانسیدا ڕۆمان بە شێوە هاوچەرخەکەی، بەو فۆرمە و بەو شێوازە نوێیەی ئەمڕۆ پێیەوە ناسراوە، کە پشت بە زمانێکی نوێ و ڕوانینێکی نوێ دەبەستێ لەمەڕ پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و گۆڕانە مادییەکان کە بێگومان لە پشت ئەو کاریگەریانەن کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆمان، پاشانیش وەک هەڵگەوتی ناوەوەی ڕۆمان لەمەڕ ئەزموونی نووسین و خەیاڵ و شێوازی نوێ و وردەکارییەکانی تری تایبەتی ڕۆمانی نوێ، لە هەناوی فەلسەفە و ئەدەبی ڕۆشنگەری و ڕۆمانتیکی کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەرهاتووە و پاشان لەگەڵ تەوژمی مۆدێرنیتێ و سەردەمی مۆدێرنیزم گەیشتۆتە ئاستێکی باڵای داهێنانی ئەدەبی، ئەزموونە ئەدەبی و ڕۆمانووسییەکانی ڤۆلتێر،[3] ڕووسۆ،[4] دیدرۆ[5] و شاتۆبریان[6] کە هەموویان لە نووسەران و ڕۆمانووسانی سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕۆمانتیکی کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەمن، بە سەردەم و ئەزموونی پێش سەرهەڵدانی ڕۆمانی نوێ لە

[1] Plurilinguisme.
[2] Discours.
[3] Voltaire.
[4] Rousseau.
[5] Didrot.
[6] Chateaubriand.

قەڵەم دەدرێن، ئەم ماوەیە یان ئەم هەنگاوە لەگەڵ ساڵی ١٨٣٠ کۆتایی دێ، بەو مانایەی یەکەمین ڕۆمانی نوێی فرانسی کە لە ڕوانگەیەکی ڕۆمانسییانە و ڕیالیزمییانەوە نووسرابێ، کە بە هەموو مانایەک بە سەرەتای هەقیقی ئەزموونی قوواڵی ڕۆماننووسی نوێی فرانسی لە قەڵەم بدرێ، ڕۆمانی *سوور و ڕەش*ـی ستەندالە کە هەر لەوساڵەوە لە ١٨٣٠ بڵاوەبێتەوە، «ستەندال زمان و شێواز و خەیاڵێکی دیکەی نوێی ڕۆماننووسیی کە تێکەڵەیەکە لە ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم دەهێنێتە ناو ئەدەبی فرانسی، باس لە نیگەرانی و دڵەڕاوکە و پێگە و خەسڵەتی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی مرۆڤی نوێی فرانسی دەکا، ستەندال ڕۆمان پێناسە دەکا و دەڵێ «ڕۆمان وەک ئاوێنییەک وایە بە درێژایی شەقام لە جوولە و ڕۆیشتندا بێ» (نووریسیە، ١٩٩٧: ٦١٨).

لەم ڕوانینەوە ستەندال مەبەستی پیشاندانی خەسڵەتە زۆرەکانی ڕۆمانە کە وەک ئاوێنەیەکە بۆ ژیانی مرۆڤ و بۆ واقیعی مرۆیی، ئەم ئاوێنەیە وەک مێتافۆرێک وایە، هەموو شتێک تێیدا دەبینرێ، لە هەمان کاتیش بەو مانایەش دێ تەنیا بە فۆرمی ڕۆمان دەتوانین وێنەیەکی سەرتاپاگیری ژیان پێشکەش بکەین، بەو مانایەی لە ڕۆمان جێگەی هەموو شتێک دەبێتەوە. لەلایەکی ترەوە، هەر لەم بارەیەوە ئێمیل زۆلا لە دوو پێناسەی ڕۆمان لە ساڵی ١٨٩٦، پێیوایە بەلزاکیش پێناسەیەکی هەبووە بۆ ڕۆمان کە لە ڕستەیەکدا کورتی کردۆتەوە: «ڕۆمان وەک توێژینەوەیەکە لەبارەی ئەناتۆمی ئەخلاقی» (مۆرتیە،[1] ٢٠٠١: ١٤٣). ڕاستییەکەی ئەزموونی ڕیالیزمی بەلزاک، ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، دروست وەک توێکارییەکە بۆ واقیع و بۆ واقیعی مرۆیی لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕوحی، بەگشتی لە هەموو حاڵەت و پەیوەندییە مرۆییەکان. بەڵام ڕوانینی فلۆبێر[2] کە لە نەوەی نووسەرانی دوای بەلزاکە، زیاتر بەرەو ئەزموونێکی ڕیالیزمی باڵا هەڵدەکشێ و سەرێکیشی لەگەڵ سەمبۆلیزم تێکدەکاتەوە. وەک ئەزموونی نووسین و هونەرەکانی نووسینی ڕۆمان، ئەزموونی فلۆبێر بە ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەند و پوختە و دانسقە لە قەڵەم دەدرێ، لە شاکاری ئەو، ڕۆمانی *مەدام بۆڤاری* هەموو ئەم سیفەتانە هەیە. لە پشت ئەم ئەزموونە لە مێژووی ئەدەبی فرانسی، مێژوویێکی کۆنی ڕۆماننووسیی هەیە، دوای نوێبوونەوە بەراییەکان، پاش شۆڕشی فرانسی ساڵی ١٧٨٩، کۆمەڵێک جۆری ڕۆمان و شانۆنامە و لە ئەدەبی فرانسی سەرهەڵدەدەن، ئەم ئەزموونە، زۆر دەوڵەمەند و بەربڵاوە، وەک تایبەتمەندییەک ناشێ بە ئەزموونی سنووداری کوردی بەراورد بکرێ، لەگەڵ ئەمەش زۆر شت لە نێوان ئەم دوو ئەدەبەدا هەیە و بە یەکتری دەچن، وەک وەرچەرخانەکان و سەرهەڵدانەکان و گۆڕانە مادییەکان.

[1] Mortier.

[2] Flaubert.

لە ئەدەبی فرانسیدا بە کاریگەری گۆڕانە جیهانییەکان و سەرهەڵدانی کۆمەڵی سەرمایەداری دەوڵەمەند و خاوەن کۆلۆنی و پڕۆسەی بە کۆلۆنیکردنی بەشێکی گەورەی دنیا، سەردەمی ناسراو بە مۆدێرنیزم (۱۸۹۰-۱۹۳۰)، واتە بە پیشەسازی بوونی خێرای کۆمەڵ و سەرهەڵدانی کۆمەڵی سەرمایەداری و خێرایی پێشکەوتنی ماددی، هەموو ئەمانە راستەوخۆ روخساری کولتووری و ئەدەبی سەردەمەکە پیشان دەدەن و دەیگۆڕن کە خۆیان لە هەڵوەشانەوە و ترازان و یەکانگیری و سەمبۆلیزم و ناتورالیزم دەبینەوە وەک دوو بزووتنەوەی ئەدەبی ئەو سەردەمە، پاشان جەنگی یەکەمی جیهانی کاریگەریی خۆی هەیە و لە پشت سەرهەڵدانی ئەدەبی دێکەدانتیزمەوەیە[1] کە ڕووخان و نغرۆبوون دەبێتە بابەتی سەرەکی ئەدەبی. هەموو ئەمانە ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکەن پۆست مۆدێرنیزم سەرهەڵبدا، ئەمەش لە ئەدەبیاتی پروست و کافکا و جیمس جۆیس و کۆنراد لە ڕۆماندا و ستەرنبیری و پیراندیلۆ و بریخت لە شانۆدا ڕەنگی داوەتەوە. لە شیعریش ئەزموونی پێشەنگانێک وەک مالارمێ و ییتس و ئیلیەت و پاوەند و ریلکە و ئەپۆلینێر و پۆل ڤالیری لە پێشەوە دێن. ئەمەش ئەدەبێکی دیکەی نوێ و نوێبوونەوەیەکی دیکەیە، لووتکەی ئەم ئەزموونە ئەدەبییە ناسراوانە تا ئەمڕۆش شاکارەکەی ڕۆمانناووس مارسێل پروست-ە، *گەڕان بە دوای ڕۆژگاری لە دەستچوو*.[2]

لە ڕۆژئاوادا، بە تایبەتی لە فرانسا، پێشکەوتنی ڕۆمان لە دوای ۱۸۵۰، وەک دیاردەیەکی سەر بە مۆدیرنیتێ حسێبی بۆ دەکرێ، مۆدێرنیتێ وەک کۆنسێپتێکی ئەدەبی لەو سەردەمەوە بە مانای بووژانەوە و بوونی گیانی سەردەم و تێگەیشتنێ تازە دەهات لە کۆمەڵ و تاکەکەس و پەیوەندییەکان، بۆدلێری شاعیر یەکەم کەس بووە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم لە کتێبی *نیگارکێشی ژیانی مۆدێرن* وەک کۆنسێپتێکی نوێ بۆ ئەدەب باسی مۆدێرنیتێ دەکا و دەڵێ «ناکام، سرک، نەگیراو، ئەمەیە نیوەی هونەر، نیوەکەی دی ئەبەدی و جێگیرە» (تامین و هوبرت،[3] ۲۰۰۴: ۱۳۰). بەڵام هەر بۆدلێر خۆی مەسەلەی مۆدێرنیتێ تایبەت ناکا بە سەردەمێکی دیاریکراو لە مێژوودا «ئەو پێیوایە هەموو سەردەمێک هونەرمەندی مۆدێرنی خۆی هەیە» (همان). ئەم هەڵکەوتە باڵایە و ئەم تازەگەرییە بە جوانی لە ئەزموونە ئەدەبییەکانی دواتر دەردەکەوێ، بە تایبەتی لەگەڵ ئەزموونی پڕ بە هاو و ناوێزەی گوستاڤ فلۆبێر، هەر لەو سەردەمەشەوە ڕۆمان لە ئەدەبی فرانسی راستەوخۆ بە مانای ئەدەب دەهات، ئەمەش قورسایی و بایەخی ڕۆمان نیشان دەدا وەک دیاردەیەکی تازە لە ژیانی مۆدێرن، لەم ڕووەوە ڕۆلان بارت زۆر بە باشی وێڕای

[1] Decadantisme

[2] *Marcel Proust: A la recherche du temps perdu*

[3] Tamine et Hubert

شۆڕبوونەوە بۆ ناو مێژووی ڕۆمانی نوێ تا دەگاتە ئەم سەردەمە و کێشەکان لەمەڕ خوێندنەوە، ئەو بایەخ و گرینگییە دەخاتەڕوو دەڵێ:

> هەرچی ڕۆمانە، ئەنجامی پەیوەندییەکانە[1] و خەسڵەت و ڕوخسارە «دامەزراوەییەکەشی»[2] ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ دەردەکەوێ. لە سەردەمی «ڕۆشنایی یان ڕۆشنگەری»[3]یەوە، ڕۆمان «گیانی یاساکان» دەگوازێتەوە کە شۆڕش لە یەک کاتدا سەقامگیریان دەکا و پاشان خیانەتیشیان لێ دەکا. هیومانیزم و لیبرالیزمی مۆدێرن بەشێکی زۆر لە هێز و کاریگەرییەکانی دواتری خۆیان لە ڕۆمان وەرگرتووە. زاراوەکانی «ئەدەب» و «ڕۆمان» لە کۆمەڵی هاوچەرخ هاوواتای یەکتر دەبن، کە ڕۆمان بەشی هەرە گەورەی ئەوەی پێی دەگوترێ بازاڕی خوێندنەوە داگیر دەکا. (نووریسیە، ١٩٩٧: ٦٣١)

ئەم ڕوانینە تەواوی مێژووی ڕۆمانی نوێی فرانسی دەگرێتەوە، لە سەردەمی پێش ڕۆمانتیکی، واتە لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی *کاندیدی* ڤۆلتێرەوە، تا دەگاتە ئەدەبی سەردەمی پۆست مۆدێرنیتێ. پۆست مۆدێرنیزم وەک هەنگاوێکی تازە، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەرهەڵدەدا.

> یەکێ لە خەسڵەتەکانی بریتییە لە گرفت یان قەیرانی نوێنەرایەتیکردن:[4] واتە هونەرمەندان یان نووسەران ئەو هەستەیان هەیە یان ئەو هەستەیان لەلا دروست دەبێ هەرگیز نەتوانن نوێنەرایەتی هەقیقەت بکەن، بنچینەی ئەم هەستکردنەش ڕۆلان بارت دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەدەبی داهێزراو و ڕووخاو[5] (واتە ماندووبی، داوەشان، هەڵتەکان، ...) بەو چەشنەی لە ڕۆمانەکانی بێکێت و کلۆد سیمۆن هەن وەک نموونەیەک. یەکێکی دی لە خەسڵەتەکانی دیکەی پۆست مۆدێرنیزم بوونی تێمای «دەقئاوێزان» یان «نێوتێکست»[6]ە واتە نەمانی سنووورەکانی نێوان جۆرەکانی ئەدەب و جیاوازییە تێکستییەکان بە پێی جۆرەکانی ئەدەبی خۆی، لەولاشەوە، بە ڕای فرانسوا لیۆتار پۆست مۆدێرنیزم واتە سازانی ئیدیۆلۆژی و کولتووری، بزربوونی سەرچاوە هاوبەشەکانی ئەدەبی ڕۆژئاوایی و یۆنانی و لاتینی و جودایزم و کریستیانیزم وەک داستان، تراژیدی یۆنانی، تەورات...هتد. (تامین و هوبرت، ٢٠٠٤: ١٣١)

بەڵام سەبارەت بە ئەزموونی ڕۆماننووسی لە ئەدەبی کوردی بە بەراورد بە ئەزموونی فرانسی، لە ئەدەبی کوردی ڕۆمان سەرەڕای ئەوەی دەشێ بە سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم یان نوێخوازی یان بوونی ڕوانینی واقیعی بۆ کۆمەڵ و بۆ ناوەوەی مرۆڤی کوردی ببەستینەوە، واتە وەک ڕوانینێک بۆ دەرەوە و بۆ ناوەوە، بەڵام ئەم هێشتا ئەم ئەزموونە لە ڕێڕەوی گەشەسەندنی خۆی هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆشی لەگڵدابێ، نەیتوانیوە ببێتە هاوواتای ئەدەب، واتە هەموو پانتایی ئەدەب داگیر بکا، هێشتا نەبۆتە مۆدێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی، ڕۆمان ئەوەندە زۆر بەرهەم بهێنرێ و بخوێندرێتەوە و هەموو نەخشەی ئەدەب داگیربکا. بەڵام لەوەش دڵنیاین ئەمڕۆ لەناو کورد ڕۆمان زۆرتر بەرهەم دەهێنرێ و زۆرتریش دەخوێندرێتەوە. لە بارەی سەرهەڵدانی ڕۆمان لە ئەدەبی نوێی

---

[1] Communications.
[2] Institutionnels.
[3] Lumières.
[4] Crise de representation.
[5] l'epuisement.
[6] Intertextualité.

کوردی، نووسەر ئارام سدیق پێیوایە هەروەک «چۆن لە ئەورووپا ڕۆمان بەرهەمی شارە، لە کوردستانیش لەگەڵ دروستبوونی شاردا ئەدەبی گێڕانەوەیی (ڕۆمان)ی کوردی گەشەی کردووە» (سدیق، ۲۰۱۵: ۷۳). بە گشتی ڕۆمانی نوێ فۆرمێکی ئەدەبی نوێیە و سەر بە ڕوانینی ئێستێتیکی نوێیە و کێشەکانی مرۆڤی نوێ دەخاتە ڕوو. لە ڕووی تەکنیکییەوە وەک فۆرمێکی باڵای پەخشان دادەنرێ. سەرهەڵدانی پەخشانیش لە جیهانی کوردی لە یەکەمین نیشانەکانی نوێخوازیی کوردییە.

سەبارەت بە وەرچەرخان لە فۆرمی شیعرەوە بۆ فۆرمی پەخشان، کە پەیوەندی بە بنچینە و سەرهەڵدانی ڕۆمانەوە هەیە، لە سەردەمی نوێوە، لە ڕوانگەی ئێمەوە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بە سەرەتای دەرکەوتنی کۆنکرێتی پەخشانی کوردی دادەنرێت، بێگومان مێژووی پەخشانی کوردی زۆر لەوە کۆنترە و دەبێ لەگەڵ نوێبوونەوەی یەکەمی کوردی سەری هەڵدابێ، واتە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم، سەردەمی ئەزموونی پێشەنگانی نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی: نالی و مەستوورەی ئەردەڵانی. هەر لەم سەرەتایەوە دەرکەوتنی فۆرمی پەخشانی کوردی، لە شێوەی کۆمەڵێک فۆرمی ئەدەبی بووە وەک وتاری ئەدەبی جیاجیا: خاتیرە، وتاری ڕەخنەیی، وتاری تیۆری، وتاری گشتی ڕۆژنامەیی، چیرۆک، شانۆنامە دەرکەوتووە. هەر لەو سەردەمەوەش، ئێمە چەند ئەزموونێکمان هەیە کە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە یەک ئاستی ئەدەبی و هونەری و شێوازی نووسین و هەتا لە ڕووی زمانیشەوە لە یەک ئاست دەمێننەوە، وەک چیرۆکی *لەچەوما* (۱۹۲۵) بەرهەمی جەمیل سائیب و *مەسەلەی وێژدان* (۱۹۲۷) بەرهەمی ئەحمەد موختار جاف، *شڤانێ کورد* (۱۹۳۰) بەرهەمی عەرەب شەمۆ و، ڕۆمانی *نازدار یا ژنی کورد لە لادێ* (۱۹۳٦) نووسینی محەمەد عەلی کوردی، کە بە زنجیرە لە گۆڤاری *ڕووناکی* بڵاوبووەتەوە، تا دەگاتە *پێشمەرگەی* ڕەحیمی قازی و *ئاشتی کوردستانی* محەمەد سالح سەعید و *ژانی گەلی* (۱۹۵۹) ئیبراهیم ئەحمەد. هەموو ئەمانە تا کۆتایی سەدەی بیستەم لەگەڵ چەندین ئەزموونی پێشکەوتووتری دواتر، چیرۆکنووسی و ڕۆماننووسیی کوردی درێژە بە خۆیان دەدەن، وەک ئەزموونی دەوڵەمەندی حوسێن عارف تا دەگاتە شێرزاد حەسەن و زۆری تر وەک نووسەرانی کۆتایی سەدەی بیستەم.

بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە، سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمی کوردی، سەردەمی ڕۆمانی نوێی کوردییە، لەمەشەوە دەوڵەمەندی خەیاڵ و تێکشکانی دۆگمە ئیدیۆلۆژییەکان، گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ڕووداو و زمان و شێوازی نوێی نووسین و شێوازی نوێی گێڕانەوە، گۆڕان لە ڕوانین و نیگای جوانیناسانە بەرەو جۆرێک لە مۆدێرنیتێی کوردی دەچێت (ئەگەر بکرێ بەو شێوەیە بیناسێنین) ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە بوونی تایبەتمەندیی نوێ و نوێخوازی

بۆ ڕۆمانی نوێی کوردی. لە ڕوانگەی ئێمەوە، تەواوی سەدەی بیستەم بە سەدەی سەرهەڵدان و گەشەسەندن دادەنرێ، ئەم سەردەمە بە *لە خەوما*ـی جەمیل سائیب دەست پێدەکات، بە ئەزموونی شێرزاد حەسەن کۆتایی دێ، هەڵبەت بە تێپەڕین بە ئەزموونی حوسێن عارف، سەلاح عومەر، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ڕەئوف بێگەرد، حەسەنی قزلچی و محەمەد ئوزون و و زۆری تر، بەڵام سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم بە سەرەتای ڕۆمانی نوێ، نوێ لە هەموو ڕووێکەوە، وەک زمان، خەیاڵ، شێواز و گێڕانەوە، نوێ وەک ڕووداو و گۆڕانی سەردەم و چەشە و ڕوانینەکان.

بێ‌گومان ڕوانینی ژیاری و جوانی‌ناسانەی مرۆڤی کوردی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لە هی کۆتایی سەدەی بیستەم؛ کێشە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕوحییەکانیش جیاوازن. ئەمڕۆ سەردەمی تێکشکان و نەمانی ئیدیۆلۆژییە کلاسیکییەکانی ناو کوردە و ئەوانەش کە جێگەی کۆنەکان دەگرنەوە هێشتا دوا ڕوخساری خۆیان نیشان نەداوە. کۆمەڵی کورد لەم پەنجا ساڵەی دوایی زۆر گۆڕاوە، بۆیە سەرەتای ڕۆمانی نوێی کوردی، کە بتوانین بە هەمان ئاستی ڕۆمانی نوێی فرانسی بەراوردی بکەین، دەکەوێتە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم. ئەو ڕۆمانانەی لەم بیست ساڵەی دواییدا بڵاوبوونەوەتەوە لە ڕوانگەی ئێمەوە بە ڕۆمانی نوێ یان ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی لە قەڵەم دەدرێن؛ ئەمەش زۆربەی ئەو ڕۆمانانە دەگرێتەوە کە وەک ئەزموونی نووسین و جیهانبینی ڕۆمانی سەرکەوتوون و لەناو کۆمەڵی کوردی دەنگ و زایەڵەیەکیان هەیە. ئەمانەش دەشێت لە ڕووی پێکهاتەی ناوەوە و دەرەوە لە ئاستی ڕۆمانی ئاسایی جیهانی یان وەک مۆدێلی ڕۆمانی فرانسی بن. ئەم پێنج ڕۆمانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە هەڵمانبژاردوون دەکەونە ناو ئەم بازنە نوێیە، دەشێت روانینی نوێ و خەم و نیگەرانییەکانی ئەم سەردەمەی مرۆڤی کوردیان لێ بخوێندرێتەوە.

٣- پێشینەی توێژینەوە

یەکێ لەو سەرچاوانەی کە خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ مێژووی ڕۆمانی کوردی دەکا، کتێبەکەی سابیر ڕەشیدە بە ناوی *ڕۆمانی کوردی* کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن وەشانی ئاراس-ەوە لە هەولێر بڵاوبووەتەوە. لە بارەی سەرهەڵدان و سەردەمەکانی گەشەسەندنی ڕۆمانی کوردی، ناوبراو پێی وایە ڕۆمانی کوردی بە چەند قۆناغێک تێپەڕیوە وەک: قۆناغی لە دایکبوون و هەوڵە بەراییەکان ١٩٢٧-١٩٧٠، قۆناغی دامەرزاندن و گەشەسەندن ١٩٨٥-١٩٩٠، قۆناغی پێشکەوتن و نوێبوونەوە ١٩٩١ تا ئێستا. بێ‌گومان ئەم قۆناغبەندییە دەبێ لەسەر بنچینەی روانین و تێکاریی ناوەوە و دەرەوەی پێکهاتەی ڕۆمان سەرنجی بدرێتێ. ئێمە بە پێچەوانەوە تەنیا لە دوا قۆناغ لەگەڵ ئەم ڕوانینە هاوڕاین و ئەوانەی پێشوو هەمووی دەچنە ناو بازنەی سەرهەڵدان و گەشەسەندن، چونکە وەرچەرخان هەمیشە لەسەر بنچینەی گۆڕانە ڕادیکاڵەکان دەستنیشان دەکرێ، گۆڕانی

ڕادیکال، له هەڵکەوت پێکهاتەی ناوەوە، شێوازی نووسین و روانینی جوانی‌ناسانە و ئاراستەی فیکری. بۆیە ئێمە پێمان وایە تەواوی سەدەی بیستەم، سەردەمی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمانی کوردییە، بە پێچەوانەوە، ڕۆمانی نوێی کوردی بشێ هەموو مەرجێکی ڕۆمانی ئاسایی هەبێ و وەک هەر ڕۆمانێکی فرانسی یان فارسی، یان وەک رۆمانێک بێت تەواوی خەسڵەت و مەرجەکانی رۆمانێکی ستانداردی هەڵگرتبێ و ئاستی بەرز بێ، لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دەست پێدەکات، ئەم پێنج ڕۆمانەی لێرەوە بابەتی ئەم توێژینەوە ڕەخنەیی و پراکتیکییەن، هیچ شتێکیان وەک تەکنیک و شێواز و وەک ناوەڕۆک و جیهانبینی و گۆشەنیگا و هونەری گێڕانەوە لە ڕۆمانی فرانسی و فارسی کەمتر نییە. ئەگەر بۆ زمانێکی تر وەربگێڕدرێن دەنگ و زایەڵەیەکی ئەدەبی و هونەری باشیان دەبێت.

بێ‌گومان توێژینەوە و وتارە تیۆری و ڕەخنەییەکانی هاشم ئەحمەدزادە لە بارەی رۆمانی کوردییەوە لە بابەتە سەرەکی و بنیاتنەرەکانن کە لە چوار کتێبی تایبەت، گرنگیی بە ڕۆمانی کوردی و ڕۆمانی جیهانی داوە و بایەخی بە کێشەی گێڕانەوە وەک بابەتێکی تیۆری و پراکتیکی لە ئەدەبی کوردی داوە. مێژووی ڕۆمانی کوردی، سەرهەڵدان و گەشەسەندن، ناسنامە و ڕۆمان لە بواره گرینگەکانی توێژینەوەکانی ئەون بە تایبەت لەم کتێبانەدا: *نەتەوە و ڕۆمان، گێڕانەوەناسی، جیهانی ڕۆمان* و *زمان، ئەدەب و ناسنامە*.

یەکێکی دی لە سەرچاوە سەرەکییەکان کە بەم ئاراستەیە ڕۆیشتووە، کتێبی *بەرەو ڕۆمانی کوردی*یە لە نووسینی ئارام سدیق. نووسەر کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم بە سەردەمی ڕۆمانی نوێی کوردی لە قەڵەم دەدا، بەڵام ناونیشانی ئەم کتێبە ڕاستەوخۆ ئەو پرسیارەش دەوروژێنێ: ئاخۆ ئێمە ڕۆمانێکمان هەیە بشێ ببێتە نوێنەرێک بۆ ڕۆمانی تەواو، واتە لە هەموو ڕووێکەوە خەسڵەتی ڕۆمانی هەڵگرتبێ. سەرچاوەکانی تر بەم شێوەیەی خوارەوەن: *تەکنیکی گۆشەنیگا لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی‌دا*، نووسینی مستەفا سالح مستەفا. *سیمیۆلۆژیای ناونیشان، ناونیشانی ڕۆمانی کوردی*، نووسینی حەمە مەنتک. توێژینەوەی *جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا*، نووسینی ڕەسول حەمەد ڕەسول. توێژینەوەی *شیعرییەتی ناو لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا-ی بەختیار عەلی‌دا*، نووسینی سروە تاهیر عەلی و ئەڤین ئاسۆس حەمە. بابەتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی خەسڵەتی شیعرییەتی ناوی کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانەیە. ئەم بابەتە دەشێ هێشتا لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێ. ئێمە لێرە، وێڕای بایەخدان و شیکردنەوەی ڕۆمانی *دەریاس و لاشەکان*ـی بەختیار عەلی، لەم بارەیەوە سەبارەت بە کێشەی ناو لە ڕۆمانەکانی ناوبراودا، لە بەشی ڕەخنەی پراکتیکی بایەخمان بەم لایەنە داوە.

لە پاڵ ئەمانەوە هەندێ سەرچاوەی ترمان هەن وەک: *چەند سەرنجێک دەربارەی مێژووی ڕۆمان*، نووسینی عادل گەرمیانی. وتاری «ڕۆمانی کوردی: مێژوو و سەرهەڵدان، لە سەرەتاوە تا ڕاپەڕینی ۱۹۹۱» نووسینی سەنگەر زراری، وێڕای دوو نامەی ماستەر لە بارەی ڕۆمانی کوردی، *ڕۆمانی کوردی لە عیراقدا*، نووسینی ئیبراهیم قادر و *ریالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا ۱۹۲۸-۱۹۹۶* نووسینی عادل گەرمیانی. بەڵام تازەترین بەرهەم لە بارەی ڕۆمانی کوردی، بە تایبەتی لە بارەی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلییە، کتێبەکەی دەریا جەمال حەوێزییە بە ناوی *دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی لە ئاوێنەی ریالیزمدا*. ئامانجی سەرەکیی ئەم دوو توێژینەوەیە، بابەتی ریالیزم و جۆر و تێماکانی ریالیزمە لە دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی بە ناوی *شاری مۆسیقارە سپیەکان* و *جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد*.

دوا توێژینەوەی بە پێز و پڕ لە وردەکاری کە لە ڕوانگەیەکی نوێوە لە بارەی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی نووسرابێت، وتارەکەی بەختیار سەجادییە لە ژێر ناوی «گێڕانەوەی کوردی لە نێوان واقیعی خوازی و دژەواقیعی خوازیدا» (۲۰۱۹). لەم توێژینەوەیە نووسەر باس لە گێڕانەوە دەکا لە فۆرمی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و تیشک دەخاتە سەر کێشەی ڕێبازە ئەدەبییەکان لە ڕۆژئاوا و لە ئەدەبی کوردیدا. سەجادی پێی وایە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا مۆدێرنیستی نییە بەڵام لە ژێر کاریگەریی مۆدێرنیتێ دایە. بە ڕای نووسەر، ڕەوتی «واقیعیخوازی» ئەگەر بشێت بەرامبەر بە ریالیزم بوەستێتەوە، تەمەنەکەی کورتتر و سنووردارترە لە چاو ئەزموونی گەلانی تر، بەڵام ئەوەی کوردیش ئەزموونە بەراییەکانی سەرنجڕاکێشە. سەجادی پێشتریش لە کۆمەڵێ وتاری تێروتەسەلدا بە دیاریکراوی تیشکی خستۆتە سەر کۆمەڵێ ڕۆمانی کوردی لەوانە بەرهەمەکانی شێرزاد حەسەن، عەتا نەهایی، مەنسوور تەیفووری و سەید قادر هێدایەتی و هەوڵی داوە لایەن و مۆرکە جیاوازەکانی ئەو ڕۆمانانە لە ڕوانگەی بۆچوونی بەرباسیەوە لێکبداتەوە. یەکێکی تر لە سەرچاوە تازەکان نامەی ماستەری مەزهەر ئیبراهیمییە بە ناونیشانی *زمانی کوردی، ئایدیۆلۆجی و پێڤاژۆی بەسووژەبوون: خوێندنەوەی دوو ڕۆمانی پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی و گابۆر بە گوێرەی تیۆری ڕەخنەیی لویی ئالتووسێر* (۲۰۱۹). توێژەر لێرەدا ویستوویەتی شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو ڕۆمانی کوردیی سەروو و ناوەندی بۆ ئیدیۆلۆژی لەسەر بنەمای پێناسەکەی ئالتووسێر بخوێنێتەوە.

۴- شیکردنەوەی ڕەخنەیی

کە توێژینەوەی ڕەخنەیی و پراکتیکی لە بارەی ڕۆمان پێشکەش دەکرێت، هەردەم دەبێ لەسەر بنچینەی پێکهاتەی ناوەوە بێ، ئەم پێکهاتەیەش سێ خەسڵەتی ڕۆمان دەگرێتەوە. لە ڕوانگەی رینیێ ویلیک، ئەم سێ خەسڵەتە ستەرەکتوری ڕۆمان پێکدەهێنن ئەمانەش «ڕووداو یان سەربردە،

کەسایەتییەکان و فەزای ڕۆمانن، هەر یەک لەمانە ئەوانی دی دیاری دەکەن و دەیناسێنن» (وێلێک،۱۹۷۱: ۳۰۲). ئێمە هەوڵدەدەین لەم لایەنانەوە شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکی بۆ ئەم ڕۆمانانەی خوارەوە پێشکەش بکەین. بێگومان، ئەم سێ لایەنە دەشێ بە چەشنێکی دیکەش پێشکەش بکرێن، وەک گێڕانەوە و خەیاڵ و کەسایەتییەکان، هەڵبەت لەگەڵ وردەکاری زیاتری سەر بەم لایەنانە، وەک زمان، داڕشتن و شێواز، زەمەنی ڕۆمان و زەمەنی گێڕانەوە، هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی ئێستێتیکی گێڕانەوە و داڕشتن باسیان لێوە دەکرێ.

۴-۱- ڕۆمانی *میرنشینی خاک و خۆڵ* نووسینی نەبەز گۆران

ڕۆمانی *میرنشینی خاک و خۆڵ* لە ڕووی ستروکتوری ڕووداو و سەربردەوە، هەموو شتێك لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات، ڕووداو هەڵدەکشێ و ئاڵۆز دەبێ، کەسایەتی جیاجیای لاوەکی و ڕووداوی جیاجیای لاوەکی تێدەکەوێ، لە خاڵێکیش کۆتایی دێ. کۆتایی ڕۆمانەکە خاڵی باڵای چیرۆکەکەیە کە وەك وەرچەرخان یان گۆڕان یان سەردەمێکی دیکەی نوێیە کە نووسەر دەیەوێ بیخاتەڕوو. لە ڕووی ستروکتوری گێڕانەوە ڕۆمانەکە پشت بە ڕووداوێکی سادە و ڕوون دەبەستێ، کەسێکی هونەرمەند زێدی خۆی جێدەهێڵێ ڕوو لە شارێك دەکا، کەمێك تێیدا دەژیێ، ئاییندەی شار و ناوچەکە هەمووی لە دوای خۆی دەگۆڕێ، ئەو هونەرمەندێکە دەیەوێ تەنیا ئەزموون و بەرهەمی خۆی پیشانی خەڵك بدا، ئەمەش دەبێ لەو ڕوانگەوە سەیری بکەین کە هەموو هونەرمەندێك نوێنەرایەتی نوێخوازی سەردەمی خۆی دەکا بە پێی ئەو پێوەرەی بۆدلێر[1] دایڕشتووە و لە سەرەوە باسمان کردووە، شاعیرێك لەگوندەکەی دەردەچێ بەرەو شاری نوێ دەچێ (سلێمانی وەك میترۆپۆلێکی نوێی کوردی) بەڵگو لەوێ بەختی خۆی تاقی بکاتەوە و شیعر و ئایدیاکان و شێوازەکانی پیشانی خەڵك بدا، تا ئەوسا هەموو خەڵك بە زمانی بێگانە ئەدەبیان بەرهەمهێناوە، شیعریان نووسیووە، بەڵام ئەو بە زمانی کوردی دەنووسێ، بە زمانی قسەکردنی خەڵکەکە شیعر دەنووسێ و دەیەوێ هەر لەم بارەشەوە بەختی خۆی تاقیی بکاتەوە، لە شار سەرەتا دەستەڵات و خەڵك و بژاردەی ڕۆشنبیرەکان دژایەتی دەکەن، پاشان ئەوانیش وردە وردە دێنە سەر ڕێگای ئەو، دواجار کەسایەتی سەرەکی چۆن هاتۆتە ناو شار بە هەمان شێوە دەردەچێتەوە و شار بەجێدەهێڵێ، بەڵام لە دوای خۆی زۆر شت دەگۆڕێ، وەك زمان و ڕووانین و خەیاڵ. ئەمەش کە نوێبوونەوە و نوێخوازییە دوا خاڵی باڵای ئامانجی ئەدەبی و بیری سەرەکی ڕۆمانەکەیە.

ئایدیای سەرەکیی ئەم ڕۆمانە مەسەلەی گۆڕان یان وەرچەرخانی کولتوورییە، لە سەردەمێکی دیاریکراوی کوردی کە دەشێ وەك سەردەمی نوێ یان بووژانەوە ڕێنیسانس-ی کوردی لەقەڵەم

[1] Baudelaire.

بدرێ. کەسایەتی سەرەکی «میرزای باڵدارە» کە بە هەموو پێوەرێك ڕۆڵی نالی شاعیر دەگێڕێ وەك سەردەستەی شاعیران، ئەو دینامیزمی ئەم نوێبوونەوەیەیە، کەسایەتی لاوەکی سالمی هاوڕێی شاعیرە، لەگەڵ زۆری تر. ڕۆمان بە ڕستەیەکی سادە دەست پێدەکات «تازە هەتاو لە نێوان کێوەکان سەری دەرهێنابوو»، ئەمەش بۆ خۆی سەرەتایەکە بۆ ژیانێکی نوێی کەسایەتی سەرەکی، سەرەتایەکی نوێشە بۆ سەردەمێکی دیکەی نوێی کوردی، زمانێکی دیکەی نوێی کوردی، ڕوانین و خەیاڵ و خەون و ئاواتێکی دیکەی نوێی کوردی. سترەکتوری گێڕانەوە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژییە، سادە و هونەرییە، تا ردەیەکی زۆر نووسەر سوودی لە سترەکتور و فەزای حیکایەتە کوردییەکان کۆنەکان وەرگرتووە، زۆر شت لەم ڕۆمانە بە مەبەست بە شاراوەیی هێڵدراوەتەوە، وەك شوێن، هەموو شوێنەکان شوێنێکی حیکایەتی و خەیاڵین ئەگەرچی بە پێی ڕووداوەکان دەشێ بناسرێنەوە، دەتواندرێ هەر یەك لە شوێنە خەیاڵییەکان بدرێنە پاڵ شوێنە واقیعییەکان، وەك گوندی «خاك و خۆڵ» و شاری سلێمانی، وەسفی ڕێگابڕین و چەم و دەشت و چیا و چۆڵەکانی نێوان گوندی زێدی شاعیر و شاری نوێ. گێڕانەوە خوێنەر بۆ ناو فەزا و خەیاڵێکی شیعری و جیهانێکی پڕ لە خەون و ناوێزەیی و تا ڕادەیەکیش ئێگزۆتیك دەبا.

نووسەر سوودی لە ئەزموونی شیعری و شیعرییەتی باڵای نالی وەرگرتووە بۆ ڕۆمانەکەی، دەتوانین بڵێین بە چەشنێك لە بنچینەدا گێڕانەوەیەکی خەیاڵی ژیان و ئەزموونی نالییە، لە پاڵ ئەمەش باسکردنی سەرهەڵدانی زمانێکی نوێ و کولتووریکی نوێ کوردییە (کوردی ناوەند کە هەموو ئەمانە دەگرێتەوە: سۆرانی، بابانی، ئەردەڵانی، موکریانی). باسکردنی دەرکەوتن و بنیاتنانی شارێکی نوێیە (سلێمانی) لە ژیانی تازەی کوردی، کە بە هەموو پێوەرێك دەشێ بە سەرەتای سەردەمێکی نوێ لە ژیان و ژیانی کولتووری کوردی لە قەڵەم بدەین. ڕۆمانەکە پێکهاتووە لە سەد تێکستی بچووك، هیچ تێکستێك لە سێ لاپەڕە زیاتر نییە، ئەمەش گەڵێك زۆر یارمەتی خوێنەر دەدا بێزار نەبێ و بە هەڵپە بێ دریژە بە خوێندنەوە بدا. لەم ڕووەوە، ئەم ڕۆمانە وەك شێوازی گێڕانەوە و گرێچنی و وەسفەکان زۆر سەرکەوتووە. کەسایەتی بگێڕەوە[1] ئەو کەسەی چیرۆك دەگێڕێتەوە لەم ڕۆمانە دەنگێکی نادیارە، ئەم دەنگە هەردەم هاوتای دەنگ و ڕوانینی نووسەرە، هەرگیز وەك کەسایەتی لەناو ڕۆمانەکە دەرناکەوێ، تا کۆتایی چیرۆك دەگێڕێتەوە. کەسایەتی سەرەکی میرزای باڵدارە کە ڕۆڵی شاعیر نالی دەگێڕێ، کەسایەتی دووەم سالمی پەنجە شینە کە ڕۆڵی شاعیر سالمی هاوڕێی نالی دەگێڕێ و یاریدەدەری ئەوە لە سەرخستنی شۆڕشەکەیان و گەیاندنی فیکر و شێوازی خۆیان بۆ ناو کۆمەڵ، کەسایەتی میر، کەسایەتی

[1] Le narrateur.

دیکەی لاوەکی کە بەشێکن لە چیرۆك و ڕووداو. کەسایەتی سەرەکی ڕۆڵی ڕچەشکێن، داهێنەر، داهێنەری زمانێکی نوێ و شیعر و خەیاڵێکی دیکەی نوێ دەگێڕێ، بە پێچەوانەوەی ڕەوتی گشتی زمانی باو و شیعری باو دەڕوا، لەم ڕۆیشتنەدا بێگومان دەیان بەربەست دێتە پێش کەسایەتی، بەڵام کەسایەتی سەرەکی بە پێی ئامانج و ئایدیای نووسەر، نوێنەرایەتی ئەو جیهانە نوێیە دەکا کە دواجار خەون و ئاواتی ئەوە و ئەم خەونەش بە کەسایەتی و ڕۆڵی ئەم کەسایەتییە خراوەتەڕوو. ئەرکی سەرەکی ئەم ڕۆڵە نوێبوونەوە و وەرچەرخانە، بێگومان ئەمەش بێ کێشە و گرفت نییە.

لە ڕووی زەمەن و زەمەنی گێڕانەوە لەم ڕۆمانە، هەست بە هەڵکەوتی زەمەنی کراوە و نادیاری ناو حیکایەتە کوردییە کۆنەکان دەکرێ، ئەم زەمەنە زەمەنێکی خەیاڵییە، یان زەمەنێکی چیرۆکییە، بێگومان ڕووداویش ڕووداوێکی خەیاڵی و چیرۆکییە، ئایدیایەك کرۆکی ڕووداوەکان پیکدەهێنێ، واتە ئایدیایەك بۆتە دینامیزمی ڕووداو و گێڕانەوە نەك ڕووداوێك لێکدانەوەی جیاجیا هەڵگرێ، ئەمەش دەشێ هەندێ جار وەك لاوازییەك بێتە بەرچاو، بەڵام لەوڵاشەوە هەر ئەم ئایدیایە دەبێتە هەوێنی گێڕانەوە، ئەمەش ئازادی بە نووسەر دەدا بە وەسفێکی چڕ و توندوتۆڵ و سەرنجڕاکێش شتەکان بخاتەڕوو. نووسەر ناچار نییە شوێن و سەردەمەکە بە ڕۆژ و ساڵ و مانگ دیاری بکا، یان هەڵکەوتێکی واقیعی ماددی بداتە زەمەن و فەزای گێڕانەوە، بەڵکو نووسەر بە مەبەست ئەم شێوازەی هەڵبژاردووە بۆ بنیاتنانی ئیستێتیکێکی سەر بە گێڕانەوەی سەردەمێکی دوور کە دەشێ پڕ لە نهێنی و شتی ناوێژە بێ، بۆیە زەمەن زەمەنی حیکایەت و گێڕانەوەکانە، زەمەنێکی شیعرییە، چیرۆك لە سەردەمێکی دوور دەست پێدەکا، سپێدەی ڕۆژێکی نوێ کە ڕەمزیشە بۆ جێهێشتنی جیهانێکی کۆن و بەسەرچوو، چوون بۆ ناو سەردەمێکی نوێ و زمانێکی نوێ و خەیاڵ و ئەزموونێکی نوێ کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. دیالۆگی ڕاستەوخۆ کەمە بەڵام ناڕاستەوخۆ زۆرە، ئەمەش تا ڕادەیەك هەڵکەوتێکی گشتی ڕۆمانی نوێی کوردییە.

لەم ڕۆمانە وەسف و زەمەن و گێڕانەوە هاوشانی یەکترن، پچڕان و گەڕانەوە و چوونەپێشی تێدا نییە، هەموو شتێك لە رابردوو دەست پێدەکات لە رابردووش تەواو دەبێ. بەڵام لەم ڕۆمانە زەمەنی تەکنیکی چیرۆك ماوەیەکی کورت دەخایەنێ، بەڵام ئەمەش دیاریکردنی سەختە، ساڵێك یان زۆرتر، لەوانەشە کەمتر بێ. کەسێك ڕوو لە شارێك دەکا گۆڕان و وەرچەرخانێکی نوێ بەرپا دەکا، دوایی هەموو شتێك دەگۆڕێ، چەشە و ڕوانین و زمان و خەون، کە لە ئایینەدەش بەردەوام دەبن، چونکە ئەوان بە مەبەست دەیانویست کاریگەرییەکان هەردەم لە ئایینەدا بکەونەوە، هەر ئەمەش ڕیتمی ڕۆمانەکەیە، چوون بۆ ئایینده، لەلایەکی ترەوە، دەشێ هەموو ئەمانە ببنە وەسف و ڕوانین بۆ مەزنیی ئەزموونی شیعری نالی و سەردەمی نالی کە وەك دانتێ و سەردەمەکەی بۆ

فلۆرەنساییەکان، نوێنەرایەتی ئەو نوێبوونەوەیە دەکا کە هەر لەو سەردەمە وەک وەرچەرخانی ماددی و کولتووریی لە مێژووی نوێی کورد ناسراوە.

۴-۲- ڕۆمانی *پاسەوانانی خودا* نووسینی عەتا محەمەد

دەشێ ڕۆمانی *پاسەوانانی خودا* بە یەکێ لە ڕۆمانە هونەرییە سەرکەوتووەکانی کوردی لە بارەی ژیانی ئەمڕۆ لە قەڵەم بدەین، ئایدیا سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە بریتییە لە کێشە و سەختییەکانی ژیانی ئەمڕۆ، ژیانی سەردەم، تێکچوونی پەیوەندییە گشتییەکان، تاراوگە و دووڕە وڵاتی، نەمانی مانای وڵات و شوێن، سەختی ژیانی ڕۆژانە، تێکچوونی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، مەسەلەی تووندوتیژی و تیرۆریزم و سەرهەڵدانی بیری فەناتیزمی ئایینی و سیاسی. لە یەکەم دێر و لاپەڕەی یەکەمی ڕۆمانەکە دەچینە ناو ئەم هەموو سەختی و ئاڵۆزییانەی سەردەم، بە لێکجیابوونەوەی دوو کەس، ڕێبوار و نیان، دەست پێدەکات، زۆر بە سادەیی ڕێبوار ماڵ بەجێدەهێڵێ، وەک ئەوەی ئەم لێکجیابوونەوەیە شتێکی ئەوەندە بایەخدار نەبێ، وەک ئەوەی ئەمە کارەساتێک نەبێ لە ژیانی ئەم دوو کەسە، بەڵام ئەمە لە بنچینەدا وێناکردنی نووسەرە بۆ سەردەمەکە و بۆ پەیوەندییەکان، لە دێرەکانی بەرایی دەچینە ناو هەڵکەوتێکی سەخت، مرۆڤەکان سەردەمێک خەونی گەورەیان هەبوو دنیا بگۆڕن و باشتری بکەن، بەڵام دەبێتین دنیا نەگۆڕاوە، بەڵکو کەسەکان گۆڕاون: «دنیا ناگۆڕێت، بەڵکو وێنە و شێوەکان دگۆڕدرێن، زەمەکان کران بە مووشەک، دارستانەکان کران بە وێنەی سێرەهەندی، سوڵتانەکان بوون بە دیکتاتۆر و ئافرەتیش بە شەیتان. دنیا نەگۆڕا و زانست و شۆڕشەکان فریودەر بوون و ئەوەی گۆڕا، شێوە و وێنەی ڕشتەکان بوو، نەوەک شتەکان خۆیان» (محەمەد ۲۰۱۹: ۱۳).

لە پاڵ ئەم ڕوانینە سەرەکییە بێگومان ڕووداو و سەربردەیەک هەیە، ئەمەش ستەرەکتورێکی ئەوەندە ئاڵۆزی نییە، هەڵبەت وردەکاری و گێڕانەوەیەکی هونەری هەیە، ئەمەش لە چوارچێوەی تووندوتۆڵییەک کە وەک ئاڵۆزییەک دێتە بەرچاو، بەڵام لە بنچینەدا یەک ڕووداو هەیە، ئەویش دەرچوونی ڕێبوارە لە ستۆکهۆڵم و چوونییەتی بۆ مەدرید بۆ نووسینی ڕۆمانێک، لەناو ئەم سترەکتورە گەڕانەوە هەیە بۆ ژیانی ڕابردوو و باسکردنی سەردەمەکە و گێڕانەوەی ڕووداو و سەربردەی دی، ئەمانەش سێ وێنە و سێ کەسایەتی و سێ ڕووداوی تۆقێنەرن کە نوێنەرایەتی تووندوتیژی فەناتیزمی ئایینی دەکەن. ڕووداوەکان وەک شوێن لە تاراوگە ڕووەدەن، لە ئۆروپای ڕۆژئاوا، لە ستۆکهۆڵمەوە دەست پێدەکەن بۆ باشووری ئۆروپا، پاریس و مەرید و شوێنی تر. ڕێبوار بۆ خۆی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، واتە بابەتی گێڕانەوەیەکە لەسەر زمانی بگێڕەوەیەکی نادیارە، هەر خۆشی دەیەوێ چیرۆک بگێڕێتەوە، واتە کۆمەڵێک سەربردە و گێڕانەوە لەناو گێڕانەوەی سەرەکین، دوای پێشەکییەکی کورت، بگێڕەوەی سەرەکی لەگەڵ دەرچوونی ڕێبوار و

جیابوونەوەی لەگەڵ نیان، تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی بەیەکەوەیی ڕێبوار و نیان خۆیان، پاشان کەسایەتییەکی دیکە، کە بە ڕێککەوت ڕێبوار دەیناسێ سنوورە، سنوور جێگەی نیان دەگرێتەوە. وێڕای ڕێگا بڕین دیسان گەڕاوەنە هەیە بۆ ژیانی ڕێبوار و نیان، پاشان سنوور جارێکی دی جێگەی نیان دەگرێتەوە.

زەمەنی ڕووداوەکان زەمەنی واقیعی ئەمڕۆیە، ئەمەش پێچەوانەی زەمەنی خەیاڵی ڕۆمانی پێشووە، سەردەمی کۆچی بە لێشاوە بۆ ئۆروپا، شەڕی داعش و تەقینەوەکانی پاریس. گێڕانەوە لەسەر زمانی حیکایەتخوانە، کە وەک کەسایەتییەک دیارە، ئەم کسایەتییەش زیاتر ڕێبوارە کە نوێنەرایەتی دەنگی نووسەریش دەکات، تەکنیکی گێڕانەوە، وەسف و گێڕانەوە و دیالۆگی وەسفییە، دیالۆگی ڕاستەوخۆ کەمە. بەڵام شێوازی گێڕانەوە بە شێوازی ترازان[1] و وەردبوونەوە یان بچووککردنەوەی شتەکانە[2]، کارکردنە لە نێو وردەکارییەکان، ئەمەش بێگومان وەک شێوازێکی تۆیکاری و ئەناتۆمی وەسف و گێڕانەوەکان و شتەکان و هەست و بینینەکان دێتە بەرچاو، باسکردنی ژیانی ڕۆژانە و شتەکانی ژیانی ڕۆژانە و وێناکردنیان و گونجاندنیان لەگەڵ تێمای سەرەکی ڕۆمان کە ژیان و ڕووداوەکان و هەڵکەوتەکانی سەردەمەکەیە، تێکچوون و پەرتەوازە بوون و نەمانی ماناکان. بەم شێوازە نووسەر هەموو شتێک دەگێڕێتەوە، پەیوەندی لۆژیکی و لێکگرێدانەوە لە نێوان هەموو شتێک ڕێکدەخا، ئەمەش بێگومان لە ئەزموونی عەتا محەمەد مێژووێکی هەیە، لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی پێشووش هەست بە هەمان خەسڵەت و مێتۆدی کارکردن دەکرێ. لەم ڕۆمانە و تا ڕادەیەکش لەوانی تری نووسەر، لە شێوازی گێڕانەوە هەست بە کاریگەری و شێوازی بۆرخێس و تابوکی و جۆزێ ساراماگۆ دەکەین، شێوازی مینیمالیزم، بێگومان شێوازێکی نوێیە، ئەوەندە لە ئەدەبی کوردی و لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا باو نییە.

بگێڕەوە وەک کەسێکی ئازاد دەردەکەوێ، شتەکان وێڕای قووڵبوونەوە بە سادەیی دەخاتەڕوو، شێوازی مینیمالیزم، شێوازێکە لە ڕستەی کورت، وشەی سادە و بێ ڕەهەندی جۆربەجۆر دەخرێنەڕوو، ئایدیا بە ڕەهەندە قووڵەکانیش بە سادە و ساکاری و بێ ئاڵۆزی دادەڕژێن، ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک دێن بێ ئەوەی تەرتیبێکی تایبەتی هەبێ، زمانی مەجازی و پڕ لە ڕەوانبێژی و جوانکاری زۆر کەم هەستی پێدەکرێ، بەڵکو ئەمانە لە شێوازی گێڕانەوەکان هەستی پێدەکرێ، دەشێ بە شێواز و لۆژیکی فینۆمینۆلۆژی دابنرێ، ڕووداوەکان، وێناکان، وەسفەکان

[1] Fragmentation.
[2] Minimalisme.

ورد و بچووك دەكرێنەوە، زۆر كەم لێكدانەوەی سایكۆلۆژی یان كۆمەڵایەتی هەیە، بەڵكو شتەكان بە هەقیقەتی خۆیان بە وردی دەخرێنەڕوو. (ڕۆی،[1] ۱۹۹۳: ۳-۱۰)

ئەم مێتۆدەی ترازان و هەڵوەشاندنەوەیە بە ئاراستەی پیشاندانی وردەكاری لەمەڕ شت و پەیوەندییەكان ڕاستەوخۆ لە ناونیشانی لاوەكی بەشەكان هەستی پێدەكرێ، چونكە نووسەر ڕۆمانەكەی دابەشی سێ بەش كردووە یان دابەشی سێ پار كردووە، هەر پارێك دابەشی چەند بەشێك كراوە، بۆ هەر یەكێكیش ناونیشانێك هەیە وەك: ڕەگەزی زەمەن، هونەری چێشت لێنان و هونەری خۆشەویستی، سەلاتەی مریشك و ژنكوشتن، ڕژانی كوپێك قاوە و گۆڕینی چارەنووس، مرۆڤ و سێبەرەكەی.

۴-۳- ڕۆمانی *یاداشتی عەتر و ئاگر* نووسینی بەیان سەلمان

لە ڕۆمانی *یاداشتی عەتر و ئاگر* ستەركتووری ڕووداو گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو وێڕای گێڕانەوەیەكی كرۆنۆلۆژیانەی ژیانی شكۆمەندانەی ژنەخانەدان و كەسایەتییەكی ناسراوی شارێكی كوردستانە (كەركوك). لەم ڕۆمانە ڕووداوەكان ئەوەندە ئاڵۆز نین، بەڵكو گێڕانەوە[2] بۆ خۆی ڕووداوی سەرەكی ئەم ڕۆمانەیە، نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ قووڵایی ڕابردوو بەڵام وەك ئەوەی ڕووداوەكان ئێستە ڕووبدەن. لەم ڕۆمانە زەمەن و فەزای گێڕانەوە ئێستێتیكیی خۆیان هەیە بێ ئەوەی نووسەر لە دارشتن زمانێكی ئەوەندە شیعری هەبێ، خەیاڵ و زمان هەڵكەوتی ئێستێتیكی خۆیان هەیە بەڵام لەناو هەڵكەوتێكی وەسفی واقیعی و سەخت. لە بەشی یەكەمی ڕۆمانەكە زۆربەی كەسایەتییەكان، وەسفی شوێن، وەسفی هەڵكەوتی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی سەردەمەكە ناسێندراوە. دیالۆگ زۆر كەمە و بگرە هەر نییە، ڕۆمانەكانی دیكەش هەمان كێشەیان هەیە، بێگومان دیالۆگی یان دیالۆگی ڕاستەوخۆ جۆرێكە لە گێڕانەوە، تەنیا لە ڕۆمانی *سەردەمی گریانی بەلقیس* دیالۆگی ڕاستەوخۆ ئامادەیی زۆرترە، ئەگینا لە هەموو ڕۆمانەكانی دی و بە گشتی لە ڕۆمانی كوردی، دیالۆگی ناڕاستەوخۆ وەك: گوتم، گوتی، دەیگوت، هەڵكەوتێكی گشتی هەیە. دیالۆگی ڕاستەوخۆ لە ڕوانگەی مۆریس بلانشۆ تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لە وەسف و بنیاتنانی گوتار، ئەو پێیوایە لە ڕۆماندا «پێویستە ناوناوە قسە بدرێتە كەسایەتییەكان خۆیان قسە بكەن، ئەمەش بۆ خۆی جۆرێكە لە ئابووری وەسفكردن و وەك پشووێكیشە بۆ نووسەر بەڵام زیاتر بۆ خوێنەر» (لویی ڕەی، 1992: 85).

هەر لە ڕوانگەی ئەوەوە، دیالۆگ بۆ خۆی بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەسفێكی شانۆییانەیە و خەسڵەتی جۆریكە لە شیعرییەتیش. لەم ڕۆمانە دیالۆگ بایەخێكی ئەوتۆی نییە،

[1] ROY.

[2] La narration.

به گشتی وەك دیاردەیەکی نوێ لە زۆربەی ڕۆمانە کوردییەکان تا ئێستە دیالۆگ ئامادەگی و قورساییەکی ئەوتۆی نییە، ئەوەی کە زۆر زاڵە، وەسف و گێڕانەوەیە، گێڕانەوی وەسفی، لەم ڕۆمانە وەسف قورساییەکی زۆری هەیە، دەتوانین بڵێین هەڵکەوتێکی ستوونی هەیە، وێڕای وردەکارییەکی زۆر. نووسەر وێنەی کەسایەتییە سەرەکییەکان وەك باجەخان، دەوڵەت و نەشمیل و داستان و ئەوانی دی بە وردی وەسف دەکا، وەسفی شوێن و کەلوپەلی سەردەم و ئەکسێسوارەکان گرینگییەکی زۆریان پێدراوە، بەرگ و پۆشاکی کەساتیەکان کە ئاستی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەفتاری کەسایەتییەکان پیشان دەدا. هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکە باس لە دوو نەوە دەکرێ، نووسەر باس لە سەردەمەکان و گۆڕانەکان دەکا، باس لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، ژنی چینی باڵا، ژنی چینەکانی دی، لەم نێوانەش نووسەر باس لە کێشەی ناسنامە و ژیانی هەندەران و جیاوازی نێوان دوو کولتوور یان ژیان لە تاراوگە و ژیان لە وڵات دەکا، وڵاتیش لە هەڵکەوتێکی ژیاری و کۆمەڵایەتی و سیاسی سەخت.

بەڵام لە بنچینەدا ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی ژیان و سەردەمێکی لە دەستچووە، گەڕانەوەیە بۆ ڕۆژگارە جوانە لە دەستچووەکان، ئەو ڕۆژگار و ژیانە جوانە کە نووسەر بە دوایدا وێڵە، سەردەمانێك ژیان مانای هەبوو، لەناکاو هەموو شتێك دەڕووخێ و پەرتەوازەیی و گۆڕان و نەمانی مانای شتەکان بەقەرار دەبێ، نووسەر بە شێوەیەك لە فیگوری کەسایەتییەکی بەرز و پایەبڵند «باجەخان»، دەیەوێ باس لە ڕووچوون و نغرۆبوون بکا، باس لە سەروەری و شکۆمەندییە لە دەستچووەکان بکا، ئەو کاتەی ژیان مانایەکی هەبوو، بەڵام ئێستە ئەو مانایە نەماوە، سەردەمی لێکترازان و پەرتەوازەیی لێکدوورکەوتنەوە و نەمانی مانایە، سەرەنجام هەوڵی نووسەر وێڕای باسکردنی دوو جیهان، کوردستان و تاراوگە، باس لە دوو سەردەم دەکا کوردستانی سەردەمی ژیانی مانادار و کوردستانی سەردەمی ژیانی لەدەستچوو. کوردستانی پێش گوڕانەکان و دوای گۆڕانەکان، کوردستانی سەردەمی یەکانگیری ڕوانین و نیگا و ژیانێکی تا ڕادەیەك ئاسوودە، کوردستانی سەردەمی نەمانی ڕوانین و نیگا و لێکترازان.

ئەم ڕۆمانە ستەرەکتورێکی گێڕانەوەی هونەری هەیە، گێڕانەوە و زەمەن و پڕکراون لە ئێستێتیکا، گێڕانەوە لەسەر ڕیتم و ژیانی درەختێك داڕێژراوە، ئەمەش دار کەباتە (نارنج)، ڕووداوەکان ئەو ساتە دەست پێدەکەن کە خەریکە کەبات نامێنێ، پاشان ئەم درەختە پایز و بەهار و هاوین دەبینێ، سەرلەنوێ دەبووژێتەوە و سەرلەنوێ بەر دەگرێتەوە، لەگەڵ نەمانی بەرەکەی جارێکی تر دەمرێ بەڵام زیندوو دەبێتەوە، لەم ڕۆمانەش گێڕانەوە تەواو دەبێ بەڵام هیچ شتێك هێشتا کۆتایی نەهاتووە. ئەم درەختە ڕوخساری ئێستێتیکی تەواوی ستەرەکتوری گێڕانەوە و خەیاڵی ئەم ڕۆمانە دەخاتەڕوو، ڕووداو وەك بازنەیەکە، لەگەڵ سیس بوونی درەخت دەست

پێدەکات و لەگەڵ جارێکی دی سیسبوونەوە کۆتایی دێ، ئەمەش بەو مانایە دێ، دەبێ هەموو شتێك لەناوبچێ و سەلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. بازنەی مەرگ و لە دایکبوونەوە، ئەوەی لەم نێوانە دەمێنێتەوە بیرەوەری و وێنەکانە، ئەم بازنەیە تەواوی زەمەنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیە، نزیکەی ساڵێك دەخایەنێ، کۆتایی ڕووداو دەبێ سەردەمی ئێستە بێ، بەڵام زەمەنی بابەتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە سەردەمێکی دوور و درێژە، نزیکەی بەلای کەمی پەنجا شەست ساڵێك دەگرێتەوە. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم تا ئەمڕۆ، بەڵام ڕووداوەکان ئەو ساتە دەست پێدەکەن کە کۆمەڵە کچێك لە نەوەی سێیەم سەردانی باجەخان دەکەن، لێرەوە ئێمە لە ناو گێڕانەوەین بەرەو ئایندە دەڕۆین وێڕای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.

لەم ڕۆمانە کۆمەڵێ پرسیاری سەرەکی دەکرێ، لەبەرچی ئێمە پێویستیمان بە ژیاندنەوەی ڕابردووی شکۆمەندانەیە، لەبەرچی جوانییەکان بزربوون، کێشە چیە مرۆڤی کورد نەیتوانیوە جوانییەکان و ماناکان، ئەو ژیانە دەوڵەمەندەی لە ڕابردوو هەیبووە بپارێزێ، ئەی هۆکاری سەرەکی ئەم ئاوەژووبوونە چی بووە. ئامانجی نووسەر وێناکردنی سەردەمێکە، ئەمەش وێناکردنێکی ژیانی واقیعی ئەمڕۆیە بۆ ڕووخان و هەڵسانەوەکان، ئەمەش لە وێناکردنی کەسایەتییەکان و پەیوەندییەکان و شتەکان دەردەکەون، ئەم شێوازی نووسینە کە هەندێ جار بە لای گێڕانەوەی ئۆتۆبایۆگرافیش دەشکێتەوە، دەتوانین لە شێوازی گێڕانەوەی پروست[1] نزیکی بکەینەوە، لەم ڕۆمانە، تەواوی کەسایەتییەکان، سەرەکی و لاوەکییەکان، بایۆگرافی و وێنای تایبەتی خۆیان هەیە، نووسەر باس لە پەیوەندییەکانی نێوانیان دەکا، بە هەمان شێوازی پروست باس لە دەستچوونی خۆشەویستی و ژیانێك دەکا کە مرۆڤەکان تێیدا بەختەوەربوونە.

کەسایەتی بگێڕەوە هەر خودی نووسەرە، لە بەشی کۆتایی (دوا لەتی کەباتێك) خۆی دەناسێنێ و کۆتایی بە گێڕانەوە دەهێنێ. نووسەر یان بگێڕەوە ژیانی کەسایەتی سەرەکی باجەگەورە دەگێڕێتەوە، بەڵام دەبینین ئەوەی دەگوترێ لەم بارەیەوە، دەشێ هەر ژیانی بگێڕەوە خۆی بێ، هەر خۆیشی قسە دەکا و هەر خۆیشی پاڵەوانی سەرەکییە، ئەمەش هەمان بایۆگرافی کەسایەتی سەرەکییە، بەو مانایەی ئەویش ژنێك بووە، وەك کەسایەتی سەرەکی هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ژیانی بە تەنیا ژیاوە، ئەمەش دەشێ لە بنچینەدا وەسفێك بێ بۆ کەسی ئازاد، سەرەنجام تەواوی ڕۆمانەکە باس لە ئازادی دەکا، گیانێکی زیندوو و نیگایەکی وشیار بەسەر سەردەم و ژیانی خۆی و ژیانی ئەوانی تر.

[1] Proust.

۴-۴- ڕۆمانی *سەردەمی گریانی بەلقیس* نووسینی جەبار جەمال غەریب

ڕۆمانی *سەردەمی گریانی بەلقیس* وەك یەكێ لە ڕۆمانە سەرنجڕاكێشەكان دێتەبەرچاو كە بە گێڕانەوەی هونەری و وەسف و دیالۆگی وەسفی و ڕاستەوخۆ یەكانگیرییەكی زۆری هەبێ، بە تێكستێكی سەركەوتوو لە قەڵەم بدرێ. ئایدیای سەرەكی ئەم ڕۆمانە بە زۆر شێوە دەشێ لە دەورەی پەیوەندییەكانی نێوان ژن و پیاو بێ لە سەردەمی تازە، ژیانی ئەمڕۆ، كێشەكانی نێوان ژن و پیاو، نەوەی تازە و نەوەی كۆن، كێشەی نێوان نەوەكان، كێشەی نێوان بیری نەریتی و بیری هاوچەرخ، گۆڕانەكان، قووڵبوونەوەی فیكری نەریتی نێگەتیڤ و دەربازبوون لێیان، تێمای خۆشەویستی، وەك هەڵكەوتێكی نوێخواز و ڕوو لە ئایندە و شەڕی بیری نەریتی و واقیعی سەخت و نێگەتیڤی پێدەكرێ، چۆن نەوەی دووەم دەبنە قوربانی نەوەی یەكەم و هەست بەچەوساندنەوە و داپلۆسین دەكەن، چۆن دەیانەوێ لە زنجیر و ئەڵقەی نەریتخوازانەی كۆمەڵ و سەردەمی فیكری نێرانە[1] ڕزگاریان بێ و چۆن نەوەی یەكەم هەڵسوكەوت لەگەڵ نەوەی دووەم و سێیەم دەكا، چۆن مرۆڤ لە خاوەندارێ و ملكایەتی نەوەی یەكەم ڕزگاری دەبێ و كارەسات نێوانەكان پڕ دەكاتەوە. پاشان نووسەر ستاتوی واقیعی، كۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕوحی ژن دەخاتەڕوو كە لەناو زنجیرەیەك ئەڵقەی كۆمەڵایەتی و ڕەمزی و كولتووری نەریتی و باو دەژیێ، چۆن ژن بە بوونەوەرێكی لاواز و هەڵخەڵەتێنەر و ترسناك دەخرێتەڕوو، لە پاڵ ئەمەشەوە كێشەی جیاوازی داب و نەریت و باڵادەستی كولتووری ناوچەیەك بەسەر ناوچەیەكی دی، ژیانی كۆمەڵایەتی كۆمەڵانی خەڵك لە ناوچە و شارە جیاوازەكان، ناكۆكی شاری نوێخواز و شاری نەریتی، نەبوونی ئازادی و ڕاونان و تۆقین و تیرۆری سالانی هەشتاكانی سەردەمی ڕژێمی بەعس، تەسكبوونەوەی بازنەی ژیان بە كۆمەڵێك ئایدیا و ئایدیۆلۆژی و نەریتی كۆن و نوێ.

كەسایەتییە سەرەكییەكان بریتین لە بەلقیس و نیان و سەروەر. نیان و سەروەر لە دوا ساتەكانی ژیان و خوێندنی زانكۆیین، بەلقیس دایكی نیانە. تەواوی ڕووداو و گێڕانەوەكان لە دەورەی ئەم سێ كارێكتەرەیە، وێڕای كەسایەتییە لاوەكییەكان كە كەسانی خانەوادەی نیان و سەروەرن، كەسایەتی دوورتر وەك هاوڕێ و دۆستەكانیان. هەر یەك لەم كەسایەتییانە لە دریژەی وەسف و گێڕانەوە، وێنای كەسایەتی و پایەی كۆمەڵایەتی و باڵادەستی و ژێردەستەییان كراوە، كەسانی ئازاد و كەسانی بێ ئیرادە، كەسانی كۆیلەی نەریت و نەریتی باوی لۆكالی و جیاوازی نێوان دوو گروپ لە خەڵك و ناوچە. سەردەمی ڕووداوەكان سالانی هەشتاكانە، سەردەمی پێش هاتنی گۆڕان و وەرچەرخانەكانە، سەردەمی ترس و داپلۆسین و ئیدیۆلۆژی دەوڵەتی سەركوتكاری بەعسە. گێڕانەوە لە زەمەنێكی كراوە هەڵكەوتووە، دەشێ ناوی لێ بنێین زەمەنی چیرۆك و ڕووداو

[1] Masculinisme.

یان زەمەنی گێڕانەوە، تێمایەکی واقیعی و زەمەنێکی واقیعی، بگێڕەوە کەسێکی نادیارە و بە زۆر شێوە نوێنەرایەتی نووسەر و دەنگی نووسەر دەکا. بگێڕەوە بە زمانێکی سادە و ڕوون و قوواڵ، بە وەسفی ڕاستەوخۆ، دیالۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەدوێ، گەڕانەوە و وەسفی ڕابردووش هەیە، لە کاتێکدا تەواوی ڕووداوی ڕۆمانەکە لە زەمەنێکی ڕابردووە، بەڵام دەشێ وەک مۆدێلێکی ڕێنوێنی وەربیگرین بۆ ئایندە.

لە ڕاستیدا وەسف و زەمەن و گێڕانەوە بە یەکەوە بەستراونەتەوە، لە پاڵ ئەمانەش بە سەرهات و سەربردەش هەیە، ژێرار ژێنێت بۆ ڕەواندنەوەی تەم و مژی لە گێڕانەوە باس لە سێ جۆر سەربردە یان بەسەرهات یان گێڕانەوە دەکات، «۱- سەربردە[1] یان بەسەرهات: وەک ڕەمز، ناوەڕۆک، گوتار یان تێکستی بگێڕەوە کە سەر بە زەمەنێکە. ۲- مێژوو: وەک مانا یان ناوەڕۆکی گێڕانەوە ۳- گێڕانەوە: واتە کردەی گێڕانەوە خۆی. ڕۆماننووس لە جیاتی تەنیا ڕووداوەکان بگێڕێتەوە ئەو خەیاڵێک[2] ڕێکدەخا، هەوڵدەدا شانۆی کردەکان جۆراوجۆر و دەوڵەمەند بکا» (همان: ۱۰۹).

سەبارەت بە زەمەن، لە ڕۆمان هەردەم چەند زەمەنێک هەیە وەک زەمەنی گێڕانەوە، زەمەنی تەکنیکی یان زەمەنی ڕووداوەکان، ڕۆمان یان گێڕانەوە بۆخۆی هونەری ڕێکخستنی زەمەنەکانە. هەموو گێڕانەوەیەک شیکردنەوە، بەراوردکردن، مەجاز و پێشخستن و دواخستن و گەڕانەوەی تێدایە «ڕۆماننووسی هاوچەرخ خۆبەخشانە زەمەن وەک چوارچێوەیەکی کردە و ڕووداو نابینێ، بەڵکو وەک عونسرێکی بیرکردنەوەی جەوهەری ڕۆمان دەبینێ، پرسیارکردنەوە لە زەمەن دەرخستنی بیرکردنەوەیە لە سروشتی ژانرەکە خۆی» (همان: ۱۲۷). ڕووداو لەم ڕۆمانە لە دەورەی چیرۆکێکی خۆشەویستییە کە نیان و سەروەر نوێنەرایەتی ئەم دوو خۆشەویستییە دەکەن، کە وەک تێمایەکە بۆ دەربازبوون لە فیکری نەریتی و کاریگەری نەوەی یەکەمی باوکان و دایکانی گۆشکراوی ناو نەریتەکانی خێزان و کۆمەڵ لەسەر نەوەکانیان کە بە ئاراستەیەکی دی دەڕۆن. نووسەر باس لە خۆشەویستی نێوان دوو کەس دەکا کە بە زۆر شێوە و شێواز لە زۆر ڕووەوە لێکجیاوازن، یەکێکیان لە خێزانێکی دەوڵەمەندە و سەر بە باڵادەستی شارێکی نوێیە، بە ڕواڵەت وەک خۆی، بە شارێک پێناسە دەکرێ نوێنەرایەتی نوێخوازی بکا، ئەویتریش سەر بە شارێکی نەناسراو و تەواو نەریتی و تا ڕادەیەکیش خێڵەکییە. سەرەنجام دوو خێزانی تەواو لێکجیاواز خۆشەویستی نیان و سەروەر ئەم دوو جیهانە جیاوازە، ئەم خێزانە، ئەم دوو شارە جیاوازە، ئەم دوو هەڵکەوتە کۆمەڵایەتییە جیاوازە دەهێنێتە بەرانبەر یەکتر، ئەمەش وێڕای بوونی جیاوازی و

[1] Récit.

[2] Fiction.

تێکنەگەیشتن لە نێوان نەوەکان. ئەمە بەیەکگەیشتنێکی پڕ لە تێنەگەیشتن و پڕ لە ناکۆکی و دووبەرەکییە، ئەنجام بە خۆکوشتن و بزربوونی نیان و سەروەر کۆتایی دێ.

گێڕانەوەکان، ڕووداوەکان لە دەورەی کەسایەتی سەرەکی کە بەڵقیسی دایکی نیانە ڕوودەدەن، ئەو ژنێکی نەریتییە و کێشەی ژنایەتی نییە و داواکاریشی نییە، ئەمەش وێناکردنێکی جوانی نەوەی یەکەمی دایکان و باوکانە، بەڵقیس هەست دەکا ملکی مێردەکەیەتی، بەڵام ئەو وێڵی دوای ئاوارەبوونی کچەکەیەتی کە کەوتۆتە ناو پەیوەندییەکی ناکۆك و ناو جوگرافیایەکی بێگانە و ناو مەترسی و هەڵکەوتێکی نامۆ، گریانی بەڵقیس لە یەك کاتدا، گریانی دایکێکی بێ دەستەڵاتە بۆ خۆی و بۆ کچەکەی، گریانی نەوەی دایك و باوکانیشە لەسەر ئاوارەیی و ڕوو لە مەترسی نەوەکانیان، لە هەمان کات ئەم گریانە گریانی نارەزایەتییەك، ڕاپەڕین و ڕاچڵەکینێکە دژ بە سەردەم و ناکۆکی و جیاوازییەکان. لەولاشەوە گێڕانەوەی ژیانی ژنێکە بەرانبەر بە خۆشەویستییەك کە تێی ناگا، خۆشەویستیش لەناو سەردەمێکە زیاتر بەو سەردەمە دەچێ کە مارکیز پێی وایە سەردەمی کۆلێرایە، واتە سەردەمی دیکتاتۆرەکان، خۆشەویستی لەناو فەزای داپڵۆسین و سەرکوتکاری رژێمی بەعس، دواجار دەشێ ئەم خۆشەویستیە وەك هاوار و نارەزایەتییەکیش بێ دژ بە هەڵکەوتی کۆمەڵأ و خێزان و دژ بە فەزای داپڵۆسێنەری کۆلێرا. نووسەر دەیەوێ باس لە نەمانی خۆشەویستی بکا، بە تایبەتی دەیەوێ باس لە نادیاری ئایینده و چارەنووس بکا، ستەرەکتوری ڕووداو لە چوارچێوەی گەڕانی کەسایەتی سەرەکییەوە دەست پێدەکات وەك خاڵی بەرایی، بەڵقیس لە کچەکەی دەگەڕێ، بەڵام ڕووداو ئاڵۆزیی تێدەکەوێ، وردەکاری تێدەکەوێ، تا دەگاتە گەیشتنی هەواڵی دیارنەمانی نیان و سەروەر، لێرەشەوە بیری خۆکوشتن زیاتر زاڵە، بەڵام دواجار ئەمەش بە نادیاری دەمێنێتەوە. لە ڕووی شوێن و فەزای ڕۆمانەکە، دەشێ ئەم ڕۆمانە وەك ڕۆمانی *پاسەوانەکانی خودا* و *یاداشتی عەتر و ئاگر*، وەك ئەوان جوگرافیایەکی ڕوون و ئاشکرای هەبێ، لەم ڕووەوە دەشێ *سەردەمی گریانی بەڵقیس* هەنگاوێك لە پێش ئەوانی تر بێ، چونکە شوێنی ڕووداوەکان دیارە، شارەکانی کوردستانی عێراقە هەولێر و سلێمانی لەگەڵ شاری بەغدا. هەر شوێنێك لەم شوێنانە نوێنەرایەتی کولتوور و کەسایەتییەکی جیاواز دەکەن وەك: نەریتپارێز، نوێخواز، پێشەنگ و خێڵەکی، لە هەمان کات زمان و شوێنە لاوەکییەکانیش وەك ماڵ و گەڕەك و شوێنی تر هەموویان ڕوون و دیارن، نوێنەرایەتی هەمان جیاوازی و تێکنەگەیشتن و نەریتەکان دەکەن.

۴-۵- ڕۆمانی *دەریاس و لاشەکان* نووسینی بەختیار عەلی

لە ڕۆمانی *دەریاس و لاشەکان* ئایدیای سەرەکی ئەم ڕۆمانە وەك لە بەشی یەکەم خراوەتەڕوو کە دەروازەی چوونە ناو فەزا و خەیاڵی ڕۆمانەکەیە، ژیانی پاش ڕووخان و نغرۆبوونەکانە، ژیانی بە

کۆیلەبوونی مرۆڤی هاوچەرخە، ژیانی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و سەردەمی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینەکانە، ژیانی سەردەمی نەوەی سێیەمی شۆڕشگێڕەکانە، چۆن هەموو شتێك دەڕووخێ، هەموو شتێك لێك دەترازێ و ورد و خاش دەبێ، کەسایەتییەکان، پەیوەندییەکان، هیچ شتێك مانای نامینێ، وڵات، تاکەکەس، بێهوودەیی بەرقەرار دەبێ و پەیوەندی و شتەکان کاڵدەبنەوە. کەسایەتییەکان، ڕەگ و ڕیشە و پایەی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی دەروونی و توانای ڕۆشنبیریشیان بە جوانی پیشاندراوە. لەم ڕۆمانە هەموو شتێك بە گێڕانەوە و وەسفی ڕاستەوخۆیە، دیالۆگی ڕاستەوخۆ زۆر کەمە بگرە هەر نییە، ئەگەر هەشبێ دیالۆگی وەسفییە، ئەمەش بۆ خۆی جۆرێك لە لاوازییە بەڵام جۆرێکیش لە ڕەوانی گێڕانەوەشە. ستەرەکتوری گێڕانەوە ریتمێکی کرۆنۆلۆژی نییە، بەڵکو کارکردنە لە نێو ئایدیا و ڕووداوە پەرش و بڵاوەکان وێڕای بوونی ڕووداوێك یان چیرۆکێك وەك دەماڕێك، ئەویش چیرۆکی چەند کەسایەتییەکە وەك ژەنەڕال بیلال و دەریاس و ئەوانی تر کە هەموویان بە یەکەوە گەشە دەکەن. گێڕانەوە لەسەر زمانی بگێڕەوەی نادیارە، بەڵام دەشێ ئەو بگێڕەوەیە وەك کەسایەتییەکی سەرەکی وەرگرین کە نووسەر خۆیەتی، هەڵبەت لە پاڵ کەسایەتییە سەرەکییەکان وەك: ئەلیاس و دەریاس و ژەنەڕال بیلال، بێگومان دوای مردنی سەردار قەمەرخان و ئەمیر تەلاران کە کەسایەتی سەرەکی نەوەی یەکەمی ڕووداوەکانن، بەڵام ئێستا ئەم دوانە کۆتاییان هاتووە، بگێڕەوە باس لە ژیانی ژەنەڕال بیلال دەکا، لە پاڵ ئەمەشەوە وەك تێمای سەرەکی و کەسایەتی سەرەکی باس لە ژیانی دەریاس بە پلەی یەکەم و ئەلیاس بە پلەی دووەم بە تەریبی دەگێڕدرێتەوە، بێگومان وێڕای کەسایەتییەکی زۆری تری لاوەکی.

لە زۆر ڕووەوە کەسایەتی بگێڕەوە، ئەوەی چیرۆك دەگێڕێتەوە، هاوتایە لەگەڵ کەسایەتی دەریاس، وەك وێنایەك ئەو ئایدیا سەرەکییەی ڕۆمانەکە ڕەپێشی دەخا، کە مەرگ و لەناوچوونەکانە، نەمانی ئەفسانەکان، بێهوودەیی، کاڵبوونەوەی ماناکان، تێکچوون و لێکترازان و دارمانەکانە، چونکە کەسایەتی دەریاس بە زۆر شێوە نوێنەرایەتی کەسایەتی سایکۆلۆژی ئەو دەکەن، دەتوانین بڵێین نوێنەرایەتی نووسەریش دەکەن. لەم ڕۆمانەدا کەسایەتیی بگێڕەوە دەنگێك نییە تەنیا ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداو و شتەکان بێ، بەڵکو دەنگێکە هوشیارە بەرانبەر بە پەیوەندی و شتەکان، هەقیقەتی پێکهاتەی ڕۆمانەکە، واتە ئایدیا سەرەکییەکانی نووسەر دەخاتە ڕوو، ئەمەش وادەکا لەناو ڕۆمانەکە، لە گێڕانەوەکان هەست بە نووسەر بکرێ، بێگومان ئەمەش وەك خەوش دەردەکەوێ، ئەم حاڵەتەش هەردەم لەو ڕۆمانانەدا هەستیان پێدەکرێ کە دینامیزمی گێڕانەوە لەسەر بنچینەی ئایدیایەکە نەك ڕووداوێك، سەرەنجام نووسەر دەبێ شتەکان، فەزا، شوێن، خەیاڵ، لۆژیك و ڕووداو و تێککردنەوەکان بنیاتبنێ، هەموو شتێك وەك

تەونێك بچنێ، لەم چنین و بنیاتنانە هەردەم لاوازی و خەوشەکان بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە، ئەم خەوشەش دەشێ خۆی لە بوونی خەسڵەتی زمان و شێوازێکی گوتاریی پیشان بدا وەك گێڕانەوەی ڕووداوێك کۆمەڵێك مانا و مەودای عاتیفی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لێ بخوێندرێتەوە.

لەم ڕۆمانە و لە زۆر ڕۆمانی تری هاوچەشنی ئەمە، جۆرێك لە پارادۆکسی گێڕانەوە و چنین هەیە کە وەك لاسەنگییەك دێتە بەرچاو، ئەمەش واتە ڕۆمان بریتییە لە چنینێکی خەیاڵی وەك زەمینەسازی و بنچینەی ڕووداوی ڕۆمانەکە، هەڵبەت بە سوود وەرگرتن لە واقیعێك کە لە خەیاڵەکە قورسایی زۆرترە، ئەگەر گریمانەیەك بکەین و بڵێین ژیانی واقیعی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بە تایبەتی کورد) لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکان سەختترە وەك چۆن وێنایان بۆکراوە، واتە واقیعی دەرەوە سەختترە لەو خەیاڵ و ڕووداوانەی لەم ڕۆمانانە دەگێڕدرێنەوە، بۆیە ئەم لایەنە وەك هەڵکەوتێکی خەیاڵی و بە سیفەت لاواز دەردەکەوێ، پاشان دەبێ سەرلەنوێ واقیعی مرۆیی ئەگەر بشێ پێی بخوێندرێتەوە، هەر ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە لاوازی پەیامی گشتی ڕۆمانەکە کە دەیەوێ بیگەیەنێ. وەك زەمەنی بابەتی گێڕانەوە، ڕۆمانەکە باس لە ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی سایکۆلۆژی و ئیدیۆلۆژی و هاتو چوونی ئایدیا و ڕوانینەکان دەکا لەم سی ساڵەی دوایی ژیانی کورد. وەك شوێن، هەموو شتێك لەناو هەڵکەوتێکی واڵا و مەجازی و خەیاڵی دەخوڵێتەوە، شوێن دەشێ هەموو شوێنێك بێ لەسەر ئەم گۆی زەمینە، شوێنەکان گشتی خەیاڵین، ئەمەش دیسان یەکێ لە خەوشەکانی ئەم ڕۆمانەیە کە تایبەتمەندی شوێنی کوردی لێ ناخوێندرێتەوە، بە پێی پەرەنسیپەکانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەبێ لە کوردستان بن، بەڵام کوردستان لە کوێ، پاشان ئەو پرسیارەش دەکرێ، بنیاتنانی ئەم تەمومژە لە پێناوی چیدایە، ئەی ڕۆمانی کوردی نابێ وێنای واقیعی و خەیاڵی جوگرافیا و ژیانی کوردی بکا، نابێ نوێنەرایەتی ناسنامەیەك بکا کە بریتییە لە ناسنامەی نووسەر وەك هەڵکەوتێکی مرۆیی نەك هەڵکەوتێکی دیکەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان هەڵکەوتێکی دیکەی دروستکراو، بۆیە دەشێ ئەو شارانەی نووسەر وێنایان بۆ دەکا، دەشێ و دەگونجی بڵێین شارێکی وەك بەغدایە، یان تاران یان کابولە.

ئەم هەڵکەوتە خەیاڵییە بۆ تەواوی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەش ڕاستە، بەو مانایەی دەشێ لەگەڵ هەر ناوەندێکی هاوشێوەی کوردستان خاوەن هەمان هەڵکەوتی ژیانی واقیعی بگونجێ، هەر لەبەر ئەم دیاردەوە، ئەم ڕۆمانە لە چاو ڕۆمانەکانی دی کە مەسەلەی ڕووداو و شوێن زۆر ڕوون و ئاشکرایە تیایاندا، لاوازە، بۆیە پلەیەك لە خوارەوەی ئەواندایە، چونکە شوێنی مەجازی وەك هەڵکەوتێکی خەیاڵی دێتەبەرچاو ناشێ ببێتە نوێنەری جوگرافیایەکی دیاریکراو کە شوێنی ڕووداوانی ڕۆمانەکەیە. زەمەن و گێڕانەوە و ڕووداو گشتی خەیاڵین، واتە چنینێکی خەیاڵییە دەشێ ڕەهەندی واقیعی لێ ببێتەوە، بەڵام ئەم پڕۆسەیە زیاتر لە حیکایەتەکاندا هەیە وەك لە ڕۆمانێکی

مۆدێرن بیەوێ کاریگەری هەبێ لەسەر پەیوەندییەکان و مرۆڤەکان، دەریاس وەك کەسایەتی سەرەکی تەواو پێچەوانەی ژەنەڕاڵ بیلالە، ئەویان باوەڕی بە شۆڕش و خەبات هەیە، وەك سەرکردەیەکی ئەفسانەیی سەردەمی ڕووخانەکان، وەك کەسایەتییەکی بەهێز و خاوەن پەرجوو وێناکراوە، تەواوی نیگاکان لەسەر ئەوە، دەریاسیش وەك هاوتای ئەو، لایەنی ڕەمز و کەسایەتییەکە نوێنەرایەتی ئەنجامەکان دەکا، ژەنەڕاڵ بیلال بە شۆڕشەکانی هەموو شتێك تێکدەدا، دەریاس وەك پاککەرەوە و خاوێنکەرەوەی کارەساتەکانی ئەو شۆڕشە دێتە بەرچاو، پاشماوەی شۆڕشەکان پاك دەکاتەوە، قوربانییەکان دەنێژێ. دەریاس ڕەمزێکە بۆ کەسایەتی بێ ناسنامە و بێگانە، ڕەمزێکە لە دوای مانا و بەرقەراری دەگەڕێ و دەیەوێ ئاشتی و ئارامی بگەڕێنێتەوە، کەسایەتییەکی بیرکەرەوەی بەهێزە بەڵام بە هۆی ئەوانی تر‌ەوە خراوەتە ناو هەڵکەوتێکی پاسیڤ، لە نێوان ئەم دوو کارێکتەرە هەموو شتێك لێکدەترازێ و لەناو دەچێ، بە گشتی دەشێ بەو شێوەیە پێناسە بکرێ، شۆڕشەکان دێن و ئامانج لێیان بنیاتنانی ژیانێکی باشترە، بەڵام هەموو شۆڕشێکیش برینێك دروست دەکا، ئەمەش برینێکە شۆڕشێکی دیکەی دەوێ بۆ نەهێشتنی، هەر ئەمەش وا‌تە ڕووخان و دارمانی هەمیشەیی. سەرەنجام دەشێ ئەم ڕۆمانە وەك دادگایی کردنی شۆڕشەکان بێتە بەرچاو.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆمانە وەك فەزا و خەیاڵی ڕۆمانەکە، بوونی فەزایەکی فەنتاستیکییە، بەو مانایەی کە کاری دەریاس گۆڕدنەوە و ناشتنی مردووەکانە، هەروا ئەو هەڵکەوت و وێنا فەنتاستیکییە کە ژەنەڕال بیلالی پێ وەسف دەکرێ، کە کەسایەتییەکی نادیارە، خاوەن ئایدیای ڕوون و ئامانجی ڕوون، بەڵام هەموو ئەمانە لەناو جۆرێك لە تەم و مژ و نارووندا بە سیما فەنتاستیکی، ژەنەڕال بیلال لە هەموو شوێنێکە و لە هیچ شوێنێکیش نییە، ڕۆمان و گێڕانەوەکان تا ئەو خاڵەی ژەنەڕاڵ بیلال دەمرێ و بزر دەبێ، یەکانگیرە و بێ گرێ و گۆڵە، هەموو شتێك وەك «پشکۆی ناو سەهۆڵە»، کە ئەمە یەکێ لە وێنا جوانەکانی ئەم ڕۆمانەبوو، بەڵام گەڕانەوەی ژەنەڕاڵ بیلال دوای مردنی وەك تارماییەك، کە هەڵکەوتێکی فەنتاستیکییە و ڕەمزێکیشە بۆ نەمریی ئایدیاکانی ئەو، لە شێوەی برای ئەو، یان پشتگیری کردنی بگێڕەوە لەوەی کە کەسایەتی ژەنەڕال بیلال هەر لە سەرەتاوە تا مردنی و تا دەرکەوتنی وەك برای ئەو، وەك تارمایی، پاشان تارمایی گۆڕ و مەزاری ئەو و پیشاندانی وەك نەمانی ژەنەڕالی ڕاستەقینە، بەو مانایەی بگێڕەوە دەیەوێ سەختی واقیع و پەیوەندییەکان پیشان بدا، تێکچوونی ڕووداوەکان و تێکچوونی گێڕانەوەشە، لێرەوە سادە و ساکارییەك دەکەوێتە ناو یەکانگیری بەرایی ڕۆمانەکە، هەموو شتێك هەڵکەوتێکی درێژدادڕی و پڕکردنەوە و ئاخنین وەردگرێ، ئم درێژدادڕییە جۆرێك

لە هەڵکەوتی زۆرەملێ دەداتە گێڕانەوەکان، هەر ئەمەش وا دەکەن جوانی و خەیاڵی یەکانگیر لە بەشێکی گەورەی کۆتایی ڕۆمانەکە نەمێنێ.

یەکێکی دی لە خەسڵەتەکانی فەنتاستیکی لەم ڕۆمانە، بوونی ئەو ئەرشیڤخانەیەیە، کە هیچ پێناسەیەکی نییە، بەڵکو هەڵکەوتێکی ڕەمزی هەیە، زیاتر خەیاڵأ بۆ یەکێ لەو شوێنانەی کافکا دەدەچێ، کە وەك خەسڵەتێکی فەنتاستیکی کافکا دێتە بەرچاو، کەسایەتی دەریاسیش بە هەمان شێوە هەمان هەڵکەوتی یەکێ لە کەسایەتییەکانی کافکای هەیە. لەم ڕۆمانە بە زۆر شێوە و شێواز خەیاڵ بۆ جیهان و شێوازی کافکا دەچێ، وەك وەسفی شوێنە نادیارەکان، کەسایەتی و پەیوەندی و ناشتنی مردووەکان. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەکانی بەختیار عەلی، کێشەی ناوی کەسایەتی و پاڵەوانەکانیەتی، وەك بیلالی ئەشکزاد، سوبحدەم، ئەرشەد ساحێب، دەریاس و زۆری تر. ناو و ناوی شوێن و جوگرافیا، دیاری ناو دیاری شوێن، وەك ڕمزێکن بۆ ناسنامە یان دروستکردن و بنیاتنانی ناسنامەن، بوونی لێڵی و نادیاری لەم بارەیەوە، یان بوونی هەڵکەوتێکی خەیاڵی،[1] خۆ دوورخستنەوەیە لە واقیع و نەبوونی ڕوانینێکی واقیعییە بۆ ناسنامە، بۆ خود، یان مانەوەیە لە ناو خود و بنیاتنانی جیهانێکی خەیاڵییە، هەڵبەت ئەمەش دەشێ وەك بژاردەیەکی ئیدیالی بۆ واقیع سەیری بکرێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا وەك هیوایەك درێژە بە خۆی دەدا.

سەرئەنجام ئەو کێشەیەی ناوی کەسایەتییەکانی بەختیار عەلی دروستی دەکەن، دروستکردنی کەسایەتیی خەیاڵی و هەڵکەوتێکی فەنتاستیکی و تا ڕادەیەکیش ناوێزە و ئێگزۆتیکە، یان دروستکردنی هەڵکەوتێکی ڕۆمانتیکییە، لە بنیچنەدا بە مەبەستی دروستکردنی شتێك و بنیاتنانی جیهانێکی ئیدیالییە کە نووسەر تێیدا هەست بە خۆدۆزینەوەیەك دەکا، هەر ئەمەش وا دەکا چەند هەنگاوێك لە واقیعی هەقیقی ژیاری مرۆڤی کورد دوورکەوێتەوە، چونکە لەناو هەموو کولتووریك ناو نوێنەرایەتی ناسنامەیەك، هەڵکەوتێکی کولتووری کۆمەڵایەتی دەکا، ناوی کەسایەتییەکانی بەختیار عەلی بۆ خۆدابڕاندن لەگەڵ واقیع هەڵبژێردراون، ڕەفزکردنەوەی ئەو واقیعەیە، بەڵام لە هەمان کاتیش دووركەوتنەوەیە لەم واقیعە، ئەم خاڵەی دوایش هەڵکەوتێکی نێگەتیڤە، چونکە نووسەر وەك ئەوەی بیەوێ تەنیا چیرۆك بگێڕێتەوە نەك وێناکردنی جیهانێك کە پێویستی بە بیرکردنەوە و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەیە. بە گشتی ئەم هەڵکەوتەی ناولێنانەکانی بەختیار عەلی، لە لایەکەوە هەوڵێکە بۆ بنیاتنانی خەیاڵێکی باڵا، بنیاتنانی جیهان و جوانییەك، لەولاشەوە هەڵکەوتێکی لاوازە، چونکە خوێنەر دەخاتە ناو چیرۆك و هەقایەت گێڕانەوە و شەیدابوون، نەك بیرکردنەوە. بە گشتی ناولێنانی کەسایەتی لەلای نووسەر

[1] Fictive.

زۆر مانای دی ڕەپێش دەخەن، دەشێ بە مەبەستی سەرسامکردنی خوێنەر ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ناوەکان کرابن، دەشێ بە مەبەستی ناچارکردنی خوێنەر بێ وەك نووسەر بیربکاتەوە یان وەك نووسەر دەیەوێ بیربکاتەوە و شتەکان ببینێ، لە کاتێکدا ئەم بینینە لەگەڵ واقیع لە دابڕاندایە و تێککردنەوە و لێکنزیکبوونەوەیەك نییە، بە گشتی ناولێنانەکان دەشێ هێشتا خوێندنەوەی تر هەڵبگرێ، بەڵام ئەوەی کە ڕوونە بۆ ئێمە، ئەم حاڵەتە، واتە ناولێنانەکان و نادیاری شوێن و پێکچوونی بیری کەسایەتییە جۆربەجۆرەکان بە نووسەر خۆی، هەموو ئەمانە لاوازین لە چنینی ڕۆمان و فەزا و خەیاڵ و ئەو ئایدیایانەی ناواخنی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی دەیخەنەڕوو.

۵. ئەنجام

ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویێکی دیاریکراوی هەیە و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. لە ڕوانگەی ئەم توێژینەوەیەوە، تەواوی سەدەی بیستەم بە سەدەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمانی کوردی لە قەڵەم دەدرێت. کە باس لە گێڕانەوە دەکەین لە ئەدەبی کوردیدا، دەبێ باس لە گواستنەوە بکەین لە فۆرمی شیعرەوە بۆ فۆرمی پەخشان، بەو مانایەی وەک تایبەتمەندییەکی ئەدەبی کوردی گێڕانەوە هەردەم لە ئەدەبی کوردیدا هەبووە، بەڵام ڕۆمان وەك فۆرمێکی نوێی ئەدەبی پەخشانیی بە کارێگەری ڕۆژئاوا و بە کاریگەری نوێبوونەوەکان بووە، یەکێ لە نیشانەکانی گۆڕان و نوێخوازی کوردییە لە ئەدەبی کوردی. ئەگەرچی ناتوانین لە مێژوودا ئەزموونیی ڕۆماننووسیی کوردی بە هی فرانسی بەراورد بکەین، بەڵام ئەمڕۆ لە ئەدەبی کوردی، ڕۆمانی زۆر دەنووسرێ، لە هەمان کات ڕۆمانی زۆرتریش دەخوێندرێتەوە. ئەو ڕۆمانانەی لێرە باسیان لەسەر کرا لە زۆر لایەنەوە هاوبەشن، وەک: گێڕانەوەی رابردوو، کە هەندێ جار ئەم گێڕانەوەیە لە خودژیان‌نامە نزیك دەبێتەوە، زۆریی وەسف و کەمیی دیالۆگی ڕاستەوخۆ، هەندێك لەم ڕۆمانانە لەسەر ئایدیایەکی دیاریکراو داڕێژراوی پێشوەختە نین، بەڵکو ڕاستەوخۆ باس لە ڕووداوەکانی ژیانی ئەمڕۆ دەکەن، ئەمەش یەکێ لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم ڕۆمانانەن وەك وێناکردنی واقیعی ئەمڕۆ کە دەشێ نموونەیەك بن بۆ ڕۆمانی ریالیستی لە ئەدەبی کوردی، وەك لە ڕۆمانگەلی *سەردەمی گریانی بەلقیس*، *پاسەوانانی خوا* و *یاداشتی عەتر و ئاگر*دا دەردەکەوێت، بەڵام ڕۆمانەکانی *میرنشینی خاك و خۆڵ* و *دەریاس و لاشەکان* لە ڕۆمانی خەیاڵی نزیك دەبنەوە، نووسەران چیرۆکێك لەسەر بنچینەی ئایدیایەك دەگێڕنەوە. لەوانەی پێشوو، شوێن و فەزا و ڕووداو و کەسایەتییەکان دیارن و لەم دوانەی دواتر، شوێن و فەزا و ڕووداو خەیاڵین.

منابع

کوردی:

ئیبراهیمی، مەزهەر. (۲۰۱۹). *زمانی کوردی، ئایدیۆلۆجی و پێڤاژۆی بەسووژەبوون: خوێندنەوەی دوو ڕۆمانی پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی و گابۆر بە گوێرەی تیۆری ڕەخنەیی لویی ئالتوسێر*. نامەی ماستەری زانکۆی مارتین ئارتۆکلو.

چەمەن‌ئارا، بێهرووز. (۱۳۹۵). *شانامای کوردی*. بانە: مانگ.

حەوێزی، دەریا جەمال. (۲۰۱۹). *دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی لە ئاوێنەی ریالیزمدا*. هەولێر. چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ڕەشید، سابیر. (۲۰۰۷). *ڕۆمانی کوردی*. هەولێر. ئاراس.

ڕەسول، حەمەد ڕەسول. (۲۰۱۳). *جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا*. سلێمانی: وەزارەتی ڕۆشنبیری.

زادە، هاشم ئەحمەدزادە (۲۰۱۸). *گێڕانەوەناسی*. بانە: چاپەمەنی مانگ.

- *جیهانی ڕۆمان*. (۲۰۱۵). سلێمانی: ئەندێشە.

سەجادی، بەختیار. (۲۰۱۹) «گێڕانەوەی کوردی لە نێوان واقیعی‌خوازی و دژەواقیعی‌خوازیدا». سیمیناری دیداری ئەدەبی. ۲۰۱۹/۱۲/۲۱ . هەولێر. http://kurdishbookhouse.com/ku/100-196/

سدیق، ئارام. (۲۰۱۵). *بەرەو ڕۆمانی کوردی*. سلێمانی: وەشانی یانەی قەڵەم.

سەلمان، بەیان. (۲۰۱۸). *یاداشتی عەتر و ئاگر*. سلێمانی: ئەندێشە.

عەلی، بەختیار. (۲۰۱۹). *دەریاس و لاشەکان*. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

عەلی، سروە تاهیرعەلی و ئاسۆس حەمە، ئەڤین. (۲۰۱۹). «شیعرییەتی ناو لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا-ی بەختیارعەلی‌دا». *گۆڤاری زانستی زانکۆی گەرمیان*، ژمارەی تایبەتی.

غەریب، جەبار جەمال. (۲۰۱۸). *سەردەمی گریانی بەلقیس*. سلێمانی: ئەندێشە.

گەردی، عەزیز. (۱۹۹۹). *کێشی شیعری کلاسیکی کوردی*. هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری.

گەرمیانی، عادڵ. (۲۰۱۹). «چەند سەرنجێك دەربارەی مێژووی ڕۆمان». *ڕامان*، ژمارە ۲۷۰.

گەرمیانی، عادڵ. (۲۰۱۹). *ریالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا ۱۹۲۸-۱۹۹۶* . هەولێر.

گۆران، نەبەز. (۲۰۱۷). *میرنشینی خاك و خۆڵ*. سلێمانی: ئەندێشە.

محەمەد، عەتا. (۲۰۱۹). *پاسەوانانی خودا*. سلێمانی: ئەندێشە.

مستەفا، مستەفا سالح. (۲۰۱۷). *تەکنیکی گۆشەنیگا لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی‌دا*. هەولێر: بڵاوکراوەی یەکێتی نووسەرانی کورد.

مەنتك، حەمە. (۲۰۱۷). *سیمیۆلۆژیای ناونیشان، ناونیشانی ڕۆمانی کوردی*. هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری.

فەرانسی:

Gardes Tamine, Joëlle et Hubert, Marie-Claude. (2004). *Dictionnaire de critique littéraire.* Armand Colin.

Genette, Gerard. (1969). *Figure I Essais*. Paris: Seuil.

Genette, Gerard. (1966). *Figure II Essais*. Paris: Seuil.

Louis Rey, Pierre. (1992*). Le roman*. Paris : Hachette Supérieur.

Mortier, Daniel. (2001). *Les grands genres littéraires*. Unichamp-Essentiel. Honoré Champion.

Nourissier, François. (1997). *Préface de. Dictionnaire des Genres et notions littéraires.* Paris : Albin Michel.

Roy, Alain. (1993). 'L'art du dépouillement', *lécriture de minimalisme.* Vix. V. 35. N. 3. (207).

Wellek, René et Austin Warren. (1971). *LA théorie littéraire*. Paris: Seuil.

Combe, Dominique. (1992). *Les genres Litteraires*. Hachette.

Le Robert. (1995*) Dictionnaire Le Nouveau Petit Robert.* Le Robert.

هاوڵاتەی کتێب

پژوهشنامه ادبیات کردی دوره پنجم، شماره ۸، پاییز و زمستان ۱۳۹۸

شێوازی شیعری چنار نامیق لە ڕوانگەی شێوازناسیی ئەرکییەوە

ئەڤین ئاسۆس حەمە (تۆێژەری بەرپرس)[I]
مامۆستای یاریدەدەر، بەشی کوردی، زانکۆی ڕاپەڕین
سافیە محەمەد ئەحمەد[II]
پرۆفێسۆری یاریدەدەر، بەشی کوردی، زانکۆی ڕاپەڕین

تاریخ دریافت: ۱۰ آبان ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۸ اسفند ۱۳۹۸؛ صص ۱۹۹-۲۲۱

کورتە

شێواز بریتییە لە ڕێگاکانی بەکارهێنانی زمان، هەر دەربڕینێک بە شێوازی جیاجیا گوزارشت دەکرێت کە جیاوازن لە یەکتر. تۆێژەران بە سەرنجدان و لێوردبوونەوە گەیشتوونەتە ئەوەی کە دەربڕینی ئەدەبی پلەی شیعرییەتی بەرزترە لە دەربڕینی ئاسایی؛ شێوازی نووسەریش لە هەموو ئەو بنەما و ڕەهەندانە سەرچاوە دەگرێت کە لە دەقێکی ئەدەبیدا هەیە. گومان لەوەدا نییە هەر دەقێک ناسنامەی خاوەنەکەی هەڵدەگرێت، چونکە هەڵقووڵاوی هەست و دنیابینی و ئەو قۆناغەیە کە تێیدا ژیاوە، بەمەش شێوازی نووسەرێک لە نووسەرێکی تر جیاواز دەبێت. ئەرکی شێوازناسی دیاریکردنی ئەو بنەما شێوازییانەیە کە دەقێکی ئەدەبی لێ پێکدێت، لەو ڕووەشەوە شێوازناسیی ئەرکی کار لەسەر بنیاتی ناوەوە و دەرەوەی دەق دەکات. لەو سۆنگەیەوە چنار نامیق وەک شاعیرێکی ژن، شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە و شیعرەکانی چەند بنەمایەکی هونەری لە خۆ دەگرن. هەر ئەمەش وای کرد ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی شێوازی شیعری چنار نامیق لە ڕوانگەی شێوازناسیی ئەرکییەوە ئامادە بکەین و ئاماژە بە بەشێک لەو هونەرانە بکەین کە شێوازی شیعری شاعیریان دەردەخەن. توێژینەوەکەمان پێک دێت لە دوو بەشی سەرەکی: لەبەشی یەکەمدا چەمکی شێواز و شێوازناسی و شێوازناسیی ئەرکیمان ڕوونکردۆتەوە؛ لە بەشی دووەمدا شیعرەکانی چنار نامیق لە ڕوانگەی شێوازناسیی ئەرکی خراوەتە بەر باس.

وشەگەلی سەرەکی: شێوازناسی؛ چنار نامیق؛ پەیام؛ نێرەر؛ شێوازناسیی ئەرکی

چکیده

سبک عبارت است از روشهای کاربردن زبان؛ هر بیانی به شیوه‌های گوناگون اجرا می شود که با هم تفاوت دارند. پژوهشگران با تحقیق و بررسی دریافته‌اند که بیان ادبی در قالب شعر رتبه بالاتری نسبت به بیان معمولی دارد. سبک نویسنده از همه این اصول و پایه‌هایی سرچشمه می گیرد، که در متن ادبی وجود دارد. شکی نیست، که هر متن ادبی شناسنامه‌ی نویسنده است، زیرا بیانگر هیجان، احساس و جهان‌بینی و عصری است که نویسنده در آن زندگی می‌کند. وظیفه سبک‌شناسی نیز مشخص نمودن پایه‌های اساسی سبک‌هایی است که متن ادبی را تشکیل می‌دهند، لذا کار اصلی سبک‌شناسی بررسی بنیادهای بیرونی و درونی متن ادبی است. از این دیدگاه چنار نامق به عنوان یک شاعر زن که سبک مخصوص به خود را دارد و این سبک چند اصول هنری را در برمی‌گیرد؛ همین این سبب گشت این پژوهش را با عنوان سبک‌شناسی کارکردی اشعار چنار نامیق انجام دهیم و اشاره به آن شگردهایی کنیم که در سبک شعری این شاعر ظهور می‌کنند. پژوهش حاضر از دو بخش تشکیل شده است: در بخش نخست مفهوم سبک و سبک‌شناسی، گرایش‌های مختلف سبک‌شناسی، و سبک‌شناسی کارکردی توضیح دادیم. بخش دوم خوانش اشعار چنار نامق بر اساس سبک‌شناسی کارکردی ارائه می‌دهد. در پایان، نتایج و دست‌آوردها بیان شده‌اند.

واژگان کلیدی: سبک‌شناسی؛ چنار نامق؛ پیام؛ فرستنده؛ سبک‌شناسی کارکردی

ماڤی چاپکردنە

[I] avin.asos@uor.edu.krd
[II] safya.kurde@uor.edu.krd

۱- پێشەکی

شێواز زاراوەیەکی فرەڕەهەند و فرەواتایە بۆ چەندین واتا و مەبەستی جیاجیا، تەنانەت لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بەکار دەهێنرێت؛ هەر وەک بۆ شێوازی جل‌وبەرگ و شێوازی خانوو و سەیارە و شێوازی هەڵسوکەوت کردنی مرۆڤیش بەکار دەهێنرێت. لە بواری هونەریشدا بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەدەبیات زیاتر گەشەی بەم چەمک و زاراوەیە دا و وەک چەمکێکی ئەدەبی لە ناو ژانرەکانی ئەدەبیاتدا کاری لە سەر کرا. سەرەتای گرنگیدان و باسکردنی شێواز دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان، بەتایبەت کاتێ ئەرستۆ لە کتێبی *هونەری دواندن*دا باس لە شێوازی وتاردان دەکات. لە سەرەتاشدا شێواز وەک بابەتێک لە بابەتەکانی ڕەوانبێژی باسی لێوەدەکرا، تا سەدەی ١٨ و ١٩ لەگەڵ هاتنە ئارای بونیادگەرەکان و فۆرمالیستە ڕووسەکان، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان گواسترانەوە بۆ ناو دەقە ئەدەبییەکان و لەو چوارچێوەیەدا کاریان لەسەر دەق دەکرد. شێوازگەریش چەند ئاراستە و ڕێبازێکی هەیە، یەکێک لەوانە «شێوازگەری ئەرکی»یە و بە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆمان جاکۆبسن و میشێل ریفاتێر پەرەی سەند و کاری لە سەر کرا. شێوازگەری ئەرکی کار لەسەر کردەی گەیاندن دەکات لەناو پرۆسەی دەق‌دا، ڕەگەزەکانی ئەم کردەیە دەست نیشان دەکات. چنار نامیق، ژنە شاعیر و نووسەرێکی کورد کە لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکانیدا لە ڕێی کەرەسە زمانییەکانەوە پەیامی خۆی دەگەیەنێت و توانیویەتی دەقگەلێکی جوان بخولقێنێت. لەم توێژینەوەیەدا لە بەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی تیۆری باس لە چەمکی شێواز و شێوازگەری و شێوازگەری ئەرکی دەکەین و لە بەشی دووەمدا بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ژێر ڕۆشنایی شێوازگەری ئەرکی دەقەکانی شاعیر دەخەینە ڕوو.

۲ـ چەمکی شێواز و شێوازناسی

سەبارەت بە پەیدابوونی وشەی شێواز[1] و بنچینەی زاراوەکە ڕای جیاواز هەیە. هەروەک پێیان وایە لە «stilu»ی لاتینییەوە وەرگیراوە، بە واتای هەڵکۆڵەردێت، لە بواری نووسینیشدا بەمانای ڕێگایەک بۆ نووسین بەکاردێت بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێکی ئەدەبی(بیرجیرو، ١٩٩٤: ١٧). هەروەها لە ڕووی فەرهەنگییەوە بە چەند جۆرێک واتاکەی لێکدراوەتەوە. لە *لسان العرب*ی ئیبن مەنزوور-دا هاتووە «الأسلوب»: نووسینەوە بە دار خورما، هەموو ڕێگەیەکی پەیڕەوکراو شێوازە. شێواز ڕێگا و ڕوخسار و ڕێباز و هونەرە؛ دەڵێن: فلان کەس شێوازی هەڵەیە لە قسەکردندا (ابن منظور، ١٩٧٩: ٣٠٥٨). لێرەدا شێواز وەکوو ڕێگا و ڕێبازێک و یا بە هونەر دانراوە. لە فەرهەنگی *هەنبانە بۆرینە*شدا بە واتای شێواز، شکل و تەرح، شێوازت لە کاکەم دەکات، راهاتن (موکریانی،

[1] Style.

١٣٨٤: ٥٠٢). لێرەشدا بە واتای روخسار و ئاکار هاتووە، بەو شێوەیە وشەکە وەک زاراوەیەکی جێگیر و سەربەخۆ لە یەک واتادا نەماوەتەوە، بەڵکوو بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بە سەردا هاتووە، تا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی ئێستای. زاراوەی شێواز لە بواری ئەدەبیدا بە گشتی بۆ شێوازی دەربڕین و گوزارشتکردنی نووسەر بەکاردێت، بە مەبەستی گەیاندنی پەیام و هەڵچوون و هەست و بۆچوونەکانی. هەر نووسەرێکیش رێگایەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە دواتردا دەبێتە خاڵی جیاکەرەوە بۆی.

شێواز وەک چەمکێکی ئەدەبی پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە، چونکە زاراوەیەکی فرە ڕەهەندە و پەیوەستە بە لایەنی زمان و ڕەوانبێژییەوە. شێواز وەك لقێکی ئەدەبیاتناسی نزیك لە ڕەخنە ئەرکی دیاریکردنی شێوازی دەق و ژانر و خودی نووسەرە. لە چوارچێوەی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و رامیاری و هزری. بە واتایەکی گشتی شێواز واتا کارکردن لە سەر دەق و چۆنییەتی پێکهاتە و دەربڕینی ئەو دەقە (سلیمان، ٢٠٠٤: ٧). یان شێواز بریتییە لە ڕێگاکانی بەکارهێنانی زمان (عەبدوڵا، ٢٠١٢: ٩). هەروەها بیرمەندان و نووسەران هەر یەکەیان لە ڕوانگەی جیاوازەوە لێی دواون، زۆربەی ئەوانەی باسیان لە چەمکی شێواز کردووە، لە سێ ڕوانگەی جیاوازەوە لێی دواون.

٢-١- ڕوانگەی نووسەر

لێرەدا باس لەو شێوازە تایبەتییەی نووسەر دەکرێت کە دەقەکەی داڕشتووە. پێیان وایە، هەر نووسەرێک شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم بۆچوونەش لەگەڵ سەرهەڵدانی مێژووی شێوازگەریدا هاتۆتە کایەوە. ئەم بۆچوونە نووسەر و شێوازەکەی بەجۆرێک یەک دەخات کە هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە و لێک ناپچڕێن (ئەحمەد، ٢٠١٤: ٢٧). چونکە نووسەر کاتێک دەقێک دەنووسێت، شوێن پەنجەی خۆی لەسەر تۆمار دەکات و دەربڕی سۆز و هەستە خوودییەکانی خۆیەتی. جۆرج بۆفۆن بە ڕابەری ئەم ڕوانگەیە دادەنرێت و لەو بارەیەوە گوتوویەتی: شێواز خودی مرۆڤ خۆیەتی (بن ذریل، ٢٠٠٠: ٤٣). ئەم بۆچوونەی بۆفۆن کاریگەری لە سەر نووسەرانی تر دروستکرد و لە دواتردا کۆمەڵێک شێوازناس ڕوانینەکانیان لە سەر ئەو بنەمایە دامەزراند، لەوانەش شۆپنهاور، فلۆبیر و ماکس جاکوب هەروەها نووسەر لایەنی دەروونی و بابەتە تایبەتییەکانی خۆی تێکەڵ بە دەقەکەی دەکات و ئەمەش لە بۆچوونەکانی سپیتزردا ڕەنگی دایەوە. بەشێک لە نووسەران چەشنی سپیتزر شێواز لە پەیوەندی دەروونی نووسەر و تێکستدا دەبینن، واتە گرنگی بە پرۆسەی دەروونی خوڵقاندنی تێکست دەدەن (احمد، ٢٠٠٨: ٢٢). هەروەها شێخ نوری شێخ سالح لەو بارەیەوە دەڵێت: ئوسلوب بەو تەرزی مەخسوسی بەیانییە دەڵێن کە هەر خەتیبێک یا هەر موحەریرێک ئەوەی لە دەماغییەتی ئیفادەی ئەکات (ئەحمەد،

۲۰۱٤: ۲۸). واته هەر وتاربێژێک یا هەر نووسەرێک ئەوەی لە هزر و مێشکی دایە بەیانی دەکات و دەریدەخات، بەو شێوەیە لایەنگرانی ئەو ڕوانگەیە، پێیان وابوو نووسەر سەرچاوەی دەربڕینی دەقە و شێوازی دەقیش لە ڕوانگەی بیر و هەستی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێت.

۲-۲- ڕوانگەی خوێنەر

خوێنەر یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کردەی گەیاندن. بێ خوێنەر ئەو کردەیە دروست نابێت، هەروەها ڕادەی تێگەیشتن و کاریگەربوون هەر لە ڕێگەی خوێنەرەوە دەبێت. نووسەر کاتێک دەقێک دەنووسێت تەنها بۆ خۆی نانووسێت بەڵکو وەکوو پەیامێک دەگات بە خوێنەر و بەرامبەر، جا ئەگەر خوێنەرێک نەبێت پێشوازی لەو دەقە بکات، ئەوا پەیامەکەی ناگاتە مەبەست. ڕۆڵی خوێنەر گرنگ و کاریگەرە، هەروەک چۆن هیچ دەقێک بێ خاوەن نییە، بەهەمان شێوە هیچ تێگەیشتن و کاریگەرییەک و گەیاندنێکیش بێ خوێنەر نابێت، چونکە دواجار هەر خوێنەرە بڕیار لە سەر پەسەندی و ناپەسەندی دەقێک دەدات (سلیمان، ۲۰۰٤: ۲۲). سەرەتای ئەم بۆچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ لای یۆنانییەکان، چونکە بیرمەندە یۆنانییەکان کاریان لە سەر قانعکردن دەکرد. بە واتایەکی تر کاریان لە سەر ئەوە دەکرد چۆن لە ڕێی دەقێکەوە وەرگر قانع بکەن، بە تایبەت لە تراژیدیا و کۆمیدیاکانیاندا زیاتر ڕەنگی دابووە. ئەرستۆ لە دیارترین ئەو بیرمەندانەیە کە لە کتێبی *هونەری وتار*ـدا باسی شێوازی کردووە و دەڵێت کە گرنگ نییە مرۆڤ بزانێ چی دەڵێت، بەڵکو بزانێ چۆنی دەڵێ (ارسطو، ۱۹۷۹: ۱۷۹). ئەرستۆ پێی وایە پێویستە مرۆڤ گوزارشت لە دەربڕینەکانی بکات و بتوانێت کاریگەری لە سەر بەرامبەر دروست بکات؛ هەربۆیە لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا، ڕەگەزەکانی قانعکردن لە کاتی قسەکردندا دەست-نیشان دەکات و دەڵێت پێویستە لە کاتی قسەکردندا ڕەچاوی سێ شت بکرێت: یەکەمیان ئامرازەکانی قەناعەت پێکردن، دووەمیان شێواز یا زمانی بەکارهێنان، سێیەمیان ڕێکخستنی بەشەکانی ئاخاوتن (ارسطو، ۱۹۷۹: ۱۸۱). هەر بۆیە شێواز لای یۆنانییەکان لە سەر بنەمای خوێنەر بنیات نرابوو. دوا بە دوای ئەوان شێوازگەرە نوێکان بە تایبەت ریقاتێر بە پێشەنگی ئەم ڕوانگەیە دادەنرێت و پێی وابوو شێواز بریتییە لە دەرخستن و دەرەوشاندنەوەی هەندێ ڕەگەزی زنجیرەی ئاخاوتن کە سەرنجی خوێنەر بە جۆرێک ڕادەکێشێ، ئەگەر بێ ئاگا بێت دەق دەشێوێنێ، ئەگەر لێکیشی بداتەوە و شی‌بکاتەوە ئەوا چەندین واتای جیاکەرەوەی تایبەتی دەست دەکەوێت (المسدی، ۱۹۷۷: ۸۳). لێرەدا زمانی نووسینی دەق کاریگەری لای خوێنەر دروست دەکات. خوێنەریش ئاست و چەندایەتی ئەو کاریگەرییە دیاریدەکات؛ هەر بۆیە نووسەر دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکات بۆ کێ دەنووسێت و چۆن دەنووسێت؟ چونکە نووسەر لە پێناو گەیاندنی پەیامەکەی بە خوێنەر دەنووسێت، ئەمەش کاریگەری لە سەر دەقەکە و چۆنیەتی لێ تێگەیشتنی

دروست دەکات؛ هەر بۆیە داڕێژەرانی ئەو ڕوانگەیە، خوێنەر بە ڕەگەزێکی گرنگ دەزانن لە کردەی گەیاندندا و بە سەنگی مەحەکی سەرکەوتنی نووسەر و دەقی دادەنێن.

٢-٣- لە ڕوانگەی دەقەوە

دەق یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی سێ کوچکەی کردەی گەیاندن. هەر کردەیەکی گەیاندنیش لە سەر سێ بنەما وەستاوەتەوە ئەوانیش نووسەر، دەق، خوێنەرە. دەق ئەڵقەی بەیەک گەیاندنی نووسەر و خوێنەرە. لێکۆڵینەوە لە دەق و کارکردن لە سەر پێکهاتەی دەق دەگەڕێتەوە بۆ بونیادگەرەکان، بە تایبەتیش بیرۆراکانی فردینان دی سۆسێر لە بواری زمانەوانی دا. سۆسێر جیاوازی لە نێوان زمان و ئاخاوتندا کرد، ئەویش لە سەر ئەو بنەمایەی زمان لە بنچینەدا سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و ئاخاوتن چالاکییەکی تاکە کەسییە (بوقرە، ٢٠١٦: ٣٢). هەروەها بونیادگەرەکان کاریان لە سەر دەق و پێکهاتەی دەق کرد. سەرەتاش کاریان لە سەر زمان کرد، دواتر لە ناو کردەی ئاخاوتن لە ڕێی کەرەسەکانی زمانەوە گەڕانەوە بۆ ناو دەقی ئەدەبی و لە وێوە بنەما و شێوازەکانی دەقیان خستە ڕوو (سلدن، ١٩٩٨: ١١٧- ١١٨). لەبەر کاریگەری دەق لە سەر بیری خوێنەر و چۆنییەتی بەکارهێنانی لە لایەن نووسەرەوە؛ بۆیە شێوازگەرە نوێکان زیاتر ئەم ڕوانگەیە بەپەسەندتر دەزانن لە دیاریکردنی شێواز و کارکردن لەسەری. هەروەک ریفاتێر دەڵێت: چەمکی دەق پەیوەستە بە ئەدەبییەت، ئەدەبییەتیش پەیوەستە بە شێوازی تاکیەتی و تایبەتی، شێوازیش بریتییە لە دەق (ئەحمەد، ٢٠١٤: ٣٨). دەق بە کاریگەرترین بنەما دادەنرێت لە دیاریکردنی شێوازدا، چونکە شێوازگەر بۆ ئەوەی بتوانێت بنەماکانی شێواز دیاری بکات ئەوا لە ڕێی دەقەوە دەتوانێت بەجۆرێک مامەڵە بکات کە هەم پەیام و مەبەستی نووسەر هەمیش بنەما دەلالی و پێکهاتەییەکانی دەقەکە دیاری بکات. هەر بۆیە شێوازناسەکان هەر یەکەیان بەپێی یەکێک لەم ڕوانگانە کار لە سەر دیاریکردنی شێواز دەکەن. بەڵام لە ڕێی دەقەوە سەرکەوتووترین ڕێگەیانە، چونکە نووسەر لە ڕێی دەقەوە گوزارشت لە دەبڕین و بۆچوونەکانی دەکات و خوێنەریش لە ڕێی دەقەوە دەگات بە پەیام و مەبەستی نووسەر. شێواز دوای ئەوەی وەک زانستێک خۆی لە بواری ئەدەبیاتدا بینییەوە و بە زانستی شێواز یا شێوازگەری ناسرا.

شێوازناسی، زانستی شێوازە، بەو واتایەی کە زانستێکە کار لە سەر دەستنیشانکردنی شێوازە جیاجیاکان دەکات. لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی «Stylistics» بەکار دەهێنرێت. لە زمانی عەرەبیدا «الأسلوبية، علم الأسلوب» و لە فارسیدا «سبک‌شناسی» بۆ بەکار دەهێنرێت. شێوازگەری وەک زانستێک لە دوای گەشەسەندنی لێکۆڵینەوە زمانییەکان و سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە بونیادگەرییەکان هاتە ئاراوە. شێوازگەری بە یەکێک لە لقەکانی زمانەوانی نوێ

دادەنرێت هاوشێوەی شیعرییەت و سیمۆلۆژیا و کار لەسەر شێوازی دەق و پێکهاتە و پەیامی دەق دەکات. (حمداوی، ۲۰۱٦: ۷). شێوازناسی کار لە سەر بنەما زمانی و پێکهاتەییەکانی دەق دەکات. پێیر جیرۆ لە پێناسەی شێوازگەریدا بەرگری لەو ڕایە دەکات کە پێی وایە شێوازگەری بریتییە لەو زانستەی لە دەربڕینی زمانی دەکۆڵێتەوە (۱۹۹٤: ٤۷). هەروەها پێیوایە نۆڤالس یەکەم کەسە کە زاراوەی شێوازگەری بەکار هێناوە. شێوازگەری لای ئەو بەشێك بوو لە ڕەوانبێژی، هەروەها هیلانگ لە ساڵی ۱۸۳۷ لە دوای ئەو دەڵێت: شێوازگەری کارێکی ڕەوانبێژییە (بیرجیرۆ، ۱۹۹٤: ۹). هەر بۆیە بەشێک لە شێوازناسەکان شێوازگەرییان دەبەستەوە بە ڕەوانبێژییەوە. هەروەک لە سەرەتاشدا لە بابەتە ڕەوانبێژییەکانەوە بەرەو شێواز و شێوازناسی هەنگاویان نا. بەو واتایەی وەک زانستێک کار لە سەر بنەما زمانی و پێکهاتەییەکانی دەقێک دەکات. دەتوانین بڵێین شێوازگەری بریتییە لەو زانستە نوێیەی لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی گوتاری ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و حەقیقەتی ئەو شێوازانە دەردەخات کە نووسەران لە نووسینی دەقێکی ئەدەبیدا پەیڕەوی لێدەکەن. دوا بە دوای گەشەسەندنی شێوازناسی لە سەدەی بیستدا شێوازگەری وەک زانستێک لە لایەن شێوازناسەکانەوە گرنگی زیاتری پێدراو چەندین ئاراستەی جیاجیای لێ پەیدا بووکە لێرەدا بەکورتی هەریەک لەو ڕێبازانە باس دەکەین.

۳- ئاراستەکانی شێوازناسی

گەلێک ڕێباز و قوتابخانەی شێوازناسی هەن، هەر نووسەر و شارەزا و لێکۆڵەرێکی ئەو بوارە لە گۆشەنیگا و تێروانینی تایبەت بە خۆی و لە سۆنگەیەکی دیاریکراوە، جۆرێکی دیاري‌کردووە کە میتۆد و بنەما و شێوەی کارکردنی جیاوازە لە گەڵ یەکێکی تر. بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی لە ژێدەرەکانی شێوازگەری ئاماژەیان پێکراوە و لە خوارەوەدا باسیان دەکەین.

۳-۱- ئاراستەی دەربڕینی (شێوازناسیی وەسفی)

بنەماکانی ئەم ئاراستەیە پشتی بە بۆچوونەکانی چارلس بالی دەبەستێت. زۆر جاریش بە پڕۆگرامی «وەسفی چارلس بالی» دەناسرێت کە کاری لە سەر زمان و کردە زمانییەکان دەکرد کە هەریەکەیان بە ڕێگەی جیاواز گوزارشتیان لێ دەکرێت. پێی وایە شێوازگەری دەربڕین بریتییە لە دەبڕینی بیر بە ڕێگەی جیاواز. هەریەکە لەو بیرۆکانە ڕێگای جیاوازیان هەیە بۆ گوزارشت‌کردنیان، هەر ئەمەشە گۆڕانکاریی لە شێوازی دەربڕیندا دەکات (بیرجیرۆ، ۱۹۹٤: ۵۳). ئەو بیرۆکانەش لە ڕێی کردە زمانییەکانەوە گوزارشتیان لێدەکرێت. بالی‌ش لە ڕێی جیاکردنەوەی ئەو دەربڕینانە لە یەکتر شێوازناسیی دەربڕینی دامەزراند و بە شێوەیەکی جیاوازتر لە ڕەوانبێژی‌زانەکانی پێش خۆی بۆ مەسەلەی شێواز و ڕەوانبێژی دەپڕوانی. ئەو پێی وا بوو

لایەنی سۆزداری و هەستی نووسەر کار لە سەر دەبڕینەکانی دەکات. شێوازگەری بە لای بالی-یەوە لە بنچینەدا دیاریکردنی وزەی شاراوەی دەربڕینی زمانە لای تاک. بابەتی شێوازگەری لێکۆڵینەوەی بە های سۆزداری زمانە یان لێکۆڵینەوەی کایەکانی دەربڕینی زمانە لە ڕووی ناوەرۆکی ویژدانییەوە (بوحسون، ٢٠٠٤: ٣٨). ئەم ئاراستەیەی شێوازناسی کار لە سەر پێکهاتە دەلالی و زمانییەکان دەکات، هەروەک چۆن هەر دەربڕینێک بە ڕێگای جیاواز گوزارشتی لێدەکرێت، بە هەمان شێوە واتا و مەبەستی جیاوازیش لای وەرگر یا خوێنەر دروست دەکات. شێوازناسیی دەربڕین وای دەبینێت دەق خۆی گوزراشت لە واتا جیاوازەکانی خۆی دەکات. ئەمەش لە ڕێی تایبەمەندییە زمانییەکەیەوە،کە جیای دەکاتەوە لە دەقێکی تر (حکمە، ٢٠١٢: ١٥)؛ هەر بۆیە لای ئەم ئاراستەیە هەموو دەربڕینێک بەهای خۆی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەم بۆچوونەی بالی بۆ شێوازگەری لە سەدەی بیست زیاتر گرنگی بە بابەتی شێوازگەری و پەیوەندی شێوازگەری بە زمانەوانیەوە دەرخست دا، هەر ئەمەش وایکرد کە ئاراستەی شێوازگەری تر بێنە ئاراوە.

٣-٢- ئاراستەی کەسی یا تاک

ئەم ئاراستەیە پشتی بە بۆچوونەکانی لیۆ سپیتزر دەبەستێت لە دوای بۆچوونەکانی بالی هاتە کایەوە. لە پەیوەندی دەربڕین بە تاک یا ئەو کۆمەڵگایە یا ئەو هۆکارەی ئەو دەربڕینەی هێناوەتە ئاراوە دەکۆڵێتەوە. شێوازگەری کەسی بریتییە لە کارکردن لە سەر پەیوەندی ئەو دەربڕینانەی تاک گوزارشتی لێ دەکات یا ئەو کۆمەڵگایەی ئەو دەربڕینەی تێدا لە دایک بووە (عیاش، ٢٠٠٢: ٤٣). لیۆ سپیزر کاری لە سەر شێوازی تاک وەک نووسەر و شێوازی نەتەوە کرد، واتە جۆرەکانی شێوازی دەست نیشان کرد، چونکە هەر نووسەرێک شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەربڕی بیر و هەستەکانی خۆیەتی. هەروەها هەر نەتەوەیەکیش شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە کە سیما و خەسڵەتی جیاکەرەوەی خۆی هەیە و جیای دەکاتەوە لە نەتەوەیەکی تر. شێوازناسیی کەسی تەنها کار لە سەر لایەنی زمانی دەق و بیری نووسەر ناکات، بەڵکوو کار لە سەر بارودۆخی نووسەریش دەکات و لایەنی دەروونی نووسەریش لە بەر چاو دەگرێت. تەنها کار لە سەر پێکهاتەی زمانەوانی گوتاری ئەدەبی ناکات، بەڵکو بارودۆخی نووسەریش لە بەر چاو دەگرێت وەک خاوەنی بەرهەمەکە یا خاوەنی ئەو گوتارە ئەدەبییە؛ هەر بۆیە شێوازناسیی کەسی کار لە سەر پەیوەندی دەق و بارودۆخی دەروونی نووسەریش دەکا (تاوریریت،٢٠١٠: ١٦٨). بەمەش بارودۆخی دەروونی نووسەر کار لە سەر شێوازی دەربڕین و شێوازی دەق دەکات، هەروەها زۆر جاریش کار لە سەر چێژی دەق دەکات.

۳-۳- ئاراستەی ئاماری

شێوازناسیی ئاماری بەرەو بەزانستکردنی ئەدەبیات هەنگاو دەنێت و هەوڵ دەدات سیمایەکی بابەتیانە بە لێکۆڵینەوەی شێوازی ببەخشێت. شێوازناسیی ئاماری لە لێکۆڵینەوەی شێوازگەریدا لەو ڕەهەندە بابەتیانە دەکۆڵێتەوە کە بە هۆیەوە دەتوانرێت شێوازێک لە شێوازێکی تر جیابکرێتەوە (مصلوح، ۱۹۹۲: ۵۱). ئەم ئاراستەیە وەک ئاراستەیەکی سەربەخۆ کار ناکات، بەڵکو لە خزمەت ئاراستەکانی تردا کار دەکات بۆ دیاریکردنی ڕەهەندەکانی شێواز. شێوازناسی ئاماری خۆی ڕێبازێکی شێوازناسی سەربەخۆ نییە، بەڵکو جۆرێکی لێکۆڵینەوەی شێوازە کە لە خزمەت ڕێبازەکانی تردا کار دەکات. هەندێک لە شێوازناسان لەگەڵ ئەوە نین کە بابەتی شێواز بکەوێتە چوارچێوەی ئامار و ماتماتیک، بە تایبەت لە بواری ئەدەبدا، کە بابەتی هەست و سۆز و بیر لە گەڵ هاوکێشە وشک و ڕووتەکانی ماتماتیک ناگونجێت. بەڵام زۆر لە شێوازناسان پێیان وایە کە ئامار ئامرازێکی لەبارە بۆ توێژینەوە و شیکردنەوەی شێواز بەتایبەت لە ئاستی زماندا (چالی، ۲۰۰۸: ۳۸). واتە دوو ڕا هەیە لە سەر پەسەندی و ناپەسەندی ئەو شێوازناسییە. شێوازناسیی ئاماری زۆر جار کار لە سەر لادانەکان و چەندێتی و چۆنیەتی لادانە زمانییەکان دەکات؛ بە واتایەکی تر، کار لە سەر پێکهاتەی زمانی و ڕێژەی بەکار هێنانی کەرەسە زمانییەکان و بنەما زمانەوانییەکان دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە هاوکێشەی «بوزیمان» دەبەستن بۆ دیاریکردنی ئامار و داتای بەکارهێنانی هەریەک لەو بابەتانە. ئەم هاوکێشەیە بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندیانە و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی زمانی ئەدەبی کە هەر بە هاوکێشەی «بوزیمان» ناسراوە کە بۆ زانای ئەڵمانی، بوزیمان، دەگەڕێتەوە و یەکەم کەسە بەکاری هێناوە. ئەم هاوکێشەیە لە سەر دیاریکردنی ڕێژەی گوزراشتکردنی ڕووداو بۆ گوزارشتکردنی وەسف دەوەستێ، بۆ جیاکردنەوەی هەندێك لە جۆرەکانی دەق (مصلوح، ۱۹۹۲: ۷٤) لە دواتریشدا لە لایەن شێوازناسەکانی تر گرنگی زیاتر بەو ئاراستەیە درا و زیاتر کاری لە سەر کرا.

۴- شێوازناسیی ئەرکی

یەکێکە لە دیارترین ئاراستەکانی شێوازناسی، پشت بە بۆچوونەکانی ڕۆمان یاکۆبسن و میشێل ریڤاتێر دەبەستێت. هەریەک لەو شێوازگەرانە تێڕوانینەکانی خۆیان لە بەرامبەر شێوازگەری ئەرکی خستۆتە ڕوو. لە ڕەهەندی زمانییەوە لێکۆڵینەوەکانیان لە سەر دیاریکردنی شێوازە جیاوازەکان بەرجەستە کردووە. یاکۆبسن پێی وایە شێوازگەری ڕەهەندەکێ زمانییە د ڤەکۆلینا تێکستا ئەدەبیدا (نهێلی، ۲۰۰۷: ۱۰۹). چونکە لە ڕێی دیاریکردنی کەرەسە زمانییەکانەوە دەتوانین شێوازی هەر دەقێکی ئەدەبی دیاری بکەین هەروەها پێی وایە شێوازگەری هونەرەکە ژ هونەرێن ڤەکۆلینێن زمانڤانی. ڤەکۆلینێن جوانکاری و زمانی تێدا د ناڤێکدا چووینە، تا وی

رادەی کو هەڤپەیمانییەک د ناڤبەرا زانستێ زمانی و ئەدەبی دا هەیە (نهێلی، ۲۰۰۷: ۱۰۹). بەو پێیە پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب لە لێکۆڵینەوە لە سەر هەریەکەیان و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوانیان دروست دەبێت، لێکۆڵینەوە بونیادگەرییەکان زیاتر کار لە سەر ئەمە دەکەن و لە ڕێی دیاریکردنی پێکهاتەی زمانییەوە لە دەقەکانی ئەدەبییان دەکۆڵییەوە،کارکردن لەو ئاراستەی شێوازگەری کارکردنە لە سەر دیوی دەرەوە و ناوەوەی دەق. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە سەر دەق و ڕەهەندە زمانییەکان، بەپێی لێکۆڵینەوەی بونیادگەرەکانیش هەر دەقێکی ئەدەبی دوو بونیادی هەیە، بونیادێکی زمانی و بونیادی ناوەوە کە کار لە سەر پەیام و ناوەرۆکی دەق دەکات، چونکە لەوەوە دەست پێدەکەن کە پێویستە تەرکیز لە سەر جەوهەری ناوەوەی دەقی ئەدەبی بکرێت (الماضی، ۲۰۱۰: ۲۰۲). لە بەر تیشکی ئەو بۆچوونەی بونیادگەرەکان جاکۆبسن کار لە سەر دیوی ناوەوەی دەق دەکات، باس لە پەیامی دەق دەکات و چەند ئەرکێک بۆ ناوەوەی دەق دەست نیشان دەکات کە دواتر بنەماکانی شێوازگەری ئەرکی لە سەر دامەزرا. هەروەها جەخت لە سەر کردەی گەیاندن دەکاتەوە و پێی وایە ئەرکی زمان گەیاندنە، بە واتای گەیاندنی بیر لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر گەیاندن پەیوەستە بە گەیەنەر و وەرگر و ئامرازی گەیاندن، لە ڕێی ئەمەشەوە پەیام دەگوازرێتەوە (بیرجیرۆ، ۱۹۹٤: ۹۹). ئەم بۆچوونەشی لەم نەخشەیەدا زیاتر ڕوون دەکاتەوە:



هەولێر کتێب

یاکۆبسن لە کردەی گەیاندندا (٦) ڕەگەزی پێویست دەست نیشان دەکات، ئەوانیش گەیەنەر، وەرگر، کۆد، سیاق، کەناڵی پەیوەندی، کۆد. هەر یەکە لە مانەش تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە پرۆسەکەدا و دەکەونە ژێر کاریگەری دەوروبەر و ئەو سیاقەی دەقەکە لە خۆ دەگرێت. پرۆسەی گەیاندنیش لە ناو دەقدا جێبەجێ دەکریت و ڕەگەزەکانی دیاری دەکات. نەعمەتۆڵڵا حامد نهێلی لە کتێبی *شێوازگەری*دا ئاماژە بۆ ئەو ڕەگەزانە دەکات و بەو جۆرە باسیان لێوە دەکات:

۱- نێرەر- گەیەنەر: ئەرکی دەربڕین دروست دەکات، هەست و هەڵچوون و بیرەکانی تێدا دەنێردرێت و لە ڕێی دەربڕینەوە گوزارشتیان لێدەکات.
۲- وەرگر: خوێنەر یا کەسی بەرامبەرە، بە هۆی ئەوەوە کردەی گەیاندن بەرهەم دێت.

۳- ڕێڕەو (سیاق): ئەو سیاقەیە کە دەقەکە لە خۆیدا هەڵدەگرێت و لە ڕێی ئەوەوە پەیام دەگات.
٤- کەناڵی پەیوەندی: ئەو کەناڵەیە کە پەیام بەهۆیەوە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر دەچێت.
٥- کۆد: ئەرکی فەرهەنگی دروست دەکات، پێشی دەوترێت ئەرکی پشتەوەی زمان.
٦- پەیام: مەبەست و ناوەرۆکی دەق دەگەیەنێت کە دەکرێت ئەرکی دەق لە خۆ بگرێت.

یاکۆبسن بێجگە لەو ڕەگەزانەی لە کردەی گەیاندن دا خستنیە ڕوو،کار لە سەر بابەتە زمانییەکان دەکات لە پێکهاتنی دەقدا و باسی چەند مەسەلەیەکی ڕێزمانی و ئەدەبی دەکات و بە یەکیانەوە گرێ دەدات. ریفاتێر یەکێکی تر لەو شێوازگەرانەی کە بۆچوونەکانی لە سەر شێوازگەری ئەرکی خستۆتە ڕوو. سەرنجەکانی یاکۆبسن بوونە هۆی ئەوەی شێوازگەری ئەرکی لە سەر دەستی ئەو سەر هەڵبدات، لە پێناسەکردنی شێوازگەری ئەرکیدا دەڵێت: ئەو شێوازگەری ب ڤەکۆلینا کریارا گەهاندنێ رادبیت ب ڕێکا تێکستا ئەدەبی، د گەل داکۆکی کرن ل سەر ئەوان ڕەگەزان ئەوێن هاریکاریێ د کەن ژبۆ بەرچاڤکرن و دیاریکرنا کەسایەتیا نڤیسەری یا داهێنەری و سەرنجا وەرگری (خواندەڤانی) بۆ لایێ خۆ رادکیشت (نهێلی، ۲۰۰۷: ۱۱٤). بە بۆچوونی ریفاتێر ڕەگەزەکانی کردەی گەیاندن بەیەکەوە هاوکاری یەکتر دەکەن لە دیاری کردنی شێوازی دەقێک هەروەها کەسایەتیی نووسەر و لایەنی داهێنەری و سەرنج و بۆچوونەکانی وەرگریش دەردەخات. لە لایەکی تریش لە لێکۆڵینەوەکانی دا کاری لە سەر وەرگر خوێنەر دەکرد، چونکە پێی وا بوو کە خوێنەری تێگەیشتوو و ڕۆشنبیر دەتوانێت شێوازی دەقێك دیاری بکات و بنەما دەلالییەکانی دەربخات. هەر بۆیە ئەو جۆرە خوێنەرەی ناونا بوو «القارئ العمدة» بە واتای کەڵەخوێنەر یا خوێنەری سەرەکی (تاوریریت، ۲۰۱۰: ۱۷٤). بەمەش توانی بنەماکانی شێوازگەری ئەرکی بە تەواوی دابڕێژێت. بە شێوەیەکی گشتی شێوازگەری ئەرکی زیاتر جەخت لە سەر ئەرکی شیعرییەتی دەق دەکاتەوە، بە جۆرێک پێی وایە ئەرکی دەق شیعرییەت و گەیاندنە، بنەما شیوازگەرییەکانیشی لە سەر پێکهاتەی زمانی دەق و بنەما دەستوورییەکانی زمان و لایەنەکانی دروستکردنی شیعرییەت تێیدا دەخاتە ڕوو.

۵- شێوازناسیی ئەرکی لە *کۆشیعر*-ی چنار نامیق

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا هەوڵ دەدەین لە ڕێی بنەما شێوازگەرییەکانی یاکۆبسن و ریفاتێر بە پێی شێوازگەری ئەرکی کار لە سەر دەقە شیعرییەکانی چنار نامیق بکەین. یەکێک لە دیارترین سیماکانی شیعری هاوچەرخ ئەوەیە کە ژنان لەچاو قۆناغەکانی پێشتری مێژووی ئەدەبی کوردی، ڕۆڵی بەرچاو دەبینن لە مەیدانی ئەدەبیاتدا. ژنان لە ڕێگەی دەقی ئەدەبییەوە هەست و سۆز و

بیری خۆیان دەگەیەنن، ئەمەش پێگەی ژنان لە ناو کردەی ئەدەبیاتدا دەردەخات. چنار نامیق لە کۆتایی سەدەی بیست لە سالانی نەوەدەکانەوە بەرهەم و دەقەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە و لە ساڵی ٢٠٠٦ کتێبێکی شیعری بە ناوی *کۆ شیعر* بڵاو کردەوە، کە لە ٦٠ دەقی شیعری پێکهاتووە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بە پێی شێوازگەری ئەرکی کار لە سەر ئەو بەرهەمە بکەین و شێوازی شیعرەکانی دەربخەین. بە شێوەیەکی گشتی، شێوازناسیی ئەرکی کار لە سەر شەش رەگەز دەکات: نێرەر، وەرگر، پەیام، ڕێڕەو، کۆد،کەناڵی پەیوەندی. یاکۆبسن لە توێژینەوەکانیدا لە بەرامبەر هەر سێ رەگەزی نێرەر، وەرگر، پەیام هەر سێ جێناوی من، تۆ، ئەوی بەکار هێنا. من وەک نووسەر، تۆ وەک وەرگر، ئەو وەک پەیام. هەر بۆیە هەر یەک لەو رەگەزانەش تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆیان هەیە کە دەکرێت لە دەقەکانی چنار نامیق-دا ڕەنگ بدەنەوە و ئاماژەیان پێ بکەین.

٥-١- شێوازناسیی ئەرکی لە *کۆشیعر*-ی چنار نامیق

نووسەر یان خاوەن دەق رۆڵی نێرەر یا گەیەنەر دەبینێت. دەکرێت لە ڕێی دەقەکانیەوە دیوی ناوەوە و دیوی دەرەوەی دەقەکانی وەر بگرین. دیوی ناوەوەی ئەو بارودۆخە دەروونیەیە کە لە ناواخنی دەقەکەیدا لە ڕێی هەڵبژاردنی کەرەسە زمانییەکان و جیهانبینی نووسەرەوە لێی بدوێین. مارسیل برۆست دەڵێت: شێواز وەکو هەندێک کەس بۆی دەچن، ڕازاندنەوە و چنین نییە هەروەها مەسەلەی تەکنیکیش نییە، بەڵکو وەکو ڕەنگ وایە لە وێنەدا. ئەمە خاسیەتێکی بینینە کە جیهانی تایبەت ئاشکرا دەکات و هەر یەکێک لە ئێمە ئەو خاسیەتە بەجیا دەبینین (فضل، ١٩٩٨: ٩٦). واتا هەر یەک لە نووسەران جیهانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە کە جیهانبینی خۆیانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە. دەکرێت لە ڕێی جیهانبینی شاعیر و لە ڕێی هەڵبژاردنی کەرەسە زمانییەکان لە ناو دەقدا بە شێوازی نووسەر بگەین. ئەو قۆناغە مێژوویی و سەردەمییەی چنار نامیق تێیدا دەژیت، قۆناغێکی نوێ و هاوچەرخە لە ئەدەبی کوردیدا، بە تایبەت لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنەڕەتی لە مێژووی گەلی کورددا ڕوویاندا کە بوونە هۆی گۆڕانی ئەدەب لە پاڵیاندا. شیعری کوردی ئەم قۆناغە لە قۆناغەکانی پێشوو تر جیاوازتر بوو لەمەر چەندین بابەتی تازە و جیهانبینی تازە بابەتەکانی هەڵدەچنێت. هەر بۆیە شیعرەکانی شاعیر ڕەنگ دەرەوەی سەردەمەکەی خۆیەتی و وەک ژنێکیش بۆ مەسەلەکانی ژیان دەروانێت، بە تایبەت بۆ مەسەلەکانی تایبەت بە ژنان کێشەکانی ژنان و وەسفی ژن و بەرگریکردن لە خواست و ماڤەکانی ژنان و جیهانبینی خۆی وەک نووسەرێک دەردەخات، نەک وەک نووسەرێکی ژن و خۆی دەپارێزێت لەو جیاوازییە ڕەگەزییە. ئەمەش هەڵقووڵاوی بیری خۆیەتی کە لە ڕێگەی چنینی زمانی و کەرەسە زمانییەکانەوە پەیام و مەبەستی خۆی بگەیەنێت.

له شیعری «ئەستێرەکان نارژێنە نێو دەستەکانم»دا بەو جۆرە باس لە هەستی خۆی و نیگەرانییەکانی دەکات بەرامبەر بە ژیان و دەڵێت:

شەو درەنگان
لە پیاسەی تەنهایی روح دەگەڕێمەوە
پیاسەیەک
بە رەنگی عیشق و
بە خەندەی وەریوم دەچێت
سەیرکە چەند پڕم لە سۆز و
بەتاڵم لە بەختەوەری (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۱۲۳)

لێرەدا شاعیر لە ڕێی بەکار هێنانی جێناوی لکاوی «م» کە بۆ «من»ی شاعیر دەگەڕێتەوە. باس لە غوربەت و هەست کردن بە تەنهایی و عەشق و نەبوونی بەختەوەری دەکات. شاعیر لە بەرامبەر ئەو هەست و سۆزەی هەیەتی هەست بە بەختەوەری ناکات. ئەمەش بینینی تایبەتی نووسەرە بەرامبەر بە ژیان و لە کۆتاییدا هۆی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت:

بە خورپەی دڵی گوڵێک دەچم
بە بیانوی عیشق
دەستێک لە ژین دایدەماڵێ و
ڕوح و جەستەی لە یەکدی جیا دەکاتەوە (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۱۲٤)

شاعیر وەک ژنێک خۆی لە ناو هەزاران ژنی تردا دەبینێتەوە کە بە بیانووی عیشقەوە کوژران و ستەمیان دەرهەق کرا. بۆیە شاعیر ترسی لە مێینە بوونی خۆی هەیە لە بەرامبەر ئەو داب و نەریتەی لە کۆمەڵگادا هەیە.

دەربڕین و هەڵبژاردنی کەرەسە زمانییەکان هۆکارێکی تری توانستی نووسەری دەقن کە دەتوانێت لە ڕێی دەربڕینەوە پەیامی خۆی بگەیەنێت. لە شیعری «گەمەکانی من و بیکاتشۆ»دا دەڵێت:

پەموە بەفری موحیبەتم
بە پەنجەرەی ڕۆحتدا دا و
پێت نەزانیم (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۷۹)

هەڵبژاردنی وشەی «پەمو» لە گەڵ «بەفر» گونجاندنێکی دروست کردووە. لە ڕووی ڕەنگ و گەرمییەوە، شاعیر هەستی گەرم و سپی پاکی بە پەمو چواندووە و لەتەک وشەی بەفردا لێکی داون. ئەمەش هارمۆنیا و شیعرییەتی بە دەقەکە بەخشیووە. لە دەقێکی تریدا دەڵێت:

سەرپەنجەکانت پڕ کردم لە ئەستێرە
وەلێ
دورگەی چاوەکانم
ئاسمانێکی بێ ساماڵە (چنار نامیق، ٢٠٠٦: ٩٧)

لێرەدا وشەی «بێ ساماڵە»ی هەڵبژاردووە لە جیاتی «پڕگریان، پڕهەور» واتە چاوەکانی ڕوون و ساماڵ نییە کە ئەمەش ئەو شێوازەیە شاعیر لە ڕێی هەڵبژاردنی کەرەسە زمانییەکانەوە پەیڕەوی لێکردووە. لە ڕووی یاسا ڕێزمانی و لادانە زمانییەکانەوە دەبینین بەشەکانی ئاخاوتنی وەک ناو، جێناو، هاوەڵناو و کار. هەموو ئەمانەی بەجۆرێک بەکارهێناوە کە شیعرییەتی دروست کردووە. لادانەکانیشی لە هەر سێ ئاستی دەنگ و وشە و ڕستەدا بەدی دەکرێت؛ هەروەک لە دەقێکیدا دەڵێت:

هەموو ساڵێک ئەم دەمانە
گەمەم بە شادی و
پێکەنینم بە گریان و
گریانم بە پێکەنین دێ ... (چنار نامیق، ٢٠٠٦: ١١٢)

لەم نمونەیەدا لە ڕێی هەڵبژاردن و دووبارەکردنەوەی وشەکان و کرتاندنی کاری «دێ» لە نیوەی دووەم و سێیەمدا جۆرێک لە گەمەی زمانی بەکارهێناوە کە هەم شیعرییەتی بە دەقەکە بەخشیوە و هەمیش توانای نووسەر دەردەخات لە چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکان. شاعیر لە جیاتی ئەوەی بڵێت «گەمەم بە شادی دێ، پێکەنینم بەگریان دێ، گریانم بە پێکەنین دێ» تەنها یەک جار و لە کۆتایی نیوەی سێیەم کاری «دێ»ی بەکارهێناوە و خۆی لە دووبارەکردنەوەی کارەکە پاراستووە. ئەمەش توانای نووسەر دەردەخات لەو شێوازەی بەکاری هێناوە لە شیعرەکانیدا.

٥-٢- وەرگر

مەبەست لێی کەسی بەرامبەرە یا قسە بۆکراوە. ڕەگەزێکی گرنگە لە کردەی گەیاندندا؛ چونکە ئەگەر کەسێک نەبێت قسەی بۆ بکرێت ئەو کردەیە ڕوو نادات، هەروەها ئەو پەیامەی لە ڕێی نێرەرەوە دەگاتە بۆ نێردراو تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێت لە گەڵ ئاستی بەرامبەردا بگونجێت. دیارە ئەو پەیامەی دەگاتە بۆ نێردراو بەو شێوازە زمانی و ئەدەبییە، بەو زمان و فۆرمە تایبەتییە پێشکەشی بۆ نێردراو دەکرێت کە بۆ نێردراو پەسەندییەتی و لەگەڵ توانا ئەقڵی و گرنگیدانە ڕۆشنبیری و پێویستییە هەنووکەییەکانی دەگونجێت (عەبدوڵا، ٢٠١٠-٢٠١١: ٣٩)؛ هەر بۆیە تێگەیشتنی بۆ نێردراو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و تەمەن و جۆری کەسەکان لە هەموو بوارەکانەوە جیاوازە. بۆ نێردراویش تەنها ئەرکی چێژلێبینین

نابینێت، بەڵکو ئاستی بەشداری‌کردنیشیەتی لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەق، ئەمەش دەکەوێتە ناو پرۆسەی رەخنەوە و لەوێوە ئەرکی رەخنەگر پەیدا دەبێت. لە شیعرەکانی چنار نامیق دا ئەوەی بەرچاو دەکەوێت، بەردەوام لەگەڵ کەسی بەرامبەردا لە گفتوگۆدایە. وەک ئەوەی بەردەوام بۆ «تۆ»ی گوێگر دەنوسێت و دەیەوێت لە ڕێی دەقەکانییەوە «تۆ»ی خوێنەر یا وەرگر هۆشیار بکاتەوە بەوەی دەیەوێت لە ناخیدا دەریببڕێت، هەروەک دەڵێت:

که ڕۆیشتی بیرەوەرییەکانم جێبێڵە
شەڕی ڕۆژگارم پێ ناکرێت (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ٦۹)

لێرەدا شاعیر لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا دەکەوێتە گفتوگۆ، بەوەی دوای ڕۆیشتنی بیرەوەرییەکانی بە جێ بهێڵێت، ئاگاداریشی دەکاتەوە لەوەی ناتوانێت بەتەنیا شەڕی ڕۆژگار و لەبیرنەکردنی بیرەوەرییەکانی پێ بکرێت.

هەروەها زۆربەی شیعرەکانی ڕووی لە بەرامبەر و گوێگرێک کە ئاشنایە پێی و لە ناخی تێدەگات، هەروەک دەڵێت:

مەبە ژان و شوێن زاکیرەم مەکەوە
زەمەنێکە
ڕێی مااڵی خۆم و تۆ و ئارامیم ون
کردووە ...! (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۷۰)

شاعیر کەسی بەرامبەر بە جۆرێک نیشان دەدات کە لەبیرەوەرییەکانیدا بوونی هەیە و ئاشنایە پێی، ئەگەرچی بوونی خەم و پەژارەیە بۆ ژیانی. لە دەقێکی تریدا دەڵێت:

ئێوارەیەک لە بێدەنگیدا خۆی دەخواتەوە و
شەویش زمانی لاڵ دەبێت
بە ئاوابوونم لێڵ مەبە و
بە مەحزوونیم ئاگر لە ناخت بەر نەبێت (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ٤۹)

شاعیر وشە و دەستەواژەکانی بە جۆرێک هەڵبژاردووە کە لەگەڵ یەکتر گونجاندوونی و پێکەوە جۆرێک تێگەیشتن لای خوێنەر دروست دەکەن، بۆ نموونە «زمان لاڵی»ی داوەتە پاڵ شەو لە کاتێکدا زمان ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە و کە مەبەستی «ئەو»ی گوێگرە یا ئەو کەسەی دەیدوێنێت، «لێڵ بوون»ی بەکارهێناوە کە مەبەست لێی شڵەژانی باری دەروونی بەرامبەرە، واتە بە دوور کەوتنەوە لە بەرامبەرەکەی، داوای لێدەکات خەم داینەگرێت و بەلایەوە ئاسایی بێت. لێرەدا وشە و دەستەواژەکانی بەجۆرێک بەکارهێناوە کە خوێنەری ئاسایی بە وردبوونەوە لە دەقەکەدا لێی تێبگات. نەک خوێندنەوەیەکی ئاسایی، ئەمەش توانای خوێنەر دەردەخات. بە

شێوەیەکی گشتی نووسەر بە جۆرێک دەقەکانی داڕشتووە کە وەرگر بەشداری لە پەیامەکانی بکات و ڕا و سەرنجی هەبێت هەروەها بۆ نێردراو لە هەست و بیری خۆی ئاگادار دەکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگای هەڵبژاردنی دەربڕینێکی جوان و سەرنج راکێش لە دەقەکانیدا.

۵-۳- پەیام

مەبەست لە پەیام ئەو ناوەرۆکە شیعرییەیە کە دەق لە خۆیدا هەڵیگرتووە. واتا شاعیر بیر و هەستەکانی لە ڕێی کەرەسەکانی زمانەوە دەردەبڕیت، هەریەکە لەو بیرانەش لە مێشکی نووسەر یا شاعیرەوە هەڵقووڵاون و زادەی بیری نووسەرن. ناوەرۆک و پەیامی شیعر بە پێی تیۆر و قۆناغە ئەدەبییەکانیش جیاواز بووە و هەمیشە جێی بایەخی لێکۆڵەر و نووسەران بووە، ئەمەش هەر لە یۆنانییەکانەوە تا ئەمڕۆ قسە و باسی زۆری لە بارەوە کراوە. ناوەرۆکی شیعری کوردی هاوشێوەی ئەدەبی جیهانی بە چەند قۆناغێکی جیاجیا تێپەڕبووە، کە ڕەنگدەرەوەی سەردەمەکەی خۆی بووە. بە سەرنجدانێکی ورد لەو گۆڕانانەی بە پێی قوتابخانە ئەدەبییەکان بەسەر شیعری کوردیدا هاتووە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە شیعری کوردی لە هەر سەردەمێکدا ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی بیر و باوەڕ و جۆری تێگەیشتن و تێڕوانینی شاعیر و بارودۆخی سەردەمەکەی خۆی بووە و بە دەنگ ئەو گۆڕانانەوە هاتووە کە بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ئەو سەردەمەدا هاتووە و توانیویەتی گیانی ئەو سەردەمە دەربڕێت کە تێیدا ژیاوە. دیارە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە شیعری کوردی لە کاروانی پەرەسەندن و نوێبوونەوەی شیعردا هەمیشە توانیویەتی شان بەشانی ئەو گۆڕان و پەرەسەندنانە بەڕێوە بڕوات کە لە هەر قۆناغێکدا گۆڕان و پەرەسەندنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی میللەت دروستی کردووە (سابیر، ۲۰۰٦: ٤٥٧). کە واتە لە هەر قۆناغێکدا بوو بێت ئەدەب گوزارشتی لەو بارودۆخە کردووە کە تێیدا لە دایک بووە. لە قۆناغی ژیانی چنار نامیقیشدا کە قۆناغی ئێستا و چەند ساڵی ڕابردووە، ژیانی میللەتی کورد بە جۆرێک بووە جیاواز لە قۆناغەکانی پێش خۆی. زیاتر بابەتەکانی نیشتیمان و وەسفی سروشت و کێشە و ماڤی ژن و خۆشەویستی و دڵداری و غوربەت و بێهوودەیی لە شیعرەکانیدا دەبینرێن.

شاعیر لە ڕێی دەقە شیعرەکانییەوە دەیەوێت پەیامی شاعیرانەی خۆی بگەیەنێت بە بەرامبەر. شاعیر جیاواز لە شاعیرەکانی تر، وەسف و ستایشی نیشتیمان و سروشتی کوردستان ناکات، بەڵکو کاتێک باسی دەکات وەک هاونیشتیمانییەک خەمی جوگرافیا و بوونی نیشتیمانەکەیەتی هەروەک دەڵێت:

لە مەملەکەتێکەوە هاتووین
بێ ناونیشان لە جوگرافیای بووندا (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ٤٩-٥٠)

لێرە خەمی شاعیر خەمی مەملەکەت و زێد و نیشتیمانییەتیکە جوگرافیا و سنوورێکی دیاری کراوی نییە هەروەها لە دێرێکی تردا دەڵێت:

وەرزەکانی تەمەنیشم
چوون نیشتمانی داگیرکراوم لەت لەتە (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۱٤٥)

ئەگەرچی نیشتمان سنوورێکی نییە، لە هەمان کاتیشدا داگیرکراوە؛ هەر بۆیە شاعیر وەرزەکانی ساڵی هاوشێوەی نیشتمانەکەی لەت لەت و پارچەپارچەیە. یەکێکی تر لەو پەیامانەی شاعیر دەیەوێت لە ڕێی دەقەکانییەوە بیگەیەنێت، باسی ژن و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ژنە. شاعیر وەک ژنێک لە بارودۆخی ژن تێدەگات، چونکە خۆی لە ڕەگەزی ئەوانە، لەو قۆناغەشدا هێشتا ژنان بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە دەچەوسێنرێنەوە و بە تەواوی ئازاد نەبوون.

لە یەکێک لە دەقەکانیدا دەڵێت:

هێشووە خەندەکانیان ناردینە دورگەیەک
ئارامی پەی پێ نابات
لە کیشوەری دەروونمانا هەواکانیان سپاردینە دۆزەخ و
دەروازەی خۆشبەختییان لێ کڵۆم کردین
بە تۆمەتی عیشق مەحکوم کراین
بەر لەوەی تاریکی دا بێ چاوانیان لێو کردین لە لم
تەمەنمان سپاردە بیابان (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۱٤۲)

شاعیر وەک ڕەگەزی مێ دەدوێت و باس لەو نەهامەتییە دەکات کە لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕووبەڕووی مێ دەبێتەوە هەر لە کاتی لە دایک بوونەوە. بە تۆمەتی عیشق مەحکوم دەکرێن و بە ناوی پاراستنی ناموسەوە گوێیان پڕ دەکرێت بەوەی ژنن و ناموسی خانەوادەیان بەندە بە پاکی ئەوانەوە. لە دەقێکی تردا جوانتر ئەمە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت:

بە خورپەی دڵی گوڵێک دەچم
بە بیانووی عیشق
دەستێک لە ژین دایدەماڵێ و
ڕوح و جەستەی لە یەکدی جیادەکاتەوە (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۱۲٤)

لێرەدا تا ژنێک بە هیوا و خواستەکانی دەگات، دەیان ژنی تر دەکوژرێن و ستەمیان دەرهەق دەکرێت، ئەمەش بابەتێکە لە هەناوی کۆمەڵگای کوردیدا بوونی هەیە و شاعیر لە ڕێی پەیامی شاعیرانەیەوە دەیەوێت، ئەو حەقیقەتانە دەربخات و کۆمەڵگای لێ هۆشیار بکاتەوە. نامۆیی لە

ژیان له بوون بەشێکی تری شیعرەکانی پێکدەهێنێت. شاعیر زۆر جار گومانی هەیە و بە بێ ئومێدییەوە لە ژیان دەڕوانێت و دەڵێت:

لە دوو چاوی کۆترێکی نابیناوە دەڕوانمە،
گوێسەبانە تاریکەکانی رۆژگار (چنار نامیق، ٢٠٠٦: ٦٠)

لێرەدا شاعیر هەروەک کۆترێکی نابینا کە چەندە بێ دەسەڵاتە بەرامبەر بە ژیان، سەیری مەنزڵی ژیانی دەکات، سەیری کوچەیەک دەکات کە لە تاریکی ڕۆژگاردا بۆی جێ ماوە.

۵-۴- کۆد

هەموو ئەو وشە و دەستەواژانەوە دەگرێتەوە کە نووسەر یا نێردراو لەو دیو سنووری زمانییەوە بەکاریان دەهێنێت. ئەمەش ئەرکی فەرهەنگی وشەکان دەردەخات کە شاعیر یا نووسەر بۆ چ مەبەستێک بەکاریان دەهێنێت، ئایا بۆ مەبەستی فەرهەنگی خۆیان بەکارهاتوون یا بۆ مەبەستی جوانکاری و ڕەمز و خواستن و لێکچواندن بەکاریهێناون. لە دەقەکانی شاعیردا کەرەسەکانی زمان بۆ مەبەستی جیاجیا بەکارهاتوون؛ لە وانە:

ئارامیت نەکرد بە سابات
تەمەنت ئەنفال کردم و
هۆشم پەی بە ڕێگام نابات (چنار نامیق٢٠٠٦ : ٨١)

لێرەدا وشەی «ئارامی» وەکو چەترێک بەکارهێناوە کە بیێتە هۆی ئاسودەیی و بەختەوەری. هەروەها وشەی «ئەنفال» وەکو ڕەمزێکی مێژووی بەکارهێناوە کە لە مێشکی تاکی کورددا وەک بیرەوەرییەکی ناخۆش تۆماربووە و بەمانای داگیرکردن و لەناوبردن و جینۆسایدکردن هاتووە. لێرەدا تەمەنی شاعیر بەدەست کەسی بەرامبەرەوە لەناوچووە. یا لە دەقێکی تریدا دەڵێ :

کە سێبەرت بە لای شەوگاردا تێپەڕی
نیگەرانی ڕوخساری ڕۆژی داپۆشی
ئیدی بازێک بە سەر شانما نەنیشتەوە و
ئەستێرەکانی سەر پەنجەم
کوژانەوە و
شیعرەکانم لە تاریکیدا دەنووسی (چنار نامیق، ٢٠٠٦: ٩٥)

وشەی «باز» وەک ڕەمزێکی ئەفسانەیی بۆ مەبەستی خۆشی هێنان بەکارهاتووە، ئاماژەیە بەو «بازە»ی کە لە سەر شانی هەر کەس بنیشێتەوە دەبێتە پاشا و خۆشی بۆ دەهێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕۆژگاری ڕەش و تاریک کردووە. هەر لەو دەقەدا (نیگەرانی ڕوخساری ڕۆژی داپۆشی)، دەشێ «ڕوخساری ڕۆژ» مەبەست لێی دەموچاوی وەک ڕۆژ ڕووناک و درەوشاوە بێت،

هەوالنامەی کێبڕکێ

واته «رۆژ» خواستن بێت و بۆ دوور له واتای فەرهەنگی خۆی بەکارهاتووە که مەبەست لێی ئەوەیە ڕوخساری وەک خۆر جوان و درەوشاوەیە.

له دەقێکی تردا دەڵێت:

لێرە تا گوڵێک دەپشکوێ
دەیان دارچناری سەوز
پرچەکانیان با دەیڕنێ (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ١٦)

وشەکانی «دارچنار، با» بۆ واتای فەرهەنگی خۆیان بەکارنەهاتوون، بەڵکو خواستنن. «دارچنار» مەبەست لێی ڕەگەزی مێ یە، بەهۆی وشەی «پرچ» کە لەگەڵ ژن یان ڕەگەزی مێ بەکاردێت. هەروەها «با» بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت کە نیشانەی هێز و دەسەڵاتی پیاوە .له دەقێکی تریدا بەهەمان شێوە خواستنی بەکارهێناوە و دەڵێت:

من و لەتە مانگێکی ڕەشپۆش
کە هاتینە ئەم هەواڕە پڕ تەلیسمە
دوو شاژنی شوشەیی بووین (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۸۷)

لێرەدا «لەتە مانگێکی ڕەشپۆش» مەبەست لێی ژنێکی بێ هاوسەرە، چونکە ئەو ژنەی بێ هاوسەر دەمێنێتەوە ڕەشپۆشە، واتە دوو شاژنی ناسک وەک شوشە و جوان وەک مانگ بوون. لێرەدا شاعیر وشەی مانگی بۆ دوور لە واتای فەرهەنگی خۆی بەکارهێناوە. له دەقێکی تردا دەڵێت:

شەمشەمە کوێرەیەک دەیوت:
شەوان کە گێتی کوێر دەبێت
تێڕوانینم تەڵخ دەبێت (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۹۲)

وشەی«شەمشەمە کوێرە» بۆ کەسانی تاوانبار و خراپ بەکارهاتووە کە زۆربەی کات لە شەواندا کارەکانی ئەنجام دەدات، بەرچاوی تاریک دەبێت و هەر بڕیارێک بیەوێت دەیدات. بەمەش وشەکە بۆ دوور لە واتای فەرهەنگی خۆی بەکارهاتووە، لێرەوە شاعیر لە ڕێی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ئەو وشانە توانیویەتی مەبەستی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت.

۵-۵- سیاق

ئەو ڕێگە و ڕێچکەیەیە کە کردەی گەیاندن پێیدا تێپەڕ دەبێت و بە هۆێ ئەوەوە شاعیر پەیامی خۆی دەگەیەنێت. زمان لە سیاقدا ئەرک دەبینێت، سیاقیش ئەو ئەرکەیە ئەو کاتەی زمان دەبێتە هێما بۆ ئەوەی گوزارشت لەو شتانە بکات کە مەبەست ئەوەیە هەواڵێک لە بارەیانەوە بدرێت. ئەو کاتەی هەواڵ گەیاندن دەبێتە ئەرکی سیاق (عەبدوڵا، ۲۰۱۰-۲۰۱۱: ٤٣). لە شیعرەکانی چنار

نامیق‌دا به جۆرێک سیاقی هۆنراوه‌کانی ڕێک خستووه که له‌گەڵ مەبەست و پەیامه‌که‌یدا بگونجێت.

شاعیر له یه‌کێک له دەقه‌کانیدا دەڵێت:

نەنکم به پەنجه چرچه‌کانی
تەمەنی خۆی دەڕێسا
لۆچی ڕومەته‌کانی دەخوێندەوه
دەفتەری سپی پرچه‌کانی دەپشکنی
تەنها ئەم دەستەواژەی تێدا بوو
(ڕێسه‌کەم مه‌کەنه خوری) (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۸۷)

شاعیر له ڕێی ئەو سیاقەی دارشتنی که‌رەسه زمانییه‌کانی تێدا ڕێک خستووه، دەیەوێت پەیامی ژنانەیی خۆیمان پێ بڵێت، دەیەوێت بڵێت: ژنان هەرچەند به تەمەن بن بەڵام هێشتا دەیانەوێت سەربەرز بژین. ژنان له کۆمەڵگای ئێمه تێکۆشەر و خەمخۆرن، چرچی دەست و لۆچی ڕوومەت و تاڵی سپی پرچیان هەمووی چیرۆکن و هەر یه‌کەیان کۆڵه‌کەی چەندین خەمه و به درێژایی ژیانی ئەو خوریەیان ڕێساوه؛ بۆیه مەکەنه وه به خوری تێکهەڵکێشه له‌گەڵ پەندێکی کوردی، بەڵام پەندەکه خۆی «درکه»یه و واتایه‌کی ڕاستەوخۆی نەداوه به دەستەوه، بەڵکو له تەواوی دەقه‌کەوه واتاکەی وەردەگرێت و بەوا واتایەی (دوای ماندووبوون به ئیشێکەوه،که خەریکه کۆتایی دێت و بەرەو تەواوبوون دەچێت، ئیشەکەم لێ تێک مەدەن له سەرەتاوه دەست پێ بکەمەوه). ئەمەش هەر ئەو سیاق و ڕێککەوتنەیه که له دەقه‌کەدا له خۆی گرتووه.

له دەقێکی تریدا دەڵێت:

ساتێ دێت تۆش ئۆغر دەکەیت
وەکو سەفەری کاتەکان
کەس ناڵێ ئۆغرت خێر بێت (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۹۱)

شاعیر ساتی ڕۆیشتنی ئەو کەسەی دەیدوێنێت، وەکو ئەو کاتانەیه که کەس ناڵێت ڕۆیشتنت یا سەفرت خێر بێت (ئۆغرت خێر بێت) نزایه که کاتێک کەسێک سەفەر دەکات یان له شوێنێکەوه بۆ شوێنێکی تر دەڕوات، بۆی دەکرێت، بەڵام سەفەر و ڕۆیشتنی ئەو جیاوازه و کەس نزای خێری بۆ ناکات.

۵-۶- کەنالّی پەیوەندی

ئەو هۆکارەیه که نووسەر یا نێرەر دەیەوێت له ڕێی ئەوەوه پەیامەکەی بگەیەنێت، ئەو هۆکارەش دەکرێت له ڕێی شیعر یا ژانرەکانی پەخشان بێت. هەروەها له ناو ئەو ژانرانەشدا نووسەر چ جۆرە

زمان و شێوازێک هەڵدەبژێرێت، بە واتایەکی تر شاعیر بە چ شێوەیەک دەق و پەیامەکەی دەگەیەنێتە خوێنەر و خوێنەریش تا چ ئەندازەیەك لە مانا و مەبەستەکانی نووسەر تێدەگات. بە شێوەیەکی گشتی شاعیر جۆرە زمانێکی بەکارهێناوە کە لەگەڵ ئاستی خوێنەردا بگونجێت، بە جۆرێک بۆ خوێنەری ئاست بەرز و ئاست نزم دەشێن. زۆر جار کەرەسەکانی زمانی بە جۆرێک هەڵبژاردوون و بەیەکەوە گونجاندوونی کە سیمای شیعرییەتی لە خۆ گرتووە و پلەی شیعرییەتیان بەرزکردۆتەوە. لە وانەش (هیوای نێژراو، پەموی بەفر، سەفەری کاتەکان، ئاو کۆچی کرد). ئەمانە هەریەکەیان بە جۆرێک لە ناو دەقەکاندا بەکارهاتوون کە توانا و سەلیقەی شاعیر پیشان دەدەن.

هەروەک لە یەکێک لە دەقەکانیدا دەڵێت:

سەیرە پەنجەی درەختەکان
لەگەڵ ئەم زریانە شێتەدا
چۆن هەڵدەکا (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۹۳)

«پەنجەی درەختەکان، زریانە شێت» و هەر یەکە لەم دەستەواژانە، بە جۆرێک رێکی خستوون و گونجاندوونی بەیەکەوە کە وێنەیەکی شیعری جوانیان دروستکردووە. پەنجەی درەختەکان مەبەست لێی «گەڵا و لقی درەخت» و زریانی شێت مەبەست لێی «زریانێکی بەهێز». هەر یەکە لەوانەش خواستنن و بۆ واتای فەرهەنگی خۆیان بەکارنەهاتوون و لە بنەڕەتیشدا مەبەست لێیان مرۆڤە، مرۆڤێکی هێدی و هێمن کە زیاتر مەبەستی ڕەگەزی مێیە، لەگەڵ مرۆڤێکی تورە و شەرانی کە شانازی بە هێز و بازووی خۆی دەکات کە مەبەستیش لێی پیاوە، چۆن پێکەوە هەڵدەکەن و دەگونجێن. لە دەقی «لە مینای دڵتا مەمنێژە، ئیدی گوڵە مینا ناگرم» وەک ناونیشانێک سێ جار دووبارە بەکاریهێناوەتەوە. ئەمەش وەک سوربوون و جەخت کردنەوەیە لە سەر شتێک کە دەیەوێت لە بەرامبەر بگەیەنێت کە هیچی تر بۆی گرنگ نییە و نایەوێت لە گوڵدانی باخی ئەودا بژیت، هەروەک دەڵێت:

لە مینای دڵتا مەمنێژە
ئیدی گوڵە مینا ناگرم
نە خەم لە ئامێزم دەگرێت
نە لە دڵی گەورەی هیچ دەریایەکدا
جێم دەبێتەوە
سەرنجی بێهودەیم دە
تا کوێم دەبا و
لە کوێدا دەمگێرێتەوە (چنار نامیق، ۲۰۰٦: ۱۰۹)

شاعیر لە ڕێی هەڵبژاردنی کەرەسە زمانییەکان و پێکەوە گونجاندنی دەستەواژەکان، دەیەوێت باسی بێ ئومێدی خۆی بکات لای بەرامبەرەکەی، کە مەبەست لێی خۆشەویستە، بە هۆی خۆشەیستییەوە بەرەو بێ ئومێدی و ڕەشبینی دەچێت. بەو شێوەیە لە ڕێی ئەو ڕەگەزانەی کە کردەی گەیاندنیان لە دەقەکانی چنار نامیقدا پێک هێناوە، دەکرێت لە شێوازی شیعرەکانی بگەین، بەوەی نێرەر لە ڕێی هەڵبژاردنی کەرەسە زمانییەکان و ڕێکخستنیان لە ناو سیاقێکی زمانیدا لە ڕێی کەناڵێکی شیعرییەوە کە شیعرییەت لە خۆ دەگرێت پەیامی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت.

٦- ئەنجام

شێوازناسیی ئەرکی یەکێکە لەو ئاراستانەی کار لە سەر دەق دەکات. بە جۆرێک کار لە سەر «فۆرم، پەیام، سیاق» دەکات و هەر یەکێکیشیان ئەرکی تایبەت بە خۆیان هەیە. بە واتایەکی تر شێوازگەری ئەرکی نرخ و بەها بۆسەرجەم پێکهاتەکانی دەق و نێرەر و وەگر دادەنێت. لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا هەر یەکە لە «فۆرم، پەیام، سیاق» بە جۆرێک ڕێکخراون کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن، بە جۆرێک خوێنەر خوێندنەوەی جیاجیا بۆ دەقەکانی بکات. شاعیر لە ڕێی هونەرەکانی «ڕەمز، خواستن، درکە» و هونەری لادان لە دەستور و یاسا زمانییەکان و هەڵبژاردنی کەرەسە زمانییەکان، توانیویەتی پلەی شیعرییەتی دەقەکانی بەرز بکاتەوە. لە لایەکی ترەوە شاعیر جیهانبینی تایبەت بە خۆی هەیە، جیاواز لە شاعیرانی تری قۆناغەکەی ناوەڕۆک و مەبەستی شیعرەکانی زیاتر غوربەت و ستەمکردن لە ژن وخۆشەویستی و بێهودەیی و خەمی نیشتمان بابەتی سەرەکی شیعرەکانییەتی. شێوازناسیی ئەرکی تەنیا لە ڕوانگەی ئەو بنەمایانەی تایبەت بە خۆی شێوازی نووسەر و شاعیران دیاري دەکات؛ بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ئەمە پەیرەو کراو و تەنیا لەو چوارچێوەیە شێوازی شاعیر بە نموونە شیعرییەکانی ڕوون کراوەتەوە و خراوەتە ڕوو.

منابع

کوردی:

ئەحمەد، سافیە محەمەد. (٢٠١٤). *شێوازی شیعرەکوردییەکانی پیربالّ مەحمود*. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلّات.

بو حسون، حسن. (٢٠٠٤). «شێوازگەری و دەقی ئەدبی». و. هیمداد حوسێن. *کاروان*، ژ. ١٨٦.

بوقرە، نعمان. (٢٠١٦). *ئاراستەکانی زمانەوانی نوێ*. و. نەریمان عبدالله خۆشناو. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلّات.

چالی، شەعبان شعبان. (٢٠٠٨). *شێوازی شیعری جزیری*. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

سابیر، پەرێز. (٢٠٠٦). *رەخنەی ئەدەبی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی*. هەولێر: دەزگای ئاراس.

سەجادی، بەختیار. (١٣٩٦). «لێکدانەوەی شێوازناسانەی قوتابخانەکانی ڕوانگە و کفری: بە سەرنجدان بە شیعری شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەلّمەت». *پژوهشنامه ادبیات کردی*، س. ٣، ژ. ٤، لل. ١٤٢- ١٧٦.

عەبدوللّا، ئیدریس. (٢٠١٢). *شێوازگەری*. هەولێر: چاپخانەی مناره.

---. (٢٠١٠-٢٠١١). *شێواز و شێوازگەری*. هەولێر: چاپخانەی مناره.

ماضی، شکری عزیز. (٢٠١٠). *تیۆری ئەدەب و سەردار ئەحمەد گەردی*. هەولێر: چاپخانەی ماردین.

هەژار، عەبدۆلڕەحمان شەرەفکەندی. (١٣٩١). *هەنبانە بۆرینە*، چ ٨. تهران: سروش.

نامیق، چنار. (٢٠٠٦). *کۆ شیعر*. هەولێر: دەزگای ئاراس.

نهێلی، نعمت الله حامد. (٢٠٠٧). *شێوازگەری تیۆری و پراکتیکی*. دهۆک: چاپخانەی سپیرێز.

عەرەبی:

ارسطو. (١٩٧٩). *الخطابة*. ت: عبدالرحمن البدوی. بیروت: دارالقلم.

ابن‌منظور. (١٩٧٩). *لسان العرب*. عبدالله علی الکبیر و محمد احمد حسب الله و هاشم محمد الشاذلی، القاهره: دارالمعارف.

الحمداوی، جمیل. (٢٠١٦). *نظریة الأجناس الأدبیة*: مکتبة المثقف.

المسدی، عبدالسلام. (١٩٨٩). *الأسلوبیة والأسلوب*،ط. ٣. القاهره: دارالعربیة للکتاب.

بن حمو حکمه. (٢٠١١-٢٠١٢). *البنیات الأسلوبیة الدلالیة فی دیوان (لا شعر بعدک) للشاعر سلیمان جوادی*. رسالة الماجستیر، جامعة ابوبکر بلقاید، تلسمان، الجزائر.

بیرجیرو. (١٩٩٤). *الأسلوبیة*. منذر عیاشی، ط. ٢. حلب: مرکز الأنماء الحضاری.

بلیث، هنریش. (١٩٩٩). *البلاغة و الأسلوبیة*. ت: محمد العمری. بیروت: افریقیا الشرق.

بن ذریل، عدنان. (٢٠٠٠). *النص و الأسلوبیة*. دمشق: اتحاد الکتاب للعرب.

تاوریریت، بشیر. (٢٠٠٩). *الحقیقة الشعریة*. اربد: عالم الکتب الحدیث.

هەوالنامەی کتێب

سلدن، رامان. (۱۹۹۸). *نظرية الأدبية المعاصرة*. جابر عصفور. القاهره: دارالبقاء.

سليمان، فتح الله احمد. (۲۰۰٤). *الأسلوبية مدخل نظری و دراسة التطبيقية*. القاهره: مكتبة الآداب.

عياشی، منذر. (۲۰۰۲). *الأسلوبية و تحليل الخطاب*، ط. ۲. حلب: مركز الانماء الحضاری.

مصلوح، سعد. (۱۹۹۲). *الأسلوب دراسة لغوية الاحصائية*،ط. ۳. القاهره: عالم الكتب.

هەوالنامەی کتێب

پژوهشنامه ادبیات کردی دوره پنجم، شماره ۸، پاییز و زمستان ۱۳۹۸

لێکدانەوەی ئاستی زمانیی شیعری وەفایی

جەعفەر قەهرەمانی [I]

ماستەری زمان و ئەدەبی فارسی

تاریخ دریافت: ۳۰ آبان ۱۳۹۷؛ تاریخ پذیرش: ۱۱ اسفند ۱۳۹۸؛ صص ۲۲۳-۲۵۹

کورتە

لە نێوان ئەو تایبەتمەندییانەی لە دەقێکدا بەرچاون، تەنیا ئەوانە بایەخی شێوازناسیی‌یان هەیە کە لە ئافراندنی شێوازدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. ئەو تایبەتمەندییانە دەبێ لە ئاستی هزر، زمان و ئەدەبدا چەندپاتە بن و بەو تایبەتمەندییانە شێوازساز دەگوترێت. شێواز، بەرهەمی ڕوانینی تایبەتی هونەرمەندە کە لە شێوەیەکی تایبەت لە دەربڕین خۆیا دەبێت و لە ئەنجامدا لە زمانێکی تایبەت دەردەکەوێت. بۆ دیاری‌کردنی شێوازی شیعری کلاسیکی کوردی، سەرەتا دەبێ شێوازی شیعری شاعیرانی ناسراوی هەر قۆناغێکی ئەدەبی بە شێوەی سەربەخۆ شرۆڤە بکرێت، پاشان تایبەتمەندییە زمانی، ئەدەبی و هزرییەکانی هەرکام لەوانە تاوتوێ بکرێن. ئەو توێژینەوەیە لە ئاستی زماندا و بەتایبەت لە ئاستی دەنگ و وشەدا شیعری وەفایی دەخاتە بەر پشکنین تا بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری وەفایی دەرکەوێت. لە ئاستی دەنگدا لە کەرەستەکانی مۆسیقای دەق وەک مۆسیقای دەرەوە کە بە شی‌کردنەوەی کێش، سەروا و پاش‌سەروا دەردەکەوێت، دەکۆڵێتەوە. مۆسیقای ناوەوە بە ڕازەکانی جوانکاریی بێژەیی وەک سەروادار، هاوشێوە و دووپات لە دەقدا بەدی‌دێت. لەم توێژینەوەیەدا لە ئاستی وشە، وشە بیانییەکان و وشە کلیلییەکان وەک تایبەتمەندییەکی شێوازی تاکەکەس شی دەکرێنەوە. ئەو توێژینەوەیە لە سەر بنەمای شێوازی تاکەکەس ئەنجام دراوە. بابەتی سەرەکیی شێوازی تاکەکەس دیاری‌کردنی ناسنامە و چەند شەقڵێکی کەسییە، نەک پەسن، یان لۆمەکردن و دەرخستنی سەرکەوتن، یان سەرنەکەوتنی شاعیر لە دونیای ئەدەبیدا.

وشەگەلی سەرەکی: شێواز؛ شێوازناسی؛ شیعری کوردی؛ ئاستی زمانی؛ ئاستی دەنگ

چکیده

از میان تمام مختصات موجود در یک متن، تنها مواردی ارزش سبکی دارند که در آفرینش سبک نقش دارند. در علم سبک‌شناسی به این مختصات، سبک‌ساز می‌گویند. این مختصات در سطح فکری، زبانی و ادبی باید متکرر باشند. برای بررسی سبك شعر کلاسیک کردی در آغاز باید سبک شعری شاعران برجسته در هر دوره‌ای، بررسی شود. در واقع می‌توان با بررسی جداگانه‌ی ویژگی‌های سبك شعری شاعران صاحب سبك، سبک شعری کلاسیک کردی در دوره‌های مختلف ادبی را مشخص کرد. با یافتن ویژگی‌های سبکی شاعران صاحب سبك، می‌توان ویژگی‌های هر مکتب ادبی و در نتیجه سبک شعری هر دوره‌ای را یافت. این پژوهش در سطح زبانی صورت گرفته تا بخشی از ویژگی‌های زبانی شعر وفایی برجسته و روشن شود، یعنی کدام ویژگی زبانی سبب تفاوت زبان شعری وفایی از دیگر شاعران شده است. این پژوهش در سطح آوایی به موسیقی بیرونی که با بررسی وزن و قافیه و ردیف معلوم می‌شود، پرداخته است. در موسیقی درونی هم در سطح کلمه، درصد کلمه‌های غیر کردی و کلیدی مانند ویژگی سبک شخصی و سبک دوره‌ای بررسی شده است. بی‌گمان با بهره‌گیری از سبک‌شناسی، ابهام سبک شخصی روشن می‌شود و محققان ادبی به شناخت و نگرشی نو در ادبیات می‌رسند. این پژوهش مطابق اصول و معیارهای سبک فردی انجام گرفته است. موضوع اصلی سبک فردی، مشخص کردن مختصات شخصی است، نه ستایش و نکوهش، یا بررسی موفقیت، یا شکست شاعر در دنیای ادبی.

واژگان کلیدی: سبک؛ سبک شناسی؛ شعر کردی؛ سطح زبانی؛ سطح آوایی

ماڵپەڕی گەنجینەی کتێب

[I] ghahjefer@gmail.com

۱- پێشەکی

میرزا عەبدوڕەحیم سابڵاغی، ناسراو بە وەفایی (۱۸٤٤-۱۹۰۲) شاعیری بە ناوبانگی کورد لە شاری مەهاباد لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و بەرنامەی حوجرەی مزگەوتی لە زانستەکانی ئایینی ئیسلام لە مەهاباد تەواو کردووە و هەر لەوێش مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، بەڵام بە مەلا نەناسراوە و تەنیا میرزایان پێ‌گوتووە. لە گەشت و گەڕاندا بە خزمەت حاجی شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی شێخ عوسمانی سیراجەددین دەگات و ڕەنگە تۆبە و تەریقەتی لەسەر دەستی ئەو زاتە پیرۆزە وەرگرتبێت و نازناوی «وەفایی» لە پاشناوی «ئەبولوەفای» حاجی شێخ عەبدوڕەحمان بۆ خۆی خواستبێت. لەو گەڕانەدا تاڕادەیەک زانست و زانیاری وەرگرتووە و پاشان گەڕاوەتەوە مەهاباد و لە خزمەت مامۆستا و زانا ناوداراکانی ئەو کات وەک مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب دریژەی بە خوێندن و فێربوون داوە. لە پاڵ زانستەکانی تایبەت بە ئایینی ئیسلامی، زمان و ئەدەبیاتی فارسی، عەرەبی و کوردی بە تەواوی فێر بووە.بە زمانی کوردی و فارسی شیعری نووسیوە. قوتابخانەی تایبەتی خۆی بووە و وانەی بە منداڵانی ناوچەی موکریان گوتووە و پێی ژیاوە. لەو سەردەمەدا دوو شاعیری ناسراوی ناوچەی موکریان ئەدەب و ئەدیب لە قوتابیانی ناسراوی وەفایی بوون. (خەزنەدار، ۲۰۰۳: ۳٤۷)

لە نێو شاعیرانی موکریاندا وەفایی یەکێک لە لووتکەکانی شیعری کلاسیکی کوردییە کە لە ڕێبوارانی شێوازی شیعری سێ کوچکەی بابان ناسراوە. ئەگەر شێوازی شیعری وەفایی بکەینە پێوانەیەک بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایە، شی‌کردنەوەی شیعری وەفایی لە ئاستی زمان، ئەدەب و هزر سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. وەفایی ئەو شاعیرە غەزەلبێژەیە، مێژوو ناوی تەنیا لە ڕیزی شاعیرانی کلاسیک بەرتەسک نەکردۆتەوە، بەڵکوو دەکرێت وەک شاعیرێکی ئەویندار و سۆفی کە بەشێک لە شیعرەکانی وێنە و وەسفی ڕاستەوخۆی دڵبەرە و بەشێکیش دەربڕی هزری سۆفیگەری، یان تێکەڵاوییەک لە هەستی دڵداری و ئەوینی سۆفییانەیە.

بۆ لێکدانەوەی شێوازی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی سەرەتا پێویستە شیعری شاعیرانی ناسراوی هەر قۆناغێکی ئەدەبی کوردی شرۆڤە بکرێت و پاشان تایبەتمەندییەکانی زمانی، ئەدەبی و هزری هەرکام تاوتوێ بکرێن. بە دیتنەوەی تایبەتمەندییەکانی شێوازی شیعری شاعیرە ناسراوەکانی هەر چاخێکی ئەدەبی، شەقڵی تایبەتی هەر قوتابخانەیەک و لە ئەنجامدا شێوازی شیعری هەر قۆناغێک ئەدەبی دەردەکەوێت. بابەتی سەرەکی لە شێوازناسیدا هەمان باسی شێوازی تاکەکەس و شێوازی قۆناغە لە چوارچێوەی ئەدەبدا؛ کە واتە دەتوانین بڵێین شێوازی ئەدەبی هەردوو ئاستەکەی دیکەی شێوازناسی لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا لەخۆ دەگرێت. شێوازی تاکەکەس، ئاستەمترین جۆری توێژینەوەی شێوازناسییە. جێی ئاماژەیە

بابەتی سەرەکی شێوازی تاکەکەس دیاریکردنی ناسنامە و چەند شەقڵێکی کەسییە، نەک پەسن، یان لۆمەکردن و دەرخستنی سەرکەوتن، یان سەرنەکەوتنی شاعیر. گرنگترین بابەتێک کە لە بەستێنی ئەدەبیات و زماننناسیدا دەتوانێت بە لێکدانەوەی هزر و ڕوانگەی کەسی و گشتی ئەدیبان و هونەرمەندان سەرنج بدات و پەنجەمۆریان لە نێوان وشە و زاراوەکانی هونەری و ئەدەبی پێناسە بکات، شێوازناسییە.

لە نێوان هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە دەقدا بەرجەستەن، تەنیا ئەوانە بە تایبەتمەندی شێوازناسی دەناسرێن کە لە پێکهێنانی شێوازدا بەشدارن و بە نیشانەکانی شێواز[1] ناو دەبردرێن. ئەو نیشانانە چ لە ئاستی زمان و چ لە ئاستی ئەدەب و هزر دەبێ دووپات بوونەوەیان پێوە دیار بێت، واتە دیاردەیەک هەرچەند ناوازە بێت، ئەگەر لە سەرتاسەری بەرهەمی کەسێک، یان چاخێک تەنیا جارێک، یان دوو جار بەدی بکرێت، ئەمە دیاردەیەکی شێوازی ناژمێردرێت. (شمیسا، ۱۳۷۵: ۹۹)

ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی سەردەمێک لە بەرهەمی ئەدەبی سەردەمێکی تر، یان ڕەوتێکی ئەدەبی لە ڕەوتەکانی تری ئەدەبی جیاواز دەکات، شێوازە. جێی ئاماژەیە گۆڕانی شێواز، تەنیا گۆڕانی زمان و پاش و پێش کردنی کەرەستەکانی زمانی نییە، بەڵکوو گۆڕانی شێواز، گۆڕانی هزر و ڕوانگەش دەگرێتەوە. لەم وتارەدا، شیعری وەفایی لە ئاستی زماندا لێکدانەوەی لەسەر کراوەتا بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری وەفایی بخرێتەڕوو. جێی ئاماژەیە بەشێک لە توێژەرانی شێوازناسی لە ئەدەبی کوردیدا بە هۆی دیتنەوەی چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەش لەنێوان شیعری کلاسیکی فارسی و کوردی، تایبەتمەندییەکانی شێوازناسی شیعری کلاسیکی فارسی دەکەنە پێوانەیەک بۆ پۆلێنبەندی شێوازناسی شیعری کلاسیکی کوردی. ئەم چەشنە خوێندنەوە ناتەواوانە ڕەنگە بە هۆی کارتێکەری ئەدەبی فارسی و چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەشی شیعری کلاسیکی کوردی و فارسی بێت، بەڵام بوونی چەند تایبەتمەندیی هاوبەش نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە نکۆڵی لە سەربەخۆی ئەدەبی کوردی بکرێت.

۲ـ پێشینەی لێکۆڵینەوە

لە ئەدەبی کوردیدا توێژینەوە لەسەر شێوازناسی زۆر کەم کراوە و ئەو بابەتە وەک کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی هەنووکە هەر ماوەتەوە. کەمی بەرهەمی زانستی لەسەر شێوازناسی گەلێک کێشە و ڕەخنەی ناتەواوی لەسەر خوێندنەوە و پۆلێنبەندی شیعری کوردی لێ کەوتۆتەوە؛ هەر بەم هۆیەشە یەکەمین گرفت بۆ ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەسەر شێوازناسی، کەمی سەرچاوەی

[1] Style Markers.

کوردییە، بۆیە توێژەرانی ئەو بواڕە لە ئەدەبی کوردیدا بە ناچاری بۆ دیاریکردن و پێناسەی شێوازی شیعری شاعیرانی هەر چاخێکی ئەدەبی پەنا دەبەنە بەر کتێبخانەکانی بیانی، بە تایبەت فارسی و عەرەبی.

توێژینەوەیەکی زانستی و تۆکمە کە تایبەتمەندییەکانی شێوازی شیعری وەفایی دەربخات، ئەنجام نەدراوە. ڕەنگە ئەم توێژینەوە یەکەم هەوڵ بێت لەسەر شێوازناسی بەشێک لە ئاستەکانی زمانی شیعری وەفایی. ئەوە لە حاڵێک دایە ئەو بەرهەمانەی لەسەر لێکدانەوە و ساغکردنەوەی شیعری وەفاییش نووسراون زۆر کەمن و بریتین لە: *دیوانی وەفایی* (ساغکردنەوەی محەممەدعەلی قەرەداغی)، *شەرح و لێکدانەوەی دیوانی وەفایی* (سەعید نەججاری)، *دیوانی وەفایی* (گردوکۆ و بەراوردکاریی سەید عوبەیدوڵڵا ئەییووبیانی مەرکەزی، ساغکردنەوە و ئامادەکردنی عوسمان دەشتی). ئەو توێژینەوانەی لەسەر شێوازناسیی بەشێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی بە ئەنجام گەیشتوون بریتین لە: *شێوازناسیی شیعری کلاسیکی کوردی* (حەمەنوری عومەر کاکی)، *شێوازی شیعری جەزیری* (شەعبان چالی)، *شێوازی شیعری گۆران* (پەخشان علی ئەحمەد)، «ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی و هیندی» (زەینەب جەلیل خەلیل)، *شێواز لە شیعرەکانی نالیدا* (ئیدریس عەبدوڵڵا).

ئەو توێژینەوە نوێیانەی وەک نموونەیەکی بەپێز و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە سنووری نێوان مێژووی ئەدەب و شێوازناسییان لە ئەدەبی کوردیدا دیاریکردووە و تەوەرەکانی شێوازناسییان پێناسە کردووە؛ بریتین لە: «شێوازناسیی وێژەی گۆرانی: تایبەتمەندییە سەرەکییەکان» (سەجادی، ۱۳۹۵)؛ «لێکدانەوەی شێوازناسانەی قوتابخانەکانی ڕوانگە و کفری؛ بە سەرنجدان بە شیعری شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت» (سەجادی، ۱۳۹۶)؛ «بەراییەک بۆ ناسینی شێوازی شیعری موکریانی» (مەحموودزادە، ۱۳۹۵). بەشێک لەو لێکۆڵینەوانەی پێشتر ئەنجام دراون، تەنیا مێژووی ئەدەبین، بۆ نموونە، *ئەنجومەنی ئەدیبان*، نووسراوەی ئەمین فەیزی بەگ، بەڵام لەم توێژینەوانەدا سنووری نێوان مێژووی ئەدەبی و شێوازناسی بەتەواوی دەرکەوتووە. لە مێژووی ئەدەبیدا هەموو ئەو شاعیرانەی کەم، یان زۆر شیعریان بووە، ناویان تۆمار کراوە؛ بەڵام لە شێوازناسیدا تەنیا باسی ئەو شاعیر، یان نووسەرانە دەکرێت کە بەهۆی شێوازی تایبەت بەرهەمەکانیان لە هەموو کات خاوەن پێگەی تایبەتن و تۆزی لەبیر چوونەوەیان لەسەر نانیشێت.

۳- پێناسەی وشە و زاراوەی شێواز

وشەی «شێواز»ی کوردی بەرامبەرە بە وشەی «Style»ی ئینگلیزی و «اسلوب»ی عەرەبی و «سبک» لە فەرهەنگی فارسیدا. هەرکام لەم وشانە لە چۆنیەتی بەکارهاتنی، مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە. لە ئەدەبی کوردیدا تا نیوەی سەدەی بیستەم هەر وشەی «اسلوب»ی عەرەبی بۆ ئەم

چەمکە بەکارهاتووە، بەڵام دواتر وشەی شێواز جێگەی وشەی «اسلوب»ی گرتەوە. لە فەرهەنگی *هەنبانە بۆرینەی* هەژاردا شێواز بە واتای «شکڵ، تەرح، ڕاهاتن» هاتووە (شەرەفکەندی، ۱۳۸۱: ۵۰۲ ب ۲). لە فەرهەنگی *کوردستانی* گیوی موکریانیدا، شێواز بە واتای «شکڵ، شەرم، ئەدەب، ئاکار و شێوە» هاتووە(موکریانی، ۲۰۰۰: ٦٥٣). ئەم وشەیە سەرچاوەکەی «Stilus»ی لاتینییە و بە واتای جۆرە ئامێرێک بووە بۆ نووسین و هەڵکەندن لەسەر تەختەی مۆم، دواتر ئەم وشەیە بۆ شێوازی وتار بەکارهاتووە؛ لە ئەنجامدا شێواز بە واتای شێوازی پەیقی ئەدەبی خزاوەتە ناو ئەدەب. لە سەر واتا و چەمکی شێواز گەلێک پێناسەی جۆراوجۆر لە ناو کتێب و لێکۆڵینەوەکانی بواری شێوازناسی خراوەتە ڕوو. هۆی ئەو جۆراوجۆرییە ئەوەیە کە هەرکام لە سووچێکەوە ڕوانیویانەتە شێواز و لە واتایەکدا خواستوویانە. (چالی، ۲۰۰۸: ۲۱؛ عومەر کاکی، ۲۰۰۸: ۱۳؛ عەلی ئەحمەد، ۲۰۰۹، ۱۳)

لە ئەدەبیاتی کوردیدا یەکەم جار بە شێوەی فەرمی شێخ نوری شێخ سالّح لە سەر پێناسەی شێواز دەڵێت: «ئوسلوب بەو شێوە تایبەتییەی دەربڕین دەڵێن کە نووسەر، یان ئەدیب ئەوەی لە مێشکی دایە، دەریدەبڕێت، هەموو خەتیبێك مالیکی تەرزێکی تایبەتی دەربڕینە» (شێخ سالّح، ۱۹۲٦: ژ٤، ت۲). شێخ نوری پێناسەی شێواز بە نووسەر گرێ دەدات و لە ڕوانگەی نووسەرەوە شێواز تاوتوێ دەکات. عەزیز گەردی لە سەر پێناسەی شێواز دڵێت: «شێوازی نووسین بریتییە لەو ڕێ و شوێن و ڕەنگ و ڕوخسارەی نووسەر لە نووسیندا هەیەتی. ئەویش جۆری بیرکردنەوە و هەست و سۆز و دارشتنی وشە و هەر شتێکی دیکە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە نووسەر و نووسینەوە هەبێت» (گەردی، ۱۹۷۹: ۹).

۴- مێژووی چەکەرەکردنی توێژینەوەی شێواز

چەمکی شێواز، چەمکێکی کۆنە و مێژووی سەرهەڵدانی بۆ سەرەتاکانی مێژووی توێژینەوەی ئەدەبی لە ئەورووپا دەگەڕێتەوە. ئەم چەمکە سەرەتا پەیوەندییەکی بە شیعرەوە نەبووە و وەکوو هونەرێک بۆ باشتر گەیاندنی پەیامی وتار و قەناعەت هێنان بە گوێگر ناسراوە. ئەم جۆرە خوێندنەوەیەش یەکەم جار لە *ڕیتۆریکای* ئەرستۆدا بەرجەستە بووە، بەڵام دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێت زۆر لەویش پێشتر هۆمیرۆس[1] لە *ئیلیاد*[2]دا ئاماژەی بە شێواز و جیاوازی شێوازی شیعری شاعیران کردووە (زرین‌کوب، ۱۳۷۲: ۱۹۰). ئەفلاتوون ئاماژەی بە شێواز کردووە و بەڕای ئەو ئەگەر واتایەک بکەوێتە بەرگێکی شیاو، شێوازێک دروست دەبێت، دەنا بابەتەکە شێوازی نابێت؛ کە واتە بە ڕای ئەو هەر وتەیەک، یان شێوازی هەیە، یان نییەتی (فرشیدورد، ۱۳۷۸، ٦٩٦).

[1] Hómēros.

[2] Iliad.

ئەرەستوو لە کتێبی سێهەمی *ڕێتۆریکا*دا لەسەر پێناسەی شێواز دەڵێت: «نابێ تەنیا بەوە بەسەندە بکەین کەچی دەڵێین، بەڵکوو پێویستە ئەوەش بزانین کە چۆنی دەڵێین» (ملکی، ۱۳۷۱: ۱۹۵). بە پێچەوانەی ڕای ئەفلاتوون، لای ئەرەستوو هەر وتەیەک، یان نووسینێک شێوازێکی هەیە، جا ئەم شێوازە، یان چاکە، یان خراپ، یان لاوازە، یان بەهێزە (فرشیدورد، ۱۳۷۸: ٦٩٦). ئەو بۆچوون و دابەشکردنە هەوێنی لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی بەتایبەت ڕەوانبێژی و زمانەوانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپایە. هەر لە سەر ڕەوتی یۆنانی کۆن شێواز دابەش کرایە سەر سێ جۆری سەرەکی: سادە،[1] مام ناوەندی[2] و بەرز.[3]

مێژووی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە شێواز لای گەلانی ئەم دەڤەرە بە تایبەتی لە بۆتەی زمانی عەرەبی پەیوەستە بە دوو هۆکاری سەرەکییە؛ یەکەم: قورئانی پیرۆز کە زانایانی ئایینی بۆ زیاتر لێکدانەوە هەستیان بە پێویستی لێکۆڵینەوە لە زمان و شێوازی قورئان کردووە. دووەەم: بزووتنەوەی وەرگێڕان کە لە سەردەمی عەبباسییەکاندا دەستی پێ کرد و گەلانی ئەم دەڤەرە بە لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی یوونانی کۆن ئاشنا بوون، بەتایبەتی دوای وەرگێڕانی *هونەری شیعر* و *ڕێتۆریکای* ئەرەستوو. هەر بەم جۆرە دابەشکردنی شێواز بە شێوەیەکی گشتی بە سێ جۆری سادە، ناوەندی و بەرز، یان خراپ، ناوەندی و باش لەم دەڤەرەدا باو بووە. (چالی، ۲۰۰۸: ۳۵)

بەرنامەی کتێب

۵- جۆرەکانی شێواز

جیا لە بابەتی قوتابخانە و ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەیی، بابەتی لێکۆڵینەوە لە شێواز بە سێ جۆری سەرەکی دابەش کراوە:

یەکەم: شێوازی تاکەکەس[4]

دووەەم: شێوازی چاخ، یان قۆناغ[5]

سێهەم: شێوازی ئەدەبی[6]

۵-۱- شێوازی تاکەکەس

لە نێو توێژینەوە لە بەرهەمەکانی هەر قۆناغێک، تووشی شاعیر، یان نووسەرێک دەبین کە بەرهەمەکانی بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی هاوسەردەمەکانی جیاوازی هەبێت. لەم جۆرە بەرهەمانەدا وێڕای دیاردە و تایبەتمەندییە گشتییەکانی هاوبەشی هزری، زمانی و ئەدەبی قۆناغ،

---

[1] Humilis Stylus.
[2] Mediocrus Stylus.
[3] Gravis Stylus.
[4] Individual Style.
[5] Period Style.
[6] Literary Style.

هەندێ تایبەتمەندی دیکە وەبەر چاو دەکەون کە تایبەتن بە شاعیر، یان نووسەرێکی تایبەت، بۆیە دەگوترێت ئەم شاعیرانە شێوازێکی تاکە کەسییان هەیە. لە ڕاستیدا واتای شیاو و ڕاستەقینەی شێوازناسی، شیوازی تاکەکەسییە. شێوازی تاکەکەس وەکوو ڕەنگ لە سەرتاپای تانوپۆی بەرهەمی هونەرمەند، یان شاعیردا بڵاوە. دیتنەوەی تایبەتمەندییەکانی شێوازی تاکەکەس لە ئاستەمترین ئەرکەکانی شێوازناسییە و ئەگەری ڕوودانی هەڵە لەم بوارەدا زۆرترە، بۆیە لیۆ ئیسپیتزێر[1] گەیشتن بە شێوازی تاکەکەس بە توانا و ئەزموون و باوەڕی توێژەر گرێ دەدات. جیاوازییەکی مێژوویی ئەدەب لەگەڵ شێوازناسی ئەوەیە، لە مێژووی ئەدەبدا باسی هەموو ئەو کەسانە دەکرێت کە کەم، یان زۆر دەستی شیعر و نووسینیان هەبووە، بەڵام لە شێوازناسیدا تەنیا باسی ئەو شاعیر، یان نووسەرانە دەکرێت کە بە هۆی شێوازی تایبەتییان لە هەموو سەردەمێکدا بەرهەمەکانیان پلە و پایەی خۆی لە دەست نەداوە، واتە خاوەن شێوازی نەمر و بەرزن (شمیسا، ۱۳۷۵: ۷٤، ۷٦).لێکۆڵینەوە لە شێوازی تاکەکەس ئەورۆکە لایەنێکی کار و توێژینەوەی زانستی دەروونناسییە، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوەیە تەنیا بۆ هونەرمەند و شاعیر کەڵکی نییە، بەڵکوو بۆ هەر تاکێک، یان نەخۆشێکی دەروونی بەکار دێت. دەروونناسەکان لەم بوارەدا چەمکی ئادیۆلێکتیان[2] بۆ ئاماژەکردن بە زمانی تایبەتی کەسێک داهێناوە، واتە زمانی تاک، لە ڕاستیدا کاری شێوازناسی گەیشتن بەو ئادیۆلێکتەیە. (علیمرادیان: ۱۳۷۹: ۱۰۵، ۱۰٦)

۵-۲- شێوازی چاخ یان قۆناغ

کاتێک لە بەرهەمی سەردەمێکی مێژوویی لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەیەکی دیاریکراو ورد دەبینەوە لە ڕووی واتا، زمان و ئەدەب هەست بە بوونی لایەنی هاوبەش لە نێوان بەرهەمەکاندا دەکەین. ئەم لایەنە هاوبەشانە هەمان دیاردە و تایبەتمەندیی و نۆرمی ئەم قۆناغەیە، یان پێشاندەری شێوازی ئەم قۆناغەیە. کاتێ ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانە دەگۆڕێن و تایبەتمەندی دیکە شوێنیان دەگرنەوە، قۆناغێکی نوێ دێتە ئاراوە، بەڵام گۆڕانکارییەکان هێدیهێدی ڕوو دەدەن. بۆیە هەموو کات لە نێوان شێوازی دوو سەردەم، شێوازێکی ناوەندی کە هەڵگری هەندێ تایبەتمەندی هەر دوو قۆناغە بەدی دەکرێت. (شمیسا، ۱۳۷۵: ۷۰)

۵-۳- شێوازی ئەدەبی

ئەم بابەتە جیا لە شێوازناسی لە بۆتەی ڕەخنەی ئەدەب و تیۆری ئەدەبیشدا باسی لێ دەکرێت. شێوازی ئەدەبی واتایەکی بەربڵاوی هەیە و هەموو ئەدەبیات و جۆرەکانی ئەدەبی دەگرێتە خۆی و جیاوازییەکانی لەگەڵ شێوازی ئاسایی و زانستی دەردەخات. (شمیسا، ۱۳۷۵: ۸٤)

---

[1] Leo Spitzer.

[2] Idiolect.

۶- قوتابخانەی کرمانجیی ناوەڕاست

لە سەدەی سێزدەهەمدا، شۆڕشێکی نوێ لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی، فەرهەنگی و ڕۆشنبیری لە بەستێنێکی تایبەت کە خاوەن شەقڵێکی دیار و جیاوازە لە ئەدەبی کوردیدا سەر هەڵدەدات. ئەو شۆڕشە هۆی سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی کلاسیکی شیعری بووە کە لە ئەمارەتی بابانداا چەکەرەی کرد. میرانی بابان لە مااڵباتە ناسراوەکانی کوردستان، سەردەمانێک بە سەر ناوچەکانی بەربڵاوی کوردستان حکوومەتیان کردووە. لە سااڵی ١٧٨٤ی زایینیدا ئیبراهیم پاشای بابان، سلێمانی دامەزراند و بە جێی قەاڵچۆاڵن، وەک پایتەختی بابان ناساندی. هەبوونی ڕێژەیەکی زۆری قوتابخانە لە سلێمانی ئەو شارەی وەک ناوەندێکی زانستی ناساند. بێ گومان پێشکەوتنی باری ئابووریی، ڕامیاری، فەرهەنگی هۆی بردنەسەرێی ئاستی زانیاری و ئەدەبی کۆمەڵگاو و بە جۆرێک وشیارییەکی گشتی لێ کەوتەوە؛ بۆیە بە هۆی سازکردنی ڕێژەیەکی زۆری مزگەوت و کردنەوەیان وەک ناوەندی خوێندن و ڕۆشنبیری، گۆڕانکارییەکی بنەمایی بە تایبەت لە ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵدا. بەکورتی، لە ئامێز گرتنی بوێژ و زانایان و بووژاندنەوەی زانست و زانیاری و بوونی دوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێگەیشتن و پەرەسەندنی قوتابخانەی کرمانجی ناوەڕاست بووە. (دەشتی، ۲۰۱۳: ۳۵؛ سەجادی، ١٣٩٦: ١٧٦)

شیعری کرمانجیی ناوەڕاست لە سەر دەستی نالی و بە زاری سۆرانی و کێشی عەروزی بە ناواخن و فۆرم و زمانی نوێ دێتە ڕسکان و دوای ڕێبەرانێشی لە بەردەوامی ناکەوێت و سنووری سلێمانی دەبەزێنێت. دوای پێشڕەوانی قوتابخانەی کرمانجی ناوەڕاست ئەو شاعیرانە بە بەرەی دووهەمی شاعیرانی کرمانجی ناوەڕاست ناسراون.

بەرەی دووهەمی شاعیرانی کرمانجی ناوەڕاست:

ناوچەی سلێمانی: مەحوی، فایەق، ئاهی، فکری، بێخود، زێوەر و هتد.

ناوچەی گەرمیان: شێخ ڕەزا، سابیری، ئەسیری و هتد.

ناوچەی کۆیە و سۆران: حاجی قادر، مەلای گەورە، ئەختەر و هتد.

ناوچەی سنە و ئەردەاڵن: سالمی سنە، مەجدی (مەلیکولکەلام) و هتد.

ناوچەی موکریان: وەفایی، حەریق، ئەدەب و هتد.

۷- شێوازناسیی شەمیسا

لێکۆاڵینەوەی سێ ئاستی زمان، ئەدەب و هزر بە شێوازناسیی شەمیسا ناسراوە. شەمیسا بە مەبەستی خوێندنەوە و شی کردنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی لەو سێ ئاستەدا دەق تاوتوێ دەکات.

۷-۱- ئاستی زمانی

ئاستی زمانی بابەتێکی زۆر بەربڵاوە و بۆیە لە شێوازناسیدا ئەم ئاستە بە سێ لقی: دەنگناسی، وشەناسی و ڕستەناسی دابەش دەکرێت.

۷-۱-۱- ئاستی دەنگناسی، یان شێوازناسی دەنگەکان

ئەم ئاستە کە ئاستی ئاوازیشی پێ دەگوترێت ئاوڕ لە دوو لایەنی دەق دەداتەوە: لایەنی یەکەم: ئاوازی دەرەوە، واتە کێش، سەروا و پاش سەروا. لایەنی دووهەم: ئاوازی ناوەوە، واتە ڕازەکانی جوانکاریی بێژەیی وەک: هاوشێوە، دووپات و سەروادار.

۷-۱-۲- ئاستی دەنگناسی، یان شێوازناسی دەنگەکان

لەم ئاستەدا تیشک دەخرێتە سەر شێوەی وشەبژێری، بەرفراوانی هەندێ لە وشەکان، وشە کلیلییەکان، وشەبیانییەکان، ئارکائیسم، وشەهاوواتاکان و هتد. جاری وایە هەندێ وشە لە بەرهەمی کەسێکدا سەرنج ڕاکێشە و ئەمە دەتوانێت لە دیاریکردنی شێوازی تاکەکەسیدا یارمەتیدەر بێت.

۷-۱-۳- ئاستی ڕستەیی یان شێوازناسی ڕستە

لەم ئاستەدا ئاوڕ لە ڕستەکان لە ڕووی تەوەرەی هاونشینی،کورت و درێژی، شێوە و شوێنی جێگرتنی پاژەکانی ڕستە و جۆرەکانی کردار دەدرێتەوە. (سەجادی، ۱۳۹٦: ۱۹۵؛ شمیسا، ۱۳۷۵: ۱٦۱)

هەوالنامەی کێبڕکێ

۸- ئاستی زمانیی شیعری وەفایی

لەو توێژینەوەیەدا بە پێی نەریتی شێوازناسی شەمیسا، شیعری وەفایی لە ئاستی زمانیدا لێکدانەوەی لە سەر کراوە و هەوڵ دراوە تایبەتمەندییەکانی زمانیی شیعری وەفایی تا ڕادەیەک لە ئاستی دەنگ و وشە شرۆڤە بکرێت و بەشێک لە دیاردەکانیان بخرێنە ڕوو. ئاستی زمانی بابەتەێکی زۆر بەربڵاوە و بۆیە لە شێوازناسیدا بە سێ لقی: دەنگناسی، وشەناسی و ڕستەناسی دابەش دەبێت. لەم وتارەدا تەنیا ئاستی دەنگ و وشە تاوتوێ دەکرێت.

۸-۱- ئاستی دەنگ[1]

ڤۆلتێر[2] دەڵێت: «شیعر مۆسیقای ڕۆحی گەورە و هەستیارە»، واتە شاعیرانی ناسراو، دیارترین شەیدایانی مۆسیقان. شیعریش دەرخەری لایەنی مۆسیقای زمانە (زرین‌کوب، ۱۳۷۹: ٤۷). لە

[1] Musicac.

[2] Voltaire.

ئاستی دەنگدا کە بە ئاستی ئاوازیش ناسراوە، ئاوڕ لە هەر دوو لایەنی شیعر، واتە ئاوازی ناوەوە و ئاوازی دەرەوە دەدرێتەوە. ئاواز، بەشێک لە پێکهاتەی جوانیناسی و ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی شیعرە. لە ڕاستیدا، شیعر ئاخاوتنێکی ئاوازییە و هەستی خوێنەر دەبزوێنێ. شیعر بە بێ ئاواز نەبووە،جا چ ئاوازی دەرەوە بێ، یان ئاوازی ناوەوە. لێکۆڵەران ئاوازی شیعر بە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و پەخشان (جیا لە پەخشانی سەروادار) دەستنیشان دەکەن.

ئاوازی دەرەوەی شیعر ئەو لایەنانەی شیعر دەگرێتەوە کە ئەرکی ڕێکخستنی ڕووکاری دەرەوەی شیعر لەخۆ دەگرن و بریتین لە: کێش، سەروا و پاش‌سەروا. ئاوازی ناوەوەی شیعر کە ڕیتمی ناوەوەی شیعر پێک‌دەهێنێت، لایەنێکی گرنگی شیعرە و لەگەڵ ئاوازی دەرەوەی شیعر، ئاوازی گشتیی شیعر دەخوڵقێنن. ئاوازی ناوەوەی شیعر بریتییە لە: ڕازەکانی جوانکاریی بێژەیی وەک: هاوشێوە، سەروادار، دووپات و پاش و پێش خستنی وشە و بەکارهێنانی هەندێک لە کەرەستەزمانییەکان، بە جۆرێک کە بڕێ جار لە کێش کاریگەرترن. ئاوازی ناوەوەی شیعر، زۆر جار زمانی شیعری و ئاستی داهێنان و پلەی بەراوردی نێوان شاعیران دەردەخات. (عومەر مستەفا، ۲۰۰۹ : ۱۰۷، ۱۰۸، ۱۳۰؛ شمیسا، ۱۳۷۵: ۱۵۳)

لەم وتارەدا بەهۆی بەربڵاوی ئاستی زمانی، تەنیا ئاستی دەنگ و بەتایبەت ئاوازی دەرەوە وەک کێش، پاش‌سەروا و بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی سەروای ناوەوە شڕۆڤە دەکرێ. لە ئاستی وشەدا، وشە بیانییەکان و وشە کلیلییەکان کە وەک دیاردەیەکی شێوازی شیعری وەفایی و تایبەتمەندییەکی زەقی قوتابخانەی کرمانجیی ناوەڕاست ناسراوە، شڕۆڤە دەکرێت.

۸-۱-۱- لێکدانەوەی کێش لە شیعری وەفایی‌دا

هەر لە کۆنەوە ئەدەب بە شێوازێکی گشتی بە سەر دوو لق دابەش کراوە: یەکەم: شیعر؛ دووهەم: پەخشان. ئەو تایبەتمەندییەی ئەو دوو لقە لێک جیا دەکاتەوە، کێشە. کێش، وەک تایبەتمەندی و توخمی سەرەکی شیعر ناسراوە. لە شیعری کوردیدا دوو جۆرە کێش بە کارهاتوون. یەکەم: کێشی برگەیی، یان خۆماڵی کە بناغەی سەرەکیی کێشی شیعری کوردی بووە، بۆیەش بە کێشی خۆماڵی ناسراوە کە هەڵقوڵای بنچینەی ئەدەبی کوردی بووە. دووهەم: کێشی عەرووزی عەرەبی کە لە ڕێگەی وێژەی فارسییەوە هاتووەتە ناو شیعری کوردی و پشت بە کورت و درێژیی برگەکان دەبەستێت. لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، کێشی عەرووزی پێوانەیەکی هونەرییە کە دێڕی شیعری پێ دەپێورێت تا ڕێکی و دروستی شیعر دەرکەوێت. یەکەم جار کێشی عەرووزی عەرەبی لە لایەن خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی دانراوە و پاشان لە ڕێگەی شیعری فارسییەوە هاتووەتە ناو شیعری کوردی. شاعیرانی کرمانجی ناوەڕاست بە شێوەیەکی فەرمی کێشی برگەیی کە وەک بنەمای کێشی شیعری قوتابخانەی گۆرانی ناسراوە، وەلاناوە و کێشی عەرووزیان

بەکارهێنا. بە پێی ئەو قسەیەی شێخ نووری، شاعیرانی کورد کێشی عەرووزیان وەک شتێکی نوێ وەرگرتووە و لە هۆنینەوەی شیعری کوردیدا تەنیا ئەو کێشە عەرووزیانەیان بەکار هێناوە کە لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا گونجاوە. ئەو هەڵوێستەش ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیرانی کورد کێشەکانیان وەکوو خۆیان وەرگرتبێت، بەڵکوو ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک هێناون؛ بە چەشنێک کە لەگەڵ سیستمی دەنگی زمانی کوردی دەگونجێن؛ بەتایبەت ئەو کێشانەی لەیەک جۆر پێکهاتوون و لە دروست کردنی نیوە دێڕێکدا چەند جار دووپات دەبنەوە؛ بۆ نموونە، لە کێشەکانی: هەزەج، ڕەمەڵ، ڕەجەز، موتەقاریب، بەڵام چەند کێشێکی وەک موزارِیع و خەفیف بە ڕێژەیەکی کەمتر بەکار هاتوون. لە ناو کێشەکانی عەرووزیدا، کێشی هەزەج و ڕەمەڵ، بەتایبەت کێشی هەزەج زۆرتر لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا ڕەنگی داوەتەوە. (عەلی ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٥٧)

کەواتە کێشی هەزەج کێشێکی سووک و بە ئاوازە، بۆیە لە کێشە هەر باوەکانی شیعری کلاسیکی کوردییە؛ ڕەنگە هۆی باو بوونیشی ئەوە بێ کە زیاتر لەگەڵ تایبەتمەندی دەنگی زمانی کوردیدا دەگونجێت (گەردی،١٩٩٩: ١٣٨). خۆش ئاوازترینی کێشەکانی عەرووزی، کێشی ڕەمەڵ، بەتایبەت ڕەمەڵی مەخبوونە. لە دیوانی شاعیرانی فارسیشدا کێشی ڕەمەڵ خۆش ئاوازترین کێشی شیعری ناسراوە؛ بەتایبەت لە شیعری شاعیرانێکی وەک حافز و مەولانادا. (مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٩٠ : ١٤٥)

داهێنان و ڕچەشکاندنی وەفایی لە کێشی شیعریدا شارەزایانی ئەم بوارەی لە دەستنیشان کردنی کێشی هێندێک لە شیعرەکانی تووشی گرفت کردووە. هەرچەند زیاتری کێشەکانی شیعری وەفایی دریژن و لە هەشت تەفعیلە پێکهاتوون، بەڵام جۆری کێشەکان سووک و خێران، واتە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا تووشی وەستان و پچڕان نابێت؛ بەجۆرێک ڕەوانی لە کێشی شیعرەکانیدا هەست پێ کراوە؛ وەک کێشی هەزەج و ڕەمەڵ. وەفایی زیاتر ئەو کێشانەی بەکار هێناوە کە لە نێو شاعیرانی کورد و فارسدا باو بووە؛ وەک هەزەج، ڕەمەڵ و ڕەجەز. لای شاعیرە نوێخوازەکانی کوردیش ئەو شیعرانەی لە سەر کێشی عەرووزین، زیاتر کێشی هەزەج و ڕەمەڵن. بۆ نموونە، لە شیعری گۆراندا کێشی هەزەج بە هۆی ئەوەی کێشێکی سووک و ئاوازییە پلەی یەکەمی هەیە.

وەفایی بە دوو کێشی عەرووزی عەرەبی و کێشی برگەیی شیعری هۆنیوەتەوە. لە هۆنینەوەی شیعردا لەسەر کێشی عەرووزی تەنیا لە کێشی دەگمەن و نەناسراو نەپرینگاوەتەوە و کاتی تاوتوێی کێشی شیعری لە دیوانی وەفایی هەست بەو تایبەتمەندییەی کێشی عەرووزی و ڕەنگاوڕەنگیەی دەکرێت. تایبەتمەندییەکی تری کێشی شیعری لە دیوانی وەفاییدا، کێشی

برگەیی، یان خۆمالّییە. لە هۆنراوەی برگەییدا پایەی کێش، ژمارەی برگەی باڵەکانە، وەک هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی کە بیست برگەی چوار بەشییە. کێشی برگەیی، جۆرێک کێشی شیعرییە کە چۆنیەتی برگەکانی شیعر، واتە«کورت، درێژ و کێشراو» ڕەچاو ناکرێت و تەنیا ژمارەی برگەکان، کێشی شیعر، یان هۆنراوە پێک دەهێنن. بەم بۆنەوە برێ جار بە کێشی ژمارەییش ناسراوە. بەم پێیە شیعر و هۆنراوەی برگەیی بە: ۷ برگەیی، ۸ برگەیی، ۱۰ برگەیی، ۱۲ برگەیی و هتد، پۆلێن دەکرێت. لە کێشی برگەیی، یان خۆمالّیدا وەفایی لە سەر کێشەکانی: ۱۰، ۱۲، ۱٤، ١٦ برگەیی شیعری داناوە. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کێشیەکانی شیعری وەفایی لەو خشتەیدا جۆرەکانی کێشی عەروزی و برگەیی بەپێی پلە پۆلێنکراون:

باڵ	شیعر	کێش	پلە
۹٦٤	۳۹	مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن[۱]	۱
٦۸۰	۲۷	فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن[۲]	۲
٦۲۹	۲۸	مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن[۳]	۳
۱٦٦	۳	مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن[٤]	٤
۱۳٦	٤	۱٤ برگەیی	٥
۱۳۲	٤	١٦ برگەیی	٦
۱۲۸	۷	مفاعیلن مفاعیلن فعولن[٥]	۷
۱۰٦	۷	فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن[٦]	۸
۱۰٤	۲	مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن[۷]	۹
۷۰	۱	مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن[۸]	۱۰
٦٤	۲	۱۲ برگەیی	۱۱
٥۸	۲	۱۰ برگەیی	۱۲
۲۲	۱	فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن[۹]	۱۳

هەوالنامەی کێش

[۱] کێشی هەزەجی هەشتی سالم.
[۲] کێشی ڕەمەلّی هەشتی مەحزووف.
[۳] کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف.
[٤] کێشی ڕەجەزی هەشتی سالم.
[٥] کێشی هەزەجی شەشی مەحزووف.
[٦] کێشی ڕەمەلّی هەشتی مەخبوونی مەحزووف.
[۷] کێشی موزاریعی هەشتی ئەخرەب.
[۸] کێشی موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف.
[۹] کێشی ڕەمەلّی هەشتی سالم.

۱۸	۱	مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن[۱]	۱٤
۱۸	۱	مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن[۲]	۱۵
۱٦	۱	مفتعلن مفتعلن فاعلن[۳]	۱٦
۱٦	۱	فعلاتن فعلاتن فعلن[٤]	۱۷

۸-۱-۲- تاوتوێی پاش‌سەروا و سەروای ناوەوە

لە لێکدانەوەی شیعری زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی فارسی دەردەکەوێت کە خۆشترین و دڵگرترینی شیعر ئەوانەن کە پاش‌سەروایان هەیە. بە واتایەکی تر، لە هەر شیعرێک کە ئاوازی شیعری تێدا زەق بووە، سەرنجی شاعیر بە گونجانی پاش‌سەروا زیاتر دەردەکەوێت. لە پێناسەی پاش‌سەروادا هاتووە: وشەیەک، یان چەند وشە کە لە دوای سەروای شیعردا بە یەک واتا لە تەواو دێرە جووتەکانی شیعریدا دووپات دەبێتەوە (وحیدیان کامیار، ۱۳۷۲: ۱۱٦؛ انوشە، ۱۳۷٦: ٦۲۷). لە بەشێکی تری سەرچاوەکانی ئەدەبیدا بە وشە، یان دەستەواژەیەک کە لە دوای سەروای شیعر بە یەک واتا لە تەواوی دێرە جووتەکاندا دووپات دەبێتەوە، پاش‌سەروا دەڵێن. پاش‌سەروا، لە پێکهێنانی ئاوازی دەرەوەی شیعردا ڕۆڵی سەرەکی هەیە و دەکرێ بگوترێ: پاش‌سەروا تەواوکەری ڕۆڵی سەروای لە ئاوازیی شیعریدا هەیە (شفیعی کدکنی، ۱۳۸۵: ۱۳۸). لە فەرهەنگنامەی ئەدەبی فارسیشدا بەو جۆرە پاش‌سەروا پێناسە کراوە: «پاشسەروا وشەیەک، یان چەند وشەیە کە لە دوای سەروای شیعر بە یەک واتا لە دێرە جووتەکانی شیعردا بە یەک جۆر دووپات دەبێتەوە» (انوشە، ۱۳۷٦: ٦۲۷). بە وتەی شەمیسا «بە وشەیەک، یان چەند وشە کە لە دوایی هەر باڵێکی شیعری ڕێک وەک یەک و دوای سەروا دووپات دەبنەوە، پاش‌سەروا دەڵێن» (شمیسا، ۱۳۸٦: ۱۰۱).

شەفیعی کەدکەنی ئاماژە بەو تایبەتمەندییە دەکات کە هەشتا لە سەدی غەزەلە باشەکانی ئەدەبی فارسی پاش‌سەروایان هەیە. هەروەها لە سەر ئەو باوەڕەشە کە غەزەلی بێ پاش‌سەروا زۆر ئاستەمە سەرکەوتوو بێت. کەدکەنی پاش‌سەروا وەک تایبەتمەندییەکی شیعری کلاسیکی فارسی و داهێنانێکی ئێرانی پێناسەی دەکات (شفیعی کدکنی، ۱۳۸۵: ۱۲٤). جۆرەکانی پاش‌سەروا لە شیعردا بریتین لە: پاش‌سەروای کار، پاش‌سەروای ڕستە، پاش‌سەروای جێناو، پاش‌سەروای ناو، پاش‌سەروای ئاوەڵکار، پاش‌سەروای پیت، پاش‌سەروای پاشگر. پاش‌سەروا

---

[۱] کێشی موجتەسی هەشتی مەخبوونی مەحزووف.

[۲] کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەب.

[۳] کێشی سەریعی مەتوی مەکشوف.

[٤] خەفیفی شەشی مەخبوون.

تایبەتمەندییەکی شیعری فارسییە کە لە شیعری زمانەکانی تری دونیا کەمتر بینراوە. لە شیعری نەتەوەکانی دیکەی دونیا بۆ نموونە، فەرەنسی و ئینگلیزی پاش‌سەروا وەک توخمێکی شیعری نەناسراوە. لە شیعری تورکی تا پێش لە سەدەی سێزدەهەم پاش‌سەروا مێژوویەکی نییە و ڕوونە لە ئەدەبی فارسییەوە هاتووەتە ناو شیعری تورکی و وەک توخمێکی شیعری تورکی ناسراوە. لە شیعری عەرەبیشدا مێژووی سەرهەڵدانی ڕوون نییە و تەنیا لە شیعری هاوچەرخی عەرەبیدا جۆرێک پاش‌سەروا هەیە. (شفیعی‌کدکنی، ۱۳۸۵: ۱۲۵)

لە شیعری کوردیدا لە ژێر کارتێکەریی شیعری فارسی، پاش‌سەروا بە شێوازێکی سروشتی تێکەڵاوی شیعری کلاسیک بووە و زۆربەی شاعیرانی کورد بە لێهاتوویی لە هۆنینەوەی شیعردا کەڵکیان لە پاش‌سەروا وەرگرتووە. ئەوەی لە خوێندنەوەی پاش‌سەروادا وەک توخمێکی پێکهێنەری ئاوازی شیعری لە شیعری وەفاییدا پێی‌گەیشتووین؛ ئەویە کە وەفایی بایەخی ئەدەبی پاش‌سەروا و ڕۆڵی ئەدەبی لە شیعردا ناسیوە. بەپێی تاوتوێی ئەو دیاردەیە و ئاستی بەکارهێنانی دەکرێت پاش‌سەروا وەک تایبەتمەندییەکی شیعری و دیاردەیەکی شێوازی شیعری وەفایی بژمێردرێت.

هۆکاری سەرەکیی کەڵکوەرگرتن لە پاش‌سەروا بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوازی دەرەوەی شیعرە. پاش‌سەروا وەک ڕازەیەکی دووپات دەناسرێت و دووپاتی ڕێک‌وپێکی وشە و پیتی هاوفۆرم و هاوەدەنگ زیاتر دەربڕی جوانی و ڕازاوەیی بێستنییە و کارتێکەری ئاوازی شیعری بەهێزتر دەکات. وەفایی دەسەڵاتێکی تەواوی بە سەر ئەدەبی فارسیدا بووە و ئاگاداری ڕۆڵی ئەدەبی و ئاوازیی پاش‌سەروا و کارتێکەری لە سەر بەزرکردنەوەی بایەخی ئەدەبی شیعر بووە؛ بۆیە بە شێوەیەکی پسپۆڕی لە شیعرەکانیدا پاش‌سەروای بەکار هێناوە. وەفایی بە ڕێژەی شاعیرانێکی وەک نالی و سالم لە شیعرەکانیدا پاش‌سەروای بەکار نەهێناوە، بەڵام لە کۆی ۱۲۲ غەزەل و قەسیدەی دیوانی وەفایی ۵۳ یان پاش‌سەروایان هەیە. ئەو ڕێژەیەی سوود وەرگرتن لە پاش‌سەروا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە وەفایی چەندە گرنگی بە ڕۆڵی ئاوازیی پاش‌سەروا لە پێکهێنانی ئاوازی دەرەوەی شیعری داوە.

لە دیوانی وەفاییدا ڕەنگدانەوەی پاش‌سەروا و جۆرەکانی بە تایبەت لە بەشی غەزەلەکانیدا کە لێورێژ لە سۆز و هەستە، پاش‌سەروا ئەو ورووژە ڕۆحییە تووشی هەڵچوون دەکات و لە ئەنجامدا ئاوازی شیعری پێ کامڵ دەبێت و چرکە ساتەکانی شاعیرانەی شیعری وەفایی لەگەڵ پاش‌سەروا بە ترۆپکی ئاوازی دەگات. هەرچەند زۆر جار بە لێکدانەوەیەکی ڕووکەشی وا بیر دەکرێتەوە پاش‌سەروا، هێنان و هەڵبژاردنی وشە، یان دەستەواژەیەکە ئازادی هزر و هەستی خەیاڵاوی بەرتەسک دەکات و شاعیر تا دوایی شیعر واتایەکی دووپات کراو بەکار دەهێنێت، بەڵام شاعیری

وریا بۆ یەکیەتی هزر، ئافراندنی واتا و ناواخنی نوێ لە پانتایی هزردا لە پاش‌سەروا کەڵک وەردەگرێت. بەکورتی، پاش‌سەروا هۆی خۆش ئاوازی شیعرە و وەک ئاڵقەی پەیوەندی دێرەکانی شیعری و خولقێنەری وێنەی خەیاڵاوی لە شیعردا ناسراوە. لە ڕاستیدا ناسراوترین غەزەڵەکانی وەفایی بە پاش‌سەروا ڕازاونەتەوە. لە دیوانی وەفاییدا، پاش‌سەروا لە جۆری «کار» پلەی یەکەمی هەیە. ئەو کارانەی وەک پاش‌سەروا لە شیعری وەفاییدا بەکار هاتوون بریتین لە: دەبا، شکا، دەکا، هێنا، نەهات، گرت، کرد، بم، نەبوو، بوو، مەفەرموو، مەدە، مەکە، بکەوە، نییە، بێ، دێنێ، ڕۆیی.

۸-۱-۲-۱- چەند نموونەیەک لە جۆرەکانی پاش‌سەروا

پاش‌سەروا لە جۆری کار:

هەر کە دی جەننەت بە ڕووداَ زولفی پڕتابی شکـــا
تاری سونبول، حورمەتی گوڵ، بەرگی سیرابی شکـا
(وەفایی، ۱۳۸۹: ۳۷)

غەمزەدەی زولفم بە غەمزەی چاوی حەیرانم دەکـــا
بـەستـەیـی داوم خـەدەنگـی تیرەبارانـــم دەکـا
(هەمان، ۱۳۸۹: ۳۹)

پاش‌سەروا لە جۆری جێناو:

لـــەو ڕۆژەوە دوور بۆتـــەوە سایەت لەسەری من
سووتاوە لـە تاوت هەموو جـــان و جگـەری من
(هەمان، ۱۳۸۹: ۱٦۱)

عەزیزم ڕۆحی شیرینم لـە من بۆچی کەناری تۆ؟
وەرە سەر هەر دوو چاوی من کە سەروی جوێباری تۆ
(هەمان، ۱۳۸۹: ۱۹۳)

پاش‌سەروا لە جۆری ناو:

شەو لە خەودا من چرا بووم دڵ چرا بوو جان چراغ
ئەی لەبەر عەیشی شەوی دی جان چرا جانان چراغ
(هەمان، ۱۳۸۹: ۸۷)

پاش‌سەروا لە جۆری ڕستە:

ئەی دڵ وەرە هۆشیار ببە، هذا طریق العـــاشقین
مەحـوی جەمالّی یار ببە، هذا طریق العـــاشقین
(هەمان، ۱۳۸۹: ۱۷۵)

سووتام بە نازی فیرقەتێ، ساقی کەرەم کە شەربەتێ
وەک قەقنەس ئاورم کەوتە تێ، یا غەوسی سانی هیممەتێ
(هەمان، ۱۳۸۹: ۳۱۷)

هەوالّنامەی کێبڕکێ

پاش‌سەروا لە جۆری ئاوەڵکار:

سەرابستـــــان خەرابستـــــانە ئیمـــــرۆ
بەهـــــاری عەیشی مە زستـــــانە ئیمـــــرۆ...
(هەمان، ۱۳۸۹: ۲۰۰)

۸-۱-۲-۲- ڕۆڵی پاش‌سەروا لە شیعردا و هەڵسەنگاندنی چەند تایبەتمەندییەکی

ئەلف: ئافراندنی یەکیەتیی نێوان خوێنەر و شاعیر

کاتێک خوێنەر لە خوێندنەوەی شیعرێک دوای یەک دێڕ، یان دەستەواژە لە پێگەیەکی تایبەتدا، وشە، یان دەستەواژەیەک گومان بکات، ناڕاستەوخۆ خۆی لەگەڵ شاعیر لە ئافراندنی شیعردا بە هاوبەش دەزانێت و چێژێکی زۆرتر لە شیعر وەردەگرێت. لەو دۆخەدا خوێنەر لە ناو ڕووداودایە و شیعر کارتێکەری زیاتری لە سەر هەستی دەبێت. هەرچی پاش‌سەروا درێژتر بێت، یەکیەتی و هاوئاهەنگی نێوان شاعیر و خوێنەر زیاتر خۆ دەنوێنێت. لە دیوانی وەفاییدا تەنیا دوو پاش‌سەروای درێژ هەیە. بۆ نموونە:

ئەی دڵ وەرە هۆشیار ببە، هذا طریق العاشقین
مەحوی جەمالّی یار ببە، هذا طریق العاشقیـــن
(هەمان، ۱۳۸۹: ۱۷۵)

هەوالنامەی کتێب

لەو غەزەلەدا بەهۆی بوونی پاشسەروای درێژ،ناڕاستەوخۆ خوێنەر لەگەڵ شاعیر لە ئافراندنی شیعردا خۆی بە هاوبەش دەزانێت و چێژێکی زیاتر لە شیعر وەردەگرێت.

بێ: هاوئاهەنگیی پاش‌سەروا لەگەڵ بابەت و ناواخنی شیعری

هاوئاهەنگی پاش‌سەروا و بابەتی شیعری لەو خاڵە دایە کە سەرنجی شاعیرانی هەڵکەوتووی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، واتە شاعیر لە هەڵبژاردنی پاش‌سەروا بە هاوتایی بابەت و گونجاوی ناواخن و بابەت، سەرنجی زیاتر دەدات. لە زۆربەی شیعرەکانی وەفاییدا هاوئاهەنگی پاش‌سەروا لەگەڵ بابەتی شیعری دەبیندرێت و وەفایی هەستی خەیاڵاوی بەستراو بە پاراستنی هاوتایی و هاوڕێژەیی پاش‌سەروا لەگەڵ بابەتی شیعری کردووە. بۆ نموونە:

قەد گـــوڵ و ڕوو گـــوڵ و دەرمـــانی گوڵـــە
ڕاستـە ئەمـــڕۆ گوڵـــە خەرمـــانی گوڵـــە
تـــا بە تـــای زولفـــی کـــە شێـــواوە بـــە ڕوو
سونبوڵستـــــانی گوڵستـــــانی گوڵـــە

ڕۆژ بەدەرناکــەوێ تـا سوبحــی عـــوزار　　هەڵنەیێ شەو کـــە لـــە گریـــانی گوڵـــە

بـــۆ دڵـــی شیفتـــە بۆچـــی بگـــریم؟　　بەستەیـــی چـــاو و زەنەخـــدانی گوڵـــە

زولفی تورکانە لەسـەر عاریـــزی یـــار　　ئەوە چەتـری ســـەری سوڵتـــانی گوڵـــە

ڕوو بە میحرابی برۆ پەرچەمـــی خـــاو　　کافـــــری تـــازە موسوڵمـــانی گوڵـــە

عەتری خەندەی گوڵی باغانـــە کـــە دێ　　یا هەناسەی دەمـــی خەنـــدانی گوڵـــە؟

غولغولەی شۆری وەفایی کـــە دەڵێی　　بولبولـــی گۆشەیـــی بوستـــانی گوڵـــە

(هەمان، ۱۳۸۹: ۲۳۷)

لەو غەزەلەدا وەفایی لە وەسفی جوانی دڵبەر و سەلماندنی ئەو تایبەتمەندییەی دڵبەر پاش‌سەروای «گوڵ»ی بەکارهێناوە. پاش‌سەروای «گوڵ» گونجاوی لەگەڵ وێناکردنی جوانی دڵبەر و هاوتایی بابەت و ناواخنی شیعرەکە هەیە.

پێ: داپۆشینی کەموکورتی و ناتەواویی سەروا

ڕۆڵێکی دیکەی پاش‌سەروا لە شیعردا، داپۆشینی خەوش و ناتەواوی سەروایە؛ بە واتایەکی تر، دووپاتی وشەیەک بە ناوی پاش‌سەروا لە تەواوی باڵەکانی شیعردا، هۆی داپۆشینی بەشێک لە کەموکورتی و ناتەواییەکانی سەروایە. یەکێک لە خەوشەکانی سەروا لە شیعردا بە تایبەت لە غەزەلدا دووپاتی سەروایە. بوونی پاش‌سەروا لە شیعردا دووپاتی سەروا لە خۆیەر شاراوە دەکات و هۆی داپۆشینی ئەو جۆرە خەوشەی سەروایە. ئەو خەوشە، واتە دووپاتی سەروا لە شیعری شاعیرانی هەڵکەوتووشدا وەبەر چاو دێت. بۆ نموونە، لەو شیعرەی وەفاییدا بە هۆی بوونی پاش-سەروا، دووپاتی سەروای «گریان» لە زەینی وریای خوێنەر داپۆشراوە. بۆ نموونە، لەو غەزەلەدا کە تەنیا ئاماژە بە دێڕی سەرەتا و ئەو دێڕانەی کە وشەی «گریان» سەروایە، هاتووە، بەڵام بە هۆی پاش‌سەروا ئەو خەوشە نادیارە.

غەمزەدەی خۆتم، نیشانەی تیری موژگانم مەکە　　عاشقی ڕووتم عەزیزم! تیرە بارانم مەکە

بەس دڵم بشکێنە بەم ئەبرۆیە بۆ ماچی دەمت　　مەمدە بەر تیغ و لەسەر هیچێ لە گریانم مەکە

دڵ بە من ناکا لە بەر ئاوری دەروونم دێتە جۆش　　تۆ کە سووتانت نەدیوە، مەنعی گریانم مەکە

حەقیەتی بەو چاوە کاڵانە کە تاڵانم دەکات تیفلی نادانم لەسەر ماچێک لە گریانم مەکە
(هەمان، ۱۳۸۹: ۲۳۳)

لەو غەزەڵەشدا کە تەنیا ئاماژە بە دێڕی سەرەتای کراوە، دوو جار سەروای «نەزەر» دووپات بووتەوە، بەڵام بە هۆی پاش‌سەروای «دێنێ» ئەو خەوشەی سەروا لەو شیعرەدا نادیارە:

یارم کە قەدی بەرزی سەد نەخلی شەجەر دێنێ
پەروینی شەکەربەندی سەد ڕشتە گوهەر دێنێ
(هەمان، ۱۳۸۹: ۳۳۳)

۸-۱-۲-۳- تاوتوێی سەروای ناوەوە و جۆرەکانی

تایبەتمەندییەکی شێوازی شیعری وەفایی، ڕەنگدانەوەی سەروای ناوەوەیە؛ بەم جۆرە کە دێڕێکی شیعر لە چوار بەشی سەروا پێک هاتبێت، سێیان هاوسەروا بن و سەروای دوایی لەگەڵ سەروای گشتی شیعر گۆنجاوی هەبێت. جێی ئاماژەیە لەو فۆرمە شیعرییەدا کە سەروای ناوەوەی هەیە، زۆر جار دێڕی سەرەتا سەروای ناوەوەی نییە، بەو جۆرە:

A	C	C	C
A	D	D	D

هەوالنامەی کتێب

چەند نموونەیەکی شیعریی لە دیوانی وەفایی کە لە سەروای ناوەوە پێکهاتوونە بریتین لەمانەی خوارەوە:

دیسان بە هەوری نیسانی دونیا ڕەنگی ژەنگاری گرت
گوڵ زەرد و سوور هاتە دەرێ دەشت و سەحرا و کۆهساری گرت
دیسان بە نەغمەی زیر و بەم، بولبول دەڵێ بە دەرد و غەم
لە تاوی غونچەی گوڵ بە دەم، ساز و سەمتوور و تاری گرت
(هەمان، ۱۳۸۹: ۵۲)

لەو شیعرەدا، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، دەبینین هەر دێڕێک لە چوار بڕگە پێکهاتووە، سێ بڕگەی دێڕ هاوسەروان و بڕگەی چوارەم، یان بڕگەی دوایی لەگەڵ سەروای سەرەکی شیعر گونجاوی هەیە و هاوسەروان. ئەو فۆرمە شیعرییە لە زانستی جوانکاریدا بە کەرت‌کردن ناسراوە.

سووتام بە نازی فیرقەتێ، ساقی کەرەم کە شەربەتێ
وەک قەقنەس ئاورم کەوتەتێ، یا غەوسی سانی هێممەتێ
(هەمان، ۱۳۸۹: ۳۱۷)

لەو شیعرەشدا هەر لە دێڕی سەرەتاوە هەر دێڕێک لە سێ برگەی هاوسەروا پێکهاتووە؛ ئەو جۆرە سەروایەش ئاوازی شیعریی بەهێزتر کردووە و خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا هەست بە ئاوازێکی خۆش دەکات. جێی ئاماژەیە ساڕستەی (یا غەوسی سانی هێممەتێ) وەک پاش‌سەروا لە تەواوی باڵە جووتەکاندا دووپات بووەتەوە و ئاوازی دەرەوەی دێڕەکەی بەهێزتر کردووە. لە شیعری فارسیدا مەولەوی ئەم جۆرە پاش‌سەروایەی بەکار هێناوە. جۆرێکی دیکەی سەروای ناوەوە لە شیعری وەفاییدا بەو چەشنەیە کە هەر باڵێک لە چەند هاوسەروا پێکهاتووە. ئەو جۆرە سەروایەش وەک شێوازێکی شیعری وەفایی دیاری دەکرێت کە لە پێکهێنانی ئاوازی ناوەوە ڕۆڵی هەیە.

بورقـــــەع بەســـــەر، ئەتڵـــەس لەبـــــەر، گـــــوڵ هـــاتـــــەدەر، وەک بووکـــــی تـــەڕ
کاکـــــۆڵ بە دۆش، عەنبـــــەر فـــــرۆش، پێـــم گـــــوت: ئەتـــۆش؟ دیم غەفلـــەتـــەن
(هەمان، ۱۳۸۹ :۱٦۷)

لەو دێڕەدا، وشە هاوسەرواکانی باڵی یەکەم بریتین لە: بەسەر، لەبەر، هاتەدەر. لە باڵی دووهەمیشدا وشە هاوسەرواکان بریتین لە: دۆش، فرۆش، ئەتۆش.

لەم دوو دێڕەدا، هەر باڵێک لە چەند وشەی هاوسەروا پێک هاتووە و ئەو تایبەتمەندییە ئاوازی ناوەوەی دێڕەکانی بەهێزتر کردووە:

گیســـوو دراز، وەک تێلـــی ســـاز، بە چـــاوی بـــاز، دیگـــوت بـــە نـــاز
چـــاوی پـــڕاو، جەرگـــی بـــڕاو، سینـــەی ســـووتـــاو پەیـــدا دەکـــەن
(هەمان، ۱۳۸۹: ۳۱۷)

زولف و نـــووری، ڕووی بلـــووری، بخـــووری شـەمعـــی کـــافـووری
خـاڵـــی سیـــای، چـــاوی شـــتەهلای، نـافـــەی خـەتـــای، ئـاهـــووی خـوتـــەن
(هەمان، ۱۳۸۹: ۱٦۸)

دیارترین تایبەتمەندیی شیعری وەفایی لە ئاستی دەنگدا، ئاوازە کە باڵی بە سەر بەشێک لە شیعرەکانیدا کێشاوە. ڕۆحی شەیدای وەفایی لەو دونیا بەرینەدا ئارامی خۆی لە شیعر و ئاوازی شیعریدا بینیوەتەوە و ناتوانێ بێبەش لەو دونیا ئارامە بێت، بۆیە ڕۆحی لەگەڵ مۆسیقای شیعر لە سەما و هەڵفڕیندابووە. ئەو مۆسیقایە تەنیا مۆسیقایەکی ڕووت نییە، بەڵکوو هەڵقوڵاوی واتا و چەمکی زۆر گەورە و ناسراوە؛ چونکە مۆسیقای بەرز، هاوتەریبی واتای بەرزە لە شیعردا. وەفایی

لە زۆر شیعردا ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە ئامێرەکانی مۆسیقا کردووە و ئەو دیاردەیەش تا ڕادەیەک هۆگری و ئاوێتە بوونی ڕۆحی وەفایی بە مۆسیقا و شارەزایی لەو بوارەدا دەردەخات.

وەفایی لە پێشەکیی پارچەشیعرێکی خۆیدا ئاماژەی بە دەنگ خۆشی خۆی کردووە، ئەویش لە سەر داخوازی پیری خۆی شێخ عوبەیدوللای نەهری: «در زمستان یک شب در واقعه به حضور مبارک مشرف شدم در میان جمعی از خلفا فرمودند: عریضەی خودت را که این غزل است، به آواز بلند برایم بخوان» (قەرەداغی، ۱۳۸۷: ۲۷۹). گێڕانەوەیەکی ماموستا هێمن دەسەلمێنێت کە وەفایی غەزەلی خۆی بە دەنگ چڕیوە و مام سەعیدی ماملێش لێی فێربووە. «من لە پیرە پیاوانی مەهابادم بیستووە وەفایی ئەو ڕۆژەی بۆ حەج چووە و نەگەڕاوەتەوە ئەو غەزەلەی گوتووە».

ئەرێ ئەی بە زولف و ڕوخسار سەنەمی چین ماهی تابم
دەمەکە و خەندەکە و نیگاهت نمەک و مەزەی شەرابم
(قەرەداغی، ۱۳۸۷: ۵۰)

بۆ دەرخستنی شارەزایی و لێهاتوویی وەفایی لە سەر ئاواز، ئاماژە بە دێڕی سەرەتای چەند غەزەلێک دەکەین کە وەفایی ئەو غەزەلانەی تایبەت بە گۆرانیداناوە و بە شێوەی قەتار، مەقام و گۆرانی لە لایەن گۆرانیبێژانی ناسراوی کورد، بە تایبەت ماملێ تۆمارکراون:

ئارەق ڕووی داگرتی لەبەر پێکەنینت
شەونەم لە گوڵ باری ڕۆژی گرت پەروینت
(وەفایی، ۱۳۸۹: ٦۳)

پێم بڵێ گوڵی بەهاریم لە تۆ تا بەکەی جودا بم
وەرەوە بە شەرتی جاران ڕۆژێ سەد جارت فیدا بم
(هەمان، ۱۳۸۹: ۹۱)

گوڵەکەم دەڵێن ئەوا دێ، هەموو وەختێ چاوە چاوم
ئەو خودا تۆ بڵەی وەها بێ، بێتەوە ڕووناکی چاوم؟!
(هەمان ، ۱۳۸۹: ۱۲۹)

۸-۲- لێکدانەوەی ئاستی وشە

لە ئاستی وشەدا، دیاردەی زۆر سەرنجڕاکێش لە شیعری وەفاییدا ڕەنگدانەوەی وشەکانی فارسی و عەرەبییە. لە تاوتوێی شێوازناسی لە ئاستی زماندا، ئاستی وشە بەربڵاوتر لە ئاستەکانی دەنگ، یان ڕستەیە. ئەو جیاوازییە بۆ ئەو هۆیە دەگەڕێتەوە کە شیعر تێکدانی شیرازەی ئاسایی ڕستەیە، کەچی لە بواری پەخشاندا ئەم ئاستە زیاتر بەرجەستە دەکرێت. هەر لە سەر ئەو دیاردەیە ئۆلمەن

هەوالنامەی کێبڕکێ

بڕوای وایە کە مەودای هەڵبژاردە دەنگی و ڕستەیی زۆر بەرتەسکتر لە هەڵبژاردە وشەییە، بۆیە لە لێکۆڵینەوەی شێوازی تاکەکەسدا ئاستەی وشە دیارتر و کاریگەرتر لە ئاستی ڕستە و دەنگە (شمیسا، ۱۳۷۵: ۱۱۷). شێوازی وەفایی لە ئاستی وشەدا جێی تێڕامانە و وردبوونەوەیە. کاتێک وشەکانی پێکهێنەری شیعری وەفایی شرۆڤە دەکرێت؛ دەردەکەوێت وەفایی بە پێی نەریتی باوی شاعیرانێکی وەک نالی، سالم و کوردی، بۆ هۆنینەوەی شیعر لە وشەدانی فارسی و عەرەبی کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام ئاستی بەکارهێنانی وشەی ئەو وشەدانانە تا ڕادەیەک جیاوازە.

زمانی کوردی وەک زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا تووشی تێکەڵاوی و ئاڵۆگۆڕی لەگەڵ زمانەکانی تری دونیا بووە. هەر زمانێک بە پێی پێویست لە کات و شوێنی دیاریکراودا کەڵک لە وشە و ساڕستەی زمانەکانی دیکە وەردەگرێت و لە وشەدانی تایبەتی خۆیدا وشە بیانییەکان دەتاوێنێتەوە. بەکورتی، دیارترین هۆکاری ڕەنگدانەوەی وشەی فارسی و عەرەبی لە شیعری شاعیرانی ئەو بەرەیەی شیعری کلاسیکی کوردی ئەوەیە کە بەشێک لە زانست و فێرکردنی خوێندەوارانی کورد لە کۆندا لە ڕێگای زمانی فارسی و عەرەبی بووە؛ بۆیە لەگەڵ شەرع وئایینی ئیسلام شارەزاییان بوو و سەرف و نەحوی عەرەبی و ڕەوانبێژیی و زاراوەکانی لۆژیک، سۆفیگەری و هتد، زیاتر لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. ڕەنگە هەر ئەو تایبەتمەندیەش هۆی دەرەنگ تێگەیشتنی خوێنەر لە شیعری شاعیرانی ئەوبەرە بووبێت؛ وەک نالی دەڵێت:

عومرێکــە بە میزانـــی ئەدەب توحفــە فرۆشــم
زۆرم وت و کەس تێی نەگەیـی ئێستـە خەمۆشم
(هەمان، ۱۳۸۹: ۹۱)

بەهۆی فەرمی بوونی زمانی فارسی و عەرەبی لە ناوچە کوردنشینەکان، ئاساییە زمانی فارسی و عەرەبی کاریگەرییان لە سەر زمانی کوردی ببێت. لە لایەکی تر، لەو سەردەمەدا بەکارهێنانی وشەی بیانی نەتەنیا خاڵێکی نەرینی نەبووە، بەڵکوو هۆنینەوەی شیعر بە زمانی فارسی و عەرەبی هۆی شانازی و دەرخستنی لێهاتوویی شاعیرانیش بووە؛ بۆ نموونە، نالی دەڵێت:

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتوو
نالی ئەمڕۆ خاوەنـی سێ مولکـە دیوانـی هەیـە
(هەمان، ۱۳۸۹: ۹۱)

بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمە، شیعر بە کوردی نووسینیان بە شووڕەیی و لاوازی هەستی شاعیری ناساندووە، بەڵام نالی لە وەڵامیاندا دەڵێت:

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدا وا دەکا
(نالی، ۱۳۸۷: ۱۰۲)

بۆ زانیاریی زیاتر چەند دێڕێک لە *دیوانی وەفایی* کە لە ئاستی وشەدا لێورێژ لە وشەی فارسی و عەرەبییە دەخەینە ڕوو:

خاڵی دەمتە یا مەگەسی حوققەیی شەککەر
یاخۆ حەبەشی‌زادە لە نێو ئابی بەقادا؟
(وەفایی، ۱۳۸۹: ۱۹)

ئەژدەهای زولفت تەلیسمێکە لە سیحری بابلی
میهری ئاگر شوعلە دەگرێ، ماهی‌تابان بەردەدا
(هەمان، ۱۳۸۹: ۳۲)

لەو شارە خەدەنگی سەنەمێکم لە جگەردا
شۆخێکە غەمی ئایینەداری بە قەمەر دا
مەششاتە کە شانەی لە سەری زولفی سەنەم دا
ئاشوفتەگیی حاڵی وەفایی لە قەڵەم دا
(هەمان، ۱۳۸۹: ۲۷)

حەوالنامەی کێشت

ئەوەی لە ئاستی وشە لە شیعری وەفاییدا جێی سەرنج و ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە کە ڕەنگدانەوەی وشەی فارسی و عەرەبی کە وەک تایبەتمەندییەکی شێوازی شاعیرانی کرمانجی ناوەڕاست ناسراوە لە شیعری وەفاییشدا وەک توخمی پێکهێنەری زمانی شیعری وەفایی ناسراوە. وەک پێشتریش ئاماژە کرا ئەو تایبەتمەندییە لە سەردەمی وەفایی کە زمانی فەرمی فارسی بووە و تەنانەت خوێندن لە قوتابخانە و حوجرەکانیشدا هەر بە زمانی فارسی بووە، بابەتێکی ئاساییە. بەشێک لەو وشە عەرەبی و فارسییانەی لە شیعری وەفاییدا زۆر بەکارهاتوون، بریتین لە: سەنەم، تەبەسسوم، تەکەللوم، تووڕە، مەششاتە، شەراب، سەبا، موتریب، لەعل، سیحر، زەکات، عاریز، قەدەح، موعجیزە، حیکمەت، مەحزوون، عەبهەر، مەجمەر، زولف، سەروی ڕەوان، ساقی، خەندە.

۸-۲-۱- پێناسەکردنی دوو وشەی بەرجەستە و کلیلی شیعری وەفایی

ئەلف: وشەی گوڵ لە شیعری وەفاییدا:

یەکێک لەو وشە کلیلییانەی لە شیعری وەفاییدا، شوێنێکی تایبەتی هەیە، گوڵە. لە دیوانی هیچ شاعیرێکی کلاسیکدا بە ڕێژەی وەفایی وشەی گوڵ بەکار نەهاتووە. وەفایی بە هەر وشەیەکەوە بۆی گونجابێت گوڵی لکاندووە و شوبهاندن و خواستنی جۆراوجۆر و نوێی پێ دروست کردووە، بۆ نموونە، گوڵقەند، گوڵخەندە، گوڵشەکەر. بەوەش ڕانەوەستاوە و تابڵۆی شیعری زۆر هەست

بزوێنی بە گوڵ ئافراندووە وخوێنەری نوقمی خەیاڵی ڕەنگین و زمانی شیعری سیحراوی خۆی کردووە و وێنەی شیعری نوێی بە گوڵ وێنا کردووە. بۆ نموونە:

بە هەوای باغی گوڵانی کە دەنازێ حەقیە
گوڵی من گوڵ‌دەمە، گوڵ‌چەپکەنە، گوڵ پیرەهەنە
(وەفایی، ۱۳۸۹: ۲۸۹)

قەدگوڵ و ڕووگوڵ و دامانی گوڵە
ڕاستە ئەمڕۆ گوڵە خەرمانی گوڵە
(هەمان، ۱۳۸۹: ۲۳۷)

ئەی سەبا! تێکەمەدە تۆ پەرچم و کاکۆڵی گوڵە
زولف و کاکۆڵی گوڵە مەسکەنی سەد پارە دڵە
(هەمان، ۱۳۸۹: ۲۳۹)

عەتری خەندەی گوڵە باغانە کە دێ
یا هەناسەی دەمی خەندانی گوڵە ؟
(هەمان، ۱۳۸۹: ۲۳۷)

ئەو دێڕانە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە لە شیعری وەفاییدا گوڵ وەک توخمێکی سەرەکی بەشێک لە وێنە شیعرییەکان ناسراوە. وەفایی بە ڕێژەی دڵبەرەکەی سەرسام بە گوڵ و گوڵزار و جوانییەکانی سروشت بووە. وەک دەگێڕنەوە هەرکەس چەپکە گوڵێکی بۆ هێنابا، وەیدەزانی ئەسپێکی حدودیان پێشکەش کردووە. لە باخچەی ماڵەکەیدا گوڵی لە جۆری: بنەوشەو، نازناز، شێستپەڕ، شەوبۆ، لاولاوە ڕووانداووە. وەفایی لە زۆر شیعردا جوانی گوڵ و گوڵزاری بە جوانی دڵبەرەکەی شوبهاندووە.

بێ: ڕەنگدانەوەی وشەی زولف لە شیعری وەفاییدا

زولف یەکێکی تر لەو وشانەیە کە شاعیرانی قوتابخانەی کرمانجی ناوەڕاست بە ڕێژەیەکی زۆر کەڵکیان لێوەرگرتووە و لە زۆر شیعردا وەک زاراوەیەکی سۆفیگەری بۆ نیشاندانی هەڵچوون و نواندنی ورووژەی دەروونی بەکاریان هێناوە. زولف و لێکدراوە وەسفییەکانی وەک: زنجیری زولف، زولفی شێواو، زولفی ڕەش، لەو جۆرە زاراوانەن شاعیرانی کورد وێنەی شیعری جۆراوجۆریان پێ ئافراندووە. لە شیعری وەفاییدا «زولف» بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکار هاتووە و لە پێکهێنانی وێنەی شیعریدا وەک توخمی سەرەکی ناسراوە. وەفایی بە وشەی زولف چەندین لێکدراوی

وەسفی، شوبهاندن و خواستنی ئافراندووە. تەنیا لەو چەند دێرەدا کە «مشتێ لە خرمانێ»یە، ڕۆڵی وشەی زولف لە پێکهێنانی وێنەی شیعری لە شیعری وەفایی دەردەکەوێت.

ئەی لـە سـایەی سـەری زولفت بە نیگـا و خـەت و ڕوو / بەستـەیـی داوە، چ تـاووسـە، چ شەهبـازە، چ قـوو
مـەستـی ئـەو نێرگسـە کاڵـەم دەگـریم بـۆ لـەبی تـۆ / شیشـە بـۆ جـامی شەرابم، کۆڵـی گریەم لـە گـەروو
مەمـدە بەر حەڵقەیی ئـەو زولفـە لەسـەر ماچـی دەمت / لـە تەنـافم مـەدە مەمکـوژە لەسـەر هیچ و نەبـوو
تێک نەچوو قەت سەری زولفت لە هەناسەی دڵـی مـن / دووکەڵی ئەو شەمە هەرگیـز بە نەفـەس واوە نەچـوو
لە دوو زولف و سەری کوڵمـانـی عەجەب مـاوم ئەمـن! / ڕاستـە ئەو نـووڕە، بەڵام نـوور نییـە دوو سـایە لـە ڕوو
وەرە بـەو نێـرگسـە سـاقی بـە فیـدای گـەردشتـم / نەفـەسـێ بێنـەوە گـەردش بە وەفای جام و سەبـوو
عـاریـز و زولفـی بـە خـەنـدە بـە وەفـایی دەفـرۆت / گوڵ بە تا، نافە بە خەرمەن، دوڕڕ و شەکەر بە قوتـوو

(وەفایی، ۱۳۸۹: ۱۸۸)

وەفایی بە پێڕەوی لە شاعیرانی کرمانجی ناوەڕاست بە «زولف» وێنەی شیعری ڕەنگاوڕەنگی خوڵقاندووە و بە شوبهاندنەکانی وەک: حەڵقەیی زولف، ئەژدەهای زولف و خواستنی زولف لە داو، ڕۆڵی زولف لە ئافراندنی وێنەی شیعری لە شیعری وەفایی دەردەکەوێت.

گوڵەندام ئەی تەنافی گەردەنـم زولفـی پەرێشـانت / عیلاجێ! چارەیێ! ڕوحمێ! ئەمان دەستم بە دامانت

(هەمان، ۱۳۸۹: ٥٦)

کەمەندی زولفەکەی تۆ بم گرێ من عـاشقی ڕووتم / مـوراد و مەتڵەبێکـی دیـم نییـە، غیـر از تۆ کافـر بم

(هەمان، ۱۳۸۹: ۱۰۱)

لەم دوو دێرەدا، وەفایی زولفی بە تەناف، واتە کەمەند شوبهاندووە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کەمەند نواندنی وێنەیەکی دیکەیە بۆ زولف.

۹- ئەنجام

لە لێکدانەوەی شێوازی شیعری وەفایی لە ئاستی زماندا و پشکنینی دیاردەی دەنگ و بەتایبەت کێش، پاش‌سەروا و سەروای ناوەوە بەو ئەنجامە گەیشتین شیعری وەفایی لە ئاستی زمانیدا کارتێکەر لە شێوازی شیعری قوتابخانەی کرمانجی ناوەڕاستە و ئاڵای ئەو شۆڕشە ئەدەبییە بە بوونی ئەو لە ناوچەی موکریان هەر شەکاوە ماوەتەوە. لە شرۆڤەی کێش لە شیعری وەفاییدا بەو ئەنجامە گەیشتین وەفایی بە دوو کێشی عەرووزی و برگەیی شیعری هۆنیوەتەوە. لە دیوانی وەفاییدا کێشی هەزەج پلەی یەکەم و کێشی ڕەمەڵ (بەتایبەتی ڕەمەڵی مەخبوون)کە خۆش ئاوازترین کێشی عەرووزییە، پلەی دووهەمی هەیە؛ ئەو کێشە عەرووزییانە لە نێو شاعیرانی کورد و فارسدا باوتر بووە. ئەوەی لە خوێندنەوەی پاش‌سەروا لە شیعری وەفاییدا وەک بەشێک لە

هەوالنامەی کێش

توخمەکانی پێکهێنەری ئاوازی شیعری پێی‌گەیشتووین، ئەو دیاردەیەیە کە وەفایی لە زۆرێک لە غەزەلەکانیدا بە کارتێکەری لە شاعیرانی کرمانجی ناوەڕاست پاش‌سەروای بەکار هێناوە و دەکرێت وەک دیاردەیەکی شێوازی شیعری وەفایی بژمێردرێت. بێ‌گومان سوود وەرگرتن لە پاش‌سەروا لە شیعری وەفاییدا بێ‌هۆ نییە و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە وەفایی هەستی بە ڕۆڵی ئاوازی پاش‌سەروا لە شیعردا کردووە. پاش‌سەروا لە جۆری «کار» لە شیعری وەفاییداپلەی یەکەمی هەیە. شرۆڤەی دیاردەیەکی تری شێوازناسی شیعری وەفایی لە ئاستی وشەدا، بوونی وشەکانی فارسی و عەرەبییە کە وەفایی بە ئاگایی، یان نائاگایی بەکاری هێناون. بە پێی شی‌کردنەوەی ئەو تایبەتمەندییەش دەردەکەوێت وەفایی لە ڕووی زمانییەوە دریژەدەری شێوازی شاعیرانی کرمانجی ناوەڕاستە. شایانی باسە لە شیعری وەفایی لە زۆر دێڕدا ئەگەر بەجێی ئەو وشە فارسی، یان عەرەبیانەی بەکار هاتوون، هاوواتای کوردییان بۆ دابندرێت؛ شیعر لەباری کێشەوە تێک ناچێت. ئەو تایبەتمەندییە لە سەردەمی وەفایی کە خوێندن لە قوتابخانە و حوجرەکاندا بە زمانی فارسی باو بووە، ئاساییە.

هەوالنامەی کتێب

منابع

کوردی:

ئەحمەدی شاوەیسی میکایەلّی، مەلاخدر (نالی). (۱۳۷۸). *دیوانی نالی*. لێکۆلّینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم. چاپی پێنجەم، سنە: کوردستان.

چالی، شەعبان. (۲۰۰۸). *شێوازی شیعری جەزیری*. هەولێر: حاجی هاشم.

خەزنەدار، مارف. (۲۰۰۳). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەرگی چوارەم، هەولێر: وەزارەتی پەروەردە.

دەشتی، عوسمان. (۲۰۱۳). *ئەزموونی شیعری موکریان و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا*. هەولێر: حاجی هاشم.

سابلّاخی، میرزا عەبدوڕەحیم (وەفایی). (۱۳۹۰). *دیوانی وەفایی*. کۆکردنەوەی موحەممەد عەلی قەرەداغی، لێکدانەوەی موحەممەد سەعید نەججاری (ئاسۆ). سنە: کوردستان.

سەجادی، بەختیار. (۱۳۹٦). «لێکدانەوەی شێوازناسانەی قوتابخانەکانی ڕوانگە و کفری: بە سەرنجدان بە شیعری شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەلّمەت». *پژوهشنامه ادبیات کردی*، س. ۳، ژ. ٤، لل. ۱٤۲- ۱۷٦.

--- (۱۳۹۵). «*شێوازناسی وێژەی گۆرانی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان*». *پژوهشنامه ادبیات کردی*، س. ۲، ژ. ۲، لل. ۱۲۵- ۱٤۸.

شەڕەفکەندی، عەبدوڕەحمان (هەژار). (۱۳۸۱). *فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە*. پێداچوونەوە محەممەد ماجد مەردوخ ڕۆحانی. تاران: سروش.

شێخ صالح، شێخ نووری. (۱۹۲٦). «ئەدەبیاتی کوردی». *ژیان*، س. ۲، ژ. ٤.

عومەر مستەفا، ئاسۆ. (۲۰۰۹). *بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر*. دهۆک: خانی.

عومەر کاکی، حەمە نوری. (۲۰۰۸). *شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا*. سلێمانی: تیشک.

عەلی ئەحمەد، پەخشان. (۲۰۰۹). *شێوازی شیعری گۆران*. سلێمانی: ڕەنج.

قەرەداغی، محەممەد عەلی. (۱۳۷۸). *دیوانی وەفایی*. چاپی دووهەم. سنە: ئانا.

گەردی، عەزیز. (۱۹۹۹). *کێشی شیعری کلاسیکی کوردی*. هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری.

--- . (۱۹۷۹). *ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا*. ب. ۳، سلێمانی.

مستەفا ڕەسوڵ، عیزەددین. (۱۹۹۰). *ئەدەبیاتی نوێی کوردی*. هەولێر: فێرکردنی باڵا.

موکریانی، گیو. (۲۰۰۰). *فەرهەنگی کوردستان (کوردی-کوردی)*. هەولێر: ئاراس.

فارسی:

انوشه، حسن. (۱۳۷٦). *فرهنگنامه ادبی فارسی*. ج. ۲. تهران: فرهنگ و ارشاد اسلامی.

زرین کوب، عبدالحسین. (۱۳۷۹). *یاداشت‌ها و اندیشه‌ها*. چاپ پنجم. تهران: سخن.

کتابخانه‌ی کتێب

--- . (۱۳۷۲). *شعر بی‌دروغ شعر بی‌نقاب*. چاپ هفتم. تهران: علمی.

شمیسا، سیروس. (۱۳۸٦). *آشنایی با عروض و قافیه*. تهران: میترا.

--- . (۱۳۷۵). *کلیات سبک‌شناسی*. چاپ چهارم. تهران: فردوس.

شفیعی کدکنی، محمدرضا. (۱۳۸۵). *موسیقی شعر*. چاپ سوم. تهران: آگاه.

علیمرادیان، شاهرخ. (۱۳۷۹). *تکنیک نوشتن در روانکاوی*. چاپ دوم. تهران: اورنج.

فرشیدورد، خسرو. (۱۳۷۸). *درباره ادبیات و نقد ادبی*. چاپ دوم ، تهران: امیرکبیر.

ملکی، پرخیده. (۱۳۷۱). *ریطوریقا، فن خطابه ارسطو*. تهران.

وحیدیان کامیار، تقی. (۱۳۷۲). «تکرار در زبان خبر و تکرار در زبان عاطفی». *مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی*. س. ۲٦، ش. ۳ و ٤.

هەوالنامەی کتێب

پژوهشنامه ادبیات کردی دوره پنجم، شماره ۸، پاییز و زمستان ۱۳۹۸

گۆران و هێمن لە ڕۆژنامەی *کوردستان* چاپی تاراندا

سامان عیزەدین سەعدوون[I]

پرۆفێسۆری یاریدەدەر، بەشی کوردی، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ

تاریخ دریافت: ۲۴ دی ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۸ اسفند ۱۳۹۸؛ صص ۲۶۱–۲۸۳

کورتە

وتاری بەردەست تۆیژینەوەیەکە لەبەر ڕۆشنایی وتارەکانی ناو ڕۆژنامەی *کوردستان* (۱۳۳۸- ۱۳٤۲) کە لەبارەی هەر دوو شاعیری دیاری گەلەکەمان، گۆران و هێمن-ەوە نووسراون، پێگە و ڕۆڵی هونەری و ئەدەبی هەر دووکیان ڕوون دەکەنەوە. تەوەری یەکەمی تۆیژینەوەکە تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵ و پێگەی شاعیرێتیی گۆران لە بواری نوێکردنەوەی شیعری کوردی و کاریگەریی لەسەر شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەموو ئەو وتارانەی لەو ژمارە تایبەتەی کە بۆ کۆچی گۆران تەرخان کرابوو، خراونەتە بەر خوێندنەوە. لێرەشەوە کۆمەڵێک ڕاستی و تێڕوانینی نوێمان لە بارەی شاعیرەوە گەڵاڵە کردووە کە دەکرێ ببنە بناغەی زانستی بۆ پێگە و ڕۆڵی گۆران لە نوێ کردنەوەی شیعری کوردیدا. تەوەری دووەم تەرخان کراوە بۆ خستنەڕووی شیعر و وتارەکانی هێمن. هەوڵ دراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە بۆچی هێمن دەستکاری شیعرەکانی کردووە لە پاش بڵاوکردنەوەی. لەگەڵ ڕاقەکردنی گۆڕینی بڕوا و هەڵوێستی لە بیری ناسیونالیستی کوردییەوە بۆ بیری ناسیونالیستی ئێرانی. ڕوونکردنەوەی ئەو وێستگە گرنگەی ژیانی هێمن، ئامانجی تویژینەوەکەیە، کە دوو شیعری بۆ شا نووسیوە و بۆخۆی لەبارەیانەوە هیچی نەوتووە. لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە ڕوومان لەو هەڵوێستەی شاعیر کردووە کە دوای دابڕانی لە جەماوەرەکەی و بێئومێدبوونی، ڕوو لە ڕۆژنامەی *کوردستان* دەکات و لە کۆتاییشدا کۆمەڵێک ئەنجاممان خستۆتە بەردەست.

وشەگەلی سەرەکی: گۆران؛ هێمن؛ ڕۆژنامەی *کوردستان*؛ شیعری کوردی؛ نوێخوازی

چکیده

این مقاله پژوهشی است در مقالات روزنامه‌ی *کردستان* (۱۳۳۸- ۱۳٤۲) که در مورد دو شاعر برجسته‌ی کرد، گوران و هیمن، نوشته شده‌اند و جایگاه و نقش آنان را از لحاظ ادبی و هنری مشخص کرده است. بخش اول پژوهش به نقش و جایگاه شاعری گوران در حوزه‌ی نوشدن شعر کردی و تأثیر او بر شاعران شرق کردستان پرداخته است. همچنین مقالاتی که در این روزنامه به درگذشت گوران اختصاص داده شده بود، مورد تحلیل قرار گرفته‌اند. افزون بر این، برخی حقایق و دیدگاه‌های تازه‌ای را درباره‌ی شاعر ارائه داده‌ایم که می‌تواند اساسی علمی برای نقش و جایگاه گوران در روند نوگرایی شعر کردی محسوب شوند. بخش دوم پژوهش به شعر و مقالات هیمن اختصاص یافته است. در این بخش تلاش شده است به پرسشی پاسخ داده شود که چرا هیمن شعرهایش را بعد از انتشار دستکاری کرده است. البته چگونگی تحول اعتقاد و موضع وی در تفکر ملی‌گرایی کردی به تفکر ملی‌گرایی ایرانی نیز تحلیل شده است. هدف این است که دوره‌ای مهم از زندگی هیمن روشن شود که در آن دو شعر را برای شاه نوشته است و خودش هیچ نظری در این باره نداده است. از دیدگاه روانشناسی به این موضع شاعر توجه کرده‌ایم که بعد از بریدن از مخاطبانش و ناامید شدن، به روزنامه‌ی *کردستان* روی می‌آورد. در پایان نیز نتایج به دست آمده ارائه شده است.

واژگان کلیدی: گوران؛ هیمن؛ روزنامه‌ی *کردستان*؛ شعر کردی؛ نوگرایی

پژوهشنامه‌ی کتبی

[I] saman.ezadin@charmouniversity.org

۱- پێشەکی

جیهانە شیعرییەکەی هەر یەک لە گۆران و هێمن ئەوەندە دەوڵەمەندە کە بوار بۆ لێکۆڵەر دەرەخسێنێ هەمیشە کاری نوێ لە بارەیانەوە پێشکەش بکات. ڕۆژنامەی *کوردستان* کە لە نێوان ساڵانی ۱۳۳۸ هەتا ۱۳٤۲ی هەتاوی دەرچووە بەرهەمی شیعریی گۆران و هێمنی بڵاو کردۆتەوە و جێی بایەخی ڕۆژنامەکە بوونە؛ بەو هۆیەشەوە کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی نوێی شیعری کوردی جێ هێشتووە و لای شاعیران و خوێنەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر دەناسرێن. گۆران کە لە ساڵی ۱۲۸۳ لە هەڵەبجە هاتۆتە دونیاوە و شاعیرێکی بەناوبانگی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە نوێ کردنەوەی شیعری کوردیدا؛ تەنانەت ناوبانگی لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهاندا بڵاو بۆتەوە، پێگەی ئەو، لای ڕەخنەگرانی بیانی، وەک شاعیرێکی هەڵکەوتوو، جێگایەکی دیاری هەیە، هەربۆیە ڕۆژنامەی *کوردستان*، کە لە تاران بە زمانی کوردی دەردەچوو، شیعرەکانی بڵاو دەکردەوە. لە دوای کۆچ کردنی، دەستەی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکە لە ساڵی ۱۳٤۲ ژمارەیەکی تایبەت بە کۆچی گۆران تەرخان دەکەن،کە بۆ یەکەم جارە لە باشووری کوردستان ئەو زانیاریانەمان لە بارەی گۆرانەوە دەکەوێتە بەردەست،کە بۆخۆیانیش دەبنە کەرەستەی توێژینەوەکە. سەبارەت بە هێمن، ئەو لە ساڵی ۱۳۰۰دا لە گوندی لاچین نزیکی سابڵاخ لەدایک بووە و بە چەندین وێستگەی جیاوازدا تێپەڕیوە. لێرەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە،کە ئاخۆ بۆچی هێمن لە وێستگەیەکی گرنگی ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری خۆیدا ڕوو لە جۆرە شیعر و وتارێک دەکات کە لە دوای بڵاوکردنەوەی دیوانەکەیشیدا هەندێ لەو شیعر و وتارانەی فەرامۆش دەکات و لە هیچ کام لە دیوانەکانیدا نە خۆی و نە کەسانی تر ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە.

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە بۆ یەکەم جارە ڕۆژنامەی *کوردستان*-ی چاپی تاران کە لە ساڵی ۱۳۳۸ هەتا ساڵی ۱۳٤۲ لە تاران دەرچووە، بە مەبەستی تیشک خستنەسەر دوو دەنگی شیعری دیاری نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، بەسەر بکرێتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە لە سەرەتاوە شیعری گۆرانی بڵاو کردۆتەوە و بۆ کۆچەکەیشی ژمارەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کردووە. ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت،کە گۆران کاریگەریی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەبووە. هەر بۆ یەکەم جاریشە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ شاعیری گەورەمان هێمن لە نێو ئەو ڕۆژنامەدا دەکەین، کە دەکەوێتە قۆناغێکی گرنگ و هەستیاری مێژووی نوێی گەلەکەمانەوە. ئەوەی جێی بایەخە بۆ توێژینەوەکە، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە کە ئایا بۆچی هێمن خۆی لەم وێستگەیەی ژیانی پاراستووە و نە لە دیوانی یەکەمی و نە لە دووبارە چاپ کردنەوەی بەرهەمەکانیدا ئاوڕی لە شیعر و وتارەکانی ناو ڕۆژنامەی *کوردستان* نەداوەتەوە. بێجگە لەوەش، هیچ لێکۆڵەرێکیش بایەخی بەو

لایەنە نەداوە و ئاوڕیان لەو شیعر و وتارانەی هێمن نەداوەتەوە کە لە ڕۆژنامەی *کوردستان*دا بڵاو کراوەتەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کە تیشک بخاتە سەر قۆناغێکی مێژوویی گرنگی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گەلەکەمان و دەرخستنی ڕاستییەکان و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی *کوردستان*، کە ئەمەش بۆ خۆی خزمەت بە پێش‌خستنی ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەکات. لە لایەکی تردوە، خزمەت بە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکات. وەک ئاشکرایە، دەزگای «بنکەی ژین» و ئەکادیمیای کوردی، ڕۆلێکی ئێجگار گەورەیان هەبووە لە بەچاپ‌گەیاندنی هەموو ژمارەکانی *کوردستان* لە چوار بەرگی ڕازاوەدا، کە بۆ یەکەم جارە سەرجەمی ژمارەکانی پێکەوە دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەرانی کورد و بۆ ئێمەش کارئاسانی بوو بۆ بەسەرکردنەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە.

۲ـ گۆران لە ڕۆژنامەی *کوردستان*-ی چاپی تاراندا

ڕۆژنامەی *کوردستان* ڕۆژنامەیەکی حەوتەیی کوردی، سیاسی، زانیاری، وێژەیی، کۆمەڵایەتییە، خاوەنی ئیمتیازی عەبدولحەمید بەدیع ئەلزەمانی، بە چاودێری دەستەی نووسەران مەحمەد سدیق موفتی‌زادە، عەبدولڕەحمانی موفتی‌زادە، ئەحمەدی موفتی‌زادە، عابد سراجەدینی و شوکروڵڵای بابان لە ساڵی ۱۳۳۸ لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە تاران دەرچووە. لە ژمارەی ۱۹۵ـی ساڵی چوارەمی ڕۆژنامەی *کوردستان*-ی چاپی تاراندا لە ٢٤ـی بەهمەن ۱۳٤۱ بەرانبەر ۱۳ـی تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹٦۳، لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا بە ناونیشانی «کۆستێکی گەورە» هەواڵی مردنی گۆرانی شاعیر بڵاو دەکرێتەوە. ئاشکرایە کە گۆران لە ۱۸/ ۱۹٦۲/۱۱ کۆچی دوایی کردووە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ، واتە لە ۱۹٦۳ /۲/۱۳ ئەم هەواڵە دەگاتە ڕۆژنامەکە.

لە کوردستانی عێراقدا، لە ماوەی ئەو ساڵانەی ڕۆژنامەکە دەرچووە، جگە لە گۆران نووسەر و شاعیری تریش مردوون، وەکوو ڕەوانشاد ڕەفیق حیلمی، کەچی جێی بایەخیان نەبووە؛ بەڵام مردنی گۆران دەبێتە جێی بایەخیان. دیارە هۆکارەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و کاریگەریی شاعیرێتی لە بواری نوێکردنەوە و داهێنانی شیعر و کاریگەریی لەسەر ڕەوتی شیعری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. لە لاپەڕەی ۱۲ـی هەمان ژمارەدا بە ناونیشانی «زانایان نامرن» وتارێکی بەنرخ بڵاو کراوەتەوە،کە تێیدا پێگەی هونەریی گۆران لە نوێ‌کردنەوەی شیعردا و شوێنی ئەو لە داهێنانی شیعریدا بەرز نرخێنراوە. لە وتارەکەدا، کە ناوی نووسەرەکەی پێوە نییە، ئەو پرسیارە دەکرێت کە، «ئایا چ هۆز و گەلێکی جیهان زانایەکی وەکوو گۆرانی تیادا هەڵکەوتووە؟ بەڵکوو هی جیهانە، ئەبێ جیهان بیرەوەری لێوە بکات» (*کوردستان*، ۱۳٤۲، ژ. ۱۹۵). جێی شانازییە

که گۆران به زانایەکی جیهانی تۆمار دەکات. لەبارەی ڕۆڵیەوە لە نوێکردنەوەی شیعردا، دیدی ڕۆژنامە بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو: «مامۆستا گۆران لە چوارچێوەی یاسای هۆنراو بەرزتر و بەربڵاوتر هەنگاوی داناوە، لە هەڵبەستا چەشنێکی تازەی بەدی هێناوە؛ کە هەڵبەستی نوێ ئەهۆنێتەوە، بۆ لاوەکانی بیرڕووناکی هاوزمانی، بۆ گەلی ژیر و زانای کوردستان، ئەوە ئەوە کە بەستەی دڵدار پێشکەشی لاوەکانی نیشتمانپەروەری کوردستان ئەکات و ئەڵێ:

لە ژێر ئاسمانی شینا
لە پاڵ لووتکەی بەفرینا
کوردستان گەرام
دۆڵاو دۆڵ پێوام. (ڕۆژنامەی کوردستان، ١٣٤٢، ژمارە ١٩٥)

هەر لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکەدا دەقێکی شیعری گۆران بە ناونیشانی «بووکێکی ناکام» بڵاو کراوەتەوە. شاعیری دیاری ڕۆژنامەکە عابد سەراجەدین شیعرێکی بۆ کۆچی گۆران لەو ژمارەیەدا بڵاو کردۆتەوە:

نەڵێی داخەکەم کوردان نامناسن
شوێنەوارانم بێقەدر و باسن
لامان گرانە پەڕاو و دێرت
دێرت وەک زێڕە لای خاوەنئایین
هۆنراوەکانت پردی زمانە
بۆ تاریکی ڕێی تیشکی ڕووناکین

کتێب ڕۆژنامەوانی

لە دوای ئەوەی کوردە خاوێنەکان لەو کۆستە گەورەیە ئاگادار کرانەوە، ئەوانیش گەلێ وتار و هەڵبەستی تایبەت بۆ کۆچی گۆران ڕەوانەی ڕۆژنامەکە دەکەن. هەر بۆیە، ژمارەی ١٩٧ تایبەت دەکرێت بە بیرەوەریی کۆچی دوایی شاعیری نەمری کورد، مامۆستا گۆران.

لە لاپەڕەی دووی ڕۆژنامەکەدا وتارێکی گرنگ و پر بایەخ بە ناونیشانی «بەسەرهات و شوێنەواری مامۆستا گۆران»، نووسینی هیوا بڵاو کراوەتەوە، کە بە پێی میتۆدێکی زانستیانە توێژینەوەکە ئەنجام دراوە. بەو پێیەی سوودی لە شەش سەرچاوە وەرگرتووە، کە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئاماژەیان پێ کراوە، جگە لەوەی پشتی بەستووە بە تێڕوانینەکانی هەردوو لێکۆڵەر و ڕەخنەگر، مامۆستایان ڕەفیق حیلمی و عەلادین سەجادی. نووسەر سەرەتا بە کورتەیەک لەبارەی ژیانی گۆران و بەرهەمەکانیەوە چۆتە ناو باسەکەوە و لە پاشاندا لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونی هەندێک لێکۆڵەری بیانی و وتەکانی شاعیر خۆیەوە، لێکدانەوەیەکی زانستیانەی دەربارەی شێوەی شیعر و هەڵبەستەکانی خستۆتە بەردەست. بەم پێیەش، لە ڕووی دەرخستنی پلەی

شاعیرێتی و توانای داهێنانی هونەریی شیعریی شاعیرەوە، کۆمەڵێک ئەنجامی داوەتە دەست. لەم ڕووەوە لە پێگەی دیاری گۆران دواوە و شوێنی لە نێو ئەدەبی جیهانیدا بەرز نرخاندووە. ڕای ئیدمۆنس کە کوردناسێکی ئینگلیزییە دەهێنێتەوە، کە سەرسام بووە بە شیعری گەشت لە هەورامانەکەی گۆران و وەریدەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی و بەم شێوەیە هەر زوو دەقە شیعرییەکانی شاعیر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوچەکە و جیهاندا بڵاو دەبێتەوە.

> لەبەر ڕۆشنایی ڕای ا. ب. سوەن، نووسەر تێڕوانینێکی نوێ دەخاتە بەردەست کە تا ئێستا هیچ لێکۆڵەرێکی کورد ڕایەکی لەو جۆرەی نەخستۆتە ڕوو. ئەویش ئەوەیە ئەو بۆچوونە بە ڕاست نازانێتکە گۆران لە شیعری ئینگلیزی و تورکی ئیلهامی وەرگرتبێت و نوێکردنەوە و شێوازی شیعری لە ژێر کاریگەریی لاسایی‌کردنەوەی ئەو دوو ئەدەبەدا بەئەنجام گەیاندبێت؛ بەڵکوو نووسەر پێی وایە ئەو بۆچوونە،

بڕوایەکی دروست و ڕاستەقینە نییە، چونکە هەڵبەستەکانی گۆران بێجگە لە یەک دوویەکیان، گشتی باسی کورد و وڵاتەکەیەتی، شێوەی هەڵبەستەکانیشی لە هیچ کوێ لاسا نەکراونەتەوە، چونکە هەر وەک دیتمان شیعرەکانی گۆران لە شێوەدا هەر ئەوانەن کە سەدان ساڵ لەمەوپێش لە چریکە کوردییەکاندا پێک دەهێنرا. ئەو زمان و شیعر و ئەدەبە کوردییە تەنیا لە بیری کوردی ئاوی دەخواردەوە، هەر وەک ئێستەش زۆر وایە و پێچوونی شیعری کوردی و شیعری ئینتی گەلانی تر کە دەیانەوێت لە بەندی قەواعیدی عەرووزی ڕزگاریان بێ، نابێ ئەو بخاتە سەر ئەو گومانە کە شیعری کوردی لاساکراوەی شیعری وانە. (هیوا، کوردستان، ١٣٤٢، ژمارە: ١٩٥)

نووسەر لە شوێنێکی تردا دەڵێ: «ماموستا گۆران باشتر لە گشت شاعیرانی تر توانی تەبیعەتی شیعری کوردی لە هەڵبەستەکانیدا بپارێزێ» (سەرچاوەی پێشوو). لە بەر ڕۆشنایی ئەم وتانەوە چەند ڕاستییەک ڕوون دەکەینەوە؛ یەکەمیان ئەوەیە کە گۆران دەخاتە پێشەوەی شاعیرانی کوردەوە لە بواری پاراستنی سروشتی شیعری کوردی،کە دیارە مەبەست لە ڕەسەنایەتی و بیری کوردییە لەگەڵ ئەو شێوازەی کە لە بەیت و چریکە کوردییەکاندا پەیڕەوکراوە لە شێوەی داستانی «خەج و سیامەند» و «شیرین و خەسرەو». ڕاستییەکی تریش ئەوەیە کە سروشتی شیعری کوردی هەر لە سەرەتاوە پابەندی یاساکانی عەرووزی عەرەبی نەبووە؛ لە کاتێکدا گەلانی تر پابەندی ئەو شێوەیە بوونە و دوای چەند قۆناغێک ئەوجا توانیویانە لە یاساکانی عەرووزی لابدەن. بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم بۆچوونەی، نووسەر پشتی بە ڕای گۆرانی شاعیر و دوو لێکۆڵەری بیانی بەستووە. لەبەر گرنگی بۆچوونەکان دەیان‌خەینە ڕوو:

> قەواعیدی عەرووزی، شیعری عەرەبی و فارسیی وەک دیل لەبەنددا دەستپێچ کردووە.کورد نەتەوەیەکە عاشقی ئەفسانە و پیاوەتی و سەربەستییە؛ لەسەر ئەوەشڕا زمانەکەیان هێزێکی

تەبیعی هەیە بۆ بەیان‌کردن. ئەو نەتەوەیە هەڵبەست و هۆنراوەیەکی زۆری دەرخستووە؛ دەتوانین بڵێین کە هەمیشە خاوەنی هەڵبەست و گۆرانی بووە، کە بەشی زۆریان ئێجگار بەنرخن. قەواعیدی ئاڵۆز و شێواوی علم العروض کە شیعری فارسی و عەرەبی و تورکی بێ‌هێز و بێ‌نوکتە کردووە، لە کوردیدا تەئسیری نەبوو. (سەرچاوەی پێشوو)

بە پێی ئەو وتانە، شیعری عەرەبی و فارسی و تورکی پەیڕەوی عەرووزییان کردووە، بەڵام گەلی کورد هەمیشە خاوەنی هەڵبەست و گۆرانی بووە کە بەشی زۆریان ئێجگار بەنرخن؛ چونکە بەلایەوە زمانی کوردی هێزێکی سروشتی و خۆڕسکانەی هەیە بۆ دەربڕینی مەبەست، بۆیە هەر لە زووەوە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری زانستی عەرووزی. بەم پێیە شاعیرانی کورد تایبەتمەندی سیمای ڕەسەنێتی شێوەی شیعری کوردییان پاراستووە، بێ هیچ لاسایی‌کردنەوەیەک. هەرچەندە لە سەردەمی میرنیشنی بابانەکاندا پەیڕەوی شیعری عەرووزی کراوە، بەڵام بە دەستی گۆران لە ۱۹۳۰ بە دواوە، بۆ ئێجگاری کێشی عەرووزی بەلاوە دەنرێ و شاعیران دەگەڕێنەوە سەر کێشی پەنجەی برگەیی. نووسەر لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

زمانی کوردی لە بناغەدا شاعیرانەیە وگەلی کورد زۆرتریان شاعیرن. شیعری کوردی تەواو تەبیعییە، شتی دروستکراو و مەسنووعی ناتوانێ جێی تێدا بکاتەوە. هۆنەر دەتوانێ هەر کاتێ ویستی، ڕێ و شوێنێکی تازە دروست بکا. شیعری کوردی قاعیدەیێکی ساپتی نییە کە شیعر دەربەستی بێ. هۆنەری کورد دەیەوێ بیری خۆی دەربڕێ؛ ئامانجی تەنیا ئەوەیە کە ئەو بیرەی بە باشی و ڕوونی وەدی بێنێ. هەر شیعرێک، هەر گۆرانییەک شێوە و ڕێ و ڕەوشتی تایبەتی خۆی هەیە. (سەرچاوەی پێشوو)

ئەم وتانە بۆ شیعری نوێ دروست و ڕاستن، بەڵام هەرگیز لەگەڵ بنەماکانی شیعری کلاسیکی کوردی سەردەمی میرنشینی بابانداناگونجێت؛ چونکە شیعری قوتابخانەی بابان بە عەرووزی عەرەبی هۆنراوەتەوە و ڕێ‌وشوێنی تایبەتی خۆی هەیە؛ لەسەر یاسایەکی جێگیر و چەسپاو بەڕێوە چووە. سەبارەت بە داستان و لاوک و حەیرانی کوردی بەڵێ تا ڕادەیەکی دیار یاسایەکی جێگیری نییە،کە شیعر لە سەری بڕوات، بەڵکوو زیاتر ئامانجی گەیاندنی ئەو بیرەیە،کە دەیەوێت بیگەیەنێتە وەرگر. ئەم جۆرە شیعرانە بنیاتی شیعری پەخشانیان هەیە و پابەندی کێش و سەروا نابن، زیاتر بایەخ بە مۆسیقا دەدەن. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە بنیاتی شیعری دیالێکتی گۆران کە بە کێشی برگەیی بنیات نراون، هەمان ئەو کێشەیەکە لاوک و حەیران و گۆرانی فۆلکلۆری کوردیی پێ بنیات نراوە،کە جێگای بایەخی نووسەر نییە؛ لە کاتێکدا گۆرانی شاعیر خۆی باس لە بایەخی ئەم کێشە شیعرییە خۆمالێیە ڕەسەنە کوردییە دەکات. هەروەک لەو وتانەیدا دەردەکەوێت کە لە پێشەکیی دیوانی *بەهەشت و یادگار* (۱۹۵۲)دا نووسیوێتی:

شیعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون کە هەرچەند شیعردۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە لەگەڵ تایبەتمەندیی

زمانەکەمان چاتر ڕێک ئەکەوێ؛ بە پێویستم زانی لە ماوەی تەقەلای ئەدەبی خۆما ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووزم بە تەواوی، وە لام وایە بۆ ئێجگاری بەرەڵا کرد. مەگەر پێویستییەکی هاندەری تایبەتی ڕووبدا.

هەرچەندە نووسەر وتەکانی گۆران-ی وەک بەڵگە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆی هێناوەتەوە، بەڵام ئاماژە بەوە ناکات کە گۆران خۆی کێشی بڕگەیی بە کێشی تایبەتی نەتەوەییمان داناوە، بۆیە ڕووی لێدەکات و لە عەرووزی عەرەبی دوور دەکەوێتەوە. لە شوێنێکی تردا دەڵێ: «لە بەیت و چریکەی کوردیدا پەخشان و هەڵبەست و مۆسیقا تێکەڵن» (هیوا، *کوردستان*، ١٣٤٢، ژمارە ١٩٥). لێرەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت،کە گۆران شێوەی شیعر و هەڵبەستەکانی لە فۆرمی بەیت و لاوکی کوردی وەرگرتووە و لاسایی بێگانەی نەکردۆتەوە. هەروەک خۆیشی لە نامەیەکیدا کە بۆ پیرەمێردی شاعیری نووسیوە، دەڵێ:

لەم ڕۆژانەدا لەدەمی خۆرکەوتنا، لەناو مەنزەرەیەکی جوانی بەهارا، ئاخر بێچوومان هاتە دنیا، بەخوێن، بە کاڵا، بەباڵا، لە بەچکەی کورد، لە ڕۆڵەی پەری ئەچوو ... لەخۆشیانا وەختەبوو گەشکەم پێ بگات نەختێک یان گەلێک لاواز بوو .. مع مافیە لاوازی لای من مەتڵەب نەبوو. من تەلیسمی سک و زای شیعرم ئەویست شیعری کوردیم بۆ ساغ بێتەوە ... هەیهات! هەیئەتی ئختیاریە، بە جلی بێگانەوە نەبێ پەریزادە ناناسنەوە. وتیان پۆپلانەی موتەنەبی و مەعەڕیی عەرەب و موجەوهەراتی حافز و سەعدیی عەجەم و متومورووی نەفعی و باقی تورکی پێوە نییە ....» (ئومێد ئاشنا، ٢٠٠٢: ٩٦).

ئەدمۆنس دەڵێ: «گۆران لە دەربڕینی بیروڕای خۆی ئێجگار بەتوانایە، مەبەستی خۆی دەتوانێ وا دەربڕێ کە خوێنەر هەڵبەستەکانی ئحساسێ وەی بکا کە لەگەڵ خۆی قسە دەکا، وە یان لە باسی دیمەنێک خوێنەری هۆنراوەی وی وەدەزانێ ئەو دیمەنە بەچاو دەبینێ» (هیوا، *کوردستان*، ١٣٤٢ ژمارە ١٩٥). یان دەڵێ: «لە بابەت هەورامانەوە هیچ تەوسیفێکی من جوانتر نابێ لەوەی کە میرزا عەبدوڵا گۆران هۆنەری ئێستای کورد لە گەشتی هەورامانداا گوتویە ...» (سەرچاوەی پێشوو). لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا نووسەر چەند ئەنجام و سەرنجێک لەبارەی تاقی کردنەوەی نوێی شیعری گۆران دەخاتە ڕوو: «گۆران هەڵبەستەکانی بە کوردییێکی پەتی نووسیوە، هەریەک لە وشەکان مەعنایەک دەردەخەن کە ئەو مانایە زۆرجار بە چەند ڕستەیەکیش بەیان ناکرێ، قودرەتی بەیانی گۆران «شاری پەنجەرە و دەرگا داخستوو»، «وەیەک گیاندار و بێ گیان تیا نووستوو» و «سەختی ژیان ئاسانکەر»، «ڕێگای هیوانیشاندەر» (سەرچاوەی پێشوو).

بەم پێیە ئەو ڕایەی ڕەفیق حیلمی و سەجادی ڕەتدەکاتەوە کە پێیان وایە گۆران ئیلهامی لە شیعری ئینگلیزی و تورکی وەرگرتبێت؛ هەڵبەستەکانی گۆران بێجگە لە یەک دوو دەق، ئەوا گشتی باسی کورد و وڵاتەکەی دەکات، لاسایی کەسی نەکردۆتەوە، کە بە لایەوە شیعرەکانی لە

شێوەدا هەر ئەوانەن کە سەدان ساڵ لەمەوپێش لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەریگرتوون، کە بیری کوردی سەرچاوەی ئەو دەقانە بوون. جێگای خۆیەتی ئاماژە بەو ڕاستییەش بدەین،کە ڕەخنەگرانی کورد ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە کە گۆران کاریگەریی مەولەویی لەسەر بووە، بە تایبەتیش لە گەڕانەوەی بۆ کێشی برگەییدا. (عەلی، ۲۰۰۵)

لە دوای کۆچی گۆران، ڕۆژنامەی *کوردستان* زیاتر لە جاران بایەخی بە شیعرەکانی داوە، بە ڕادەیەک لە هەر ژمارەیەکی تازەدا شیعرێکی بڵاو دەکاتەوە. لەم ڕووەوە هێمن دەڵێ: «گۆران لە کوردستانی ئێراندا خۆشەویستر و شیعرەکانیشی لەوێ بڵاوترە» (*هاوکاری*، ژمارە ۲۳٤، ۱۹۷٤/۹/۱۳). شیعری «گوڵی خوێناوی» لە ژمارەی ۱۹۸دا بڵاو کراوەتەوە. هەر لە هەمان ژمارەدا بە بۆنەی کۆچی مامۆستا گۆرانەوە بابەتێک بە ناونیشانی «مامۆستای نەمر» لە نووسینی کاردۆ بڵاو دەبێتەوە. نووسەر ڕەخنە لە گەلەکەی دەگرێ کە ڕێز لە نووسەر و شاعیران و ناوداڕەکانی خۆی ناگرێت. ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات،کە گۆران وەستایەکی لێهاتووی کارامەیە لە بەکارهێنانی وشەی کوردی لە بنیاتنانی دەقەکانیدا. لە کۆتایی باسەکەیدا دەڵێ: «ئەڵێن گۆران مرد، بەڵام نە ئەو، نە هاوماڵەکانی لە پیرەمێرد و بێکەس و ... نامرن، ئەوان وا لە دڵی میللەتا ئەژین» (کاردۆ، *کوردستان*، ۱۳٤۲، ژمارە ۱۹۸).

ئەو شیعرانەی کە لە ڕۆژنامەی *کوردستان* لە دوای کۆچی گۆرانەوە بڵاو بۆتەوە ئەم دەقانە بوون: «جیلوەی شانۆ»، ژمارە ۱۹۹؛ «هاوڕێم بێکەس»، ژمارە ۲۰۰؛ «شینی گۆران» نووسینی هێمنی شاعیر؛ «نیاز»، ژمارە ۲۰۱؛ «بۆ گەورەیەکی شیعردۆست»، ژمارە ۲۰۲؛ «شیوەنی گوڵاڵە»، ژمارە ۲۰۳؛ «بۆ جوانی سەرەڕێ»، ژمارە ۲۰٤؛ «ڕەوتێکی جوان»، ژمارە ۲۰۵؛ «لە درزی پەچەوە»، ژمارە ۲۰٦؛ «هەڵبەستی پەشیمانی»، ژمارە ۲۰۸؛ «لاوانەوەی سەرەڕێ»، ژمارە ۲۰۹.

۳- هێمن لە ڕۆژنامەی *کوردستان*-ی چاپی تاراندا

مەحمەد ڕەزا شا لە ۱۳۲۰ وەک شای ئێران تا ساڵی ۱۳۵۸فەرمانڕەوایەتی کردووە. لە هاوینی ۱۳۳۲ شای ئێران کە لە ژێر گوشار و هەڵچوونی جەماوەریدا ناچارکرا وڵات بەجێ بهێڵێ و بەغدا بوو بە نیوەی ڕێی. لە دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد بۆ یەکەم جار یەکەم شیعری هێمن لە شەقامەکانی شاردا بە سەر زاری خەڵکەوە بەو ڕووداوە دەوترێتەوە: «دەبڕۆ ئەی شاهی خاین / بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ». شایانی ئاماژەیە لە ماوەی سێ ڕۆژدا لایەنگرانی شا و ژەنەراڵەکانی ئەرتەش و مەلا گەورەکان و دەرەبەگە دەسەڵاتدارەکان بە یارمەتیی ئەمریکا و ئینگلیز کۆدەتایەکیان سازدا و سەرۆک وەزیر دوکتۆر موسەدیق بە خۆی و هەموو وەزیر و وەکیل و ڕووناکبیران و مامۆستایان و لایەنگرەکانیەوە لە بەندیخانە توند کران. (ڕۆژنامەی *کوردستان*،

بەرگی یەکەم، هەولێر ۲۰۱۲: ۳). «شا گەڕایەوە بۆ ئێران و کابینەی تازەی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی ژەنەرالّ فەزلوللّا زاهیدی پێکهێنرا. (سەردەشتی، ۲۰۰۹: ۲۲۰)

دوابەدوای کەوتنی موسەدیق، سیستمی فەرمانڕەوایەتی لە ئێران بە ئاڕاستەی دیکتاتۆری و تاکڕەوی هەنگاوی دەنا. ڕۆژئاوا، بەتایبەت ئەمریکا، داوای ڕیفۆرمی لە شا دەکرد و دەوڵەتی ئێران کەوتەخۆ. ڕێگا و بان و خیابان و مەیدانێکی زۆر لە مهاباد ڕاکێشرا و هەموو قیرتاو کرا. لەم حاڵەتەدا تاران چرای ئازادی بۆ لاوانی کورد هەڵکرد. هەر دوای ماوەیەک دەوڵەتی ئێران دەیەوێ ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەربکا، مەبەست لە دەوڵەتیش دەزگای ساواکە. هەموو کاروبار بە دەست ساواک دەبێت، هەموو بوودجەکەش خۆیان دەیدەن، ئێمەشیان دەستنیشان کردووە وەک بەڕێوەبەر و نووسەر. ئامانجی ئەوان خزمەتە بە سیاسەتی خۆیان، ئامانجی ئێمەش خزمەتە بە زمان و ئەدەبی کوردی. پێمان خۆش بوو بزانین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە ئەم کارە چۆنە. ئەمانە قسەی هەریەک لە ئەحمەدی موفتیزادە و دکتۆر مەحمەدسدیق موفتیزادە و دکتۆر عەبدولڕەحمانی موفتیزادەیە، کە لە کۆبوونەوەیاندا بە بەڕێوەبەرانی خوێندکارانی کوردیان وتووە لە تاران. دیارە خوێندکاران لە سەرەتاوە ڕازی نابن و کارەکەش بە خیانەت و جاشایەتی لەقەڵەم دەدەن. (مەحمەدسدیق موفتیزادە، ڕۆژنامەی *کوردستان*، بەرگی یەکەم، ۲۰۱۲)

بەڵام موهتەدی باوکی سەلاحەدین چاوی بە خوێندکارەکان دەکەوێت و پاش ڕاوێژ و گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا و ڕوونکردنەوەی دۆخەکە و هەڵسەنگاندنی و خستنەڕووی باشیەکانی بوونی ڕۆژنامەکە، خوێندکارەکان ڕازی دەکات. «ئێمە لەتاران ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانیمان لە گوێ گرت و نەسڵی لە ئێمەش بەتەمەنتر وەک هێمن و خاڵە ئەمین لە کوردستان کە هەر ڕاسپاردەیان پێگەیشتبوو دەستیان دایە ناردنی شیعر و مەقالە» (بەرگی یەکەمی ڕۆژنامەی *کوردستان*، ۲۰۱۲).

> لە ساڵی ۱۳۳۸دا کە لە لایەن حکوومەتەوە ڕۆژنامەی کوردستان دەرچوو، پێشنیاری سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیەم قبووڵ کرد، چونکە لە لایەکەوە بە هەڵێکی گەورەم زانی کە لەو ڕێگایەوە، بە پێی توانی خۆم خزمەت بە زمان و ئەدەب و مێژووی گەلە چەوساوەکەمان بکەم و لە لایەکی دیکەشەوە، پێم وابوو دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە بە زمانی کوردی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، باوەکوو مەبەستێکی تەبلیخاتیشی تێدا بووبێ، بەڵام پێهاتنێکی بەڵگەدار بوو سەبارەت بە هەبوون (مەوجوودییەت)ی گەلی کورد [و] زمان و ئەدەب و نیشتمانی. (محەمەدسدیقی موفتیزادە، ڕۆژنامەی کوردستان، بەرگی یەکەم: ۳)

لەبارەی دەرکردنی ڕۆژنامەی *کوردستان*-ەوە، هێمنی شاعیر لە پێشەکی دیوانی *تاریك و* ڕوون-ەکەیدا کۆمەڵێك زانیاری خستۆتە ڕوو، بەڵام بێ ناوهێنان؛ هەر وەك دەڵێ:

له دوای ساڵی ۱۳۳۲ تووشی لاوێکی ڕووناکبیر و تێکۆشەری کورد هاتم که ئازادیخوازێکی شێلگیر بوو، بڕوای به چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی هەبوو ... لەمێژ بوو هاواری دەکرد که ڕۆژنامەکانی سەر بە حیزبی تووده ڕۆژنامەی چاك و بەکەڵکن، بەڵام دەرمانی دەردی ئێمە ناکەن ... بەڵام بەداخەوە گوێی نەدەدرایە ... ئەو لاوە کە دەسەڵاتیشی زۆر بوو، بڕیارمان دا ڕۆژنامەی کوردستان چاپ بکەینەوە، بەڵام کۆدێتای شوومی ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۳۲ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لێکی‌جوێ کردینەوە ... ئەو لاوە تێکۆشەرە پاش چەند ساڵ ئاواتی منی هێنایەدی و توانی ڕۆژنامەی کوردستان چاپ و بڵاو بکاتەوە. (هێمن، ۱۹۷٤: ٤۰)

ئەو لاوەی هێمن ناوی نەهێناوە، هەر دەبێت خوالێخۆشبوو ئەحمەدی موفتی‌زادە بێت؛ بەو بەڵگەیەی کە سەلاحەدینی موهتەدی وەك یەکێك لەو خوێندکارانەی کە لە تاران بووە و چاوی بە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە کەوتووە، باسی ئەحمەدی موفتی‌زادە دەکات کە ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە لە دەرکردن و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکەدا. جگە لەوەش زۆرترین بابەت و وتارەکانی ڕۆژنامەکە لە نووسین و ئامادەکردنی ئەحمەدی موفتی‌زادەیە.

دوای دەرهاتنی ڕۆژنامەی *کوردستان* و بڵاوبوونەوەی بە وڵاتی ئێراندا، لە ڕێگەی کەسێکی خەڵکی گوندەکەیانەوە ڕۆژنامەکە دەگاتە دەستی هێمن و ئەویش بۆ دەربڕینی هەست و خۆشەویستیی خۆی بەرانبەر دەرچوونی ڕۆژنامەکە، نامەیەکیان بۆ دەنێرێت. ئەوانیش لە ژمارە ٦ی ساڵی ۱۳۳۸دا بەشێکی زۆری لێ بڵاو دەکەنەوە. لەگەڵ نامەکەشدا سێ پارچە شیعری کۆنی خۆی بە دیاری بۆ ناردوون کە لەبارەیانەوە دەڵێ: «ئەگەر بە دڵتانەوە نووسان و پێتان باش بوون، ئەوە چاپیان بکەن و ئەگەر باش نەبوون، لاوانەوە و تەشویقم ناوێ و پێم ناخۆش نابێ چاپ نەکرێن، چونکە مەبەستی من خزمەت بە زمانی کوردییە نەک خیانەت، لەوە پاشیش وردە وردە بۆتان دەنووسم و دەنێرم» (ڕۆژنامەی *کوردستان*، ژمارە ٦، ۱۳۳۸).

لەو وتانەوە، دوو ڕاستیی گرنگ بەدەست دەهێنرێت: یەکەمیان ئەوەیە هەموو شاعیرێک لە دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەی حەزدەکات دەستخۆشی لێ‌بکرێت، بەڵام ئەم، پێچەوانەی شاعیرانی تر، بەوپەڕی تەوازوعەوە چاوەڕوانی پاداشت و دەستخۆشی لە گەلەکەی ناکات. دووم ڕاستی کە لەو وتانەوە بەدەست دەهێنرێت ورووژاندنی مەسەلەیەکی گرنگە، ئەویش مەسەلەی خیانەتە، کە دیارە شاعیر مەبەستی ئەوەیە کە دوای لەناوبردنی کۆماری مهاباد و هاتنەکایەی دۆخێک کە بە لای هێمن و زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی سەردەمەکەوە وا دەخوازێت، جۆرێک لە خۆگونجاندن هەبێت لەگەڵ حکوومەتی ئێرانیدا کە بەشداربن و دژنەبن، بەتایبەتی لە پێش‌خستنی بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردیدا؛ هەروەک ئەوەی ڕژێم ڕێگای دابوو کە ڕۆژنامەی *کوردستان* بە زمانی کوردی بڵاو بێتەوە. هێمن پێی باش بووە کە بە شیعر و نامە خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی بکات، ئەو هەلە بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندیی میژوو و ئەدەبی کوردی، نەک هەندێک پێیان وا بووە کە نووسین و بەشداربوون لە دەرچواندنی بڵاوکراوە خزمەتی

ڕاستەوخۆی ڕژێمە، کارێکێ خیانەتکاریی. بۆیە هێمنی شاعیر وەڵامیان دەداتەوە، کە ئەو کارەی جگە لە خزمەت‌کردن بە زمانی کوردی، کە لەو سەردەمەدا لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوونداٍ بووە، هیچ ئامانجێکی تری لە پشتەوە نییە و خیانەتیش نییە.

لە ساڵی ١٣٣٨ لە ژمارەی ٧ی ڕۆژنامەکەدا یەکەم شیعری هێمن بە ناونیشانی کچی مەهاباد بڵاو دەبێتەوە. دەقەکە لە ساڵی ١٣٢٦دا نووسراوە، واتە ساڵێک دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد. ئەم شیعرە بە دەستکارییەکەوە ساڵی ١٣٤٣ــش لە دیوانەکەیدا بڵاو بۆتەوە:

بە شمشێری دوو ئەبرۆت جەرگی خەڵکی لەت دەکەی دیارە
دەزانی چەک لەکاربێنی، کچیش بی تۆرەمەی مادی
ئەسیری ئاڵقەی زنجیری باسکی تۆیە دڵ ئەی گوڵ!
ئەبینێ ئەو ئەسیرە تازە ڕەنگە، ڕەنگی ئازادی
زەمانە هێمنی ئاوارەی چۆل و بیابان کرد
فەرامۆشی مەکە بێچارەیە توخوا بکە یادی (شیوە ڕەزان، ١٣٢٦)

وشەگەلی ئەسیر و ئازادی ڕەهەندێکی سیاسیان هەیە، ئاماژەن بۆ دۆخێکی نوێ لە ژیانی شاعیر، کە خۆی وەک ئەسیرێک بینیوە؛ لە دوای ئەوەی کە لە ناو فەزایەکی حوکومڕانی کوردیی ئازادەوە دەکەوێتە ژێر دەستی غەیرەوە، ئەم حەزەی بۆ ئازادی لا دروست دەبێت. لە دوا دێڕی شیعرەکەدا وشەی زەمانە دەلالەتی سەردەمێکە کە شاعیر لە ئاکامە خراپەکانیەوە ئاوارە بووە، تووشی نەهامەتی بۆتەوە، کە هێمن لە دووری هاوڕێکانی و پادەوەرێکانی کۆماردا خۆی بە فەرهاد شوبهاندووە، کە ئەوی عاشقی ئازادی نەگەیشت بە مورادی. بە بڵاوبوونەوەی شیعرەکەی، شاعیر ئارامی دەروونی بۆ دەگەڕێتەوە دوای ئەو دابڕانەی کەوتبووە نێوان خۆی و جەماوەرەکەیەوە. ئەمە یەکەم دەقی شیعریی هێمنە لە دوای ڕووخانی کۆمار، کە دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەرانی کورد. ناونیشانەکەش دەلالەتی تری هەیە؛ ئاماژەیە بۆ کۆماری مەهاباد. تۆ بڵێی مەهاباد بۆ هێمن دڵی وڵات نەبێ؟ بەتایبەت لەبەر ئەوەی، شوێنی یەکەم کۆماری کوردە، هەر ئەو شوێنەشە کە نیشتمانپەروەرییەکەی لێ گووراوە.

لە ژمارە ٩ی ساڵی ١٣٤٨دا دووەم شیعری بە ناونیشانی «فرمێسکی گەش»ەوە بڵاو دەبێتەوە. ئەم دەقە ڕەهەندێکی دەروونی هەیە؛ لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە ئاکامی تێکشکانی دەروونی بێ ئومێدبوونەوە نووسراوە، کە جۆرێک لە ڕەشبینی لە بنیاتی بابەتی شیعرەکەدا ڕۆڵی گێڕاوە. دەقەکە لە ڕۆژنامەکەدا شانزە دێڕە و لە ساڵی ١٣٢٧ نووسراوە:

قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم
ئەی خودا! چەند بێ‌کەس و بەدبەخت و چەند چارەڕەشم
سەردەمێک ئاوارە بووم و مدەتێکیش دەربەدەر
نەمدی ڕووی ئاسوودەگی هەر تووشی گێرە و قەرقەشم
کوشتمی و شەش‌خانی ئومێدی لە من گرتووە حەریف
مۆرە هەڵداوێم و بێهوودە بە تەمای دوو شەشم
دابی کوردی وایە کەس لاگیری لێقەوماو نییە
بۆچی سەرکۆنەی بکەم لێم زێزە یاری مەهوەشم

بەڵام لە دیوانەکەیدا دێڕێکی بۆ زیاد کردووە کە دەڵێ:

شاعیرێکی ڕاست و یەک‌ڕووم و فیداکار و نەبەز
کوردە موحتاجی مەحەک نیم زێڕی بێ‌غەللوغەشم

لە ژمارەکانی ۱۲ و ۱۳ و ١٤دا شیعری «بانەمەڕ» بڵاوەکاتەوە، هەمان دەق بە گۆڕینی ناونیشانەکەی بۆ «بەهاری کوردستان» و زیادکردنی حەوت کۆپلە، لە دیوانەکەیدا بڵاو دەکاتەوە. ئەم شیعرە لە بنەڕەتدا لە ساڵی ١٣٢٦ نووسراوە. پێویستە ئاماژە بەوە ڕاستییە بدەین کە هێمن زۆرجار دەستکاری دەقەکانی کردووە. سەرجەم ئەو دەقانەی کە لە ڕۆژنامەی *کوردستان*دا بڵاوی کردۆتەوە، دوای تێپەڕبوونی چواردە ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەیاندا، جارێکی تر بە دەستکارییەوە لە *تاریک و ڕوون*دا بڵاویان دەکاتەوە. لەم بارەیەوە عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە دەڵێ: «ئەو زۆر دەسکاری شیعری دەکرد. بە باوەڕی من یەکەم نوسخەی کە دایدەنا جوانتر بوو لە دواتری کە دەیگۆڕی» (٢٠٠٩: ٢٧٦).

لە ژمارە ٤٢ / ٩٣ی ساڵی دووەم ٢٦ی ڕێبەندانی ٢٧٥٢ کوردی، ٦ی بەهمەنی ١٣٣٩ هەتاوی، ٢٩ی شەعبانی ١٣٨٠ کۆچی، ١٥ فیڤریەی ١٩٦١ زایینی ل. ٩، دەقێک بە بۆنەی لەدایکبوونی وەلیعەهدەوە بە ناونیشانی «بەهاری بێ‌خەزان» بڵاو دەکاتەوە. ئەم شیعرە لە هیچ کام لە دیوانەکانیدا چاپ و بڵاونەکراوەتەوە. لە ژمارەی ٩٦ی ساڵی ١٩٦١ ل. ٩ شیعرێکی بە ناونیشانی «زیبکی شاهانە» کە لە ١٩٥٦دا نووسراوە، بڵاو دەکاتەوە. ئەم دەقەش لە دیوانەکانیدا بڵاونەکراوەتەوە. هێمن دەڵێ: «ئەمن ئەو شیعرەی کە بۆ زەمانێکی تایبەتی دەگوترێ بە شیعر نازانم، بە شوعاری دەزانم. ئەمن پێم وایە کە شیعر ئەوەیە کە پاش مردنی شاعیریش زیندوو بێ» (٢٠١٤: ٧٢٦). بەم پێیە، شیعری «زیبکی شاهانە» و «بەهاری بێ‌خەزان» کە بۆ زەمانێکی تایبەتی نووسراون شیعر نین، بەڵکوو دروشمن؛ هەرچەندە هیچ سۆزیکی ڕاستەقینە لە پشتی ئەو دوو دەقەوە نییە؛ هەر بۆیەش داماڵراوە لە ئەندێشەی داهێنەرانە.

شاعیری داهێنەر دەبێت ڕچەشکێن بێت لە کردنەوەی ڕێچکە و شێوازی نوێ و لە وتنی ڕاستییەکاندا، نەک پەردەپۆشیان بکات و لە جەماوەرەکەی بیانشارێتەوە؛ بە جۆرێ کە نەوەی داهاتوو تووشی سەرلێشێوان بێت و هەمیشە وێڵ بێت بە دوای ڕاستییەکاندا. لەبەر ئەوەی لە هیچ شوێنێکدا ئاماژە بە شیعری «بەهاری بێخەزان» و «زیبکی شاهانە» و وتارەکانی کە بۆ شای ئێرانی نووسیوە نەکردووە، پێدەچێت لێیان پەشیمان بووبێتەوە؛ چونکە خۆی لە «لە کوێوە بۆ کوێ؟» و لە چەند شوێنێکی تردا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو، مرۆڤە و مرۆڤیش هەڵە دەکات. لە هەمان ژمارەدا دوو شیعری تر بە ناونیشانی «دڵی شاعیر» و «خونچەی سیس» بڵاو دەکاتەوە.

لە ژمارەی ۹۷ی ساڵی ۱۳٤۰، «بەهاری لادێ» بڵاو دەکاتەوە. دەقەکە لە بنەڕەتدا لە ساڵی ۱۳۲۲دا نووسراوە لە ۱۳۳۹ لە ڕۆژنامەی *کوردستان* بڵاو بۆتەوە و دووبارە لە ساڵی ۱۳۵۳ لە دیوانەکەیدا چاپ دەکرێتەوە. هێمن ساڵی ۱۳٤۰ نامەیەکی تری بۆ ڕۆژنامەکە ناردووە کە بەشێکی لە ژمارە ۹۷دا بڵاو دەکەنەوە. ئێمەش بەشێکی لێ دەخەینە ڕوو:

> من لەوانە نیم کە دەگەڵ دوو قسەی لەتوپەتیم کرد و دوو شیعری لەنگولوێرم وت، پێم وا بێ کە دونیا لە شەرافەتی منەوە دروست کراوە و چاوەڕوان بم گەلەکەم دەستی ڕاگرێ و ئەمن بە سەریدا بڕۆم، و هەتا مابم کارێکی نەکا دڵم گەردێ بگرێ و پاش مردنیشم کۆتەڵم بۆ بڕازێنێتەوە و گومبەزم لەسەر گۆڕێ بۆ دروست بکا و، بەڵکوو ئامانجم ئەوە بووە ئیستعدادی خودادادی خۆم، کەم یا زۆر، لە ڕێگای خزمەتی گەل و نیشتمانەکەم بەکار بهێنم و لە بەرانبەری ویجدانی خۆمەوە شەرمەزار نەبم؛ جا خەڵک کردەوەی منی پێ بەکەڵک بووە یا نە، کەیفی خۆیەتی. (*کوردستان*، ژمارەی ۹۷، ۱۳٤۰)

هەولێری کتێب

لە وتەکانی هێمن خۆیەوە چەند ڕاستییەکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە شاعیر حەز بە پیاهەڵدان و پاداشتکردنەوە ناکات، نە ئێستا و نە دوای مردنیشی؛ بەڵکوو ئەو دەڵێت ئەرکی سەرشانم بەجێ هێناوە. هەروەها هێمن جەخت دەکاتەوە،کە بەو کارەی دەیکات ویجدانی خۆی ئاسوودە دەکات. بڕوای بە پرنسیپ پێکەوەیی و ژیاندۆستی هەیە. خەڵکیشی سەرپشک کردووە،کە تاچەند لەو کارەی ڕازی دەبن لە نووسین و نامەکانی کە بۆ ڕۆژنامەکەی ناردووە. هێمن ژیانی تایبەتی خۆی بەلاوە گرنگ نەبووە. کاتێک کە دەڵێ: «ژیانی خسووسیم خۆش بێ یا ناخۆش، تاڵ بێ یا شیرین، ئێستا خۆم گەلێک بە بەختەوەر و سەربەرز دەزانم کە لە سایەیی شاهەنشاهە گەلەکەم ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خۆشی و پێشکەوتن دەڕوا و نیشتیمانەکەم ساڵ بە ساڵ ئاوەدانتر دەبێتەوە». دیارە حکوومەتی ئێرانی بایەخی بە بووژاندنەوەی سەرخان و ژێرخانی دەوڵەت داوە بە کوردستانەکەیشیەوە. ئەو دوور لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کە ناخۆش بووە، بەڵام کە بە شێوەیەکی گشتی جۆرێک لە خۆشگوزەرانی لە سەرانسەری نیشتماندا هاتبووە کایەوە، خۆشحاڵبوونی خۆی دەردەبڕێت .

شیعری «گریانی نیوەشەو»، لە ساڵی ۱۳۲۷ بەرانبەر ۱۹٤۸ی زایینی نووسراوە. لە ژمارە ۹۸ی ڕۆژنامەی *کوردستان* ساڵی ۱۳٤۰ی هەتاوی بەرانبەر ۱۹٦۱ی زایینی بڵاوی دەکاتەوە، لە دوای تێپەڕبوونی سیانزە ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەیدا، ئەم دەقە بە دەستکارییەوە، لە دیوانەکەیدا بڵاو دەکاتەوە:

خەڵک دادەڕێ بەرگی کار و خۆی حازر دەکا بۆ خەو (ڕۆژنامەی کوردستان ۱۹٦۱ /۱۳٤۰)
خەڵک نووستن و لە چاوی من کەسەر دیسان ڕەواندی خەو (دیوانەکەی ۱۹۷٤ / ۱۳۵۳)

لە ژمارەی ۹۸دا، هێمن کۆپلەیەکی شیعری بە ناونیشانی «کۆچی یار» بڵاوکردۆتەوە:

ئەگەر چی ڕۆیی، قەت ناچی لەیادم
دەکەم یادت بە یادی تۆوە شادم

ئەم کۆپلەیە لە دیوانەکەیدا لەناو دەقێکیدا بەناونیشانی «موو ناپسێنم»، کە لە پێنج کۆپلە پێک-هاتووە بڵاو بۆتەوە. لە ژمارە ۱۰۰دا لە ساڵی ۱۳٤۰ شیعری «بلوێری شوان» بڵاو دەکاتەوە کە لە دیوانەکەشیدا بە دەستکاری کردنێکی زۆرەوە بڵاو کراوەتەوە کە لە بنەڕەتدا لە ۱۳۲۵ نووسراوە. لە ژمارە ۱۰٦ی ڕۆژنامەکە لە گۆشەی «دیاری خوێنەران» نامەیەکی هێمن بڵاو کراوەتەوە، کە وتارێکی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەییە بۆ پێکەی شاعیرێتی هەژار موکریانی و دەرخستنی پلەی هونەری ئەو شیعرەی هەژار بە ناونیشانی «کارخانەی قەندی، یا سلسلەی مەشایخی نەقشبەندی»، کە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی *کوردستان* لە ژمارە ۱۰۲ی ساڵی ۱۳٤۰ بە دوو بەش بڵاویان کردۆتەوە. هێمن لەم ڕووەوە دەڵێ:

کارخانەی قەندی، یا سلسلەی مەشایخی نەقشبەندی یەکێکە لە جوانترین، بەکەڵک‌ترین و پڕ ئیحساس‌ترین ئاساری هەژار و تەنانەت دەتوانم بڵێم بە شاکاری وێژەی کوردی دەناسرێ، بڵاوبونەوەی ئەو هەڵبەستە کە کەمەکەمە لەبیرمان دەچووەوە سوودی زۆر گەورەی لێ وەردەگیرێ، ئەو هەڵبەستە بێجگە لەوەی کە لە چاو عیرفانەوە ئەسەرێکی بەرز و بێوێنەیە، لەچاو کۆمەڵایەتییەوەش دەتوانین بەهرەی زۆری لێ وەرگرین. (*کوردستان*، ۱۳٤۰، ژمارە ۱۰۲)

هێمن شانازی بە ئێرانی‌بوونی خۆیەوە دەکات چونکە دەڵێت: «دەبێ هەموومان پشت لە یەک ببەستین، هەوڵبدەین و ئێران بکەینە ئێرانێک کە چاوی کوێری پێ ڕووناک بێتەوە». دیارە هێمن ئێرانێکی لا مەبەستە کە مافەکانی گەلی کوردی سەلماندبێت و خەڵکی کوردستان تیایدا بە ئارامی و خۆشگوزەرانی بژین. لە ژمارە ۱۰۷ی ساڵی ۱۳٤۰دا شاعیر دەقێکی شیعری بەناونیشانی «چارەنووسی ئادەمیزاد» بڵاو دەکاتەوە، کە لە بنەڕەتدا لە ساڵی ۱۳۳۸دا نووسراوە. بەڵام لە ساڵی ۱۳۵۳دا بە گەلێک گۆڕانکارییەوە، وەک گۆڕینی وشە و دەستەواژەکان، لە دیوانی *تاریک و ڕوون*دا بڵاوی دەکاتەوە.

لە ژمارە ۱۲۲دا لە گۆشەی «دیاری خوێنەران»، هێمن چوارینێکی بڵاو کردۆتەوە کە لە فارسییەوە وەریگێڕاوە سەر زمانی کوردی. هەر لە هەمان ژمارەدا «ماچی شیرین» بڵاو دەکاتەوە. ئەم دەقە دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەریدا و پاش کۆمەڵێک دەستکاری‌کردن، لە دیوانەکەیدا بڵاوی دەکاتەوە. جا ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە کە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی شیعری هێمن، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دەقە کۆنەکانی، کە یەکەمجار بڵاو بۆتەوە، نەک ئەو دەقەی کە دەستکاری کراوە. «ماچی شیرین» لە ۱۳۳۸ نووسراوە و لە ۱۳٤۰ بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەی *کوردستان* بڵاوبۆتەوە، دوای دەستکاری‌کردنی لە ۱۳۵۹ لە *تاریک و ڕوون* بڵاوی دەکاتەوە.

لە ژمارە ۱۳۰ لە گۆشەی «دیاری خوێنەران»، هێمن دەڵێ: «هەر لە سایەیی ئەمنیەتەوە بە هەموو ئاواتی بەرزی خۆمان دەگەین». لە ڕاستیدا بۆچوونەکەی زۆر زانستی و واقیعانەیە، هەمیشە مرۆڤەکان لە سایەی ئاشتی و ئارامیدا کە بە زۆر نەسەپێنرابێت بەسەریاندا، دەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن و ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەر بەدەست بهێنن. لە گۆشەی «دیاری خوێنەران»دا هێمن دەقێکی شیعری بە ناوی «هێلانەی بەتاڵ» لە ژمارە ۱۳۳ی ڕۆژنامەی *کوردستان* بڵاو دەکاتەوە. دەقەکە بە دەستکارییەکی زۆرەوە لە دیوانەکەیدا بڵاو دەکاتەوە. هەر لە هەمان گۆشەدا چوارینێکی بە ناونیشانی «بەیمان‌شکێنی» بڵاو دەکاتەوە. ئەم چوارینەیە وەکوو کۆپلەیەک لە ناو دەقێکیدا بە ناونیشانی «موو ناپسێنم»، لە دیوانەکەیدا بە کەمێک دەستکارییەوە بڵاو بۆتەوە. لە ژمارە ۱۳٤ی ڕۆژنامەکە هێمن شیعرێکی بە ناونیشانی «گلێنەی شاعیر» بڵاو کردۆتەوە کە هەمان دەق بە کەمێک دەستکارییەوە لە *تاریک و ڕوون*دا بڵاو دەکاتەوە. لە ژمارە ۱٤۲ی ڕۆژنامەکە هێمن دەقێکی شیعری بە ناونیشانی «بولبول و شاعیر» بڵاو دەکاتەوە. ئەم دەقە لە دیوانەکانیدا بڵاو نەکراوەتەوە. لە ژمارەی ۱٤۳دا هێمن شیعرێکی بە ناونیشانی «وڕێنەی ڕۆژوو» بڵاو کردۆتەوە، بەڵام لە هیچ کام لە دیوانەکانیدا بڵاو نەکراوەتەوە.

هێمن نامەیەکی بۆ ڕۆژنامەی *کوردستان* نووسیوە و ئەوانیش لە ژمارە ۱۷۲ی ڕۆژنامەکەدا بڵاوی دەکەنەوە. بەو چەشنەی لە ناوەڕۆکی نامەکەدا دەردەکەوێت کە هێمن ماوەیەک بووە شیعر و بەرهەمی خۆی بۆ ڕۆژنامەکە نەناردووە و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە نیگەران بوونە و هێمنیش بۆ ڕوون‌کردنەوەی هۆکاری نەناردنی بەرهەمی خۆی، ئەم نامەیەی بۆیان نووسیوە. ئێمەش لەبەر گرنگیی ناوەڕۆکی نامەکە، هەندێک لەوەی پێویست بکات دەیخەینە ڕوو: «لەوەی کە ساڵی ئەوساڵ هیچ دیاریەکم بۆ ئێوە نەناردووە، بە ڕاستی شەرمەزارم، بەڵام بیر نەکەنەوە کە ئەمن لە خزمەت‌کردنی زمان و ئەدەبیاتەکەم دڵسارد بوومەوە؛ هەتا ڕەگێکی تەڕم مابێ، هەرچی لە دەسم بێ کۆتایی ناکەم، ئەما داخەکەم سەرچاوەی تەبعم وشک بووە! تەسدیق بفەرموون»

(ڕۆژنامەی *کوردستان*، ١٣٤١، ژمارە ١٧٢). لەو وتانەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هۆکاری نەناردنی بەرهەمی بۆ ڕۆژنامەکە، پەیوەندی بە دڵسارد‌بوونەوە و دورکەوتنەوە نییە، بەڵکوو بە ڕای خۆی پەیوەندی بە سەرچاوەی شیعرەوە هەیە، کە بابەت و پاڵنەرێکی کاریگەر لە ئارادا نەبووە کە سۆز و ناخی شاعیر بوروژێنێت.

هێمن پێی وایە، شاعیر کەسێکی ژیر و وریایە، لە کەسانی تر ناچێ و هەست و بیرکردنەوەی لەگەڵ کەسانی ئاساییدا جیاوازە. لە بەشیکی تردا دەڵێ: «لەو کوردستانە دوور و دریژەدا، بەڵکە لەو دونیا پان و بەرینەدا هەر ئێوەن کە جار و بار یادم دەکەن و فەرامۆشتان نەکردووم». هەستی نامۆبوون لە زەینی هێمندا ڕەگی داکوتاوە، بە جۆرێک تووشی دابڕانی مەعنەوی و ڕۆحی بووە؛ هەست بەوە دەکات کە لە دەوروبەرەکەی دابڕاوە، درک بەوە دەکاتکە لە دۆخێکی دەروونیی ناجێگیردایە و پێی وایە فەرامۆش کراوە؛ بە بەراورد بەوەی ئەو سەردەمانێک لە کەشێکی ئارامی سایکۆلۆجیی جێگیردا و لە ناو ئەدیب و نووسەران و شاعیرانی قۆناغەکەدا ژیانی بەسەر بردووە. ئەو بایەخدانەی ڕۆژنامەی *کوردستان* بە هێمن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، تاکە هاندەر بووە کە ئارامی و ئاسوودەیی دەروونی بۆ فەراهەم دەکات. بە لایەوە مرۆڤی ئاسایی بە هەموو شتێک ڕازییە و چاوەڕوانی ئەوەشی لێ ناکرێ کە شوێنەوارێک بەجێ بهێڵێ؛ بەڵام شاعیر بەرپرسیارە، دەبێ چاوی هەموو شتەکان ببینێت و بە هەموو ژیانێکیش ڕازی نەبێت.

شاعیر لە نێوان گەشبینی و ڕەشبینیدا تووشی دڵەڕاوکێ و دوودڵی بووە، ئاسۆی لێ ڕوون نیە، بە جۆرێک کە نازانێت هۆکاری ئەو دۆخە دەروونییەی بە سەریدا هاتووە چییە و بۆچی بەهرەی شیعری وشک بووە، چۆنە کە خەریکە ببێتە کەسێکی ئاسایی. بۆخۆی سێ هۆکاری دەستنیشان کردووە؛ ئەوانیش پیری و لێقەومان و تاڵیی ژیانە، لەگەڵ نائومێدی. بە لای ئێمەوە لێقەومان و تاڵیی ژیان - کە سەردەکێشیت بۆ نائومێدی - هۆکاری سەرەکی ئەو دۆخە دەروونییە نوێیەی هێمنە، کە لە ئاکامی تێکچوونی ژینگە ئەدەبی و سیاسییەکەوە تووشی هاتبوو. ئەو لێقەومانەی باسی دەکات هەر دەبێت کارەساتێکی زۆر گەورە بێت،کە چارەنووسی گەلێک بەکۆمەڵ تووشی دۆخیکی نەخوازراو دەکات و لە ئاکامدا سەرگەردانی و لێقەومانی لێ دەکەوێتە، مرۆڤەکان بەگشتی هەست بە ئازار و ناخۆشییەکانی دۆخەکە دەکەن، بەڵام شاعیران و ڕۆشنبیران بە تایبەتی لە ناوەوە، هەست بە چەشتنی ئازار و مەینەتیەکانی سەرنگوون بوونی واقیعەکە دەکەن؛ هەر بۆیە لەدەستدانی کەسە خۆشەویست و نزیکەکانی، شوێنەوارێک لە بیر و هزری هێمندا جێ دەهێڵێت،کە هەمیشە لە نەستیدا بوونیان هەیە.

هەمیشە داهێنەران بە دوای ژینگەیەکدا دەگەڕێن کە تیایدا ئارامی دەروونی بەدەست بهێنن. شاعیر بۆ دەستەبەرکردنی دۆخیکی وەها، پێویستی بە کەسانێک هەیەکە بەرهەمەکەی

بخوێننەوە و ڕای خۆیانی لەبارەوە دەربڕن؛ ئەوکات هەست بە ئارامی دەکات. هێمن لە دوو لایەنەوە تووشی دابڕان بووە؛ جارێکیان بە هۆی نەمانی کۆماری مەهابادەوە و جارێکیش بە هۆی دوورکەوتنەوەی لە شاعیران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و گەڕانەوەی بۆ گوندەکەیان، کە جگە لە کەسانێکی ئاسایی و سادە، هیچ ئەدیب و خوینەوارێکی وەهای لێ نەبووە کە هێمن بیکاتە هاوڕازی نیاز و خەمەکانی؛ بۆیە، دۆخێکی وەها شاعیر تووشی جۆرێک لە دابڕان دەکات لەگەڵ ئەوانەی دەوروبەرەکەیدا. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، دەیەوێت بە شیعر، کە تاکە هۆکارە، چارەسەریی دابڕانەکەی پێ بکات و کەشێکی سایکۆلۆژی ئارام بخولقێنێت. واتە، منی شاعیر لەگەڵ ئەوانی دەوروبەردا ئێمەیەکی ئارام بخولقێنێت، کە منی شاعیر تیایدا ئارام بێت. ئەو نەیتوانیوە ئەو کەشە لە گوندەکەیاندا بەدەست بهێنێت و دەیەوێ بە شیعرەکانی، کە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوی دەکاتەوە، ئارامیی بەدەست بهێنێت.

هێمن دڵی بە ژیانی گوندەکەیان خۆش نەبووە، چونکە دوور بووە لە دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەی بەهرەی شیعری، چون بەڵای هێمنەوە جگە لە بەهرەی خۆڕسکی بۆ نووسینی شیعر، لەگەڵیشیدا پێویستی بە خوێندنەوە و گەشەکردن و پەروەردەکردنی بەهرە هەیە تا شتی تازە و بابەتی نوێ و وێنەی شیعری داهێنراو بێنێتە کایەوە. ئەم قسەیەی هێمن وتە بەناوبانگەکەی هۆراسمان دێنێتەوە یاد، کە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر وتوویەتی:

> بۆم ساغ نەبۆتەوە کە ئایا خوێندن بە بێ شنەی زۆر و زەوەندی بەهرەی زگماک، یاخود بەهرەی زگماک بە بێ خوێندن چ بەروبوومێکیان ئەبێت. هەر یەکەیان پێویستی بەوی‌تریان هەیە و پەیمانی دۆستایەتییەکی بەردەوامی پێدەدات، هەرکەسێک بیەوێ بەو ئامانجە بگات کە مەبەستێتی، ئەبێ بە منداڵی چەرمەسەرییەکی زۆری دیبێ و هەڵلەرزیبێ و ئارەقی ڕشتبێ و خۆشەویستی و شەرابی لە خۆی حەرام کردبێ. (٢٠٠٥: ٣٦)

هێمن لەگەڵ نامەکەدا شیعرێکی بە ناونیشانی «سایەی غەم» ناردووە و لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو کراوەتەوە، کە لە حەوت دێڕ پێکهاتووە؛ بەڵام هەمان دەق بە ناونیشانی «بۆسەی ڕۆژگار» بە نۆ دێڕ لە *تاریک و ڕوون*دا بڵاوکراوەتەوە. دەقەکە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە نائارام و ناجێگیرەی شاعیرە، کە لە ناوەڕۆکی نامەکەیەدا ئاماژەی پێ کراوە. دیاردەی غەم و پەژارەیی ڕۆلی بنەڕەتی گێڕاوە لە بنیاتی دەقەکەدا؛ وێنە شیعرییەکان سەرتاپا نوقمی نامۆیی و جۆرێک لە نائومێدین، کە لە ئاکامی ئەو درزەوەی کەتۆتە نێوان شاعیر و دەوروبەرەکەیەوە هاتبوونە کایەوە. شاعیر لەم قۆناغەدا، شیعرەکانی «بۆسەی ڕۆژگار»، «چارەنووسی ئادەمیزاد»، «جۆلانە»، «ماچی شیرین»، «هێلانەی بەتاڵ»، «گلێنەی شاعیر» دەنووسێت،کە ڕەنگپێدەرەوەی قۆناغێکی گرنگی ژیانی شاعیرە. ئەم دەقانە هەموویان لە ساڵی ١٣٣٨دا نووسراون. لە ژمارەی دواتری ڕۆژنامەکەدا بەشێکی تری نامەکەی شاعیر بڵاو کراوەتەوە، کە هەر تەواوکەری ڕەنگدانەوەی دیاردەی نامۆیی

شاعیره: «ئێوه ئاگاتان له حاڵی من نییه و نازانن له چ مەحروومییەت و چارەڕەشییەکدا دەژیم ... بەڵکە موتاڵا بتوانێ کەمێک نارەحەتی و تەنیایی من کەم بکاتەوە» (ڕۆژنامەی *کوردستان*، ۱۳٤۱، ژمارە ۱۷۳).

له ژمارە ۱۷۵ له گۆشەی «دیاری خوێنەران» شیعری «ئارەزووی فڕین» بڵاو دەکاتەوە:

ژین بە دڵتەنگی و دژی بێ کەڵکە — گوزەران بۆ من لە نێو ئەو خەڵکە
بۆیە بەجارێ لە ژینم تێرم — ناخۆشە، سەختە، چۆن ڕابوێرم؟

لێرەشەوە دەردەکەوێت کە درز کەوتۆتە نێوان منی شاعیر و ئەوانی دەوروبەرەوە:

خێوی بیرێکی بەرزو ڕوونم — کەچی لە لایان پەستم و نەوی
ئەمن کە دەڵێی ئاونگی پاکم — نازانم بۆچی هاتمە سەرزەوی؟!

لێرەدا خۆی خستۆتە پلەی فریشتە و پەری و جۆرە مەخلووقێک، کە جیاوازە لە مرۆڤی سەر زەوی لە پاکی و جوانی و زیرەکیدا. ئەم شایانی شوێنێکی بەرزە وەکوو ئاسمان یاخود شوێنێک کە دوور بێت لە مرۆڤ، واتە دەبێت شانازیی پێوە بکرێت و ڕێز لە پێگەکەی بگیرێت. شاعیر وێڵە بە دوای ئازادیدا و گیرۆدەی دەستی ڕۆژگارە، کە تاڵیی ژیان ئۆقرەی لەبەر بڕیوە؛ تێدەکۆشێ تا لێیان ڕزگاری بێت. دەقەکە لە ساڵی ۱۳٤۲ لە ڕۆژنامەی *کوردستان* بڵاو بۆتەوە؛ لە بنەڕەتیشدا لە ساڵی ۱۳۲۸ نووسراوە؛ دووبارە دوای دەستکاری کردن و گۆڕانکاری تیایدا لە ۱۳۵۳ لە *تاریک و ڕوون*دا بڵاو بۆتەوە. لە ژمارە ۱۸۵ی ڕۆژنامەکە، هێمن شیعرێک بە ناونیشانی «کیژی لادێیی» بڵاو دەکاتەوە، کە لە بنەڕەتدا لە ۱۳۲٤ نووسراوە و بە زیادکردنی دێڕێک لە *تاریک و ڕوون* لە ۱۳۵۳ بڵاوی دەکاتەوە. لە ژمارە ۱۸٦ دەقێکی هێمن بە ناونیشانی «تۆم هەر لە بیرە» بڵاو دەبێتەوە. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لە هەموو دۆخێکدا نیشتمانی لەبیر بێت، واتە لە خۆشی و ناخۆشیدا لە سەربەستی و لە ژێردەستیدا، دەبێ نیشتمانمان هەر لەبیر بێت. ئەم دەقە بە دەستکاری کردنەوە لە *تاریک و ڕوون*دا بڵاو دەکاتەوە کە لە بنەڕەتدا لە ساڵی ۱۳۲۳ نووسراوە.

شاعیر کۆمەڵە شیعرێکی بۆ ڕۆژنامەکە ناردووە کە بەرهەمی چەند ساڵ لەوەپێشی شاعیرە. لە ژمارە ۱۹٤ هێمن شیعرێکی بە ناونیشانی «گێژەڵووکەی خەزان» بڵاو دەکاتەوە، کە لە بنەڕەتدا لە ۱۳٤۱ نووسراوە. ئەم دەقە بە کەمێک دەستکارییەوە لە *تاریک و ڕوون*دا بڵاو دەبێتەوە. لە ژمارە ۲۰۰ دەقی «شینی گۆران»، کە بۆ کۆچی دوایی گۆرانی شاعیری نووسیوە بڵاو دەکاتەوە. دیارە کاریگەریی دیاری گۆران بەسەر شاعیرانی ڕۆژهەڵات و ڕەوتی شیعری کوردییەوە بە ڕادەیەکە کە گەلێک لە شاعیران شیعریان بۆ نووسیوە. گۆران شوێنەواری گەورەی بەسەر

شاعیرانی قۆناغەکەوە جێهێشتووە؛ ئەم کاریگەرییەی لەسەر شاعیرانی ڕۆژهەڵات زیاتر دەردەکەوێت، ئەگەر بە وردی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە هەڵدەینەوە.

٣-١- هێمن و ڕووکردن بۆ ڕۆژنامەی *کوردستان* لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە

پاڵپشت بە بنەماکانی دەروونناسی، هەوڵ دەدەین هۆکاری ڕووکردنە ڕۆژنامەی *کوردستان* ڕوون بکەینەوە، کە هێمن لە دوای دابڕانێکی زۆر لە جەماوەرەکەی و ژینگە ڕۆشنبیرییەکەی، بە وێستگەیەکی لەبار وەسفی دەکات بۆ ڕەواندنەوەی خەم و ئازار و مەینەتیەکانی ڕۆژگار. هێمن دەڵێ:

> سالی ١٣٣٨ ساڵێکی زۆر شووم بوو لە مێژووی ژیانی مندا ... لەو سەردەمەدا تووشی نەخۆشییەکی ڕووحی هاتم، ناهومێدییەکی ڕەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتم. ئەو ناهومێدیە زۆر جار تا حاڵی خۆکوشتن پاڵی پێوە نام. ناتەبایی و ناکۆکیی ناو خێزان و بنەماڵەی خۆمان زۆر کاری کردە سەر من، هەڵەی وام کردن کە نەدەبوو بە هیچ نرخێک بیانکەم و بەسەر پەلی وادا کەوتم کە دەبوو خۆیان لێ بپارێزم، دووساڵ زۆر تاڵ و تفت و پڕ ڕەنج وکوێرەوەریم ڕابوارد و هەزار جار مەرگم بە ئاوات خواست. بەڵام لەپڕ ئەو مژ و هەورە ڕەوی وگزنگی هیوا سەر لە نوێ لە ئاسۆی ژیانمدا ئەنگوت. (١٣٥٣: ٤٣)

لێرەدا دەردەکەوێت کە هێمن لەو ساڵەدا لە دۆخێکی نائارامدا ژیاوە. هەر لەو ساڵەشدا ڕۆژنامەی *کوردستان*-ی پێدەگات، کە شەش ژمارەی لێ دەرچووبوو. هێمن زۆر خۆشحاڵ دەبێت و نامە و شیعریان بۆ دەنێرێت و ڕۆژنامەکەش باوەشی بۆ دەکەنەوە و نامە و شیعرەکانی بڵاو دەکەنەوە و بایەخی پێدەدەن. ئەم بایەخدانە بۆ هێمن دەبێتە ئامێزی بەهاناوەچوون. لە بەرانبەری ئەم دۆخە ئارامەشدا، شاعیر سوپاسگوزاریی خۆی بۆ فەرمانڕەوایی ئێران بە شیعر و وتار دەربڕیوە.

هەندێ نهێنی و بابەتی گرنگ لە نێو ژیان و بەرهەمەکانیدا هەیە، شاراوەن و تیشکیان نەخراوەتە سەر. لەم ڕووەوە وتەیەکی هێمن خۆی دەهێنینەوە کە دەڵێ: «ئێستاش ئێمە نەگەیشتووینە ئەو زەمانەی بوێرین ڕازەکانی دەروونمان بۆ کۆمەڵ، بۆ خەڵک، تەنانەت بۆ دەستەبژێر دەربڕین» (نامەیەکی ئەدەبی، هێمن، ١٣٥٦). وەک دیارە سانسۆری داب و نەریتی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی سەرەکی بووە لە باسنەکردنی ڕاستییەکان و ئاشکرانەکردنی بابەتەکان و مانەوەیان لە لاشعووری شاعیردا. بۆیە هێمن دەڵێ: «تا ئێستا کام کەسی ڕۆژهەڵاتی لە خۆیڕا دیوە بیرەوەرییەکانی خۆی وەک ڕۆسۆ بنووسێ، تا من بوێرم؟» (٢٠١٤: ٥٥٣). کەواتە، کۆمەڵێک نهێنی لە ژیانیدا هەیە تا ئێستا بە شاراوەیی ماوەتەوە و کەس پەردەی لە سەریان هەڵنەماڵیوە. خۆی دەربارەی «لە کوێوە بۆ کوێ» دەڵێ: «دەزانم چەند بۆشایی لە نووسینەکەدا هەیە، بەڵام وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوەی زیاتری هەڵنەدەگرت» (٥٥٤). بەم پێیەش، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە شاعیر لە تێکڕای وتارەکانیدا و لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕووی

کراوەتەوە، هەموو شتێکی نەدرکاندووە؛ کۆمەلێک هەڵوێست و ڕەفتاری هەیە تا ئێستا زانستیانە و بابەتیانە ڕوون نەکراونەتەوە. هێمن خۆی لە *تاریک و ڕوون*دا دەڵێ: «کە شیعری شاعیرێک یا نووسراوی نووسەرێک دەخوێنمەوە، چ زیندوو چ مردوو، پێم‌خۆشە خۆیشی بناسم» (۱۳۵۳: ۳). دیارە باشترین میتۆدیش بۆ ناسینی شاعیر یان نووسەرێک ڕێبازی دەروونناسییە، کە بەو هۆیەوە دەتوانین پەردە لەسەر جیهانە شاراوەکەی هێمن هەڵدەینەوە، بە تایبەتی لەبارەی بەرهەمەکانی و ژیانیەوە، کە هەندێ شتی هەیە ڕوون‌نەکراونەتەوە، وەک هۆکاری نووسینی هەندێ لە بەرهەمەکانی. بەم پێیە، جگە لە دەقەکە، خودی نووسەرەکەش گرنگە و بە سوودە بۆ ڕاڤەکردنی دەق و گەیشتن بە خوێندنەوەیەکی دروستی دەقەکە.

چارڵز لامب لە بارەی پێوەندی شاعیر بە کۆمەڵەکەیەوە دەڵێ: «خەیاڵی شیعر لە خزمەتی ئەو ئامانجەدایە کە بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە پەیوەستە بە واقیعەوە» (اسماعیل، ۱۹٦۳:۳۱)؛ چونکە شاعیر ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بەجێدەهێنێت، ئەرکەکەش نایەتەدی هەتا لە لایەن کۆمەڵگەوە پێشوازی لێنەکرێ. هەر بۆیە ڕەخنەگران پێیان وایە:

> یەکەم مەرجی داهێنان، سەرهەڵدانی پەیوەندییەکی دیاریکراوە لە نێوان داهێنەر و کۆمەڵەکەی، واتە من و کەسانی تردا [...] حاڵەتی ئێمە بناغەی هاوسەنگی سایکۆلۆژی کەسێتی پێکدێنێ و هەر گرفتێک تووشی ئەو بناغەیە بوو، ئەوا درزیش دەکەوێتە هاوسەنگیی کەسێتییەوە، بەرەو دۆخی نائارامی و دڵەڕاوکێ دەبێتەوە. لەم دۆخەشدا کەسەکە هەوڵ دەدات ئەو درزە پڕ بکاتەوە کە تووشی ئێمە بووە، تا هاوسەنگییە سایکۆلۆژییەکە بەدەست بهێنێتەوە و دۆخە نائارامەکە بڕەوێنێتەوە. (عەلی، ۲۰۰۵: ۳٤)

هەنگاوی داهێنەر لەگەڵ درزکەوتنە ناو ئێمە دەست پێدەکات؛ ئەو درزەش نائارامیەک لە منداا دروست دەکات کە دەیەوێ بیڕەوێنێتەوە. جا ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە بە درزکەوتنە ئێمە، کەسی داهێنەر هەوڵ دەدات ئەو درزە پڕ بکاتەوە تا لەو نائارامی و دڵەڕاوکێیە ڕزگاری بێت، کە لە ئاکامی لەتبوونی ئێمەوە دوچاری بووە (عزالدین، ۲۰۱۵: ۱۱۱). ئەو درزەی، کە کەوتبووە نێوان هێمن و کۆمەڵگاکەیەوە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی شیعرەکانیەوە لە ڕۆژنامەی *کوردستان*دا پڕی بکاتەوە؛ هەر بۆیە بە پەڕۆشەوە لە دوای بینینی ڕۆژنامەکە شیعر و نامەیان بۆ دەنێرێت و بەڵێنیان دەداتێ کە بەرهەمی ئەدەبییان لێ نەبڕێت.

پڕۆسەی داهێنان بەبێ خوێنەر یان چێژلێوەرگرانی داهێنان پێکنایەت، چونکە «ڕووکردنە گوێگر و خوێنەر لە پێناو بەدیهێنانی ئێمەیەکی نوێدا، بۆخۆی بەشێکی سەرەکیی داهێنانە. بە لای شاعیرەوە گرنگە ئەوەی نووسیوێتی بیخاتە بەردەستی خوێنەرەکانی. ئەم گرنگی‌دانەش بە بڵاوبونەوەی بەرهەمەکەی، دەلالەتی خۆی هەیە؛ ئەویش هەوڵی منە بەرەو پێکهێنانی ئێمەیەکی نوێ کە ئارامشی بۆ دێنێ، لە ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ دووری دەخاتەوە» (السویف، ۱۹۵۹: ۱۳۷). لە

بارەی ڕاستگۆیی و بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیریی شاعیرەوە نکوولّی ناکرێت، چونکە بە ڕاشکاوی و بێ سڵەمینەوە دەڵێ من مرۆڤم و لە هەڵە وکەمووکووڕی بەدوور نیم: «من ئینسانم، نە مەلاییکەم و نە پەری. دەخۆم، دەنووم، شاد دەبم، وەڕز دەبم، دەگریم، پێدەکەنم، دەترسم، ناهومێد دەبم، داروبەرد نیم، لەو ماوە دوورودرێژەی ژیانمدا زۆر کاری چاکم کردووە و بەسەر خراپەشدا کەوتووم» (هێمن، ١٣٥٢: ٤٤).

٤- ئەنجام

گۆران دەنگێکی دیاری شیعری ناو ڕۆژنامەی *کوردستان*-ی چاپی تارانە. بەخشینی ناسناوی خوای شیعری کوردی لە لایەن لێکۆڵەرانی کوردەوە بۆ گۆران کارێکی گرنگ بووە. هەر زوو ناوبانگی لە ناوچەکە و جیهاندا بڵاو بۆتەوە. تایبەتکردنی ژمارەیەک لە ڕۆژنامەی *کوردستان* بۆ گۆران لە ئاکامی بایەخدانی ڕۆشنبیرە کوردەکانی ئێرانەوە بوو. گۆران لە شیعری ئینگلیزی و تورکی ئیلهامی وەرنەگرتووە بۆ نوێکردنەوە و شێوازی شیعری لە ژێر کاریگەری لاسایی کردنەوەی ئەو دوو ئەدەبەدا هەنگاوی نەناوە، بەڵکوو سوودی لە بەرهەمی فۆلکلۆر و داستانی کوردی وەرگرتووە. کاریگەریی گۆران لەسەر شاعیرانی ڕۆژهەڵات بە ئاشکرا دیارە. زۆرێک لە شاعیرانی سەردەم، کە شیعریان لە ڕۆژنامەی *کوردستان*دا بڵاو کردۆتەوە، لەسەر ڕێچکە و شێوازی گۆران ڕۆیشتوون و پەیڕەوی ستایلی شێوازەکەی گۆرانیان کردووە. هێمن شاعیرێکی دیاری کوردستانە، کە ناوبانگی نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە عێراقیشدا بڵاو بۆتەوە. هێمن هەر لە سەرەتاوە بایەخی بە ڕۆژنامەی *کوردستان* داوە و شیعری بۆ ناردوون، بەڵام لە دوای ساڵانێک، کە شیعرەکانی لەچاپ دەداتەوە، هەندێکیان دەستکاری دەکات و هەندێکیشیان فەرامۆش دەکات. هێمن وەک شاعیرێک و ڕۆشنبیرێکی گەلەکەی، هەمیشە ئاواتی خواستووە کە بڵاوکراوە هەبێت و بەزمانی کوردی بابەت و بەرهەمی ئەدەبی و مێژوویی تیادا بڵاو بکرێتەوە. ئاواتی ئەوە بووە کە شیعرەکانی بگاتە دەستی جەماوەرەکەی. لە ئەنجامی تێکچوونی دۆخی سیاسی و ناسەقامگیریی سیستەمی حوکمڕانی لە ئێراندا، هەمیشە تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری بۆتەوە و لە ڕووی دەروونییەوە بە دۆخێکی ناجێگیر و نائارامدا تێپەڕیوە. هۆکاری ڕووکردنە ڕۆژنامەی *کوردستان* و بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی، ڕەهەندێکی دەروونی هەیە. هەمیشە داهێنەران بەدوای کەشێکی ئارام و سەقامگیردا دەگەڕێن کە تیایدا منی شاعیر لەگەڵ ئەوانی دەوروبەردا بە ئارامی بژین. هێمن وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگاکەی، خۆێ لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان بواردووە؛ چ سەبارەت بە ئەوانەی پێوەندییان بە خودی کەسێتیی خۆیەوە بێت، یاخود ئەوانەی پەیوەندییان بە لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەلەکەیەوە بێت، وەکوو نووسینی وتار و شیعر بۆ مەحمەدڕەزاشا و وەلیعەهدی کوڕی، کە وەک خاڵی لاوازی مامۆستا هێمن لە ژیانیدا تۆمارکراوە. گۆڕینی بیری

نەتەوەیی کوردی بۆ بیری نەتەوایەتیی ئێرانی لای هێمن لە وتارەکانیدا دەرکەوتووە. دەستکاری‌کردنی شیعر لە دوای بڵاوبوونەوەی، لای هێمن بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی و هەمیشە دەبینین وشە و دێڕ و ناونیشانەکان دەگۆڕێت؛ تەنانەت لابردنیشی زۆرە و هەرچی بەدڵ نەبووبێت لای‌بردووە.

هەوالنامەی کتێب

منابع

کوردی:

ئاشنا، ئومێد. (۲۰۰۲). *گۆران: نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی*. هەولێر: ڕۆشنبیری.

سەردەشتی، یاسین مەلا تاها بەرزان. (۲۰۰۹). *مێژووی هاوچەرخی ئێران*. سلێمانی: مەحوی.

سەعدوون، سامان عیزەدین. (۲۰۱۵). *دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە*. سلێمانی: غەزەڵنووس.

عەلی محەمەد، دڵشاد. (۲۰۰۷). «گۆران : داهێنان و نوێخوازی». *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی*. س. ۲، ژ. ۲۰.

قادر. ئەحمەد مەحمەد و عوسمان، کاروان. (۲۰۰۹). *هێمن لە نێوئەدەبدا*. سلێمانی: ڕەنج.

ڕۆژنامەی *کوردستان* (۲۰۱۲). ژمارە ۱ – ۲۰۹، ۱۳۳۸/۲/۵ هەتا ۱۳٤۲/۵/۲۹ / ۱۹۵۹ – ۱۹٦۳ تاران. لەسەر ئەرکی ئەکادیمیای کوردی چاپ کراوە. سلێمانی: بنکەی ژین.

شێخولئیسلامی، محەمەد ئەمین (هێمن). (۱۳۵۳). *تاریک و ڕوون*. بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا.

---. (۲۰۱٤). *سەرجەمی بەرهەمەکانی*. هەولێر: چاپخانەی هەولێر.

هۆراس. (۲۰۰۵). *هونەری شیعر*. و. عەزیز گەردی. چاپی دووەم. هەولێر: ئاراس.

عەرەبی:

إسماعيل، عزالدين. (١٩٦٣). *التفسير النفسي للادب*. بيروت: دار الطباعه.

السويف، مصطفى. (١٩٥٩). *الأسس النفسية للإبداع الفنى فى الشعر خاصة*. ط. الثانية. مصر: دار المعارف.

هەوالنامەی کێبڕکێ

پژوهشنامه ادبیات کردی دوره پنجم، شماره ۸، پاییز و زمستان ۱۳۹۸

لایەنی لەیەکچوون و جیاوازی لە نێوان کوردیی ناوەندی و فارسیدا: لە ڕووی تایبەتمەندیی مێژوویی، فەرهەنگی و زمان‌ناسانەوە

ڕەفیق شوانی[I]

پرۆفێسۆری زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

تاریخ دریافت: ۷ مهر ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۱۵ اسفند ۱۳۹۸؛ صص ۲۸۵–۲۹۸

کورتە

بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، باسی لایەنی لەیەکچوون و جیاوازی نێوان زمانی کوردی و فارسییە. هەردوو زمانەکە لە ڕووی یەکبوونی ڕەگەزەوە پەیوەندی نزیکیان وەکوو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و نزیکایەتی زمانی لە نێواندا هەیە. هەردوو زمانەکە لە ڕووی بنچینە و بنەڕەتەوە، سەر بە کۆمەڵەی ئارین و لە خێزانە زمانی زاگرۆزی و ئێرانین و زمانی کوردی و فارسی زمانی هەردوو نەتەوەی ئاریایی‌ڕەگەزن و دایکزادی نیشتمانی ئاریانان (ئاریان). ئەم لێکۆڵینەوەیە بە مێتۆدی قوتابخانەیی و بە بەڵگەهێنانەوەی زمانی، بە نموونەوە سەلماندوویەتی زمانی کوردی و فارسی لە یەک کۆمەڵە زمان و خێزانە زمانن، بۆیە لایەنی هاوبەش و لەیەکچوونی زمانییان لە ئاستەکانی زماندا هەیە. لەگەڵ ئەوەش لایەنی جیاوازییان گەش و دیارە. لە ئاکامدا بە بەڵگەی مێژوویی و ڕێزمانی سەلماندوویەتی کە وێڕای سەرچاوەیەکی هاوبەش و تێپەڕین بە یەک ڕووگەی هاوبەشی مێژووییدا و لێکچوونی زۆر لە نێوان دوو زمانی کوردی و فارسیدا، بەڵام ئێستاکە لە هەموو بواریکەوە دوو زمانی جیاواز و دراوسێن و هەر یەکەیان زمانێکی نەتەوەیی سەربەخۆن.

وشەگەلی سەرەکی: زمان‌ناسی؛ لێکچوون؛ جیاوازی؛ کوردیی ناوەندی؛ فارسی

چکیده

پژوهش حاضر به بررسی جنبه‌های تفاوت و شباهت میان دو زبان کردی و فارسی می‌پردازد. زادبوم زبان‌های کردی و فارسی یک سرزمین است و هر دو زیرمجموعه‌ی زبان‌های آریایی هستند. از این میان خانواده‌ی زبان‌های ایرانی به دو شاخه‌ی زبان‌های زاگرسی و پارسی طبقه‌بندی می‌شود. این دو زبان از نظر ویژگی‌های زبان‌شناسی دارای شباهت‌ها و تفاوت‌های هستند؛ زیرا زبان کردی زبان ایرانی نو و جزء شاخه شمال غربی است و فارسی نیز زبان ایرانی نو وابسته به شاخه جنوب غربی زبان‌های ایرانی است. شباهت‌ها و تفاوت‌های آنها از لحاظ آواشناسی، واژه‌سازی و نحو قابل بررسی است که در مقاله حاضر با کمک داده‌های نمونه‌ای تبیین شده است. تحقیق حاضر با استفاده از نمونه‌هایی، اثبات کرده است که زبان کردی و فارسی از یک مجموعه و خانواده‌ی زبانی هستند و به همین دلیل است که جنبه‌های مشترک زبانی دارند؛ علاوه بر این تفاوت‌های موجود در آنها واضح و مبرهن است که هرکدام زبان ملتی مستقل هستند. این امر پاسخی است به رویکرد نادرستی که زبان کردی را ضمیمه‌ی زبان فارسی به حساب می‌آورد.

واژگان کلیدی: زبان‌شناسی؛ شباهت؛ تفاوت؛ کردی مرکزی؛ فارسی

[I] rafiq.shwany@gmail.com

۱- پێشەکی

چۆنیەتی و پلانی دارِشتنی ئەم باسە کە بە ناونیشانی «لایەنی لەیەکچوون و جیاوازی لە نێوان کوردیی ناوەندی و فارسیدا» دارِێژراوە، تەنیا بواری زمان دەگرێتەوە. لە رِووی دیاریکردنی رِەچەڵەک و رِەگەز و ئاستی دەنگسازی، وشەسازی و رِستەسازییەوە، بە کورتی هێما کراوە بۆ لایەنی فەرهەنگی نەتەوەیی وەکوو دیاریکردن، چونکە سنووری باسەکەمان ناگرێتەوە. لێکۆڵینەوەیەکی کارەکی بەراوردکارییە لە رِووی زمان و دیاریکردنی کۆمەڵە زمان و خێزانە زمانی ئاری و ئێرانییەوە لە مێژوودا، لایەنە زمانییەکەی بە نمونەوە دیاری کراوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە نموونەوە سەلماندوویەتی زمانی کوردی و فارسی لە یەک کۆمەڵە زمان و خێزانە زمانن، بۆیە لایەنی هاوبەش و لەیەکچوونی زمانییان لە ئاستەکانی زماندا هەیە، لەگەڵ ئەوەش لایەنی جیاوازییان گەش و دیارە و هەریەکەیان زمانێکی نەتەوەیی سەربەخۆن. ئەمەش وڵامێکە بۆ ئەو بۆچوونە سەقەت و بێبنەمایە کە زمانی کوردی دەکاتە پاشکۆی زمانی فارسی. بە بەڵگەی مێژوویی و رِێزمانی سەلمێنراوە کە کوردی زمانی نووسین بووە کە دەکرێت و رِاستیشە بوترێ بە زمانی ستانداردی کوردی نووسراوە، چونکە زیاتر لە دووسەد ساڵە لە مەیدانی شیعر و ئەدەبیات و خوێندن و بەرِێوەبردندا بەکار هێنراوە و لە بەرەوی بەردەوامدایە.

۲ـ لایەنی لەیەکچوون و جیاوازیی زمانی کوردی و فارسی: نزیکایەتی خێزانە زمان

زمان لە ناو کۆمەڵەوە سەری هەڵداوە، نە زمان بەبێ کۆمەڵ و نە کۆمەڵیش بەبێ زمان پەیدا دەبێت. بۆیە زمان دیاردەیەکی زیندووی کۆمەڵایەتییە (سعران، ۱۹٦۲: ۲۷۲؛ زەبیحی، ۱۹۷۸: ۳٤). کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەگشتی لەیەکچوون لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام ئەم لەیەکچوونە رِادەی هەیە، هەیە رِادەکەی زۆرە، هەشە کەمە، هەیانە زۆر دەگمەنە و لە سنووریکی بەرتەسکدایە، لەوانەشە لەیەکچوونیان هەر نەبێت. ئەمجا دیاردەی لەیەکچوون، بەپێی بوون و نەبوونی هاوِرەگەزی دەردەکەوێ. هاوِرەگەزیی مرۆڤ و زمان لە سەرەتاوە لە ناو کۆمەڵە مرۆڤێکدا پەیدا دەبێت و دیار دەبێت کە دایکزادی شوێنێک بن. واتە لە شوێنێکا پێکەوە سەریان هەڵدابێت و ژیابێتن، ئەو شوێنە بۆیان بۆتە دایەن و شوێنی گەشە و گۆڕان و پەرەسەندن و دواتر فراوانبوون و بڵاوبوونەوەیان بەملا و بەولای ژینگەی یەکەمیان. زانایانی زمان، زمانی مرۆڤیان دابەش کردووە بۆ چەند خێزانێک کە هەر خێزانەی بەیەکگەیشتنەوە و پەیوەندی نزیکایەتی زمانی کۆیان دەکاتەوە بە رِێکەوتی لە بنچینەی وشەکان و رِێزمانی پێکهاتن و لێکدانی رِستەکان. ئیتر بەم شێوەیە لە کۆمەڵە نەتەوەی قسەپێکەر بەو زمانانە کۆمەڵی جیاوازی مرۆڤایەتی کە دەچنەوە سەر بنچینەی یەک میللەت یا نزیک لە یەکترەوە، لە نێوانیانا چەند وابەستەی جوگرافی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی پێکدێنن.

بەناوبانگترین تیۆریی دابەشکردنی زمانەکان لەم ڕووەوە تیۆرەکەی ماکس میولەرە (وافی، ١٩٧٢: ١٩٦). لێرەوە دەکرێ بڵێین مرۆڤ لەو شوێنەوە کۆمەڵی ژیانیان پێکهێناوە. لەوێدا زۆر شت و شێوازە ژیان و هەڵسوکەوت و قسەکردنیان، دەربڕینیان لە یەک دەچێت. مرۆڤی ئەو کۆمەڵە بە هەموویانەوە، ڕەگەزێک پێکدەهێنن، لە ڕووی مرۆڤناسی و ئەتنیکناسییەوە نزیک یەکن. بە ناوی ئەو شوێنەوە یا بوونی دیاردەیەکی هاوبەش، کە پێکیانەوە دەبەستێتەوە ناو دەنرێن. دواتر پێوەی ناودار دەبن و بە هۆی تایبەتێتی و خەسڵەتە نزیک و هاوبەشی وەکیەک و لێکچوونەکانیانەوە دەناسرێنەوە. بۆ نموونە کۆمەڵی مرۆڤ و زمانەکانیان، لە ڕووی ئەم خەسڵەتە هاوبەش و نزیکی و یەکژینگەییانەوە، لە لایەن زمانناس و کۆمەڵناسانەوە پۆلکراون کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و نزیکایەتیی زمانییان (شوانی، ٢٠٠٨: ٤٠) لەم یەکژینگەییەوە بۆ پەیدا بووە و پێکهاتووە. لە هەمان کاتیشدا لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەیان، جیاوازییان لە ڕووی زمان و فەرهەنگ و تایبەتمەندیی نەتەوەییەوە تێدەکەوێت. بوونی ئەم حاڵەتە لەیەکچوونە لە بوار و ئاستەکانیدا بووەتە هۆی پەیدابوون و دەرکەوتنی کۆمەڵی مرۆڤی هاوڕەگەز لە شوێنی جیاجیا و مۆرکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان لە ڕووی زمان و فەرهەنگییەوە هەیە و پێی‌دەناسرێنەوە. وافی و حسێنی بە جیا زمانی مرۆڤایەتی بەم شێوەیە دابەش دەکەن:

١- کۆمەڵەی ئاری
٢- کۆمەڵەی سامی-حامی
٣- کۆمەڵەی ئۆراڵ-ئاڵتای (ئاڵتایی) یا کۆمەڵەی تۆرانی
٤- کۆمەڵەی چینی و تەبەتی-بۆرمی
٥- زمانە یەکانییەکان (سەربەخۆ) چەند کۆمەڵەی تریش هەن پێکەوە هەشت تا یانزە خێزانە زمانن. (١٩٧٢: ١٩٦؛ ١٣٨٣: ٢٢٠)

زمانناسی وا هەن وەکوو شلیگەل بۆ دابەشکردنی زمان سەیری لایەنی پەرەسەندن و پێشکەوتنیان کردووە، لەم ڕووەوە زمانی مرۆڤیان بۆ سێ خێزان دابەش کردووە وەک: ١- زمانە لکاوەکان ٢- زمانە گەردانییەکان ٣- زمانە سەربەخۆکان، کە تاکی هەریەکەیان لە ڕووی پلەی پێشکەوتنەوە لەوانی تر نییە بەوەی هەر قۆناغێکی قسەکردنی کە بڕیویانە لە پێناوی پەرەسەندنا، جیاواز لەوی‌تر. ئەمجا لەم ڕووەوە زمانی کوردی زمانێکی لکاوە[1] جیاوازە لە فارسی کە زمانێکی گەردانییە[2]. بەکورتی، زانایانی زمان، زمانی نەتەوەکانی جیهانیان دابەش کردووەتە سەر چەند خێزانە زمانێکەوە. زمانی ئەم نەتەوانەش، چەند تایبەتێتی و سیفەتی هاوبەشی وەک ڕەگەز و بنچینە، ڕێزمان، ڕێبازی پێشکەوتن بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە (بلال اسماعیل، ١٩٨٤: ١١).

[1] Agglutinative language.

[2] Flexional language.

هەندێک لەم زانایانەی زمان زمانەکانیان بە پێی ڕەگەز و بنچینە (بلال اسماعیل، ۱۹۸٤: ۱۱) دابەش کردووە و پێیان وایە کە کەس و تاکەکانی هەر خێزانێک پەیوەندی خزمایەتی و نزیکایەتی زمان‌ناسی لە ڕووی بنچینەی وشە و ڕێزمانی پێکهاتەی ڕستەوە کۆ دەبنەوە و ڕێکدەکەون. بەم پێیە هەر خێزانە زمانێک لە چەند نەتەوەیەکی ئاخێوەر بەم زمانانە پێکدێت کە لە نەتەوە و کۆمەڵی مرۆڤی جیاواز پێکدێن و دەگەڕێنەوە سەر میللەتێکی یەکبنچینەیی و یا نزیک لە یەکتر کە کۆمەڵێک پەیوەندی جوگرافی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە نێوانیانا پێکدەهێنن. (شوانی، ۲۰۰۸: ۱۱)

۳- بابەتی لێکۆڵینەوەکە

بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، باسی لایەنی لەیەکچوون و جیاوازی نێوان زمانی کوردی و فارسی دەکات. هەردوو زمانەکە پەیوەندی نزیک لە نێوانیانا لە ڕووی یەکبوونی ڕەگەزەوە هەیە. وەکوو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و نزیکایەتی زمانی، هەردوو زمانەکە لە ڕووی بنچینە و بنەڕەتەوە، سەر بە کۆمەڵەی ئارین و لە خێزانە زمانی زاگرۆزی و ئێرانین و زمانی کوردی و فارسی زمانی هەردوو نەتەوەی ئاریایی‌ڕەگەزن و دایکزادی نیشتمانی ئاریانا(ئاریا)ن.

۴- ڕوون‌کردنەوەیەک دەربارەی نیشتمانی ئاریان‌زەمین

ئەم نیشتمانی ئاریازەمینە کە پاشان وشەکەی گۆڕاوە بۆتە «ئاریانا» و دواتر «ئاریان»، لای ڕۆژهەڵاتەوە ڕووباری سند تا ڕیزە چیای زاگرۆز لە لای ڕۆژئاواوە، شوێنی گەلانی ئاریایی‌ڕەگەزن (شوانی، ۲۰۰۸: ۱۸). گەلانی ئاری‌ڕەگەز لە نێوان هەزارەی چوارەم و نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەم لە ئەنجامی ئەم سێ هۆیە تووشی کۆچکردن بوونە (چایلّد، ۲۰۱۲): ۱- وشکەسالّی؛ ۲- ناکۆکی و ناتەبایی نێوانیان؛ ۳- هێرشی بەردەوامی تۆرانیەکان بۆ سەریان. لە سەرەتاوە ئەوروپاییەکان بەرەو ئەوروپا و هیندییەکان بەرەو هیندستان کۆچیان کردووە و کیشوەری هیندستانیان دامەزراندووە. لێرەوە زمانی هیندی و گەلی هیند پێکهاتووە. گەلانی ئێرانیش لەو شوێنەوە بەرەو ئێران و کوردستان بڵاو بوونەتەوە، هەردوو نەتەوەی کورد و فارس پێکهاتوون و دواتریش گەلی هیتی پێکهاتووە (شوانی، ۲۰۰۸: ۱۹). بەڵگە هاوبەشە زانستییەکان ئەوە نیشان دەدەن ئەم میللەتانە بە ناونیشانی کۆمەڵە نەتەوەیەک یا کۆمەڵە زمانێک بە زاراوەیەک کۆ بکاتەوە بەوەی تایبەتێتی وەک یەک و نزیک لەیەکتر دەردەخات کە ناوچەی ئاریازەمین واتە ئاریانا یا ئاریان نیشتمانی هاوبەشی ئەو نەتەوانەن. زۆربەی سەرچاوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە زمانی میللەتانی ئاری لە زمانی کۆنی هیندۆوە کەوتوونەتەوە و ئاریش خەسڵەتی هاوبەشیانە، لەبەر ئەم هۆیە ڕاستترە بوترێت کۆمەڵە زمانی ئاری. ئەم ڕوونکردنەوەیە دەریدەخات کە لە ناو هەموو گەلانی وڵاتی ئاریان‌زەمیندا هەردوو گەلی کورد و فارس بە تەنیشت یەکترەوە ژیاون و لە

یەکترەوە نزیکترن تا لە گەلانی تری وڵاتی ئاریانا و خێزانە زمانی ئێرانییان پێکهێناوە و میللەتانی تریش دەگرێتەوە. ئەم نزیکایەتییە لە مێژووی زمان و زمانناسییدا پێی دەوترێ خێزانە زمانی ئێرانی، لە هەمان کاتیشدا و لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە.

۵- خێزانە زمانی ئێرانی

ئەم خێزانە، چ وەکوو میللەت و چ وەکوو زمان، سەر بە کۆمەڵەی ئارین کە بێجگە لەم خێزانە کۆمەڵەی ئاری، خێزانی هیندی، خێزانی ئەوروپایی و خێزانی هیتی دەگرێتەوە. خێزانە زمانی ئێرانی بەو زمانە ئێرانییانە دەوترێت کە خێزانە زمانێکیان لە سەر بنەڕەتی خزمایەتی هەیە و لە زمانێکی هاوبەشەوە وەرگیراون و لە ڕووی ڕێچکە و ڕەگەز و دروستکردنی دەستووری وشە بنەڕەتییەکانەوە بە یەکترەوە دەبەسترێنەوە (شوانی، ۲۰۰۸: ۲۹). لقێکی گرنگی زمانە ئارییەکانە، قسەی پێ دەکەن و هەرێمێکی فراوانی لە ڕۆژئاوای ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاستدا هەیە. لەم وڵاتانە وەکوو زمان بەکاری دەهێنن: کوردستان، ئێران، ئەفغانستان، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، تاجیکستان، کوردی جۆرجیا (گورجستان)، لە دەوروبەری قەفقازیش بەکار دێت (کامری، ۱۹۸٤: ۱۲). کتێبی *ئاڤێستا* کۆنترین بەڵگەی نووسراوی ئەم خێزانەیە، مێژووەکەی دەچێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش‌زایین واتە بۆ هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین. دروشمی ئایینەکەی «بیری چاک، وتەی چاک، کرداری چاک» بووە. لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بڵاو بووەتەوە، گەلانی ئاری بەتایبەتی ئێرانی و هیندی شانازی بەم ڕابردووە هاوبەش و مێژووییەوەیان دەکەن، هێمای ڕەسەنایەتی گەلانی کۆنی خێزانە ئێرانییەکان دەردەخات و بە یەکەم ئایینی بڕوابوون بە خوای تاکانە دەزانرێت. بەداخەوە کتێبەکە بە کۆنترین شێوە زمانی خێزانە ئێرانییەکان نووسراوەتەوە، شێوەی کۆنی زمانی ئێرانی بەر شاڵاوی لەشکری گریکی، عیلامی، بابلی و دواتریش لەشکری ئیسلام کەوتووە و فەوتێنراوە (نەبەز، ۱۹۹۷: ۱٦۱). شوێن و پەیوەندیی زمانی کوردی و فارسی بەم خێزانە زمانەوەیە کە زمانی تری وەک بەلووچی، پەشتوویی (ئەفگانی)، ئۆسیتی، تاجیکی، تاتی، تاڵشی، مونجابی، ئەرموری، پەرچی، یەغنابی، پامیری، کۆمزاری، مازەندەرانی، گیلەکی و زمانانی ناوەندی ئێران دەگرێتەوە(حسینی، ۱۳۸۳: ۲۷۳). دوای ئەوەی نزیکایەتی و ڕوونکردنەوەی بنچینە و بنەڕەتی زمانی کوردی و فارسی، لێرەوە دێینە سەر چۆنیەتی لەیەکچوونو جیاوازیی هەردوو زمانەکە.

۶- بواری لایەنی لەیەکچوون و جیاوازیی زمانی کوردی و فارسی

بابەتی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی هەردوو لایەنی لەیەکچوون و جیاوازی ئەم دوو زمانە هاوخێزانە، لە ڕووی مێژوویی و لێکۆڵینەوەی بەراوردییەوە ئەم بوارانە دەگرێتەوە و هەریەکەیان ڕوون دەکەنەوە بە نموونەوە:

۱- لە ڕووی بنچینە و بنەڕەتی مێژووییەوە

۲- لە ڕووی بوونی وشەی هاوبەشەوە

۳- لە ڕووی دەنگ و ڕێنووسەوە

٤- لە ڕووی جیاوازیی ڕیزمانییەوە

٥- لە ڕووی فەرهەنگی نەتەوەییەوە

۶-۱- لە ڕووی بنچینە و بنەڕەتی مێژووییەوە

ئەلف: لێرەدا بنچینە و بنەڕەتی هەردوو زمانەکە دیاری دەکەین، بەوەی ڕەچەڵەکیان لە ڕووی پەیوەندی خزمایەتی کۆمەڵایەتی و نزیکایەتی زمانییەوە لە یەک دەچن و هەردووکیان سەر بە یەک کۆمەڵە زمانی ئاریاییین و لە خێزانی زمانە زاگرۆزی و ئێرانییەکانن. کوردی لە لقی زمانە زاگرۆزییەکانە و فارسیش دەچێتەوە سەر زمانی پارسی کۆن. زمانە زاگرۆزییەکان بریتین لە: سۆمەری، گۆتی، کاسی، لۆلۆیی، ئۆرارتۆیی و هتد. مێژووەکەیان دەکەوێتە نێوان هەزارەی چوارەم و یەکەمی پێش‌زایین. زمانی ئەو میللەتانەن کە دواتر لە هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین لە نێوان ساڵی ۷۷۰-۵۵۰ پ.ز. (شوانی، ۲۰۱٦: ۲٦). لەناو زمان و دەوڵەتی میدیا تواونەتەوە و بوونەتە میللەت و زمانی میدی و ئاوێستا، زمانی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانە. هەرچی زمانی پارسی کۆنە زمانی هۆزە کۆنەکانی ئێرانییە و یەکێکە لە زمانە ئێرانییە کۆنەکان (ارانسکی، ۱۳۷۹: ۱۱۸)، لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین بەشی خواروو‌ی ڕۆژئاوای دەشتەکانی ئێرانی گرتووەتەوە.

بێ: زمانی ئاوێستا یان باشتر بڵێین کتێبی *ئاوێستا* دەچێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پێش‌زایین، بەڵام کتێبە بزماریەکانی بنەماڵەی پارسی پاشاکانی هەخامەنشی لە سەدەی شەشەمەوە دانراون.

جێ: زمانی ئاوێستا چەند کتێبێکی پێ نووسراوەتەوە، ناوەڕۆکیان پێکهاتووە لە سروود و بڕیار و مەزەبی نەتەوە کۆنەکانی ئێران (ارانسکی، ۱۳۷۹: ۱۱۸) و بە پێتی ئاوێستاییە، هەرچی نوسراوەکانی پارسییە بە نوسینی بزماریە.

دێ: هەردوو زمانی ئاوێستا و پارسی کۆن لەو سەردەمە بە دواوە زمانی مردوون. کتێبی *ئاوێستا* کە بە زمانی کۆنی ئاوێستایی نووسراوەتەوە، شێوەی کۆنەکەی نەگەیشتۆتە ئێمە و

فەوتێنراوە. دوای ئاڤێستاش لە ناو خێزانە زمانی ئێرانی، زمانی فارسی لە سەردەمی دەوڵەتی هەخامەنشیندا نووسراوی فەرمی پاشایانی هەخامەنشی، نەقش و نووسینی سەر بەرد و بینا و قەڵاکان و کێڵی قەبر و ...ی پێ نووسراوەتەوە. (خۆشحاڵی، ۲۰۰۸: ۳۳)

۶-۲- لە ڕووی بوونی وشەی هاوبەشەوە

ئەم دوو زمانەی کوردی و فارسی لەبەر ئەوەی نزیکایەتی زمانی و پەیوەندی خزمایەتی لە نێوانیاندا هەیە و لە بنچینەدا لە یەک ژینگەوە سەریان هەڵداوە، بە سەدان وشەی وەکیەک و لەیەکچووی هاوبەشیان تێدایە و ئێستا بەکار دەهێنرێن لە ناو، ژمارە، ئامراز؛ لەگەڵ ئەوەشا وشە و ئامراز و کەرەسەی زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە یەکتریان جیا دەکاتەوە. ئەمە لایەنی لەیەکچوون و جیاوازیی نێوان زمانی کوردی و فارسییە لە ڕووی وشەی هاوبەش و جیاوازەوە.

۶-۳- لە ڕووی دەنگ و پیت و ڕێنووسەوە

ئەلف: زمانی کوردی وەکوو فارسی بە ڕێنووسی ئەلفوبێی زمانی عەرەبی بە دەسکاریيەو دەنووسرێتەوە. لەمەوە لە یەک دەچن، بەڵام لە زمانی کوردیدا پیتەکانی وەکوو «ص، ض، ط، ظ، ذ ...» بەکار نایەت و لەجیاتییان پیتی «س، ز، ت» بەکار دەهێنرێن، بەڵام لە ڕووی دەربڕینەوە جیاوازە لە دەربڕینی عەرەبییەکەی. لەگەڵ ئەمەشا هەردوو زمانی کوردی و فارسی دەنگی هاوبەشیان وەکوو «ا، ب، پ، ت، ج، چ، خ، ر، ز، س، ش، ع، غ، ف، ک، گ، ل، م، ن، و، هـ، ی) هەیە. فارسی بەپێچەوانەی کوردی سێ جۆرە دەنگی «ا»ی دڕێژی هەیە وەکوو «آ، أ، ا» الضمه الممدوده، الهمزه، الف؛ کەچی لە کوردیدا یەک «ا» هەیە.

بێ: ژمارەی پیتەکانی ڕێنووسی کوردی ۲۹ نەبزوێن و هەشت بزوێن و بریتین لە ۳۷ دەنگ (شوانی، ۲۰۰۸: ۹۷)، هەرچی پیتی ڕێنووسی فارسییە ۲۳ نەبزوێن و شەش بزوین واتە ۳ پیت بەکار دەهێنێ (ابومغلی، ۱۹۸۰: ۸-۱؛ ماهوتیان، ۱۳۸٤: ۲۷۲).

جێ: لە زمانی کوردی و فارسیدا دەنگی پ، چ، ژ، گ، ڤ هەن، کەچی لە عارەبیدا نین.

دێ: لە زمانی کوردی و فارسیدا هەندێجار پیتی (دەنگ) «ق» وەکوو «غ» دەردەبڕدرێ یا جاری وا هەیە لە نێوان قاف و غەین یا تۆزێک نزیک لە غەین ئەلەڕێتەوە، دەنگی «و» وەکوو «ڤ» دەخوێندرێتەوە، ئەمە لە کوردیدا نییە ابومغلی، ۱۹۸۰: ۲۷۳-۲۷۲).

هـێ: لە زمانی کوردیدا دەنگی «ه» لە کۆتاییەوە نایەت ئەمە پێچەوانەی فارسییە وەکوو گیاه-گیا، ئەمە بێجگە لە بەکارهێنانی «بۆر، سەر، ژێر» لە فارسیدا لە وشە عەرەبییەکانیدا بەکار دێن یا وەکوو لە وشەی «مشت، گروگ...» لە کوردیدا دەبنە دەنگی «و، ه، ی».

وێ: دەنگی «و» لە دوای دەنگی «خ» ناخوێندرێتەوە وەکوو لە وشەی خواهر (خاهر) ئەمە لە کوریدا نییە. لە فارسیدا تەنوینی سەر هەیە بەڵام تەنوینی بۆر و ژێر نییە، ئەمانە هیچیان لە کوردیدا نین، کەچی دەنگی «ه» لە کۆتایی وشەی فارسیدا بەکار دێت وەکوو: خانه، ژاله، دەسته ... هتد. تەنوین هەر سێ جۆرەکەی لە فارسیدا لە وشە عارەبییەکانیدا هەیە، کە چوونەتە ناو زمانەکەیەوە وەکوو: حالا، اساسا، اتفاقا. لە فارسیدا تەنیا تەنوینی سەر هەیە (ابومغلی، ۱۹۸۰: ۸). دەنگی «ڕ»ی قەڵەوی کوردی گڕترە لە «ڕ»ی زمانی فارسی. «ڕ»ی زمانی فارسی لە ڕووی دەربڕینەوە دەکەوێتە نێوان دەنگی «ڕ»ی گڕ و قەڵەوی کوردی و دەنگی «ر»ی سووکی کوردی و فارسییەوە. دەنگی «ک»ی زمانی کوردیش لە دەربڕینا جیاوازە لە دەربڕینی «ک»ی زمانی فارسی. فارسی هاودەنگێک (ئەلۆفۆنێک) پەیدا دەکات جیاوازترە لەو دەنگە ئەلۆفۆنەی فارسیزمان؛ وەک لە وشەی: کێو، کێ لە کوردیدا و لە فارسیشدا وشەی کیسرا، کیانی، کتاب.

دوای ئەوەی ڕێنووسی کوردی و فارسی بە ئەلفوبێی عارەبی، بە شێوەیەکی دەسکاریکراومان خستە ڕوو، لێرەدا پێویستە ڕێنووسی هەردوو زمانی کوردی و فارسی، لە مێژووی نوسینی هەردووکیانا دیاری بکەین.

۱- ڕێنووسی بزماریی سۆمەرییەکان (کە پێشینانی کوردن- لە دەوروبەری ۳۰۰۰ پ.ز (سعید یاسین، ۱۹۹۹: ۱۲) پەیدا بووە. لەوکاتەوە تا پەیدابوونی دەوڵەتی مادی باوپیرانی کورد لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمدا، لە نووسیندا بەکار هاتووە.

۲- لە سەردەمی دەوڵەتی مادا (نێوان ۵۵۰-۷۷۰ پ.ز) واتە لە هەزارەی یەکەمی پێش‌زایین ڕێنووسی تایبەت بە خۆیان کە ۳٦ پیت بووە بەکار هاتووە (الخلیل، ۲۰۰۹: ۲۳).

۳- پیتی ئاڤێستایی کتێبی ئاینی زەردەشتی کە ئاڤێستا بووە پێی نووسراوەتەوە و تا سەردەمی ساسانی بەردەوام بووە.

٤- پیتی پەهلەوی

۵- پیتی ئەلفوبێی عارەبی بەدەسکارییەوە بۆ نوسینی کوردی لە سەدەی دەیەمی زایینەوە شیعری کوردی بە شێوەی لوڕی لە لایەن بابەتایەری هەمەدانییەوە لە نێوان ساڵانی ۹۳۵-۱۰۱۰ز (ذکایی، ۱۳۷۵) پێی نووسراوەتەوە.

هەرچی ڕێنووسە بەکارهێنراوەکانی زمانی فارسییە لە مێژوودا بەم شێوەیەیە:

۱- ڕێنووسی بزماری کە ۳٦ پیت بووە بە درێژایی دەوڵەتی هەخامەنشی لە نێوان سەدەی شەشەم تا سەدەی چوارەمی پێش زایین (۳۳۰-۵۵۰ پ.ز) بەکار هێنراوە. ئەم ڕێنووسەیان لەگەڵ زمانە ئاریەکەیان لە میدیەکانەوە وەرگرتوە (الخلیل، ۲۰۰۷: ٦۷).

۲- لە سەردەمی زایینەوە دوای پیتی بزماری پیتی ئارامییان بەکار هێناوە، دواتر پیتی پەهلەوی، لە دوای پەیدابوونی ئیسلامەوە پیتی ئەلفوبێی عەرەبییان بەدەسکارییەوە تا ئێستا وەکوو میللەتانی تر بەکار هێناوە.

۳- میدییەکان، پێشینانی کورد، وایان کرد کە فارسەکان لە نووسینا پێستی تەنکیان گۆڕی بە تەختە و تابلۆی قوڕ (الخلیل، ۲۰۰۹: ۲۳؛ الخلیل، ۲۰۰۷: ٦٧) بۆ کاری نووسین.

۶-۳- لە ڕووی جیاوازیی ڕێزمانییەوە

زمانی کوردی لە ڕووی جیاوازیی ڕێزمانییەوە، بە زمانێکی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی نوێ دادەنرێ، بەڵام زمانی فارسی لەم ڕووەوە زمانێکی باشووری ڕۆژئاوای ئێرانی نوێیە (فوئاد، ۱۹۷۱: ۲٤-۱٦)؛ واتە جیاوازیی ڕێزمانی لە ڕووی دەنگ و گۆڕین و گەردانی ناو وفرمانەوە دیار دەکرێت (فوئاد، ۱۹۷۱: ۲٤-۱٦). ئەم جیاوازییە لە ڕووی دەنگەوە، زانستی فۆنیمەکانی زمان دەگرێتەوە کە بەندە بە لایەنی ئەرکیی دەنگەکانی زمانێکەوە، بەشێکە لە زانستی زمان لە جیاوازیی ئەرکیی نێوان دەنگەکان دەکۆڵێتەوە، واتە دوای دۆزینەوەی فۆنیمەکانی زمان و دیاریکردنی هاوەدەنگی[1] هەموو فۆنیمەکان و دابەشکردنی هەموو هاوەدەنگەکان (شوانی، ۲۰۰۸: ٤۲). ئەمە جیاوازیی ڕێزمانیی دەنگە. لەم ڕووەوە هەندێک فۆنیمی زمانی فارسی و هاوەدەنگەکانی جیاوازە لە کوردی وەک لە خاڵی پێشتر لەم باسەدا نیشانمان‌داوەکوو:

کوردستان	کوێستان	ک ک	(فۆنیم- ئەلۆفۆن)
کا کێ	کوێ	ک ک	(فۆنیم- ئەلۆفۆن)
گوڵ	گیا، گوێ	گ گ	(فۆنیم- ئەلۆفۆن)

دەنگی /ک/، /گ/ لە دوای دەنگی «ی، ێ، وی، وێ» هاوەدەنگی پەیدا کردووە وەکوو نموونەکانی سەرەوە. لە فارسیدا دەنگی «وی»، «وێ» نییە بێجگە لە دەنگی «ل»ی قەڵەو، «ڕ»ی قەڵەو لە فارسیدا دەکەوێتە نێوان دەنگی «ڕ»ی قەڵەو و «ر»ی سووکەوە وەک: ڕەحمان، بازاڕ؛ ڵ ل: گوڵ گول؛ نموونەی وشەی هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و فارسی وەک: خان، خانە، بوودجە، دوو، بازاڕ. جیاوازیش وەکوو: خواهر (خوشک)، مادر (دایک)، پدر (باوک)، برادر (برا) و ... ئەمە هەروا بۆ نموونە.

جیاوازیی ڕێزمانی لە ڕووی گۆڕین و گەردان‌کردنی ناوەوە دیاریکردنی هەموو ڕێژەکانی ناو یا ئاوەڵناو لە ڕووی ژمارە یا ڕەگەز یا دۆخ دەگرێتەوە (شوانی، ۲۰۰۸: ٤۲). بۆ نموونە گەردان‌کردنی ناو لە ڕووی ناسراوییەوە لە زمانی کوردیدا بە نیشانەی «ەکە» دەبێتە ناسراوی،

[1]. Allophone.

وەک: گوڵەکە، پیاوەکە. لە زمانی فارسیدا نیشانەیەکی تایبەت بە ناسراویی ناو نییە، وەکوو «ەکە»ی کوردی و لە ئینگلیزیدا، بەڵام لە زمانی فارسیدا ناوی دیار (اسم علم)، ناو لەگەڵ ئامرازی گەیەنەر: گوڵ

ئەلف: ناو و جێناو، ناو و جێناوی نیشانە، ناو لەگەڵ نیشانەی بەرکاریدا ناوەکان دەکەن بە ناوی ناسراوی. وەکوو ئەم نموونانە:

ناوی دیار و تایبەتی: ئازاد، شیراز، تهران، کرمانشا، سنە.

بێ: ناو لەگەڵ جێناوی نیشانەدا لە فارسیدا دەبێتە ناسراوی. وەکوو: این کتاب، این پسر، آن زن

جێ: ئەگەر ناو ئامرازی گەیەنەری چووە سەر دەبێتە ناسراوی، وەکوو: مردیکە (پیاوەکە)، زنیکە (ژنەکە)

دێ: ئەگەر ناو تەواوکەرەکەی ناوی دیار یا جێناو بێت، لە فارسیدا دەبێتە ناوی ناسراوە، وەکوو:

فارسی	کوردی
برادر من	براکەم، برای من
دختر تو	کچی تۆ، کچەی تۆ
مادر افراسیاب	دایکی ئەفراسیاو

هەوالنامەی کتێب

هێ: لە فارسیدا ئەگەر ناو بەرکار بوو ئامرازی بەرکاری وەرگرت و نیشانەی نەناسراوی وەکوو «ی»ی لەگەڵا نەبێت دەبێتە ناسراوی (ابومغلی، ۱۹۸۰: ۲۲)، وەکوو:

فارسی	کوردی
کتاب را خریدم	کتێبەکەم کڕی
آب را خوردم	ئاوەکەم خواردەوە

وێ: ناو لەگەڵ جێناوی کەسی دەبێتە ناسراوی؛ ئەمە لە کوردیدا نییە وەکوو: من گفتم (من وتم)، آن راخریدم (ئەوەم کڕی).

زێ: ناوی کۆ لە کوردی و فارسیدا وەکوو یەکن بە نیشانەی (ان، وان، یان)؛ ها، ات، لەگەڵ گۆڕانی دەنگسازیدا دەگۆڕێن بە: ات، جات، هات، وەکوو: برادەران (برادران)، سەدەها(سدها)، دانایان (دانایان)

_ ناوی نەناسراوی لە کوردی و فارسیدا

ناسراوی لە زمانی کوردیدا بەهۆی نیشانەی «یەک، یەک»ەوە دەبێتە نەناسراوی، وەکوو: کوڕێک (پسر)، خانوویەک (خانه)

ئەلف: لەفارسیدا ئەگەر بە کۆتایی ناوەکەوە نیشانەی «ی، یە» بچێتە سەر، ناوەکە دەبێتە نەناسراوی (ابومغلی، ١٩٨٠: ٢٢؛ ماهوتیان، ١٣٨٤: ١٩٢)، وەکوو:

فارسی	کوردی
گدائی نان می‌خواهد	گەدایەک داوای نان دەکات

بێ: ئەگەر ناو وشەی «یەک» بکەوێتە پێشیەوە، وەکوو:

فارسی	کوردی
یک مرد آمد	پیاوێک هات
یک زن نان می‌خواهد	یەک ژن (ژنێک) نانی دەوێت
یه کتابی رو خریدم	کتێبێکم کڕی

جێ: ئەگەر لە زمانی فارسیدا وشەی «یەک» لەگەڵ نیشانەی نەناسراوی لەگەڵ ناوێک (ماهوتیان، ١٣٨٤: ١٩٢) پێکدێ وەکوو:

فارسی	کوردی
یک مرد آمد	پیاوێک هات
زنی قشنگ آمد	ژنێکی جوان هات

دێ: لێکچوونی ناوی کۆ لە زمانی کوردی و فارسیدا وەکوو یەکن کە بە هۆی نیشانەی (ان، ها، ات)ـەـ.

حاڵەتێکی لەیەکچووی ڕێزمانی، لە نێوان ڕستەی زمانی کوردی و زمانی فارسیدا بەدی دەکرێت، ئەویش بوونی ڕستەی ناوییە لە زمانی کوردی و فارسیدا (شوانی، ٢٠٠٥: ٢٥) وەک:

فارسی	کوردی
من کوردم	من کردم
ئەو کورە	او پسر است
کەرکووک شاری کوردانه	کرکوک شهر کردان است

کەوڵنامەی کتێب

ئەم جۆرە ڕستەیە لە نیهاد، گوزارە و بەستەر (الرابطه) پێکهاتووە: کەرکوک نیهادە، شاری کوردان گوزارەیە، ـە ڕاناوی لکاوە و تەواوکەری گوزارەیە، بۆتە هۆی پێکهاتنی ڕستە ناوییەکە.

حاڵەتی جیاوازی نێوان کوردی و فارسی لە ڕووی گەردانکردنی فرمانەوە: فرمانی داخوازی لە زمانی کوردییا جیاوازە لە ڕووی پێکهاتنەوە لەگەڵ فرمانی داخوازی زمانی فارسیدا، بەم شێوەیەیە:

لە کوردیدا: نیشانەی داخوازی + ڕەگی فرمان + ڕاناو بۆ تاک و کۆی کەسی دووەم

بنووسە — لە فارسیدا — نویس، بخوێنە ← خوان

بنووسن — نویسید، ببینە ← بین

جیاوازییەکە بریتییە لە بوونی نیشانەی داخوازی «ب» لە کوردی و نەبوونی لە فارسیدا، بەڵام لە حاڵەتی جەختکردنا لە زمانی فارسیدا نیشانەی داخوازێکەی بۆ دادەنرێت (شوانی، ۲۰۰۹: ۹۵)، وەکوو:

فارسی	کوردی
بنویس	بنوسە
بنویسید	بنوسن

هەوالنامەی کیرد

لە حاڵەتی فرمانی داڕێژراو و لێکدراو ڕێژەی «ب» داخوازی لە کوردی و فارسیدا بەپێی یاسای ئارەزوو[1] (ابومغلی، ۱۹۸۰: ۲۲). لە حاڵەتی فرمانی داڕێژراو و لێکدراو ڕێژەی «ب» داخوازی لە کوردی و فارسیدا بەپێی یاسای ئارەزوو تێکدەچێ. وەک: کاربکن – کارکن

حاڵەتی خستنەسەر (اضافه) لە فارسیدا واتە کاتێک ناو و ناوێک یا ناو و ئاوەڵناوێک دەخرێنە سەر یەکتر، بەبێ نیشانەی نووسراوی دەدرێنە دەم یەکترەوە. واتە نیشانەیەکی تایبەتی نییە (بعلبکی، ۱۹۹۰: ۳۵۰-۳٤۹)، بەڵام لە کوردیدا بەهۆی ئامرازی خستنەسەرەوە پێکدێت وەک:

فارسی	کوردی
کتاب من	کتێبی من
دستور زبان فارسی	دەستوری زمانی فارسی

لە فارسیدا بە ژێرە (کسرە) ئەویش نانووسرێ بەڵام دەردەبڕێت. ئەمە بە زۆر لە حاڵەتی گرێی ئاوەڵناویدا (شوانی، ۲۰۰۸: ۱۲). جیاوازییەکی تری ڕستەی زمانی کوردی و فارسی لە

[1] Optional.

گەردان‌کردنی فرمان لە چاوگی «بوون» و «بودن» بۆ کەسی سێیەم لە یەکتر جیاوازن. لە کوردیدا بەهۆی ڕاناوی لکاوی «ە» و لە فارسیدا بەهۆی «است» پێکدێت. واتە بە دوو نیشانەی جیاواز، وەک:

فارسی	کوردی
نوزاد کرد است	نەوزاد کوردە

ئەم دوو نیشانەیە لە ڕووی ئەرکەوە یەکن، بەڵام لە شێوەدا جیاوازن، لە کوردیدا ڕاناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەم وەکوو بڵێی «ئەو کوردە». ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ڕستە لە زمانی کوردییا بەبێ ڕاناو پێکناهێنرێت، چونکە ڕستە واتە قسەکردن، قسەکردنیش بەبێ قسەکەر بوونی نابێت و دورست نابێت.

۶-۵- لە ڕووی فەرهەنگی نەتەوەییەوە

زمانی کوردی و زمانی فارسی لە ڕووی فەرهەنگی نەتەوەییەوە، هاوبەشی ڕەگەزییان هەیە پێکەوە، چونکە ئەم دوو نەتەوەیە لەیەک ڕەگەزن و هاوسێ و هاوبەش و هاونیشتمانی یەکتر بوونە لە ناوچەی ئاریا و لە بنەڕەت و لەو شوێنەیاندا کەلتوورێکی هاوبەشیان هەبووە، دواتر بەهۆی فراوانبوون و بڵاوبوونەوەیان بەملا و بەوڵای ئەو نیشتمانەدا، جیاوازییان تێکەوتووە و ئەم جیاوازییە بۆتە ئەوەی هەر میللەتێکی ئاریایی فەرهەنگی نەتەوەیی تایبەت بەهۆی هەیە و بووەتە هۆی خەسڵەت و تایبەتێتی ناسینەوەیان. واتە میللەتانی هاوڕەگەز لایەنی لەیەکچوون و جیاوازیان هەیە لە فەرهەنگی نەتەوەییاندا.

۶- ئەنجام

لە پاڵ ئەوەی کە کوردی و فارسی دوو زمانی سەربەخۆن و لایەنی جیاوازییان بە تەواوی تێدا دەرکەوتووە، بەڵام هەروەها کە لە توێژینەوەکە بە نموونە نیشان‌درا، ئەم دوو زمانە لە بوارگەلی جۆراوجۆرەوە خاڵی هاوبەشی زۆریان هەیە، وەکوو پیت، وشە، ڕێنووس و دەنگ. جیاوازییەکەیان زۆرتر لە بواری ڕێزمانییەوە دیارتر و بەرچاوترە و لەم لایەنەوە ئەسەلمێندرێت کە ئەو بۆچوونە بێشک هەڵەیە کە زمانی کوردی وەکوو پاشکۆی زمانی فارسی دابنرێ. لەیەکچوونی ئەم دوو زمانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بنچینە و بنەڕەتی هەر دووکیان یەک سەرچاوە بووە.

منابع

کوردی:

بەلال ئیسماعیل، زوبێر. (١٩٨٤). *مێژووی زمانی کوردی*. و. یووسف ڕەئووف عەلی، بەغدا.

زەبیحی، عەبدوڕەحمان. (١٣٦٧). *قامووسی زمانی کوردی*. ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەیووبی، ورمێ.

شوانی، ڕفیق. (٢٠٠٨). *زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا*. هەولێر: دەزگای موکریانی.

---. (٢٠٠٩). *زمانەوانی*. دهۆک: چاپخانەی دهۆک.

---. (٢٠١٦). *لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری زمانناسی*. هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

فوئاد، کەمال. (١٩٧١). «زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان». *گۆڤاری زانیاری*، ژ. ٤.

فارسی:

ارانسکی، ای. م. (۱۳۷۹). *مقدمه فقه‌اللغه ایرانی*. ترجمه کریم کشاورز. تهران.

حسینی، بابا شیخ. (۱۳۸۳). *هامشی بر دانش زبانشناسی*. سنندج.

کامری، برنارد و همکاران. (١٣٨٤). *زبان‌های دنیا: چهار مقاله در زبان‌شناسی*. ترجمه کورش صفوی. تهران: سعاد.

ماهوتیان، شهرزاد. (١٣٨٤). *دستور زبان فارسی*. ترجمه مهدی سمائی. تهران.

عەرەبی:

ابوفعلی، محمد وصفی. (۱۹۸۰). *البسیط فی اللغه الفارسیه المعصره*.

الخلیل، احمد. (۲۰۰۷). *الکرد فی الحضاره الاسلامیه*. بیروت: دارهیرو.

الخلیل، احمد. (۲۰۰۹). *عباقره کردستان*. دهوک: مطبعه دهوک.

بعلبکی، رمزی منیر. (۱۹۹۰). *معجم المصطلحات اللغویه*. بیروت.

دیورانت، ویل. (۱۹۸۹). *قصه الحضاره*. المجلد الاول، الجزأ الثانی.

سعران، محمود. (١٩٦٢). *علم اللغه*. قاهره.

نبز، جمال. (۱۹۹۷). *المستضعفون الکرد و اخوانهم المسلمون*. لندن: منشورات کوردنامه.

وافی، علی عبدالواحد. (۱۹۷۲). *علم اللغه*. القاهره.

یاسین، مسعود سعید. (۱۹۹۹). *السومریون*. دهوک.

کەولنامەی کتێب

Investigating the Archetype of Hero's Journey in Almas-Khan Kandoolaei's *Khorshid and Kharaman*

Mohammad Karimi (Corresponding Author)
MA in Persian Language and Literature
Khalil Beigzadeh
Associate Professor, Persian Language and Literature, Razi University, Kermanshah

Abstract

Joseph Campbell introduced the universal archetype for the monomyth theory of hero's journey according to Freud and Jung (regarding discovery of the unconscious). He conteded that this archetype is universal and stories in different countries imitate it. Drawing from analytical-descriptive method, the present study addresses the archetype of hero's journey in a lyric-epic Kurdish poem entitled *Khorshid and Kharaman* by Almas-Khan Kandoolae. This study aims to examine different characteristics of the journey according to Campbell's theory and the extent to which *Khorshid and Kharaman* imitates it. The findings demonstrate that the given archetype is utilized in Kurdish narrative works and the conformity of its seventeen stages with this theory highlights its universality. The mentioned poem imitates three stages, namely *departure*, *initiation* and *return* with regard to Campbell's archetype of hero's journey. Khorshid Khavar, the hero, moves from immaturity to maturity, revival and knowledge with the help of journey archetype in collective unconsciousness.

Keywords: *Khorshid and Kharaman*; Almas-Khan Kandoolaei; Hero's Journey; Joseph Campbell

Structural Investigation of the Story of Moses and the Stonecutter by Mirza Ahmad Dawashi

Jamil Jafari (Corresponding Author)
Assistant Professor of Arabic Language and Literature, University of Kurdistan
Sherafat Karimi
Assistant Professor of Arabic Language and Literature, University of Kurdistan

Abstract

The story of Moses and the shepherd is one of the most influential stories that Rumi has built and brought skillfully in Mathnavi. The origin of this story is apparently unknown, but some believe that the story of Moses and the righteous servant in the Holy Qur'an has persuaded Rumi to compare Shari'a with Tariqa. After Rumi this story has been narrated in another form called Moses and the stonecutter which is believed to be written by Obeid Zakani; but with paying a little attention to its style and comparing it with other Obeid's works, this assignation seems improbable. This story has also been welcomed by Kurd singers and they recomposed it in Kurdish language. Among them we came across with Kurd poet Mirza Ahmad Dawashi (1280-1359) who paid a great attention to this story and skillfully versified it in Kurdish. Now in this paper, using the descriptive-analytical method and with a structural critique approach, we attempt to investigate the story of Moses and the stonecutter which is versified by Dawashi in 129 verses, and to analyze its elements. The results show that this story has all the elements of a complete narration and the author has successfully used these elements to develop the theme.

Keywords: Kurdish Poetry; versified Story; Mawlavi; Moses and the Shepherd; Mirza Ahmad Dawashi; Moses and the Stonecutter

A Morphological Reading of Ahmad Khani'S *Mem and Zin* in Terms of Vladimir Propp's Narrative Theory

Arezoo Broumand

Instructor of Persian Language and Literature, Islamic Azad University, Sanandaj Branch

Jamal Ahmadi (Corresponding Author)

Assistant Professor of Persian Language and Literature, Islamic Azad University, Sanandaj Branch

Abstract

Thanks to modern literary theories, critical approaches will help the critics to appreciate and explore a literary work. The practice of traditional literary criticisms was based on incorporating the intentions and biographical context of the author, while the modern literary theories provide the critics with different lenses allowing the critics to consider literary works based on certain assumptions within that school of theory and yield to new conclusions. Morphology of stories is one of those approached addressing the literary work (fiction) in a structured way and attempts to analyze the story on the basis of the roles of the characters and the movements in it. Using the descriptive method based on content analysis technique, library sources, and applying Vladimir Prop's morphological theory, this paper aims to investigate the story of *Mem û Zîn* (Mem and Zin) by Ahmad Khani (1650– 1706) based on the story of Mam and Zayn by Mohammad Saeed Ramazan bouti. The findings demonstrate that the story of Mem and Zin has 21 functions out of 31 functions of Props and has two main and minor stories. The main story comprises of 6 moves and the minor one has 3 moves. The sequences of the functions, especially in the initial seven functions are not observed, and some of them appear in the middle and late stages of the story. There are also 13 characters in the main story and 7 characters in the minor story appearing in the following personae: Hero, Helper, Villain, False Hero and Donor.

Keywords: Morphology; *Mem and Zin*; Narrative Theory; Move; Story; Function

A Comparative Study of Romantic Elements in the Poetry of Khalil Mataran and Mamousta Besarani

Mohsen Pishvaei

Associate Professer of Arabic Language and Literature, University of Kurdistan

Parvin Yousefi

PhD Candidate of Arabic Language and Literature, Bu-Ali University

Golbahar Naderi

MA in Arabic Language and Literature

Abstract

The Romantic School was ounded in the late eighteenth century under the influence of political and intellectual developments and social classes. The Characteristics of this school, as opposed to the classical school, are: emotional power, honest experience, love of beauty and exemplary patterns, strange feeling, love of the home, love of nature and melt in it. In Arabic literature, Khalil Matran is known as the pioneer of the Romantic school. The fascinating nature of Lebanon, her innate talent, gentle emotions and critical thinking helped her in this way. In Kurdish literature, Molavi is also known as the pioneer of this school.However, given that Besarani lived almost a century and half before Molavi and the characteristics of the Romantic school thrive throughout her poetry, the pioneer of the Romantic school in Kurdish literature was Bismarani, whose work has been mostly neglected by researchers. The authors of the article seek to identify this poet by the means of a descriptive-analytical method, to prove that he is a pioneer in the Romantic school and also to rely on the American adaptive school of Romantic poetry with the romantic compare and study the romantic poems of contemporary Arab poet Khalil Matran. The findings confirm that both poets are pioneers in Romanticism and have shown that both poets took advantage of all the romantic features, first describing nature then fantasy and love of the home.

Keywords: Romantic School; American Comparative School; Khalil Matran; Besarani

The Inflection of Verb and its Categories in Kalhori Kurdish from Bauer's Generative Morphology Perspective

Masoud Dehghan (Corresponding Author)

Assistant Professor of Linguistics, University of Kurdistan

Ebrahim Badakhshan

Associate Professor of Linguistics, University of Kurdistan

Abstract

The present study aims to investigate the inflection of verb and its categories from generative morphology perspective. The nature of the methodology of this qualitative research is descriptive-analytic, and data has been collected through interview with Kurdish language speakers, and then the authors have analyzed them based on the generative morphology. The authors have tried to analyze the inflectional categories of verb encompassed mood affixes, negation affixes, and personal affixes. This study is going to seek a suitable answer to this question that how the inflection process can be applied on verbs in Kalhori Kurdish and what is the constraint on this category in this dialect inflectionally. This article is going to find out how the views of morphologists, such as Bauer (1996) can justify the inflection on the category of the verb in this dialect. The results showed that the inflection of verb is fully justifiable in Kalhori Kurdish from Bauer's generative morphology.

Keywords: Inflection Process; Verb; Generative Morphology; Kalhori Kurdish

A Critical Review of Kurdish Language Branches Based on Geographical Residency

Hiwa Weisi

Assistant Professor in Apllied Linguistics, Razi University, Kermashan, Iran

Abstract

There is no unanimous agreement among linguists and sociolinguists regarding the definition and distinction among terms and concepts of language, dialect and accent. Even some researchers, who study the relationship between language and society, employ both sociolinguistics and sociology of language differently to make a distinction between both of them, while some other use them interchangeably just to say that both are the same. The same issue can also be observed regarding the Kurdish language division, its branches, dialects, accents, and even the numbers of the branches. That is, most researchers who study Kurdish language are in disagreement regarding not only the definition of the terms and the number of Kurdish branches, dialects and accent but also in the basis on which the the divisions and definitions are done and most of them do it geographically rather than considering linguistics elements and features. This paper, firstly study the historical and geographical aspects of Kurdish language and put under criticism all those Kurdish language divisions done by the researchers in the field of Kurdish language study. Then, the researcher concluded that the current Kurdish language divisions are all suffer serious problems. Finally, the researcher offers new suggestions and directions for future divisions as well as approximate places in which Kurdish language and its major branches are distributed.

Keywords: Kurdish Language; Dialect; Accent; Kurmanji; Sorani; Kalhuri; Hawrami

Symbols of the Animal Designs of Kurdistan Glim

Sara Sadeghi (Corresponding Author)
PhD Candidate of Archeology, Mohaghegh Ardabili University
Reza Rezalou
Associate Professor of Archeology, Mohaghegh Ardabili University
Farzad Feizi
PhD Candidate of Archeology, Mohaghegh Ardabili University

Abstract

Iran, with its many ethnicities, has a remarkable art in the context of glim. West of Iran, especially in Kurdistan province, this art is full of various manifestations of planning. In the province of Kurdistan, with the woven machinery and the widespread factory production, which often overshadows the handicrafts, it is still found in villages and among the glimbafi tribes, so Kurdish glimmers are no exception and the industry is slowly being forgotten. The importance of this art and the symbolic type of paintings woven into the text of the caricature calls for the necessity and importance of this research. The present article examines the animal motifs of Kurdish carpets and the symbols of animal carpets in the carpets of Kurdistan province. Hence (3 samples of cartridges) were purposively selected. This article is a descriptive-analytical one and the data collection from library sources and field sample identification is obtained. These symbols convey different meanings about Kurdish culture. The motifs include animal, geometric, tooling and plant motifs, which are discussed in this article. The woven roles in this art are based on the nature of his life and his modeling of beliefs and roots in the beliefs of the Kurdish people.

Keywords: Culture; Symbols, Gullim; Animal Motifs; Kurdistan Province

Contemporary Kurdish Novel:

A Practical Investigation of Five Recent Novels

Mohsen Ahmad Omar

Assistant Professor of Kurdish, Salahaddin University

Abstract

This practical critical research addresses five Kurdish novels written in the recent years. These novels can represent the modern Kurdish novel, of course with other novels of the same level. In the first section, we present the emergence and development of the Kurdish novel, which takes around the whole of the twentieth century. Next, the birth of the novel in Western culture and literature is examined, and then compared with those of Kurdish. It is argued that the real rise of a modern Kurdish novel begins with the 21st century. In the second section the review of the works already conducted on Kurdish novel is presented. The last section is devoted to the critical analyses of these five Kurdish novels. The novels include *Dust and Dander*, written by Nabaz Goran (2017), *The Time of the Weeping of Balqis*, written by Jabar Jamal Gharib (2018), *The Memory of Perfume and Fire*, written by Bayan Salman (2018), *Guardians of God,* written by Atta Mohamad (2019), and *Daryas and the bodies*, written by Bakhtyar Ali (2019).

Keywords: Kurdish Novel; History of Novel; Narration; Practical Criticism; New Literature; Critical Analysis

Poetic Style of Chinar Namiq in terms of Functional Stylistics

Safie Mohamad Ahmad

Associate Professor of Kurdish, Raparin University

Avin Asos Hama

Instructor of Kurdish, Raparin University

Abstract

Style means the ways of using language. Each utterance is expressed in different styles. Researches noticed that literary expressions are higher than normal expression. The style of the writer comes from this literary background. There is no doubt that each text holds the identity of the owner, because it is the experience of that writer that is why the style of one is different from the other. The function of style denotes those different styles in each literary text. The function of style is to deal with inner and outer sides of the text. As a matter of fact Chinar Namiq as a women has her own style of writing poem this affected us to conduct this study (poetic style of Chinar Namiq in terms of function of style) and she'd light on some of her techniques that show her style. This research is arranged into two parts, part one is about terms of style and stylistic, Direction of style, Function of style. Part two is about Functional stylistics of Chinar Namiq's poems.

Keywords: Stylistics; Chinar Namiq; Message; Sender; Functional Stylistics

The Linguistic Stylistic Level of Wafa's Poetry

Jafar Ghahremani

MA in Persian Language and Literature

Abstract

In Stylistics, the lingual, literary and intellectual features are called style creators. Prior to assessing each sorts of poetic style in Kurdish, the poetic styles of the outstanding poets in different eras have to be recognized. By revising the poetic style of stylist poets separately, the style of Kurdish poetry could be identified in different literary eras. The characteristics of any literary style in different literary periods could be determined following the understanding the characteristics of the contemporary poetic style in those periods. The present research was conducted on the linguistic level in order to highlighting and signalizing a part of the linguistic characteristics of Wafai's poetic. Also, this research has paid attention to the phonetic level of external music, in which the weight and the number of rows as well as internal music determined the word, the percentage of non-Kurdish and key words, personal style and periodic style.

تەواوی لێکۆڵینەوەی گێتێب

Keywords: Style; Stylistics; Kurdish Poetry; Language Level; Phonetic Level

Goran and Hemin in *Kurdistan* Newspaper Published in Tehran

Saman Ezodin Saadon

Associate Professor of Kurdish Language and Literature, Charmou University

Abstract

The present paper focuses on the articles on/by Goran and Hemin in *Kurdistan* newspaper (1338-1342), published in Tehran. These articles were written to clarify the literary and artistic status of these two distinguishing poets of our nation namely Hemin and Goran. The first part of the study is devoted to display the role and status of Goran as a poet in the renewal of Kurdish poetry that is side by side of his impact on the poets of Eastern Kurdistan. Moreover, all the articles, which were written for the death of Goran in the specific volume of that was devoted to his death, are tackled and investigated. As a result, many new views and facts are gathered about Goran that could be used as a basis for his role and status in renewing Kurdish poetry. The second chapter is devoted specifically to display Hemin's poems and articles. Attempt is made to pose the question why Hemin edited and amend his poems after their publication. That is in addition to tackling the changes in Hemin's views and stances from Kurdish nationalism into Iranian nationalism. Clarifying this significant stage in his life is the aim of this study since he wrote two poems for the Shah without commenting anything about them. This stance of Hemin is then analyzed from psychological perspectives.

Keywords: Goran; Hemin; *Kurdistan* Newspaper; Kurdish Poetry; Modernism

Similarities and Differences between Central Kurdish and Persian in Terms of Historical, Cultural and Linguistic Features

Rafiq Shwani

Kurdish Language Professor, Salahaddin University, Hawler

Abstract

The current study explores the similarities and differences between Central Kurdish and Farsi languages. Both of them share highly similar origins with regard to social relationships and linguistic affinities. Basically both languages were utilized by Aryan community and they are categorized as Iranian and Zagros family languages. Kurdish and Farsi languages were spoken by both Aryan race people as their homelands. This study draws from library method and linguistic documents and, accordingly, proves through examples that Kurdish and Farsi languages are in one language group or family. Therefore, there are linguistic similarities between them. However, there are stark differences. Finally, grammatical and historical documents helped prove that although both have the same origin and they have had a common historical trend with many similarities, Kurdish and Farsi are regarded as two different neighboring languages and each of them is considered to be an independent national language.

Keywords: Linguistics; Similarity; Difference; Central Kurdish; Persian